# بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ

## کۆمەڵێ وتاری وەرگێڕدراو

# بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ

## کۆمەڵێ وتاری وەرگێڕدراو


وەرگێڕانی

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**



چاپی یەکەم – هەولێر

2001





**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**کوردستان ت. «٢٢٢٩٩٩٢»**

e.mail:mukriani@yahoo.com

- کتێبی ژمارە: «٦٠»
- کتێب: بیری ڕەخنەی هاوچەرخ
- هونەرکاری: قاسم قادر
- چاپی یەکەم: هەولێر – ٢٠٠١
- ژمارەی سپاردن «٢٥٣»ی ساڵی ٢٠٠١دراوەتێ.
- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

# پێرست


– **پێشەکی وەرگێڕ** ..... 7

– **د . محەمەد ئارکۆن**
رۆشنکردنەوەی رابردوو بۆ تێگەیشتنی ئێستاو بنیاتنانی ئاینده ..... 11

– **د . محەمەد عابد جابری**
مێژوو و فەلسەفە ..... 53

– **د .ئیدوارد سەعید**
وێنەکانی رۆشنبیر ..... 93

– **د . عەلی حەرب**
رەخنە لە رۆشنبیر – قەیرانی رۆشنبیر ..... 113

– **ئەدۆنیس**
چەند بۆچوونێک لە بارەی فیکری رەخنەیی ..... 129

–**د . رالف رزق الله**
فرۆیدو ئەدەب و ئۆدیب ..... 151

– **فرۆید**
تەماهی لەگەڵ باوک ..... 161

– **فرۆید**
دابەشبوونی (ئیگۆ) لە پرۆسێسی بەرگریکردندا ..... 169





– **د . عەبدولسەلام شیبن عەبدولعالی**
دەربارەی میتۆدی بونیادگەری ..... 175

– **د . محەمەد بەڕادە**
گەڕان بەدوای ئەپستیمێکی شیاو بۆ نووسین ..... 189

– **سەعید غانمی**
شێواز چییە؟ ..... 209

– **سەعید غانمی**
زمان و شیعر ..... 215

## پێشەکی

لەوانەیە کۆکردنەوەی ئەم وتارە وەرگێڕدراوانە لەدووتوێی کتێبێکدا پرسیارێک بێنێتە پێش کە ئاخۆ چ شتێک فیکرو بۆچوونی ئەم بیرمەندە عەرەبانە بەیەکەوە گرێ دەدات تا لە تەنیشتی یەکترو لە کتێبێکدا چاپ بکرێن؟

وەک دیارە ئەم وتارانە لەیەک کتێبی دیاریکراوەوە وەرنەگێڕدراون کە بەمانای تەقلیدی دانان (تألیف) وەک چەند بەشێکی پێکەوە بەستراوو تەواوکەری یەکدی، بەرهەم هێنرابن، بەڵام چەند هێڵێک سەرجەمی ئەم وتارانە پێکەوە کۆدەکاتەوە یان لانیکەم لە یەکتریان نزیک دەکاتەوە کە دەشێ ئەو هێڵانە بەشێوەی جیاجیا ناوی فکری رەخنەیی هاوچەرخ و نوێیان لێ بنێین. هەریەک لەم وتارانەش بەشێوازی تایبەتیی خۆیان تێڕوانینێکی رەخنەگرانەیان لەیەکێ لە بوارە ئەپستیمیەکاندا هەیە، بەو پێیەی فیکری رەخنەیی کۆمەڵێ کایەی مەعریفی لەژێر چەتری خۆیدا کۆدەکاتەوە کە لەوانەیە دیارترینیان فیکری سیاسی و فیکری فەلسەفی و فیکری مێژوویی و فیکری کۆمەڵایەتی و فیکری رەخنەیی ئەدەبی بن، لێرەشەوە ئەم وتارانە بەشێوەی جیاجیا دەچنە ناو فیکری رەخنەییەوە، واتە جیاوازیی وتارەکان و دوورونزیکییان لەیەکدی ئەوەندە گرنگ نییە بەقەدەر ئەوەی سەرجەمیان لەناو فیکرێکی رەخنەییدا ئیشیان کردووەو دەچنە ناو یەک فەزاوە.

لێرەدا مەبەست لە رەخنە ئەو مانا تەقلیدییە نییە بۆ رەخنەگرتن لە تەوژم و



قوتابخانەو دەق و دیاردەو ئایدیۆلۆژیاکان بۆ جیاکردنەوەی راست و درۆ، باش و خراپ، زانستی و خورافی، بەڵکو بەو مانایەی رەخنە گەڕانێکە لەنێو دامەزراوو بونیادو ئەو پرۆسیسانەی لە گوتارە جیاواز جیاوازەکاندا شکڵ دەگرن، لە راستیدا رەخنە بەمانا نوێیەکەی بریتییە لە خوێندنەوەی دەق و ئەزموون و ئایدیۆلۆژیاو دیاردەکان بۆ بەقسە هێنانی دیوە نادیارو شاراوەکانیان و بۆ ئاشکراکردنی دیوە جیاوازەکانی گەمەی حەقیقەتە رەهاکان کە لەوانەیە ئەم وتارانە هەریەکەیان چەند دیوێکیان لە دیوە نادیارو شاراوەکانیان ئاشکرا کردبێ و پاشان سەرجەمیان، بەشێوەیەکی تر، چووبنە ناو سەلماندنی «رێژەیی حەقیقەت»ەوە، بەو پێیەی حەقیقەت بریتییە لە جیاوازی و فرەیی.

**وەرگێڕ**

**٢٠٠١/٢/٧ – هەولێر**



**د. محەمەد ئارکۆن**

# ڕۆشنکردنەوەی ڕابردوو
# بۆ تێگەیشتنی ئێستاو بنیاتنانی ئاینده

**د. محەمەد ئارکۆن**

**«گەر من وەک یەزدان دەسەڵاتم ئەبوو**
**چەرخی گەردوونم زوو هەڵگرتبوو**
**سەر لەنوێ ڕەنگی ڕەنگم ئەڕێژا**
**ئازاد بەکامی دڵ بگەن هەموو»**

**عومەر خەیام***

**«دەبێ لەسێ گۆشەنیگاوە سەیری زانست بکەین: دەبێ یەکەمجار وەک چالاکییەکی ئازاد چاوی لێ بکەین کە تواناو دەسەڵاتێکی خواوەندییانەی عەقڵ و خەیاڵی بەشەری ئەنجامی دەدا. دووەم دەبێ وەک ئەو وەڵامە سەیری بکەین هەندێ کەس لەسەر داوای ئەو کەسانە پێشکەشی دەکەن کە دەیانەوێ دەوڵەمەندی و خوشگوزەرانی و سەرکەوتن بەدی بێت، ئەوەش بێگومان لە بەرامبەر بەدیهێنانی ئاشتی و ئارامی و سەقامگیریدا دابین دەکرێ. سێیەم دەبێ وەک ئەو دۆزینەوە پلە بە پلەییە سەیری بکەین کە مرۆڤ بۆ شوێن و کات و ماددەو جەستەی خۆی و جەستەی هەموو بوونەوەرەکانی تر کاری بۆ دەکا. پاشان – کە ئەمەیان گرنگترە – لە پێناوی لەناوبردنی تاریکی و خراپەکاریی ڕۆح».**

**فریمان دایسۆن**



وا ڕاهاتووم سەرەتا بەو نموونانە دەست پێبکەم کە دنەی فیکر دەدەن و دەبنە هۆی کردنەوەی سەرەتایەک بۆ تێڕوانینی بەرفراوان، ئەو نموونانەی ڕێگەی ئەوەمان بۆ دەکەنەوە چاو بەبیرو باوەڕە باو و جێگیرەکاندا بخشێنینەوە.

عومەر خەیام زانایەکی ڕووناکبیربوو، لێرەدا بەهەموو ئازادییەکەوە گوزارشت لە هەستی قووڵی خۆی دەکا بەرامبەر بەمۆرکی شتە تێپەڕیو و ڕزیوەکانی ژیان، هەروەها پەیوەندیی مرۆڤ بەخوداوە. ئایا ئەمە جێی ڕامان و بیرکردنەوە نییە کە لە ژینگەیەکی تەقلیدیی ئیسلامی و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەوێرێ گوزارشت لەو حاڵەتە بکا؟ ئەمە دەڵێین و دەشزانین ئەمڕۆکە هەڵوێست وەرگرتنێکی لەو جۆرە لە زۆربەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بووە بە شتێکی مەحاڵ، چونکە بەمسۆگەری دووچاری داپڵۆسین دەبێ و بەکافر دادەنرێ.

ئایا ئەوەش جێی سەرنجڕاکێشان نییە کەسایەتییەکی زانستیی پلە بەرز (کەسایەتیی فریمان دایسۆن) جووت بوونێک لە نێوان ڕەخنەیەکی زانستیی توندو هەستێکی بەرزی مۆڕاڵیدا دروست بکات، پاشان شێلگیرانە پێ لەسەر «لە ناوبردنی تاریکی و خراپەکاری لە ڕۆحی بەشەریدا» دادەگرێ؟ فریمان دایسون وەک یەکێ لە گەورە پسپۆرمەندانی بواری زانستە وردەکان بەهەموو قەناعەتێکەوە ئەم هەستەی خۆی دەردەبڕێ. دایسۆن یەکێکە لە گەورە زانایانی فیزیک لە قوتابخانەی زانستە سروشتییەکانی سەر بەئەنستیتۆی خوێندنی باڵای زانکۆی برنستۆن لە ئەمەریکا، دەوێرێ بەو سیفەتە باسی زانست بکا کە «پرۆسەیەکی ئازادی توانا خواوەندییەکانی عەقڵ و خەیاڵی بەشەرییە»، هەروەها دەڵێ: «زانست لە پرۆسیسە ڕۆژانەییەکانیدا پتر لە هونەر نزیک دەبێتەوە وەک لە فەلسەفە».

پاشان ئەم پێناسەیە لە ڕێگەی میتافۆرێکی تایبەت بە بنیاتنانی بەردەوامی پردێک تەواو دەکاو قسەکانی بەباسکردنی هەستێکی هەڵکشاو کۆتایی پێ دێنێ کە «خەیاڵی سروشت لە خەیاڵی ئێمە زۆر دەوڵەمەندترە». ئەم هەڵوێستە فیکری و ڕۆحییە بەشێوەیەکی ئاسایی لە گۆڕەپانی زانستە وردەکاندا بڵاوەو پرۆسەکراوە، مەبەستم ئەو هەڵوێستەیە کە ڕێزی خەیاڵ وئەندێشە دەگرێ و پێی وانییە خەیاڵ دژی عەقڵ بێ.

مرۆڤ تەنیا بەعەقڵ ناژی، بەڵکو بەشێی خەیاڵ و بەفەزای بەرفراوانی

خەیاڵیش دەژی. بەڵام ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەگشتی خەیاڵیان قبووڵ نییەو وەری ناگرن، ئەم زانستانە ئامادەنین عەقڵ و خەیاڵ وەک دووشتی پێکەوە بەستراو ببینن، یان ناتوانن ئەوە قبووڵ بکەن کە دەشێ هەردووکیان - واتە عەقڵ و خەیاڵ - پێکەوە هەبن، بەڵکو پێیان وایە ئەمانە دوو شتی دژ بەیەکن و یەکتر نەفی دەکەن. ئەم زانستانە ئامادەنین عەقڵ و خەیاڵ وەک دوو تواناو دەسەڵات ببینن کە لە هەموو بوارەکانی مەعریفەدا بەنێویەکدا دەچن و تێکەڵ دەبن، بەڵکو زانستە مرۆڤایەتییەکان گومان لە خەیاڵ دەکەن و بەسەرچاوەیەکی ترسناکی دادەنێن بۆ سۆزی هەڵچوو و شیعرییەتی لیریکی و ئەبستراکتێک کە لەنێو مەتاهەتێکی بێ کۆتاییدا مەلە دەکات. پێیان وایە دەبێ عەقڵ بەتەواوی لە رەگو ریشەوە خەیاڵ دەربکێشێ یان فڕێی بداتە نێو گۆڕەپانی ئەو وێناکردنە ئەفسانەیی و ئایدیۆلۆژییانەی شایستەی بایەخ پێدان نین. ئەمە ئەو کارەبوو کە فەلسەفەی پەڕگیری پۆزەتیڤیزم و تەکنۆکراتیزم لە سەدەی نۆزدەیەمی خۆرئاوادا ئەنجامیدا.

لەمە زیاتر درێژە بەو گفتوگۆ کۆن و نوێیە نادەم کە لە بارەی عەقڵ و خەیاڵەوە دەکرێ. لە راستیدا تائێستا هیچ وەڵامێکی کۆتایی بەدەست نەهاتووە بۆ دیاریکردنی پلەی مەعریفیی هەریەکە لە عەقڵ و خەیاڵ. دەشزانین عەقڵ و خەیاڵ دوو جۆرە ئەپستیمیان بەرهەم هێناوە لەگەڵ دوو شێوازی جیاوازی زمان بۆ گوزارشت کردن لە عەقڵ و خەیاڵ: (شێوازی زانستی/ شێوازی ئەدەبی).

خەمی سەرەکیی ئێمە لە شوێنێکی تردایە، ئێمە دەمانەوێ رادەی بەشداریکردنی زانستە سروشتی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکەین لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو دوو ئامانجەی لەناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا راگەیەنراون. دەمانەوێ لەوە تێبگەین: دۆزینەوە نوێیەکانی بواری زانستی بایۆلۆژیاو کیمیاو فیزیاو ماتماتیک و گەردوون و ئەلیکترۆنی، تا چ ئەندازەیەک کار لە وێناکانی ئێمە بۆ رابردوو دەکەن، هەروەها تا چ ئاستێک کار دەکەنە سەر پەیوەندیی ئێمە بەترادیسیۆن و کەلەپوورە جیاوازەکانمان و تێگەیشتنمان بۆ ئایین و رۆشنبیریمان.

بەمانایەکی تر: دۆزینەوەکانی زانستە سروشتییەکان تا چ سنوورێک وێنامان بۆ گشت ئەو شتانە راست دەکەنەوە؟ ئێمە لەکاتێکدا ئەمە دەڵێین، ئەوەش



دەزانین ئەمڕۆکە ترادیسیۆن و کەلەپوورو ئایینەکانمان لەلایەن توێژە کۆمەڵایەتی و تایەفە پەراوێزکراو و دەسەڵات بەسەردا سەپێنراوەکان، بەئەندازەیەکی گەورە، وەک پەناگەو شوێنێکی ئاسوودە بەکاردەهێنرێن (بڕوانە چۆن بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان ئایین وەک چەکێکی سیاسی بەکاردێنن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان).

لە کاتێکدا ئێمە لە ساڵی دووهەزار نزیک دەبینەوە، مافی ئەوەمان هەیە ئەم پرسیارە بخەینەڕوو؛ ئایا ئێستاکە شارستانیی گەردوونی گۆڕانکارییەکی گەورە یان وەرچەرخانێکی رەگوڕیشەیی بەخۆوە دەبینێ؟ دیسان ئەم پرسیارکردنە بەرەو ئەوەمان دەبا تێبینیی ئەو گۆڕانکارییە خێراو نەوعییانە بکەین کە ئەمڕۆکە بە بەرچاوی ئێمەوە روودەدەن، گۆڕانکارییەک کار لە سەرتاسەری جیهان دەکا نەک تەنیا لەم یان لەو وڵات. ئەمە دەڵێین و دەبێ ئەو بۆشایی و جیاوازییە گەورەیەش لە بەرچاوبگرین کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە وڵاتە هەژارەکان جیادەکاتەوە، جیاوازیی قووڵی نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکان و وڵاتە تازە گەشەکردووەکان. ئەم گۆڕانکارییانە بە هەمان ئەندازە کاریگەریی بەسەر هەردوو لادا نییە. وڵاتە پێشکەوتووەکان دەتوانن دەست بەسەر ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەدا بگرن و کۆنترۆڵی بکەن و دەتوانن هەرسی بکەن و وەری بگرن، چونکە لە راستیدا ئەوان بەرهەمیان هێناوە، هەروەک دەشتوانن بۆ باشترکردنی ئاستی ژیانی خۆیان بەکاری بێنن. بەڵام وڵاتە دواکەوتووەکان ناتوانن دەستی بەسەردا بگرن، لەبەرئەوە ئەو گۆڕانکارییانە، وڵاتە دواکەوتووەکان پتر دەخەنە ناو پاشکۆیی و گێرەشێوێنی.

لەم تێڕوانینەوە دەشێ بڵێین شارستانیی گەردوونی واتە سەرکەوتنی کولتووریی چەشنێک لە ژیانی تەکنۆلۆژیی نموونەیی. ئەمەش بەرەو دۆزینەوەی فیکری و رۆحیی ئەو بەشەی رۆحی ئێمە دەبا، مەبەستم ئەو بەشەی ناتوانین بەتەواوی تاریکی و خراپەکاریی تیادا بکوژین. یان لەوانەشە رۆژێ بێ بتوانین تاریکیی رۆح لەناو بەرین. کێ دەزانێ؟ بۆچی خۆمان لە خەونە یۆتۆپییەکان بێبەش بکەین؟ ئایا رۆژێک دێ خراپەکاری و نەزانی و دەمارگیری لە جیهاندا نەمێنێ؟

ئێستا با هەوڵ بدەین ئەم خاڵە لەمیانی سێ نموونەوە رۆشن بکەینەوە،

لەمیانی ئاوێنەی سێ نموونەی مێژوویی تایبەتییەوە: ئیسلام، ئەوروپا، خۆرئاوا.

لە سەرەتادا هەندێ جیاکاریی بەسوود لەنێوان ئەوروپاو خۆرئاوادا پێشنیار دەکەم، من ئەوروپاو خۆرئاوا تێکەڵ ناکەم و بەیەک شتیان نازانم، وەک زۆرکەس بەشێوەیەکی باو ئەم کارە دەکەن.

من ئەوروپاو خۆرئاوا لەیەکتر جیا دەکەمەوە تا لەڕووی مێژووییەوە چوارچێوەیەکی رۆشنبیریی راست و دروست بخەمەڕوو، چوارچێوەیەک یارمەتیمان دەدا میتۆدێکی رەخنەیی لە چەمکی شارستانیی گشتی وەربگرین.

رووناکبیران بەدرێژایی چەندین سەدە دژکارییان لەنێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات دادەنا، جەختیان لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوانیان دەکرد لەڕووی دوو چەشنە ژیانی جیاوازو هەروەها دوو چەمکی جیاوازی پایەی فەلسەفی و یاسایی بۆ مرۆڤ، مەبەستم؛ بوونی دوو وێناکردنی جیاوازە لە بارەی مرۆڤ. خۆرئاواییەکان لەو باوەڕەدان تەنیا خۆیان فەلسەفەی مرۆڤایەتییان پەرەپێداوە، فەلسەفەیەک گشت بایەخی خۆی بەمرۆڤ دەدا.

کەسیش ناتوانێ نکۆڵی لە بوونی ئەو جیاوازی و ناکۆکییانەی نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات بکات، بەتایبەتی لە ساتی سەرهەڵدانی بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییەوە دژ بە نۆرمی خۆرئاوایی، ئەو ناکۆکییانە گەورەتر بوونەتەوە، من ئەم دژکارییەی نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات بەکارەساتێکی راستەقینە دەزانم. بۆچی؟ چونکە پێم وایە هەردوولا سەر بەهەمان ئەو مەرجەعە رۆشنبیرییە قووڵەن کە خۆی لە هزری گریکی و ئایینە تاکخوداییەکان (مۆنۆتیزم)دا دەبینێ. پاشان پێداگرتن و جەخت کردن لە ناکۆکیی نێوان ئەو دوو رۆشنبیرییە یاخود ئەو دوو شارستانییەداو بگرە گەورەکردن و قەبەکردنەوەی ناکۆکییەکان، لەراستیدا بەرهەمی نەزانینی دامەزراوی هەردوو لایەنەکەیە (واتە لایەنی عەرەبی - ئیسلامی/ لایەنی خۆرئاوایی)، جیهانی عەرەبی خۆرهەڵات نییە بەڵکو خۆرئاوایە، خۆرهەڵاتی راستەقینە بریتییە لە خۆرهەڵاتی دوور کە چین و ژاپۆن و هیند دەگرێتەوە، لە وێدا چەند مەرجەعێکی رۆشنبیریی تەواو جیاواز هەیە لەمەرجەعییەتی خۆرئاوایی، واتە لە مەرجەعی هزری گریکی و ئایینە یەکخواییەکان. بەڵام ئەو



دژکارییەی نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات لە شێوەی چەند دامەزراوێکی زانستی یان زانکۆییدا بنجی داکوتاوەو ئەم وتەیە «خۆرئاوا خۆرئاوایەو خۆرهەڵاتیش خۆرهەڵاتەو بەیەکتر ناگەن..»دنەی دەدات. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە تەنانەت هەندێ لە مامۆستایانی زانکۆش کە نیازێکی پاکیان هەیە، وەک راستییەک ئەو دژکارییە قبووڵ دەکەن کە قابیلی گفتوگۆ نییە، بەڵکو ئەو تێکەڵکردنە ئایدیۆلۆژی و جوگرافی - ستراتیژییەی نێوان ئەوروپاو خۆرئاواش قبووڵ دەکەن ئەگەرچی ئەوروپاو خۆرئاوا جیاوازیشن. قبووڵکردنی ئەو تێکەڵبوونە ئەوکاتە پتریش دەبێ کە ئیسلام (یان یەکێتی سۆڤێتی جاران) دەبێتە لایەنی دوژمن و ناکۆکی بەرامبەر. لەوە دەچێ ئیسلام لە نائاگایی ئەواندا شوێنی کۆمۆنیزمی گرتبێتەوە کە وەک داهۆڵێکی ترسناک لەسەری دەژین.

بەڵام ئەوروپییەکان لەنێو خۆیاندا هەست بەجیاوازی دەکەن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە بەبێ ئەو، چەمکی خۆرئاوا ناتەواوە، وەک دەشزانرێ شارل دیگۆل ئەمەریکای بە «کچی ئەوروپا» ناودەبرد.

با لێرەدا - بۆ ساتێکیش بێ - ئەوە بەبیر بهێنینەوە چۆن فەرەنسە لە وتووێژەکانی «گات»داو لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەمەریکادا، داکۆکیی لە «تایبەتمەندیی فەرەنسەیی» دەکرد، پاشان دەبێ جیاوازی لەنێوان (ئەوروپا) و (خۆرئاوا)دا بکرێ. ئەمانە سەرباری هەموو شتێک، جیاوازن، واتە ئەوروپاو خۆرئاوا جووت نین، مسۆگەریش نییە کە ئەمەریکا لایەنگری پێکهێنانی یەکێتی ئەوروپی بێ.

کەواتە بەتەواوی «خۆرئاوا» چییە؟ من بۆ پێناسەی خۆرئاوا ئەم شتە پێشنیار دەکەم: خۆرئاوا ئەو حەوت دەوڵەتە گەورەیەیە کە لەساڵی (١٩٨٩) بەدواوە هەموو ساڵێ و بەرێک وپێکی کۆ دەبنەوە، ئەمانە گرووپێکی «جوگرافی - سیاسی» و «جوگرافی - ئابووری»و «جوگرافی- بانکی»ن و لەم دەوڵەتانە پێک دێن: ئەمەریکا، ژاپۆن، کەنەدا، فەرەنسە، ئیتالیا، ئینگلتەرە، ئەڵمانیا. ئەم حەوت دەوڵەتە گەورەیە لە ئیرادەیەکی جوگرافی - ستراتیژیی نوێوە باڵیان بەسەر هەموو جیهاندا کێشاوە لە پەرەپێدانی ئەو پرەنسیپە سیاسی و ئابوورییانەی کە دیموکراتیزمی لیبرالی و ئاڵوگۆڕی ئازادی بازرگانی دادەمەزرێنن. قبووڵکردنی ژاپۆن لەم یانە گەورەیەی خۆرئاوادا بۆمانی دەردەخا

چۆن پێوەرە کولتووری و فەلسەفییەکان لەبەر چاو نەگیراون، بەڵکو گرنگ هێزی ئابووری و تەکنۆلۆژی و داراییە.

کەلەپووری ژاپۆنی لە کەلەپووری ئەوروپی یان ئەمەریکی جیایە. پاشان پێوەرە کولتوورییەکان بۆ هەر دەوڵەتێک جێهێڵراوە کە بەگوێرەی مەرجەعی مێژوویی و شوناسی نەتەوەیی سنووری بۆ دەکێشرێ. تێبینیی بڵاوبوونەوەی هەمان هەڵوێستیش دەکەین لە پێوەندیدا بەدەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپی. ئەم دەوڵەتانە دەیانەوێ لەڕووی سیاسی و یاساییەوە فەزایەکی بەرفراوان و یەکگرتووی ئەوروپی دەستەبەر بکەن. بەڵام چەندین بەربەست لەڕێی ئەم ڕێچکە قورسەدا دەوەستن، گرنگترینی ئەو بەربەستانەش بریتییە لە دەمارگیری تەسکی ناسیونالیستانەی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی.. لێرەشدا دەبینین «تایبەتمەندییە کولتوورییەکان» بەردەوام بەڕووی «دەسەڵاتی بیرۆکراتی»ی ڕێکخراوی برۆکسێل (کە سەنتەری بڕیاری ئەوروپی لەوێدایە) دەوەستنەوە. لەڕاستیدا دەمارگیریی ناسیونالیستی، بەپێکهێنانی یەکێتی ئەوروپی، نەمرد. فەرەنسییەکی ناسیونالیستی دەمارگیر مومکین نییە ببێ بەکەسێکی ئەوروپیی ڕاستەقینە.

ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخا چۆن مەسەلە فەلسەفییە گەورەکان - کە دەبێ کار لە چارەنووسی گشت کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بکات - لە بەرنامەی کاری سەرکردەی نەتەوە گەورەکاندا، لابراوە. دەشزانین ئەم مەسەلانە، بەئەندازەیەکی تراژیدیی گەورەتر، کار لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دەکا کە بۆ گەیشتن بەکاروانی شارستانی، پێویستییان بە هەرس کردنی شۆڕشە کولتوورییە ڕاستەقینەکان هەیە.

پاش ئەوەی لە باسەکەماندا گەیشتینە ئەم خاڵە، دەبێ هەندێ گریمانەی گرنگ بخەینەڕوو لە پێناوی پێکهێنانی میتۆدێکی نوێ و بەتوانای وا کەبتوانین ڕابردوو ڕووناک بکەینەوەو لە ئێستا تێبگەین و ئایندەیەکی باشترو مرۆڤانەتر بنیات بنێین. گریمانەکانیش ئەمانەن:

١- خۆرئاوا (وەک پێشتر دیاریمان کرد) لە هەموو بوارێکی ئابووری و بانکی و زانستی و تەکنۆلۆژیدا، (هەژموونێکی) تەواوی بەسەر جیهاندا هەیە. دەبینین لەناو حەوت دەوڵەتە گەورەکەدا ئەلتەرناتیڤێک بۆ ڕابەرێتیی وڵاتە



یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نییە، نە فەرەنسە دەتوانێ کێبەرکێی ئەمەریکا بکا نەژاپۆن.

٢- ئەم هەژموونە پتر بایەخ بەکاروباری ئابووری دەداو ئەم دەسەڵاتە پتر دەگەڕێتەوە بۆ کاروبارە ئابوورییەکان. تێگەیشتنی بنەڕەتیی ئەم هەژموونە جەخت لە پێکهێنانی چەند کوتلەیەکی نوێی بازرگانی دەکاو کۆنترۆڵیان دەکا. بۆ نموونە دەبینین ئەو ململانێیانەی لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو، یان لە یەکێتی سۆڤێتی جاران، یان تەنانەت لە تورکیاشدا هەڵگیرساون، بەهەمان ئەو ڕێگەیە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێ کە لەگەڵ ململانێکانی دوورگەی عەرەبیدا دەکرێ، یان لەگەڵ ململانێکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا. لێرەو لەوێ، پێوەرە جوگرافی - ستراتیژییەکان، جیاوازن (واتە بەدوو پێوەر کێشانە دەکرێن نەک بەیەک پێوەر)، پاشان ناکرێ بڵێین سیستەمی نوێی جیهان دادپەروەرترە لەوانەی پێش خۆی.

٣- ئێستا لە خۆرئاوادا گوتارێکی سیاسیی باو هەیە لە بارەی دیموکراتیزم و مافی مرۆڤ و پشتگیریی مرۆیی بۆ میللەتانی چەوساوە یان بۆ کەمە نەتەوەییە چەوساوەکانی ناو ئەو دەوڵەتانەی لە سەدەی نۆزدەیەمەوە لەلایەن دەسەڵاتە ئەوروپییەکانەوە بەزۆرەملێ سنووریان بۆ دانراوە، بەڵام ئەم گوتارە، کە لەرواڵەتدا سەرنجڕاکێشەو بێگومان سوود بەخشیشە، وەک سەرپۆشێکی «مۆراڵی» بۆ سیستەمی نوێی جیهانی بەکاردەهێنرێ، یان بابڵێین بۆ هاوسەنگیی نوێی جیهان کە دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکان کۆنترۆڵیان کردووە. سەرباری ئەمەش ڕایەکی گشتیی جیهانی هەیە لەسەر پێویستیی بڵاوبوونەوەی دیموکراتیزم لەگشت شوێنێکداو هەروەها ڕێزگرتن لە ڕێسای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ئازاد، دەشێ ئەم ستراتیژە لەماوەیەکی دووردا ببێتە هۆی سەرکەوتنی ئەو نموونە سیاسی و فیکرییەی کە ئەوروپا لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا، لە دوای شۆڕشی ئینگلیزی و شۆڕشی فەرەنسی، پەرەی پێداوە. ئەمە وەک هەندێ لە تیۆریستە خۆرئاواییەکانی لە چەشنی (فۆکۆ یاما) باوەڕیان پێ هەیەو بەتایبەتی لە پاش شکستی یەکێتی سۆڤێتیدا پتر متمانەیان بە لیبرالیزمی دیموکراسیی ئازادی خۆرئاوایی پەیداکرد.

٤- ئەو سیناریۆ مێژووییەی پەیوەستە بەئایندەی نزیک، مەسەلە فەلسەفی و ئەنترۆپۆلۆژییەکان لەبەرچاو ناگرێ. لەبەر ئەم هۆیە ناچار دەبین لەم شیکردنەوە رەخنەییەماندا جەخت لە ئەوروپا بکەین نەک لەخۆرئاوا، بۆچی؟ چونکە ئەوەی بۆ ئەوروپا رەخسا، بۆ هیچ شوێنێکی دی نەرەخسا. مەبەستم: ئیمتیازێکی مێژوویی وا بۆ ئەوروپا رەخسا کە ببێتە یەکەم شوێن لە جیهاندا، بگرە تاکە شوێنێکە، کە رووبەڕووبوونەوەیەکی خوێناوی و دوورودرێژو یەکلاکەرەوە لەنێوان دوو نموونەی مێژوویی روویدا؛ نموونەی یەکەم ئایین بەسیفەتی لوتکەیەکی رۆحیی دەسەڵات کە ئەرکەکەی بریتییە لە پرۆسیسکردنی دەسەڵات و حوکمکردن لە دەوڵەتدا. نموونەی دووەم سیاسەتی دنیاییە کە لە دەنگدانی گشتی و دەسەڵاتی میللیدا بەدوای رەوایی دەسەڵاتدا دەگەڕێ. کۆتایی ئەو ململانێیە سەرکەوتنی نموونەی دووەم (یان سیستەمی دووەم) بوو کە بە سیستەمی تازەگەری «مۆدێرنیزم» ناودەبرێ. لە ئەوروپادا، هەر تەنیا لە ئەوروپا فەیلەسووفانی رۆشنگەری بەسەر پیاوانی ئاییندا سەرکەوتن کەچی ئێمە تا ئەمڕۆ دژایەتییەک لەنێوان تازەگەری و کەلەپوور دادەمەزرێنین، هەروەک دژایەتی لەنێوان فەلسەفە/ تیۆلۆژیا، یان لەنێوان جیهانگیری/ ئایین یان لەنێوان دنیایی/ پیرۆز، یان لەنێوان ماتریالیزم/ رۆحانیزم دادەمەزرێنین. ئەمەریکا سەرباری ئەو هێزو توانایەی ئێستا هەیەتی مومکین نییە لەگەڵ ئەوروپادا بەراورد بکرێ، چونکە ئەزموونی ئەمەریکا کۆن نییەو بگرە زۆر نوێشە، هەروەها ئەمەریکا - وەک دیگۆل دەڵێ: «کچی ئەوروپایە». ئێستا لە زمانە بیانییە بنچینەییەکان چەند مەرجەعێکی قەبەمان لە بارەی شۆڕشەکانی ئینگلیزی و ئەمەریکی و فەرەنسی لەبەردەستە، پێویست ناکا لێرەدا بگەڕێینەوە سەریان، بەڵام دەکرێ بڵێین لایەنە هەرە گرنگەکانی ئەم شۆڕشانە تا ئێستاش لەلایەن موسڵمانەکانەوە نەزانراون (یان بەئەنقەست لەبیرکراون)و تائێستاش ئەو ئەزموونە بەپیت و دەوڵەمەندە رەت دەکەنەوە، واتە ئەزموونی تازەگەریی ئەوروپی، ئەم رەتکردنەوەیەش بەڕاستی جێی داخەو هۆیەکەیشی روون نییە.

شتێکی باشە لێرەدا جەخت لەم مەسەلە گرنگانەی خوارەوە بکەین:

١- ئایا گواستنەوە لە سیستەمی ئایینییەوە بۆ سیستەمی عەلمانی تەنیا



ئەنجامێکی سروشتیی ئەو ململانێ و رووبەڕووبوونەوە گەورەیە بووە کە لەنێوان دوو هێزی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریی گەورەدا روویدا؟ یان جگە لە مانە ئەنجامی بنچینە فەلسەفییەکانیش بوو؟ لێرەدا مەبەستمان لەو دوو هێزە گەورەیە: هێزی کڵێسەی مەسیحی لەلایەک/ هێزی بورژوازیی عەلمانیی هەڵکشاو لەلایەکی تر.

٢- بۆچی ئەم دیاردە مێژووییە تایبەتییە لە خۆرئاوای ئەوروپای مەسیحیدا روویداو لە هیچ فەزایەکی ئایینی دیکە لە جیهاندا رووی نەدا؟ بۆ نموونە لە چین و هیندو مەسیحییەتی ئەرتۆدۆکسی و ئیسلامدا؟ بۆچی تەنیا ئەوروپای گرتەوە؟

٣- بارودۆخی ئیسلام چەند مەسەلەیەکی تایبەتیمان بۆ دەخاتەڕوو کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیارییان دەکەین:

* لە نێوان سەدەی نۆیەمی زایینی و سیانزەیەمی زاییندا (سەدەی سێیەمی کۆچی و حەوتەمی کۆچی)، لە شارە ئیسلامییە گەورەکاندا، چەند هێزێکی عەلمانی دەرکەوتن. دەرکەوتنی ئەم هێزانە پتر لە هەردوو ناوچەی ئێران و عێراقدا بوو (لە نێوان سەدەی دەیەم و پانزەیەمی زایینی - چوارەم و پێنجەمی کۆچی).
* هەر لەو ماوەیەدا فیکری ئیسلامی چەندین گفتوگۆی عەقڵانیی بەپیتی بەخۆوە بینی لەنێوان عەقڵی فەلسەفیی گریکی/ عەقڵی ئایینی کە پشتی بەسروشتی خودایی قایم بوو. پاشان ئەم گفتوگۆ وتووێژە بە پیتانە گواسترانەوە بۆ ژینگە مەسیحییە لاتینییەکان لە ئۆکسفۆردو سۆربۆن و پۆڵۆنیاو ناوچە ئەوروپییەکانی تر (لە پاش سەدەی سیانزەیەم)و لەوێدا زۆر بەباشی وەرگیران و پێشوازییان لێکرا. [بڕوانە چۆنێتیی گواستنەوەی فیکری گریکی (لە سەدەکانی ناوەڕاستدا) لە عەرەبەوە بۆ ئەوروپییەکان، هەروەها بڕوانە چۆن فیکری عەرەبی - ئیسلامی بوو بەمەرجەعێکی بنچینەیی بۆ هەموو رۆشنبیرانی ئەوروپا (لانی کەم بەدرێژایی چوارسەدە)، واتە لە سەدەی دوانزەیەمەوە بۆ سەدەی شازدەیەم]
* ئەو پرسیارەی ئێستا دەخرێتەڕوو، ئەوەیە: بۆچی، لە پاش سەدەی سیانزەیەمەوە، هێزو تەوژمە عەقڵانییەکان لە ناوەندی ئیسلامیدا لاوازبوون

و پاشان بەیەکجاری ون بوون و مردن؟ بۆچی لە هەمان کاتدا لەلایەن ئەوروپای خۆرئاوایی مەسیحیدا پێشوازییەکی گەرمی لێکراو بوو بەهۆی بەپیتکردن و پەرەپێدانی فیکری ئەوروپی کە پاشان چەند دابڕانێکی گرنگ لەگەڵ رابردوو و سەدەکانی ناوەڕاست بەرپابوون؟ هەروەها بەشدارییەکی چالاکیان لە رێنیسانسی ئەورووپیدا کرد؟

* بەپێی ئەوپێدراوە مێژووییانە، ئایا موسڵمانە هاوچەرخەکانی ئەمرۆ مافی ئەوەیان هەیە «بەخۆرئاوایی کردن» رەت بکەنەوە؟ ئایا مافی ئەوەیان هەیە تازەگەریی ئەوروپی رەت بکەنەوە بەر لەوەی پشکنینێکی رەخنەیی هەمەلایەن و قووڵ لە نموونەی ئیسلامیدا ئەنجام بدەن؟ ئاخۆ ئەوە هەڵە نییە موسڵمانە کۆنزەرڤاتیڤەکان هەڵوێستێکی زۆر نێگەتیڤانە لە بەرامبەر مۆدێرنیزمی ئەوروپی وەربگرن؟

بەرلەوەی بگەینە پشکنینی نموونەی ئیسلامی، دەبێ یەکەمجار ئەو مەسەلە فەلسەفییە گەورەیە روون بکەینەوە کە پێش تۆزێ باسمان کرد. ئەو مەسەلەیەش لەم پرسیارەدا خۆی دەنوێنێ: ئایا ئەو دابڕانەی لە ئەوروپادا لە نێوان (سیستەمی عەلمانی/ سیستەمی ئایینی) روویدا، پشتی بەچەند بنچینەیەکی فەلسەفیی توندو پتەو بەستبوو، یان لەبەرئەوەی چەند سیمایەکی زانستیی پراگماتیی هەبوو و کۆمەڵێ سوودی ئیجابیی هەبووە؟ بەمانایەکی تر: ئایا رازی بوونی میللەتە ئەوروپییەکان بە سیستەمی عەلمانی لەبەرئەوەبوو کە پرنسیپەکانی ئەم سیستەمە راست و دروستن؟ یان لەبەرئەوەی سیستەمی عەلمانی کۆمەڵێ سوودی عەمەلی و بەروبوومی ئیجابیی لە ئاستی ژیانی ئابووری و ماددی و سیستماتیزەکردنی کۆمەڵگەدا هەیە؟

بەم جۆرە دەبینین واپێویست دەکا وەڵامێکی روونمان بۆ ئەم مەسەلە بنەڕەتییە گەورەیە هەبێ، ئەمە مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوەیە، بگرە مەسەلەی مەسەلەکانەو دەکەوێتە ناو کرۆکی ئەو ململانێیەی ئێستا لەنێوان ئیسلام و خۆرئاوادا بەرێوەدەچێ. یان ئەگەر نەتوانین وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی ئەم مەسەلەیە بدەینەوە، ئەوا لانی کەم دەبێ گفتوگۆیەک لە قووڵایی ئەم مەسەلەیەدا بکەینەوە.

دەبینین گەورەترین بیانوو کە عەقڵی ئایینی لە دژی عەقڵی عەلمانی بەکاری دەهێنێ، ئەو بیانووەیە کە گوایە، ئەو دابڕانەی ئەوروپای خۆرئاوا



سەپاندوویەتی، دابڕانێکی زۆرەملێ و کاتییەو پەیوەستە بە هەلومەرجێکی ناوخۆیی لۆکاڵی، پتر ئیرادەیەکی دەسەڵاتدارییە بۆ زاڵ بوون وەک لەوەی ئیرادەی گەڕان بێ بەدوای ماناو مرۆڤایەتییەکی زیاتر.

ئەگەر بەوە رازی بووین کە گفتوگۆکە فراوان بکەینەوەو بیخەینە ئاستێکی بەرزی رووبەڕووبوونەوەی فیکری و فەلسەفی، ئەوسا لەو پێکهاتنە ئایدیۆلۆژی و لەو شەڕە قسە نەزۆکانەی گوتارە ئوسوڵییە هاوچەرخەکان رزگارمان دەبێ. ئەوسا ئەو وەهمەمان لەلا دروست نابێ کە «خۆرئاوا» هیچ خەمێکی نییە دژایەتیکردنی ئیسلام نەبێ، (وشەی «خۆرئاوا»م خستە ناو دوو جووت کەوانەوە چونکە ئەم وشەیە سەبارەت بە بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان - ئوسوڵییەکان - بووە بە شتێکی ترسناک، بووە بە «شەیتانی گەورە»). بەم جۆرە ئیسلامی بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان دەکەوێتە ناو تەڵەی ناوزڕاندنی خودی خۆی و لە بەرامبەر شارستانییەتی خۆرئاوایی نوێدا خەم و بێزاری دایدەگرێ. ئەمەش دواجار دەگاتە رێگەیەکی داخراو و ناتوانێ پرۆژەیەک بۆ ئایندە پێشکەش بکات.

## گەڕانەوە بۆ مەسەلەی «نائامادەیی بیرۆکەی خواوەند»
## یان بەرتەسک بوونەوەی پیرۆزکردن لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا

بەئەنقەست ئەم زاراوە نیتشەوییەم بەکارهێنا تا ئەوە بهێنمەوە بیری مامۆستایانی زانکۆ خۆرئاواییەکان کە ئەوان بەبێ هەق ئەو گفتوگۆ فەلسەفییەیان لە گۆڕەپانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لابرد، پاشان بۆ ئەوەی ئەوە بەبیری موسڵمانەکان بهێنمەوە کە ئەم مەسەلەیە - مەسەلەی بەرتەسک کردنەوەو ئاشکراکردنی پیرۆزکردن - ئێستاکە سەبارەت بەفیکری ئیسلامی، بەرەنگارییەکی گەورە دروست دەکا، بگرە دەکەوێتە ناو بازنەی ئەو رووبەرانەی مەحاڵە بیریان لێ بکرێتەوە، بەو واتایەی ئێمە تەنانەت ناوێرین بیانخەینەڕوو. ئەمە لەکاتێکدا بیری ئەوروپی لە سەدەی نۆزدەیەمەوە گفتوگۆی لەسەر کردوون.

لە راستیدا زەحمەتە بۆ ئێمە ئەو وتە ناودارەی نیتشە: «مەرگی خوا» La mort de Dieu وەربگێڕینە سەر زمانی عەرەبی، تەنیا وشەی «خواوەند» نەبێ، ئەویش دەکرێ بە نابەدڵییەوە وەربگیرێ. بەڵام وشەی «خوا» بە هیچ

جۆرێک ناشێ لەم وتەیەی نیتشەدا بەو جۆرە وەربگێڕدرێ. بۆچی؟ لەبەرئەوەی وشەی خوا لە گۆڕەپانی ئیسلامی و عەرەبیدا، بوونێکی گەورەو مەزنی هەیە، دیسان لەبەرئەوەی گوتاری قورئانی ئەم وشەیەی کردووە بە وشەیەکی زیندوو، بەهێز، بەتواناو دەسەڵاتدار. هەروەها ئەم وشەیە لەناخی هەموو باوەڕدارێکدا ریشەی داکوتاوەو ژیانی رۆژانەی پڕکردۆتەوە بە چەشنێ ناتوانێ ئەو وتەیەی نیتشە وەربگرێ، بەڵکو لە ناوەوەو بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەر هەستەکانی دەکەوێ و ئەوسا کاردانەوەو وەڵامی ئەو کەسە ئیمانداره زۆر توندو بێڕەحمانە دەبێ. چۆن دەکرێ وێنای جیهانێک بکەی خودای تیادا نەبێ؟ ئەمە شێتییە. دەکرێ ئەوەش بڵێین کە بیرۆکەی نەبوونی خودا لە جیهاندا تەنانەت لەلای ژمارەیەکی زۆری ئەو جولەکەو مەسیحییانەش قبووڵ ناکرێ کە لە ئامێزی کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا دەژین و خزاونەتە نێو کولتوورو تازەگەرییەکەیەوە. تائێستاش لەو کۆمەڵگانەدا توێژێکی گەورەی باوەڕداران - بەمانای تەقلیدیی وشەکە - هەن. دەتوانین بڵێین نیتشە کە قووڵترین ئەرکیۆلۆژیای فەلسەفی و جینالۆجیی بۆ چەمکی نەبوونی خودا داناوە، بەهیچ جۆرێ مەبەستی ئەوە نەبووە نکۆڵی لە بوونی خودا بکا وەک مەرجەعییەتێکی بەرز کە لە هەموو رۆشنبیرییە مرۆڤایەتییەکاندا بوونی هەیە (هیچ کۆمەڵگەیەکی بەشەری نییە خاڵی بێ لە پیرۆزکردن)، هەروەها نیتشە مەبەستی ئەوەش نەبووە بێباوەڕییەکی دۆگمایی (ئاتەئیزم) بسەپێنێ و بیکا بەرێبازێکی رەسمیی دەوڵەت، وەک چۆن دواتر ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم لە یەکێتی سۆڤییەتدا کردی، بەڵکو تەنیا مەبەستی ئەوەبووە بەرتەسک بوونەوەی ئەو بیرۆکەیە - بە دارِشتنە تەقلیدییەکەی - لە رووکاری کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا پیشان بدات. نیتشە تیۆرێکی فەلسەفیی پەیوەست بەبوونی مێژوویی و کولتووریی پەرەپێدا، ئەوەی کە مرۆڤ بە «خودا» ناوی دەبەن. توێژینەوە جینالۆجییەکەی نیتشە تەنیا جەختی لە پەرەسەندنی بیرۆکەی خودا لە سەمتی پەیگانی (وثني، Idolatry)دا نەکردووە، بەڵکو بۆ یەکەمین جار چووە سەر سەمتی (یەکبوون)یشەوە. ئەمەش بوێریی نیتشە دەردەخا بەتایبەتی لەسەردەمەکەی خۆیدا. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کڵێسەی مەسیحی لە دژی وەستان، وەک چۆن پێشتر (کنێست)ی جوولەکەکان لە دژی سپینۆزا وەستان، کۆمەڵەی ئیسلامیش (یان کۆمەڵەی زانایان لە پیاوانی



ئایین) لە دژی هەر هەڵوێستێکی فەلسەفیی لە ئیسلامدا دەوەستان بەتایبەتی لە دوای ئیدانەکردنی ئیبن روشد (کە لە ساڵی - ١١٩٨)ی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە). ئەمە لە هەموو شوێنێکدا چارەنووسی ئەو رووناکبیرە ئازادانەیە کە پێش سەردەمەکەی خۆیان دەکەون.

هەمیشە لە ئیسلامدا، هەروەک لە مەسیحییەت و یەهودییەتیشدا، شڵەژانێک و بگرە بۆشاییەکی گەورە دروست بووە لە نێوان ئەو کەسانەی داکۆکی لە بیرۆکەی خودایەکی سروش بەخش دەکەن لەگەڵ ئەو فەیلەسووفانەی هەوڵ دەدەن تەعالیمی ئایینی لە بارەی خواو گەردوون و چارەنووسی بەشەری لەناو چوارچێوەی لۆجیکی و میتافیزیکیدا تێکەڵ بکەن کە لە ئەفلاتوون و ئەرستۆو زانستی گریکییەوە وەرگیراون (بڕوانە ململانێی نێوان فیلۆلۆژیستەکان و فەیلەسووفەکان)، ئەو هەوڵە ئاڵۆزانەی بۆ گونجاندنی نێوان زانستەکانی سروشی ئایینی و زانستەکانی فەلسەفەی گریکی دراون؛ لەلای موسڵمانەکان لە ئیبن روشد-ەوە دەستی پێکردووە (لە ساڵی ١١٩٨ز کۆچی دوایی کردووە)، لەلای یەهودییەکانیش مووسا بن مەیموون ( لە ساڵی ١٢٠٤ز کۆچی دوایی کردووە)، لەلای مەسیحییە کاسۆلیکییەکانیش تۆمای ئەکوینی (لە ساڵی ١٢٧٤ز کۆچی دوایی کردووە).

کەلەپووری سوننی ئەو هێڵە فیکرییەی رەت کردەوەو پتر جەختی لەوێنەی ئیسلامی برایەتی و هاوسۆزی و سرووتی ئایینی و میللی دەکرد.

بەڵام کەلەپووری شیعی رێبازی فەلسەفەی ئیشراقی یان سۆفیزمی - ناوەکی گرتەبەر کە دەچێتە ناو قووڵایی خەیاڵاتەوە. جوولەکەش لە ئایینی (حاخامی)دا پەنایەکیان دۆزییەوە کە کەم و زۆر کاریگەربوو بەسۆفیزمی ناوەکیی نەزعەی پێشینەیی (القبلانیة) (واتە راڤەکردنی جوولەکە بۆ تەورات لەڕووی سوفی و هێماییەوە بەگوێرەی ئەو نەریتانەی پێشتر دەکران).

بەتەنیا مەسیحییە خۆرئاواییەکان لە کاروانی بەرەو پێشەوەچووندا بەردەوام بوون لە رێگەی وەرگرتنی ئەو سەرکەوتنە زۆرانەی لە بواری توێژینەوەی فەلسەفی و دۆزینەوە زانستییەکاندا ئەنجام دەدران، بەم جۆرە بیروباوەڕی ئایینی ئەوان هەمیشە نوێ دەبۆوە، ئەوەی کە بۆ جوولەکەو موسڵمان و مەسیحییە خۆرهەڵاتییەکان نەڕەخسا. پاشان (لۆثەر) دەرکەوت و جیابوونەوەیەکی لەناو

مەسیحییەتدا بەرپاکردو سنوورێکی بۆ بیروباوەڕی مامۆستاییانەی کاسۆلیکی داناو مافی ئەوەی بەتاکی مەسیحی بەخشی تا بۆ خۆی تەئویلی کتێبی پیرۆز بکات (واتە بەبێ ئەوەی بە هەرەمییەتی کلێسەو پیاوانی ئاییندا بڕوات). مێژوونووسان وایدەبینن مەزهەبی پرۆتستانتی یەکەم قۆناغ پێک دەهێنێ بۆ دەرچوون لە ئایینی کەهنووتیی تەقلیدی، یەکەم قۆناغی گەیشتنە بە سیستەمێکی باوەڕداریی زانستی و عەقلانی. ماکس ڤیبەر-یش هەر لەم تێڕوانینەوە تیۆرە ناودارەکەی لە بارەی پەیوەندیی نێوان مۆراڵ و پرۆتستانتی و سەرهەڵدانی سەرمایەداری داناوە (واتە پێکەوە گرێدانی سەرمایەداری و مەزهەبی پرۆتستانتی).

پاشان رووناکبیرێکی فەرەنسی دەرکەوت (مارسیل گوشیێ) و سەرلەنوێ برەوی بە زاراوە ناودارەکەی (ڤیبەر)دا: «لە دەستدانی جیهان» (واتە جیهانی ئەوروپی بوو بە جیهانێکی هیوابڕاو لە دوای پاشەکشەی پیرۆزکردن، واتە لە پاش بەرتەسک بوونەوەو پاشەکشەی مەسیحییەت و هەڵکشانی عەلمانییەت). گوشیێ لە کتێبەکەیدا جەختی لەو تێزە کرد کە: مەسیحییەت تاکە ئایینێکە کە بوار بۆ دەرچوون لە روانینی ئایینی وجوود دەڕەخسێنێ (یان ئەو ئایینەی رێگە بەلایەنگرانی دەدا رۆژێ لە رۆژان لە روانینی ئایینی دەربچن). ئەمە لە کاتێکدا ئایینەکانی دیکەی وەک ئیسلام و جولەکە رێگەی ئەوە نادەن. بێگومان ئەم تێزە هەمیشە شوێنی جیدال و گفتوگۆیە، بەڵام ئەوەمان بۆ دەردەخا چۆن ئەو تازەگەرییە فیکرییەی لەلایەن زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنراوە، پتر دەیەوێ خۆی لە رەهەندی ئایینی رزگاربکا.

دەبینین مارسیل گوشیێ، ئایینەکانی دیکەی غەیری مەسیحی لە بەرچاو ناگرێ، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە رووناکبیرە خۆرئاواییەکان لەناو سێنتەری ئەتنیی خۆیاندا، خۆیان داخستووە، نەیارانی ئۆرێنتالیزمیش ئیدانەی ئەو بۆچوونانەیان کردووە. خۆ ئەگەر گوشیێ لە چەند ئایینێکی دیکەی، بۆ نموونە وەک ئیسلام، بکۆڵیبایەوە، یان بەراوردێکی لە نێوان ئیسلام و مەسیحییەتدا بکردبایە، ئەوسا تێزەکەی راستگۆییەکی گەورەتری بەخۆوە دەگرت. مادامەکی ئیسلام، لەلای توێژەرە خۆرئاواییەکان، وەک نموونەیەکی دژ لە بەرامبەر مەسیحییەکان چاوی لێدەکرێ، واتە ئەو ئایینەی بەهیچ جۆرێ جیاوازی لەنێوان



ئایین و سیاسەتدا ناکات، ئەوا باشتر وابوو ئیسلامی لە بەرچاو بگرتبایە. بەڵام من دواتر هەڵەی ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئیسلام دەخەمەڕوو، ئەو تێڕوانینەی ئەمڕۆکە لە لایەن فەندەمینتالیستە ئیسلامییەکانەوە بەسەرماندا سەپێنراوە، هەروەها لەلایەن ئەدەبیاتی ئۆرێنتالیزمیشەوە (بەتایبەتی ئەدەبیاتی سیاسی کە لەم دواییەدا لە فەرەنسەو ئەمەریکادا لە بارەی «ئیسلامی رادیکالی» بڵاوبۆتەوە، ئەم ئەدەبیاتە پشتگیری ئەو بیروبۆچوونە دەکا کە دەڵێ ئیسلام بریتییە لە «ئایین» و «دنیا» بەشێوەیەکی لێکدانەپچڕاو. ئەمەش بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان - لەبەر هەر هۆیەک بێ- پێی لەسەر دادەگرن. ئەدەبیاتی سیاسیی ئەوروپیش ئەم بۆچوونەی ئیسلام بەناتەواوییەک دەزانن کە دەبێتە رێگر لە بەردەم پێشکەوتندا، کەچی بزووتنەوە فەندەمینتالیستەکان ئەمە بەنیشانەی تەواو کامڵ بوونی ئیسلام دەزانن کە پێش مەسیحییەتیش دەکەوێ). ئیسلام - بەڕای من - رێگە بە عەلمانی کردن و ئازادی و جیاوازیی نێوان ئایین و سیاسەت دەدا بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی پێیان وایە ئەمانە لە ئیسلامدا مومکین نین.

تا ئێستاش ئەو گفتوگۆیەی لە بارەی نائامادەیی بیرۆکەی خواوەند ئەنجام دەدرێ (یان بەرتەسک بوونەوەی پیرۆزکردنی تەقلیدی لە رووکاری کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا) ئەمڕۆکە لە دوو ئاراستەدا بەردەوامیی هەیە. دەشزانین هەڵوێستی نیتشە، تەنانەت لەم دواییەدا لەلایەن مامۆستایانی کاسۆلیکی زانکۆییشدا پشتگیری لێکراوە، بۆ نموونە بابە پۆل ڤالادیێ، پێی وایە کتێبی (زانستی خۆشنوودی)ی نیتشە بانگەشەیەکی حەماسییانەیە بۆ رۆیشتن بەرەو ئەودیوی مێژووی فریودەری ئەفسانەیی کە لە پێناوی داپۆشینی بەهای مۆراڵی و رۆحیی ساختەدا چەمکی خودا بەکاردەهێنێ. نیتشە دەیووت: «هەموو یەکێ لە ئێمە بەشداریی کردووە لە ون بوونی بیرۆکەی خواوەند یان نائامادەیی ئەو بیرۆکەیە لە گۆڕەپانەکەدا»، واتە هەموو یەکێ لە ئێمە لەلابردنی پیرۆزکردن لە ئاسمانی ئەوروپیدا بەشداریی کردووە. بەم جۆرە نیتشە لە بینینێکی جینالۆجییەوە ئەم قسەیەی کردووەو بەدوای رەچەڵەکی شتەکاندا دەگەڕاو بۆنموونە یەکەم جار کەی سەری هەڵداوە (لەوانە چەمکی خوداو چەمکی پیرۆزکردن و چۆن بۆ یەکەم جار لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا سەری هەڵداوە).

وەک دەزانین نیتشە داهێنەری میتۆدی جینالۆجییە کە دەچێتە نێو قووڵایی ئارکیۆلۆژیای شتەکان و رەگوڕیشە شاردراوەکانی دەپشکنێ، نیتشە ئەم میتۆدەی بەکارێکی زۆر شیاووگونجاو دەزانی بۆ رەخنەگرتنێکی فەلسەفییانەی سوودبەخش لە دیاردە ئایینی و ئاکاری و مێژوویی و سیاسی و هونەرییە ترادیسیۆنەکانی رابردوو، بەم جۆرە ناتوانی لە هەر شتێک رزگارت بێ ئەگەر رەگوڕیشە شاردراوەکانی لە رابردوودا ئاشکرا نەکەیت، ئەمەش لە شیکردنەوەی دەروونی دەچێ کە بەدوای ریشەی گرێ دەروونییەکانی ناو قووڵایی ناخدا دەگەڕێ.

لە راستیدا نیتشە لەتەک مارکس و فرۆیددا بەشداربووە لە گەشەپێدانی میتۆدی گومان، بەو مانایەی دەبێ عەقڵ هەمیشە گومانی لە دروستی و متمانەی بەرهەمە کولتووری و ئەپستیمییەکانی خۆی هەبێ، واتە دەبێ هەمیشە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە بەخۆیدا بچێتەوە. مێژوونووسە هاوچەرخەکانیش جەختیان لە دروستیی میتۆدەکەی نیتشەو پێشبینییە فەلسەفییەکانی کردووە، لە راستیدا نیتشە پێش فرۆیدیش کەوتووەو رێگە خۆشکەر بووە بۆی، بەڵگەش بۆ ئەمە نووسینەکانی زانای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن مامۆستا (جان بوتیرو)یە کە پسپۆڕی شارستانێتییەکانی (دۆڵی رافیدەین) بووە بە هەموو باوەڕو سرووت و ئەدەبیاتی ئەکەدی و سۆمەری و بابلی، (بوتیرو) بۆ یەکەمجار لە مێژوودا کتێبێکی لە بڵاوکراوەکانی گالیمار لە پاریس بەناونیشانی «دەرکەوتنی بیرۆکەی تاکخودایی» چاپ کرد، بەرلەوەش فرە خودایی باوبوو نەک تاکخودایی (مۆنۆتیزم)، هیوامان وایە مرۆڤایەتی لە ئایندەیەکی نزیکدا بگاتە پوختەی مێژووی دوورودرێژی ئەو بیرۆکەیە لەنێوان دەرکەوتنی چەمکی تاکخودایی و ونبوونی ئەو چەمکە لە گۆڕەپانەکەدا.

بەڵام ئاراستەی دووەمی ئەو گفتوگۆیانە لەو نووسینە زۆرانەدا دەردەکەوێ کە لە هەموو لایەکەوە بەسەرماندا دەبارێن، بەتایبەتی لە پاش بڵاوبوونەوەی بزووتنەوە فەندەمینتالیزمەکانی دنیای عەرەبی و ئیسلامی، ئەو نووسینانەش بەزۆری لەلایەن توێژەرانی بیانی لە بواری زانستە سیاسییەکان دەنووسرێن، لەبەرئەوە لەلایەن هۆیەکانی راگەیاندنی خۆرئاواییەوە بەڕادەیەکی گەورە لەسەریان دەنووسرێ، ئەوان چێژ لە شێواندنی ئیسلام و موسڵمانان وەردەگرن،



بگرە هەندێ لەو کتێبانە تا ئەندازەیەکی گەورە رەواجیان پەیدا کردووە، زۆرجاریش ئەم چەشنە ناونیشانانە لەخۆ دەگرن: «گەڕانەوەی سەر لەنوێی ئایین بۆ گۆڕەپانەکە»، «بەئاگاهاتنی ئیسلام»، «تۆڵە سەندنەوەی خودا لەخۆی»، «لایەنگرانی خودا»... تاد، بەڵام لەراستیدا ئەو جۆرە نووسینانە پتر بابەتی خێراو کاتین وەک لەوەی تێڕوانینێکی قووڵ بێ بۆ دیاردەی فەندەمینتالیزم. ئەو مەسەلە بنەڕەتییە فەلسەفییەی لێرەدا مەبەستمانە، پەیوەندیی بەو نووسەرو توێژەرانەوە نییە، ئەمە دەڵێین بێ ئەوەی نکۆڵی لە جدییەتی هەندێکیان بکەین، بەڵام هەموو چەشنەکانی گوتارو هەموو دەرکەوتنە جەماعییەکان لە گۆشەی ئەو رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەوە لێیان دەکۆڵرێتەوە کە پەیوەستن بەتوێژی فەندەمینتالیستەکان کە دەیانەوێ بەها «ئایینییەکان» بگەڕێننەوە، یان بەدەربڕینێکی تر دەیانەوێ نموونەی «ئایینی» بۆ سیستماتیزەکردنی کۆمەڵگە بگەڕێننەوە (وشەی «ئایینی»م خستە ناو دوو جووت کەوانەوە چونکە مەسەلەکە پەیوەندیی بەتێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژی هەیە بۆ ئایین نەک تێڕوانینێکی رۆحی و راستەقینە). پاشان چارەسەری «ئۆرێنتالیستە نوێیەکان» بۆ دیاردەی فەندەمینتالیزم پتر چارەسەرێکی خێراو سیاسیی رووکەشانەیە، ناچێتە ناو قووڵایی شتەکانەوە.

بێگومان دیاردەی فەندەمینتالیزم کە ئێستا لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا بڵاوبۆتەوە، دیاردەیەکی ئاڵۆز دەنوێنێ و شایستەی چارەسەرکردنێکی قووڵە، ئەو بزووتنەوانە فەرهەنگی دێرینی ئایینی و سرووت و پرنسیپە ئایینییەکان لە پێناوی رەواپێدانی چالاکییە سیاسییەکانیاندا بەکاردەهێنن و بەرەنگاریی رژێمە تاک حزبییەکان دەکەن، ئەو رژێمانەش بەگشتی لە پاش سەربەخۆیی دەرکەوتن و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژو تائێستاش دەسەڵاتیان مۆنۆپۆڵ کردووە. لێرەدا ناچمە ناو شیکردنەوەیەکی وردی ئەو هێزە نوێیە کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی و ئابوورییانەی کە دیاردەی فەندەمینتالیزم پشتیان پێدەبەستێ و وەزیفەیەکی ئایدیۆلۆژیی نوێی بەهەندێ لە ئایینەکان بەخشیوە. من تەنیا ئەوە دەڵێم ئەو کتێبانەی لە خۆرئاوادا لە بارەی زانستە سیاسییەکانەوە دەردەچن بایەخیان بەو دیاردەیە داوە، یەکێ لەلایەنە بنەڕەتییەکانی ئەو دیاردەیەیان فەرامۆش کردووە، ئەویش، ئەو ئایینانەی وەک چەکێکی ئایدیۆلۆژی بەکاردەهێنرێن لە پێناوی

بەدیهێنانی مەرامە سیاسییەکاندا، نرخێکی ڕۆحیی گران دەدەن. کاتێ ئایین دەکرێ بە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی، ئەوسا ڕۆحانیەتی بڵندی لە دەست دەدا پاکی و بڵندیی ئەو ئایینە دادەگرێ بۆ زەمینەی ململانێ ڕۆژانەییەکان و مانۆرە سیاسییە ناجێگیرەکان، ئەمەش شایستەی ئایین نییە. بەم جۆرە بەناوی ئایینەوە هەندێ شتی دیکە دەردەکەون کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئایینەوە نییەو ئایینیش بەو شتانە ڕازی نییە. لێرەدا بەرپرسیارییەکی خۆرئاوایی لەم بارودۆخە هەیە، مەبەستم خۆرئاوا بەرپرسیارە لە تەقینەوەی بزووتنەوە فەندەمینتالیزمەکان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا. ئەو دەستەبژێرە سیاسی و ئابوورییەی لە پاش سەربەخۆییدا حوکمی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانی گرتە دەست و هەندێ بەشی مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی قۆستەوە، لە هەمان کاتدا ناچاربوو دروشمی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستیی بەسەرچوو و هەندێ کلێشەی وشکی شوناس بەکاربێنێ. لە پاش سی ساڵ حوکم کردنیش بۆشاییەکی گەورە کەوتە نێوان ئەوان و جەماوەری بەرینی میللی بێ ئەوەی لە هیچ مەسەلەیەکدا راپرس بە میللەت بکاو بێ ئەوەی میللەت بەشدارییەکی راستەقینە بکا!. لەگەڵ ئەوەشدا خۆرئاوا بەردەوام مامەڵەی لەگەڵ ئەو رژێمانەدا دەکرد ئەگەرچی لایەنگریی میللەتی خۆیانیشیان لە دەست دابوو.

ئەمە سەبارەت بەلایەنی سیاسیی خێرای قەیرانەکە. بەڵام ئەگەر لە قووڵاییەوە تەماشای مەسەلەکان بکەین، دەتوانین بڵێین ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بەو شۆکە دەروونییە ترسناکەی کە هۆشیاریی ئیسلامی لە پاش هاتنی مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی بۆ ناو وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، دووچاری بوو. پاش ئەوەی بۆ یەکەمجار چەند رەگەزێکی ئەو مۆدێرنیزمە لە سەمتە ئەوروپییەکەیدا گواسترایەوە بۆ وڵاتانی ئێمە، پێکدادانێکی لەگەڵ کولتووری لۆکاڵی و بونیادە تەقلیدییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرپاکرد، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەو گواستنەوەیە بەشێوەیەکی کتوپڕ و بەبێ زەمینە خۆشکردن ئەنجام درا. دەکرێ بڵێین وەرگرتنی مۆدێرنیزمی ئەوروپی لە دەرەوەی ئەوروپادا، شایانی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی و دووروودرێژە، بگرە شایانی پشکنینی مەیدانی و لێکۆڵینەوەی تیۆری و پراکتیکیی بەرفراوانە تا لەوە تێبگەین چۆن میللەتانی دی ئەو مۆدێرنیزمەیان وەرگرتووە کە لە سەمتێکی ترو لەناو مێژوویەکی تری



غەیری مێژووی خۆیان لە دایک بووە. بەڵام زانستە کۆمەڵایەتییە ئەوروپییەکان تائێستاش ئەم مەسەلەیە فەرامۆش دەکەن چونکە هەمیشە سەرقاڵی خەم و کێشەی کۆمەڵگەکانی خۆیانن و کاتی ئەوەیان نییە گرنگی بەکەسانی دی بدەن، جیهانی سێیەم هەمیشە دووروبێبەش بووە.

بێگومان شۆکی مۆدێرنیزم (صدمة الحداثة) پێشترو ئێستاش لە یەکێ لە لایەنەکانیدا فۆرمولەیەکی تیرۆری - ئیرهابی - وەرگرتووە.

سەپاندنی مۆدێرنیزم بەشێوەیەکی کتوپڕو کاڵ، بەشداریی کردووە لەبەرهەمهێنانی رەوتێکی دژکارو ئیرهابی لە پاکستان و ئێران و عێراق و لوبنان و جەزائیرو میسرو... تاد. بەڵام ئایا هەندێ لە ئۆرێنتالیستەکانی خۆرئاوایی وەک (بێرنارد لویس) چ ناوێک لەم رەوتە دەنێن؟ ئەوان بە «گەڕانەوەی ئیسلام» ناوی دەبەن، وەک بڵێی گشت ئیسلام لە تەوژمی تیرۆرو توندڕەویدا کورت دەکرێتەوە! کەواتە کەلەپووری درێژو پانی فیکری و ڕۆحانی و مرۆڤانەی ئیسلام لە کوێیە؟ لەڕاستیدا مەسەلەکان لەمە ئاڵۆزترن. لە پشتی ئەم توندڕەوییە تراژیدییەدا کە لە تیرۆری لۆکاڵی و نێودەوڵەتیدا دەردەکەوێ، چەندین هۆی دیکەی پانوپۆڕو فرە لق هەن. پێویستە لەسەر بیرمەندە خۆرئاواییەکان (یان توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان) بایەخێکی گەورە بەو شتە بدەن کە من بە (توندوتیژیی بونیادی )ناوی دەبەم (مەبەستم ئەو توندوتیژییەیە کە هۆیەکی قووڵ بەرهەمی دێنێ و تەنیا بە لەناوبردنی ئەو هۆیە قووڵە ئەویش لەناو دەچێ)، ئەم توندڕەوی و توندوتیژییە چۆتە ناو پێکهاتەی خودی دەوڵەتە دروستکراوەکانەوە، یان چۆتە ناو بونیادی شکڵگەراییانەوە، لەبەرئەوە ناوی (توندوتیژیی بونیادی)م لێناوە، واتە پا بەستی بونیادی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بەرهەم هاتوون و هێزە گەورەکانیش بە ئارەزووی خۆیان پەرت و جیایان کردوونەتەوەو رەواییەکی یاسایی دەوڵەتییان پێ بەخشیون، بەڵام بەبێ ئەوەی پێکهاتە راستەقینە ناوەکییەکەیان لەبەرچاو بگرن.

دەتوانین بڵێین ئەو نەخشە جوگرافی - سیاسییەی جیهان کە لە یاڵتادا رەسم کراوە (ئەمە بۆ ئەوەی باسی پەیماننامە ئەوروپییەکانی پێش ئەوە نەکەین) بووە هۆی چاندنی تۆوی توندوتیژی بۆ ساڵانێکی دووروودرێژ لە زۆربەی وڵاتەکانی

دنیادا. خۆرئاوا خۆیشی بەرپرسیارە بەرامبەر بەو توندوتیژییەی کە هەرخۆیشی ئیدانەی دەکاو گلەیی لێدەکا. توندوتیژی لە بونیادی دامەزراو و دامودەزگای ئەو وڵاتانەدا چێنراوە کە لە چەند رەگەزێکی دژ بەیەک دروست کراون بەبێ رەچاوکردنی فاکتەرە جوگرافی و کولتووری و ئاییینیەکان. لەبەرئەوە هەرکە سیستەمی یالّتا (واتە سیستەمی پێشووی جیهان) کۆتایی پێهات، ئیدی توندوتیژی لە زۆربەی ناوچەکانی دنیادا تەقییەوە (تەماشای حالّەتی یۆگۆسلاڤیا بکە). توندوتیژی بەدرێژایی ماوەی شەڕی سارد لە هەناوی ئەو کۆمەڵگایانەدا خەزن کرابوو و چاوەڕێی دەرفەتێکی رەخساوی دەکرد تا گوزارشت لە خۆی بکات، تا بتەقێتەوە. ئێستاکە ئەوە دەزانین چۆن لەسەردەمی شەڕی سارددا گەمە بەو توندوتیژییە دەکرا، چۆن رژێمە تاک حزبییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا سوودیان لە کێبەرکێی نێو دەوڵەتیی هەردوو دەوڵەتە گەورەو بەهێزەکە وەردەگرت تا لەسەر دووپەت یاری بکەن و چاوچنۆکیی خۆیان و ئەو چینە مشەخۆرە بیرۆکراتییە تێر بکەن کە پەیوەست بوو بە رژێمی تاک حزبییەوە.

پێدراوە مێژووییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم یەکێ لە دەردانەکانی (افرازات) تازەگەری دەنوێنێ، تازەگەری لایەنی نێگەتیڤیشی هەیەو هەموو لایەنەکانی پۆزەتیڤ نین، تازەگەری لە ژێر دەستەوانەیەکی لە حەریر دروست کراودا نینۆکی تیژی هەیە. نابێ بەهیچ جۆرێ ئەوەمان لە یاد بچێ ئەم پێدراوە مێژووییانە دوو مەدلولیان هەیە، یان بڵێ دوو شتیان لێ بەرهەم هاتووە: یەکەمیان بریتییە لە ئارەزووی ئەوروپا کە بیێ بەخۆرئاوا، لەگەڵ خۆرئاوا گرێ بدرێ و لە جیهانی ناوەڕاست، واتە لە جیهانی عەرەبی - ئیسلامی، دووربکەوێتەوە. دووەمیان زیادبوونی (توندوتیژیی بونیادی)یە کە لە هەناوی کۆمەڵگە تەقلیدی و وێران و ماندووەکاندا خەزن کرابوو، دەتوانین زۆربەی وڵاتە ئیسلامی و عەرەبییەکان لەم خانەیەدا پۆلێن بکەین.

بۆ ئەوەی (توندوتیژی بونیادی)ی شاررراوە بەڵام چالاک و ئەکتیڤ، لە ئاستی نێو دەوڵەتیدا، ئاشکرا بکەین، ئەوەندە بەسە لە بارەی ئەو هەژموونە کولتوورییە قسە بکەین کە خۆرئاوا پرۆسەی دەکا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیەش، ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە دەهێنمەوە:



لە پاش تێکشکانی یەکێتی سۆڤییێت، فرانسیس فۆکۆیاما کتێبە ناودارەکەی بەناوی «کۆتایی مێژوو» چاپ کرد. لە پاش ئەو کتێبە بەچەند ساڵێک، مامۆستای زانکۆیی (سامۆئیل هنتنگتۆن)ی ئەمەریکی کتێبی «پێکدادانی شارستانێتییەکان»ی چاپکرد، هنتنگتۆن لەم کتێبەدا تێڕوانینێکی رەشبینانەی ترسناکی لە بارەی ئەو پێکدادانەوە هەیە. دەبینین ئەم دوو کتێبە راڤەکردنێک بۆ پەرەسەندنی گشتیی جیهان دەخەنەڕوو کە تەنیا لە تێڕوانینی خۆرئاواییەوە دەست پێدەکەن و بەهیچ جۆرێکیش لە گۆشەی میللەتانی تر یان رۆشنبیرییەکانی تردا شوێنێک ناگرن، بەڵکو بە تەواوی ئەو تێڕوانینە مێژوویی و ئەتنۆگرافی و فەلسەفییەی فیکر پیشان دەدەن کە هەر لە سەدەی هەژدەیەمەوە لە ئەوروپادا نەشونمایان کردووە. ئەو دوو نووسەرە، وەک بیروباوەڕێکی ئەپستیمیی رەها، پشت بەو هزرە دەبەستن. مامۆستایانی شارەزا لە زانکۆکانی خۆرئاواشدا هەر هەمان هەڵوێستیان لە مەسەلەی حەقیقەتی زانستیدا هەیە. دەبینین ئەو دوو رووناکبیرە تێڕوانینێکی تر لەبەرچاو ناگرن: ئەوەی کە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری بنچینەی بۆ داڕشتووەو بەپێی ئەوە مافی قسەکردن بەگشت کولتوورە مرۆڤایەتییەکان دەدا بێ ئەوەی لەیەک تێڕوانینەوە - واتە تێڕوانینی کولتووری خۆرئاوایی بالادەست - لێیان بپێچێتەوە. ئەو دوو رووناکبیرە لە روانینی خۆیاندا بۆ شارستانییەتە مرۆییەکان، سوودیان لەو وانەیە وەرنەگرتووە (واتە مافی قسەکردن بۆ گشت کولتوورە مرۆڤایەتییەکان - و. ک -). لەبەر ئەم هۆیە باسی ئەتنۆگرافیام لەتەک مێژوو و فەلسەفەی کلاسیکیدا کردووە تا تێڕوانینی هەردووکیان کورت بکەمەوە، ئەو تێڕوانینەی لەڕووی ئەپستمۆلۆژییەوە بەسەرچووە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە تا ئێستاش برەوی هەیە.

دەبێ میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژیای بەراوردکاری بگرینەبەر بۆ رۆشنکردنەوەی ئەو رووبەڕووبوونەوە مێژووییەی لەنێوان سەمتی ون بوون و نائامادەیی خوداو سەمتی گەڕانەوەیدا (یان لەنێوان سەمتی بەرتەسک بوونەوەی پیرۆزکردن و گەڕانەوەیدا) بەرپابووە. ئێستاکە دەبینین بابەتی پیرۆزکردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا کە لەوێدا بۆشاییەکی رۆحیی گەورە هەیە، چونکە میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژی بەتەنیا گرنگی بەو حەقیقەت و ناو و رووداوانە نادات کە بەرۆژی رووناک

رووده‌ده‌ن، به‌ڵكو گرنگی به‌لایه‌نه لێڵ و شاراوه‌كانی مێژووی به‌راوردكاریی ئایین و رۆشنبیری و شارستانێتییه‌كانیش ده‌دا، هه‌روه‌ها گرنگی به‌وه‌زیفه‌ی ره‌مزی و پرۆسه‌كانی داهێنانی مه‌جازی و به‌ئه‌فسانه‌كردن و چاوشاركێی حه‌قیقه‌ت و به‌ئایدیۆلۆژی كردن و به‌پیرۆزكردن و بڵندگه‌رایی (ترانسدێنتاڵ) (التعالي) ده‌دا. گشت ئه‌م میكانیزمانه په‌یوه‌ستن به‌خه‌یاڵ یان خه‌یاڵكراو، پتر له‌وه‌ی په‌یوه‌ست بن به‌عه‌قڵ یان به ئه‌كتیڤ و كاریگه‌ریی عه‌قڵانی. ئه‌م میكانیزمانه له‌گشت كولتووره‌كاندا هه‌ن به‌جیاوازی ئایین و زمانه‌كانیان. له‌به‌رئه‌وه وتمان میتۆدی ئه‌نترۆپۆلۆژی باشترین میتۆده بۆ به‌كارهێنان و سوود لێوه‌رگرتن چونكه له هه‌موو رۆشنبیرییه مرۆییه‌كان ده‌كۆڵێته‌وه‌و به‌راوردیان ده‌كاو هیچیان به‌سه‌ر ئه‌وی دیكه‌یاندا ناسه‌پێنێ.

به‌ڵام ده‌شێ كه‌سێ لاریی له‌م قسه‌یه هه‌بێ و پێی وابێ ئه‌م تێڕوانینه دیالێكتیكی و مێژوویی و ئه‌نترۆپۆلۆژییه، به‌ها جه‌وهه‌ری و ئه‌زه‌لی و ترانسدێنتاڵه میتافیزیكییه‌كان (وه‌ك رۆحانییه‌ت و پیرۆزكردن و حه‌قیقه‌تی خودایی..) ده‌گۆڕێ بۆ به‌های رێژه‌یی یان بۆ چه‌ند شتێكی بگۆڕو تێرمی كاتی و هه‌نووكه‌یی. ئه‌م لارییه‌ش له‌لای ئه‌و كه‌سانه‌وه ده‌رده‌چێ كه هه‌ست به‌وه ده‌كه‌ن له بیروباوه‌ڕی ئایینییاندا هه‌ڕه‌شه‌یان لێده‌كرێ جا سه‌ر به‌هه‌ر كولتوورو كۆمه‌ڵگه‌یه‌ك بن (واته ئیمانداره ته‌قلیدییه‌كانی هه‌موو ئایینه‌كان لارییان له‌و قسه‌یه هه‌یه).

له‌ڕاستیدا جیاوازی و جودایی له‌م بواره‌دا پتر ده‌روونییه وه‌ك له‌وه‌ی ژیاری بێت، واته باوه‌ڕدارێكی مه‌سیحی یان یه‌هوودی كه له رۆما یان له شیكاگۆدا ده‌ژی، رووبه‌ڕووی ئه‌و میتۆده ئه‌نترۆپۆلۆژییه ده‌بێ كه لێره‌دا پێشنیاری ده‌كه‌م، هه‌روه‌ك چۆن رووبه‌ڕووی ئه‌و موسڵمانه‌ش ده‌بێته‌وه كه له قاهیره یان له جاكارتادا ده‌ژی، پاشان ئه‌م باوه‌ڕدارانه ئه‌و لێكۆڵینه‌وه به‌راوردكاری و ئاسۆ فراوانانه به‌كورتكاریی زانستی تۆمه‌تبارده‌كه‌ن. گومانیشی تێدا نییه ئه‌وكاته‌ی له سه‌ده‌ی نۆزده‌یه‌مدا نموونه‌ی عه‌لمانی شوێنی نموونه‌ی ئایینی گرته‌وه، هه‌ڵوێستێكی كورتكاری (اختزالي) هه‌بووه. ئه‌وان رۆحانییه‌تی ئایینییان له‌ناوبرد، یان بابڵێین ره‌هه‌ندی رۆحانییان په‌راوێزكردو ته‌نیا گرنگییان به‌ڕه‌هه‌ندی ماددی و ته‌كنۆلۆژی ده‌دا.



به‌ڵام ئه‌مه هه‌ڵوێستی ئێمه نییه، ئێمه كورتكاریی پۆزه‌تیڤیزمی - یه‌قینی (الاختزالية الوضعية) وه‌رناگرین به‌ڵكو میتۆدی ئه‌نترۆپۆلۆژیای به‌راوردكاری وه‌رده‌گرین كه لایه‌نه رۆحی و هێماییه‌كان له به‌رچاو ده‌گرێ هه‌روه‌ك چۆن لایه‌نه ماددی و عه‌قڵانییه‌كان وه‌رده‌گرێ. ئێمه شته‌كان بۆ مادده‌یه‌كی بێ گیان كورت ناكه‌ینه‌وه، یان عه‌قڵێكی وشك و بێ خه‌یاڵ وه‌رناگرین، ئه‌وه‌ی كه پۆزه‌تیڤیزمی په‌ڕگریی باو له خۆرئاوادا ده‌یكا. ده‌وڵه‌ته عه‌لمانییه نوێیه‌كانیش ئه‌م لایه‌نه زانستی و سیاسییه‌یان گرته‌به‌رو به‌سه‌ر سیسته‌می گشتیی فێركردندا پراكتیزه‌یان كرد كه تائێستاكه‌ش چه‌ندین ململانێی گه‌رم له‌گه‌ڵ سیسته‌می ئایینیی فێركردندا به‌رهه‌م ده‌هێنێ.

ده‌مه‌وێ لێره‌دا ئه‌وه بڵێم له هیچ سیسته‌مێكی فێركردنی دنیادا بابه‌تێك نییه به‌ناوی مێژووی به‌راوردكاری ئایینه‌كان.

ئه‌وه‌ی كه هه‌یه یان فێركردنێكی  ته‌قلیدییانه‌ی ئایینی ره‌سمییه كه له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌ته‌وه دانی پێدانراوه (وه‌ك حاڵه‌تی وڵاته ئیسلامی و عه‌ره‌بییه‌كان)، یان هه‌ڵگرتنی ته‌واوی هه‌ر ئایینێك (وه‌ك حاڵه‌تی سیسته‌می عه‌لمانیی فه‌ره‌نسی كه ته‌نانه‌ت دان به‌مه‌سیحییه‌تیشدا نانێ).

ئه‌م دوو هه‌ڵوێسته هه‌موو پڕۆژه‌یه‌كی په‌ره‌پێدانی چه‌مكی رۆحانییه‌ت و مۆڕالییان په‌كخستووه كه له سه‌متی زاره‌كی و ئه‌فسانه‌یی كۆنی كۆمه‌ڵگه به‌شه‌رییه‌كاندا باوبوون. ئه‌مه سه‌متێك بوو له‌گشت ئه‌و كۆمه‌ڵگه‌یانه‌دا، تا سه‌رهه‌ڵدانی شارستانییه‌تی عیمرانی و پیشه‌سازیی نوێدا، هه‌بووه. له‌وكاتانه‌دا له‌لایه‌ن خه‌ڵكیدا فه‌رهه‌نگێكی ته‌واوی موفره‌داته رۆژانه‌ییه‌كان هه‌بووه، وه‌ك: رۆحانییه‌ت و ده‌روون و جاویدانی و باوه‌ڕو پیرۆزكردن و ده‌ركه‌وته سرووت ئامێزه‌كانی ئایین و سرووش و هه‌روه‌ها دڵیش وه‌ك سه‌نته‌رێكی ده‌روونیی ژیانی رۆحی و ته‌ڵقینی سۆفییانه. پاشان پۆزه‌تیڤیزمی پیشه‌سازی هات تا ئه‌م موفره‌داتانه له مانا ئۆریجیناڵ و ده‌وڵه‌مه‌نده‌كانی خۆیان دابڕێ و فڕێیان بداته ناو شته فه‌رامۆش كراوه‌كان یان بیانخاته ناو گۆڕه‌پانی بیروباوه‌ڕه ته‌قلیدییه به‌سه‌رچووه‌كان. ئێستا هه‌ندێ كه‌س هه‌وڵ ده‌ده‌ن ئه‌و موفره‌داتانه زیندوو بكه‌نه‌وه‌و له وتارو نووسینی تیۆلۆژی (لاهوتی)و فێركردنی مۆڕاڵییه‌وه به‌كاری بێنن. به‌ڵام له‌وه ده‌چێ زیاد له پێویست ئه‌بستراكتی و ئایدیالی و كۆن بێ،

هەروەها زۆردووره لەنۆرمی ژیانی نوێ و ناتوانێ قەناعەت بە خەڵکێکی زۆر بهێنێ. لەکاتێکدا ئەم شتانە دەڵێم بێگومان مەبەستم لە کۆمەڵگە ئەوروپییە نوێیەکانە نەک کۆمەڵگە ئیسلامی و عەرەبییەکان کە دیاردەی بەعەلمانیکردن یان پۆزەتیڤیزمی پیشەسازیی بەخۆوە نەبینیوە. تەنیا کۆمەڵگە ئەوروپییەکان توانییان دابڕانێک لەگەڵ باوەڕی تەقلیدیدا ئەنجام بدەن، تەنیا ئەوان «نائامادەیی خوا» ، یان بەرتەسک بوونەوەی پیرۆزکردنیان بەخۆوە بینی. کەسێکی ئایینپەروەر کە لەناو سۆزێکی ئایینی و باوەڕداریدا پەروەردە بووە، لە دوای شۆڕشە نوێیەکان، بووە بەکەسێکی بێلایەن و لەلایەن یاساوە پارێزگاریی لێدەکرێ. ئەمەش گۆڕانێکی چۆنایەتیی گەورەیە؛ ئەو کەسە دەتوانێ کارەکانی خۆی لە خزمەتی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا بەکاربێنێ بێ ئەوەی بیر لە هەر شتێکی تری سەرووی خۆی بکاتەوە. بگرە دەتوانێ واز لە هەموو هاوکارییەکی خێزانی بهێنێ (ئەمە بەزۆری لە وڵاتە پیشەسازییە نوێیەکاندا روودەدات، لەوێدا مرۆڤ تەنیا بایەخ بەخۆی دەدا، تەنیا لە هەندێ بۆنەدا یان لە جەژنەکاندا سەردانیی دایک و باوکی دەکات، ئەمە ئەگەر بیکات) ، ئەم پاشەکشە مۆراڵی و کۆمەڵایەتییە لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانیشدا بڵاوبۆتەوە، بەڵام ئاکامەکانی ئەم جۆرە هەڵوێستە لەم وڵاتانەدا مۆرکێکی تراژیدی تر وەردەگرێ لەچاو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بۆچی؟ لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەمدا دەوڵەتی یاسا بوونی نییە، هەروەها دامەزراو و دامودەزگای دەوڵەتی بوونی نییە کە بەرپرسیاربێ لە دۆزینەوەی کارو وەزیفە بۆ هاووڵاتی، هەروەها بیمەی تەندروستی بوونی نییە بەو جۆرەی لە ئەوروپادا هەیە. مرۆڤ لە ئەوروپادا دەتوانێ لە خێزان و خزمایەتیی عەشایەری جیابێتەوە لەبەرئەوەی دەوڵەت دەیپارێزێ. بەڵام ئەگەر کەسێ لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا نەخۆش بکەوێ یان بێکاربێ... تاد. کێ پارێزگاریی دەکا؟ لەم جۆرە کەشوهەوایەی هەژاری و مەینەتی و نەبوونی ئارامی و ئاسایشدا، گەڕانەوەی ئایین ئاتاجێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێ، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی هانی بڵاوبوونەوەی فەندەمینتالیزمی داوە چونکە خاکێکی باش و لە باری بۆ سازکراوە، بەڵام لەم هەلومەرجە کولتوورییە داڕماوەدا پتر زەوتکردنی کۆمەڵایەتی دەرەخسێ لە تەک ئازادییەکی زۆرکەمی تاکەکەسی.



جێی خۆیەتی لێرەدا بەراوردێکی ئەو پاشماوانە بکەین کە لە دوای شۆڕشی فەرەنسی و لە دوای شۆڕشی «ئیسلامی»ی ئێرانەوە بەرهەم هاتوون، لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەبینین کەسایەتییە کاریگەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەجۆرێ رەفتاریان کردووەو بڕیاریان وەرگرتووە وەک بڵێی هەموو شتێک بزانن لە بارەی وەزیفە سەلبی و ئیجابییەکانی ئەوەی تائێستاش بەئایین ناوی دەبەین. ئەوان ئەو شتانەیان کردووە بێ ئەوەی دەرک بەو ئیلتباسە ترسناکە بکەن کە دەشێ لەو چەمکەدا هەبێ.

لەگشت ئەو تێبینییانەی پێشووەوە دەگەینە ئەو سەرەنجامەی کە پێکدادانی شارستانێتییەکان - کە سامۆیل هنتنگتۆن باسی کردووە - لە نێوان شارستانێتییەکاندا رووی نەداوە بەڵکو هەندێ شتی نێگەتیڤی روویان داوە. کە بەجۆرێکی تر ئەنجامێکە لە ئەنجامەکانی مۆدێرنیزمی زانستی و ئابووری خۆرئاوایی کە لەسەر بنچینەی کۆنترۆڵێکی پترو دەوڵەمەندی و هەژموونێکی پتردا پەرەی سەندووە، پتر لەوەی گەڕان بێ بە دوای ماناو یەکسانی و پێشکەوتنی هاوبەشی گشت مرۆڤایەتی. مۆدێرنیزمی **خۆرئاوایی مرۆڤی** جیهانی سێیەمی هەژاری دووچاری حەپەسان کرد، جا لەبەرئەوەی جیهانی سێیەمی هەژار نەیتوانی بچێتە ناو مۆدێرنیزم و نەیتوانی سوود لە لایەنە گەشەدارەکانی وەربگرێ، ئیدی لە دژی وەستان و نەفرەتیان لێکرد.

لێرەدا جارێکی تر جەخت لەم مەسەلەیە دەکەینەوە؛ جێهێشتنی دژکاریی نێوان شارستانێتییەکان لە رێگەی بانگەشەکردنی رۆحانییەت و مۆراڵییەوە ئەنجام نادرێ. ئامۆژگارییە مۆراڵییەکان هیچ شتێک چارەسەر ناکەن، بێگومان دوای ئەوەی هەموو ئەو شتانەی پێشتر باسم کردن، دەڵێم ئەمە هەڵوێستی من نییە، مەسەلەکە لە رێگەی ئامۆژگاریی مۆراڵی یان لە رێگەی بەرۆحانی کردنی شارستانییەتی نوێ چارەسەر ناکرێ وەک هەندێ کەس پێیان وایە. من ئەم قسەیە لەبەرئەوە ناکەم کە دژی رۆحانییەت و ئاکارم، بەڵکو لەبەرئەوەی ئێستاکە پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ شکڵ گرتنی فەلسەفەیەکی نوێ لە پێناوی گەیشتن بە رۆحانییەتێکی نوێ و مۆراڵێکی زانستیی هەست پێکراو کە بشێ تێکەڵ بە پرۆسە سیاسی و ئابووریی و یاساییەکانمان بێ. لەراستیدا رۆحانییەت و مۆراڵی تەقلیدی بەسەرچوونەو ناتوانن کاریگەرییان بەسەر ژیانی

نوێدا هەبێ. بەتایبەتی لە ئەمڕۆدا کە بەرەو فەزایەکی نوێی مەعریفەو تەئویل و پرۆسیسی زانستی دەڕۆین.

دەبێ ئەوە بزانین فیزیاو زانستی مەعلوماتی (کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت)و بەشێوەیەکی تایبەتیش بایۆلۆژیا ئێستاکە لە قۆناغێکدان دەتوانن بوونی مرۆڤایەتی بگۆڕن، بگرە دەتوانن پێناسەی بەشەر بگۆڕن، ئەمەش بەتایبەتی لەو گفتوگۆیانەدا دەردەکەوێ کە ئێستاکە لە ئەوروپا و گشت خۆرئاوادا ئەنجام دەدرێ، بەتایبەتی لە بارەی چەند بابەتێکی وەک: لەباربردن، منداڵ بوونی دەستکردو زۆر مەسەلەی دیکە کە لە دۆزینەوە بایۆلۆژییەکاندا لقیان لێ بۆتەوە.

ئێمە ئێستاکە ئەوە دەزانین پرنسیپە تەقلیدییەکانی ئایین لە بارەی: مەرگ و ژیان، سێکس، وەچەخستنەوە، ژنهێنان و شووکردن، ئازادیی سێکسی، پایەی ئافرەت لەکۆمەڵگەدا، لەلایەن بایۆلۆژیای نوێوە گۆڕاون و بەتەواوی لابراون. لەبەرئەم هۆیە لە چەندین وڵاتی خۆرئاواییدا چەند لیژنەیەک بۆ رەوشت دامەزرێنراون بۆ گەڵاڵەکردنی رەوشتێکی نوێ کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیی کۆمەڵدا بگونجێ و بتوانێ مرۆڤ بپارێزێ، من شەرەفی ئەندامێتیم لە یەکێ لەو لیژنانەدا هەیە: «لیژنەی نەتەوەیی فەرەنسی بۆ رەوشت» ، لەمیانی بەشداری کردنم لە گفتوگۆکانی ئەو لیژنەیەدا لەگەڵ چەند زانایەکی دیکە لە هەموو پسپۆرەکاندا، دەتوانم لە بارەی زەحمەتیی گەڵاڵەکردنی رەوشتێکی نوێ بدوێم کە لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە نوێیەکاندا بگونجێ. ئێمە بۆ گەڵاڵەکردنی یەک رێسای مۆراڵی، ناچارین چەند مەرجەعێکی کولتووری و ئایینی جیاواز لە بەرچاو بگرین بۆ ئەوەی لەگەڵ هیچ یەکێ لەو مەرجەعانە دوچاری دژایەتی و پێکدادان نەبین، دیسان ئێمە ناچارین راگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاو بگرین، هەروەها ئەو جیاوازی و بۆشاییە گەورەیەی لەنێوان کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووە دواکەوتووەکاندا هەیە.

**ئایا فەندەمینتالیزم چارەسەرو ئەلتەرناتیڤە؟**

ئێستا لە لێکۆڵینەوەی حاڵەتی خۆرئاوایی و جیهانییەوە دەگوازمەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە حاڵەتی ئیسلامی و عەرەبی، لە تێڕوانینێکی رەخنەی مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژیی ئاسۆ فراواندا تەماشای ئەم مەسەلەیە دەکەم. تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارانە نادەمەوە کە پێشتر وروژێنران بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بەبوونی نموونەی عەلمانی لە سەمتی ئیسلامیدا، بەڵکو هەوڵ دەدەم رەخنەیەکی گشتی لە عەقڵی ئایینیی نموونەی ئیسلامی بگرم، دواتر عەقڵی ئایینی و عەقڵی رەخنەیی لە یەکتر جیا دەکەمەوە. با لەسەرەتادا لە هەندێ پێناسەوە دەست پێبکەین کە پێویستە بخرێنەڕوو.

عەقڵی ئایینی بەدوای چەند راڤەکردنێکی پێکەوە بەستراو دەگەڕێ لەناو سنوورە ئەستوورەکانی چەندین ئایینی جیاواز کە لە هەموو لایەکی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە دەشێ ئەم ئایینانە بەو سیفەتە دیاری بکەین کە بریتین لە چەند سیستەمێکی دۆگمایی/ نادۆگمایی (واتە باوەڕی بەکۆمەڵێ شت هەیەو جگە لەوانە ئەوانی دی نەفی دەکا ) . لێرەدا مەبەستمان لە ئایینەکان گشت ئایینەکانی بەشەرییەتە لە هەموو قۆناغەکانیدا سا فرەیی بێ یان تەوحیدی چاوگێکی زارەکی هەبێ یان نووسراو، لە کۆمەڵگە دێرین و سەرەتاییەکاندا باوبێ یان لە کۆمەڵگە نوێ و «عەقلانی»یەکان. عەقڵی ئایینی لە گشت حاڵەتەکاندا هەر ئەو عەقڵەیە، واتە لە رێگەی هەمان میکانیزمی ناوەکییەوە کاردەکات، پێکهاتە خەیاڵییەکان وەردەگرێ و لەناو دەریایەک لە حەقیقەتە خەیاڵییەکاندا مەلە دەکا، لەگەڵ بوونەوەرو هێزە هێماییەکان یاخود لەگەڵ خەیاڵی بێ سنووری چیرۆکەکاندا مامەڵە دەکات، ئەم عەقڵە پێی وایە دەتوانێ دەست بەسەر گەردووندا بگرێ و.. بەپێی لۆجیکی مەعریفەی ئەفسانەیی دەتوانێ چەندین موعجیزە بەرهەم بهێنێ. لێرەدا گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکەین ئایین بریتییە لە سیستمێک لە عەقیدە/ ناعەقیدە، یان سیستمێک لە باوەڕ/ ناباوەڕ: لێرەدا باوەڕ (یان ئیمان) بەوە پێناسە دەکەین وەک ئەوەی حاڵەتێکی دەروونییەو پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێ تا هەموو متمانەی خۆی بخاتە سەر کەسێک یان شتێک. زۆر بەساکاری دەتوانین وای پێناسە بکەین کە بریتییە لە خۆ بەستنەوەیەکی فیکری بەعەقیدەیەک بەبێ توێژینەوەو گەڕان بەدوای هۆیەکانی ئەو خۆ بەستنەوەیە (ئەمە لەراستیدا خۆ بەستنەوەیەکی هەڕەمەکییانەی بێ بیرکردنەوەیە؛ خۆ بەستنەوەیەکی سۆزدارییەو لە رێگەی دڵەوە ئەنجام دەدرێ نەک لە رێگەی سەر یان عەقڵەوە). ئەگەرچی باوەڕهێنان هەڵوێستێکی

بنچینەییە یان هەڵوێستێکی پێویستە بۆ گشت دەستپێشخەرییە مرۆڤایەتییەکان، بەڵام لە حاڵەتی تەعالیمە ئایینییەکاندا شوێنێکی گەورەتر دەگرێ، ئایینەکان بەتەنیا داوای ئەوە لە لایەنگرانی خۆیان ناکەن کە بچنە سەر کەسایەتی و رووداوو ئەو راستییانەی لە دەرەوەی سنووری هەموو دیسپلینێکی عەقلانیدان، بەڵکو بەشێوەیەکی توندتریش ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنن کە بەهاو هێماو تەئویلاتی دژی ئەوان رەت بکەنەوە.

ئایینەکان توانیویانە لە رێگەی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی جیاوازی و خۆجیاکردنەوەدا تایبەتمەندی و سەربەخۆیی خۆیان پتەوو جێگیر بکەن، هەروەک، یەسووعی ناسری لە بەرامبەر کەلەپووری یەهودیدا ئەمەی کردووە و پێغەمبەری ئیسلامیش لە بەرامبەر عەقیدەو سرووتەکانی یەهودی و مەسیحیدا هەمان کاری کردووە. ئەگەر مەسیحییەت و ئیسلام ئەم کارەیان نەکردایە نەیاندەتوانی جێ پێی خۆیان قایم بکەن؛ دەبێ جیاوازبیت و تایبەتمەندیی خۆت هەبێ تا بوونت هەبێ و کەسایەتیی خۆت دابین بکەیت.

ناکرێ بڵێین عەقڵی رەخنەیی لەناو ئایینەکاندا بەتەواوی ونە، تەنانەت لەو ناوەندانەشدا کە ئەرتۆدۆکسە ئایینییە زۆر توندڕەو و داخراوەکان دەستیان بەسەرداگرتووە، جۆرێک لە پەراوێزی رەخنەییان تێدایە، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین گوتاری قورئانی پڕیەتی لە نارەزایی ئۆپۆزیسیۆنە مەکییەکان لە دژی پێغەمبەر، کۆمەڵێ نارەزایی رەخنەگرانە لە مەعریفەیەکی هەستی یان تەقلیدییەوە ئاراستەی پێغەمبەر دەکران کە بەر لەسەرهەڵدانی ئیسلام لە مەککەدا باوبوون، محەمەدیان بە شاعیر یان بە شێت تاوانبار دەکرد.

زانستی ئەپستمۆلۆژیای مێژوویی ئەو زانستەیە کە لە خەبات و تێکۆشانی (عەقڵ لە مێژوودا) دەکۆڵێتەوە لە پێناوی دۆزینەوەی ناوچە نوێیەکانی واقیعدا کە تائێستاش نەزانراون، ئەم زانستە لە رێگەی خستنەڕووی چەند گریمانەیەکی نوێوە ناوچە نوێیەکانی واقیع دەدۆزێتەوە هەوڵ دەدا ئەو گریمانانە بخاتە ناو ئەزموونەوەو لە واقیعدا کاریان پێبکا تا رادەی راستگۆیی یان نادروستیی ئەو گریمانانەیان بۆ دەربکەوێ. ئەگەر تەماشایەکی مێژوو بکەین دەبینین فەلسەفە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ رووبەڕووی تیۆلۆژیا وەستاوەتەوەو بەربەرەکانیی لەگەڵدا کردووە لە پێناوی دەسەڵاتی عەقڵانی بەسەر حەقیقەتدا. فەلسەفە کۆششێکی



گەورەی عەقڵیی نواندووە لە پێناوی گەیشتن بە سەربەخۆییەکی تەواو لە کارە رەخنەییەکانیدا (بێگومان بەپێوانە لەگەڵ ئایینداا، کەلەپووری ئایینی بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە کاتیگۆرییەکانی خۆی دەسەپاندو عەقڵی ئیفلیج دەکرد، تا ئەوکاتەی فەلسەفە هەستایەوەو توانی عەقڵ لەکۆت و پێوەند رزگاربکات) ئەمە لە چەرخی کلاسیکیی ئەوروپی لەسەر دەستی دیکارت و سپینۆزاو کانت دا ئەنجام درا.. دواتر زانستە مرۆڤایەتییەکان سەریان هەڵداو یارمەتیی فەلسەفەیان دا ئەو رۆڵە ببینێ، بەڵکو لەم دواییەدا خەریک بوو شوێنی فەلسەفەش بگرنەوە، لەدواییدا تیۆلۆژیاش ناچاربوو کارتیگۆری و میتۆدەکانی عەقڵی رەخنەیی بەکاربێنێ تا لە بزووتنەوەی سەردەم دانەپچڕێ (بڕوانە پەرەسەندنی تیۆلۆژیای مەسیحی لە ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تا ئەمڕۆ، هەموو ئەمانەش لە ژێر پاڵەپەستۆی زانستە سروشتی و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بوو، ئەمە لەکاتێکدا تیۆلۆژیای ئیسلامی تائێستاش غەرقی ناو کەشوهەوای سەدەکانی ناوەڕاستە...)، کاتێکیش بابەتی تیۆلۆژیستە گەورەکانی ئەوروپا دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت بابەتی فەیلەسووفە راستەقینەکان دەخوێنیتەوە، بەڵێ تیۆلۆژیا بەعەقڵانی بووە.

دوای ئەوەی ئەوروپا لە سیستەمی ئایینیی (بوون)ەوە گواسترایەوە بۆ سیستەمی عەلمانیی (بوون)، چەمکی «ئایینی حەق» بەشێوەیەکی رەها ون بوو. بۆچی؟ چونکە حەقیقەتی ئایینیش هەروەک هەموو حەقیقەتەکانی تر دوچاری (رێژەیی) بوو، (دەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێ، ئێمە لەسەردەمی ئەنیشتاین و تیۆری رێژەییدا دەژین). پاشان حەقیقەتی ئایینی پێویستی بەسەرلەنوێ تەئویل کردن و هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە هەبوو تابتوانێ لەتەک پەرەسەندندا بڕوات. لەلایەکی دیکەوە دەبینین رەخنەی ئەنترۆپۆلۆژی بەهەمان ئاراستە دەڕواو مافی قسەکردن بەگشت رۆشنبیرییە مرۆڤایەتییەکان دەدا نەک بە تەنیا رۆشنبیریی ئەوروپی، دەیەوێ سیستەمێکی مەعریفیی سەرجەمگیری بۆ هەموو رۆشنبیرییە مرۆییەکان دامەزرێنێ و لەسەر گریمانەکانی عەقڵی رۆشنکار خۆی قایم بکات. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو هەژموونە کولتوورییەی کە فیکری ئەوروپی هەر لە سەدەی هەژدەوە پرۆسەی دەکرد، لە ناوەوە رەخنەی لێدەگیرا (بڕوانە رەخنەگرانی ئێستای مۆدێرنیزم لە خۆرئاوادا)، لەبەرئەوە ماوەیەکە باسی

عەقڵی پۆست مۆدێرنیتە دەکەن، من دەستەواژەی - سەرووی مۆدێرنیزم -م پێ باشترە، واتە ئەو عەقڵەی مۆدێرنیزمی خۆرئاوایی و ئەوانی دیش دەگرێتەوە، ئەو عەقڵەی بەسەر هەموو ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەدا بەرز دەبێتەوە کە تائێستاکە روویان داوە، لەوانە مۆدێرنیزمی ئەوروپیش، بەم جۆرە دەبینین عەقڵی سەروومۆدێرنیزم (یان پۆست مۆدێرنیتە) تا دوورترین سنوور فراوانەو دەتوانێ هەمووان لە خۆ بگرێ، بێ ئەوەی کەسێ فەرامۆش بکا.

ئێستا ئەم پرسیارە دەخەینەڕوو: فیکری ئیسلامی، لەچاو گشت ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنە نوێیانەی بەسەر فیکری جیهانیدا هاتوون، لەکوێدا دەوەستێ؟ چۆن بەرامبەر بەو بەرەنگارییە گەورەیە دەوەستێ؟ ئێستا وەڵامێکی سۆسیۆلۆژی و فیکری هەیە کە لە گۆڕەپانی عەرەبی و ئیسلامیدا شوێنێکی فراوان دەگرێ: ئەویش وەڵامی فەندەمینتالیستە، فەندەمینتالیزم ماوەیەکی درێژە رەواجی هەیە (لەکاتی مردنی جەمال عەبدولناسر لە ساڵی ١٩٧٠، پاشان بەشێوەیەکی تایبەتی تر لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩)، بەشێکی گەورەی موسڵمانە فەندەمینتالیستەکان بە هەموو هێزێک و بەشێوە قسەکردنێکی فەرمان کردنەوە پێت دەڵێن «ئیسلام» پێویستیی بەکەس نییە، ئیسلام کەرەستەی زانستی و سیستمی فیکری و مەعریفیی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستیی بەوە نییە هیچ شتێک لە خۆرئاواوە فێربێت یان هیچ شتێک لە میتۆدە عەلمانییەکانی خۆرئاوا بخوازێ. ئەمە ئەو وەڵامە سۆسیۆلۆژییە قەبەیەیە کە ئەمڕۆکە بەملیۆنان کەس لە فەندەمینتالیستەکان پێشکەشی دەکەن (دەبینن وشەی ئیسلامم لەناو دوو جووت کەوانە داناوە وەک دەلالەتێک بۆ وێناکردنی فەندەمینتالیزم بۆ ئیسلام نەک وێناکردنی مێژوویی و واقیعی بۆ ئیسلام، بێگومان جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەو دوو وێناکردنە هەیە). تەنیا زانستە وردو سروشتییەکان نەبێ کە بەڕەوای دەزانن لە خۆرئاوای وەربگرن، چونکە سوودێکی زانستی و تەکنۆلۆژیی هەیە.

فەندەمینتالیستەکان کە ئەم هەڵوێستە ریشەییە لە مۆدێرنیزم وەردەگرن بێگومان پشت بە ئەرتۆدۆکسییەکی زۆر ئاسانکراو دەبەستن (واتە پشت بە تێگەیشتنێکی زۆر تەسک و ئاسانکاری ئیسلام دەبەستن). ئەوان لە راستیدا لەو زیندەگی و بزووتنەوە جوانە دابڕاون کە فیکری کلاسیکیی ئیسلامی تیایدا



دەژیا، هەروەها لە فرەیی تیۆلۆژی - فیلۆلۆژی دابڕاون، بەڵام بەئەندازەیەکی گەورەتر دابڕاون لە فیکری ئەوروپی (یان خۆرئاوایی)و پاشان لە مۆدێرنیزم. لەبەرئەم هۆیە هەوڵ دەدەین لە دروستیی ئەم هەڵوێستە عەقڵییەیان لە مۆدێرنیزم و فیکری هاوچەرخ، بپێچینەوە.

دەبێ یەکەمجار ئەم پرسیارە بخەینەڕوو: لە کۆمەڵگە هاوچەرخە ئیسلامییەکاندا رۆشنبیران کێن و لەکوێدا دەیاندۆزینەوە؟ ئەگەر لەسەر ئەو پێناسەیە کۆک بین کە رۆشنبیر ئەو کرێکارەیە خزاوەتە ناوکاری مەعریفییەوەو بەپێویست دەبێ عەقڵێکی رەخنەگرانە بەکاربێنێ، ئەوا ناچارین رۆشنبیران - بەمانای نوێی وشەکە- و پیاوانی ئایین و زانایان - واتە زانایانی فیزیاو کیمیاو... لە یەکتر جیابکەینەوە. گومانی تێدانییە پیاوانی ئایین عەقڵ بەکاردێنن، بەڵام پراکتیزەکردنی میتۆدە رەخنەییەکان بەسەر عەقیدە دۆگماییەکان رەت دەکەنەوە کە بەتێپەڕبوونی کات پیرۆزکراوە.

پاش ئەوەی گەیشتمە ئەم خاڵە، دەبێ ئەوە بڵێم کە: یەک فەقیهی هاوچەرخ یان پیاوێکی ئایینی ناناسم ئەوەی قبووڵ بێ مەسەلەی قورئان وەک «ئاخاوتنێکی دروست کراو» لەلایەن خواوە باس بکرێ، هیچ کەسێ ئەوەی قبووڵ نییە ئەم مەسەلە گرنگە لەبەر رۆشنایی زانستی نوێ و میتۆدە نوێیەکانی زمانەوانی و مێژوویی چارەسەربکرێ. ئەمە دەڵێین و دەشزانین موسڵمانەکان لەسەردەمی کلاسیکی و گەشەکردنی عەقلانییەت لە رۆژگاری موعتەزیلەکاندا، ئەم کارەیان کردووە. کەچی ئێستاکە ئەم کارە قەدەغەیەو بەتەواوی حەرام کراوە. ئیتر چۆن لە گۆڕەپانی عەرەبی یان ئیسلامیدا رزگاری دێتە دێ؟ هەروەها بۆ ماوەیەکی زۆریش فوقەهاکان و پیاوانی ئایین پەنایان بردۆتە بەر بەندکردن یان دەرکردنی رووناکبیرانی وەک تەوحیدی و ئیبن روشدو زۆری تریش. پاشان تەنیا مەسیحییەکان رووناکبیرانی خۆیان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نەچەوساندۆتەوە. ئیسلامی فەندەمینتالیست و کۆنە پارێزی ئەمڕۆ زۆر لە ئیسلامی چەرخی کلاسیکی تەسکتر بیردەکەنەوە. تەنانەت موسڵمانانی پسپۆڕیش لە بواری زانستە سروشتی و وردەکاندا پراکتیزەکردنی میتۆدە رەخنەییە نوێیەکان بەسەر کەلەپووردا رەت دەکەنەوە. ئەوان پراکتیزەکردنی ئەو میتۆدانە لە دەرەوەی پسپۆرە زانستییەکەی خۆیان (بۆ نموونە فیزیاو کیمیاو...) رەت دەکەنەوە،

لەوانەش سەیرتر زۆربوونی ژمارەی فەندەمینتالیستەکانە لەناو ئەندازیاران و پزیشکان و فیزیاییەکاندا..تاد. ئێمە لەو باوەڕەدابووین وەرگرتنی پسپۆڕییەکی زانستی دووردەکەوێتەوە لە دەمارگیری کەچی دەبینین بەپێچەوانەوە نزیک دەبێتەوە. لێرەدا مەبەستمان لە وشەی فەندەمینتالیست ئەو کەسەیە لێکۆڵینەوەو رەخنەگرتن لە ئوسوڵی «ئیمان» رەت دەکاتەوە. من وشەی – ئیمان –م خستە ناو دووجووت کەوانەوە، چونکە ئەم وشەیە بەزۆر شت بارگاوی کراوە. (ئیمان بەمانای تەقلیدی یان تەسلیمی جیایە لە ئیمان بە مانا نوێیەکەی، ئیمانی بەر لە رەخنەی مێژوویی جیایە لە ئیمانی پاش رەخنەی مێژوویی. ئیمان بەمانا نوێیەکەی واتە: عاقڵ بوون بەر لە ئیمان یان ئیمان بەر لە عاقڵ بوون. باوەڕدارێک گشت ئەو شۆڕشە زانستییانەی هەرس کردبێ کە لەم چەند سەدەیەی دواییدا بەرپابوونە، جیاوازە لە باوەڕدارێک تائێستاش بەهەستەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بارگاوی کراوە، واتە ئیمانی بەر لە مۆدێرنیزم و بەر لە زانست. کەواتە لێرەدا «ئیمان»یش مێژووی خۆی هەیە..).

ئەوە ماوە باسی رۆشنبیرە نوێیەکان و شوێنیان لە کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییە هاوچەرخەکاندا بکەین کە بێگومان ئەو رۆشنبیرانە بوونیان هەیە؛ چەندین نووسەرو شاعیرو توێژەر هەن هەڵگری بیروباوەڕی ئازادی و پێشکەوتن و تازەگەرین، ئەوان هۆشیارن بەکاری رەخنەگرانەیان و بەترسناکیی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیانە، بەڵام لە کۆمەڵگەکەی خۆیان دابڕاون و دوچاری فشارێکی گەورە دەبنەوە، ئیدی ناوێرن لە بابەتە زۆر هەستیارەکان نزیک ببنەوە لەبەرئەوەی لەلایەن ئایدیۆلۆژیای رەسمی یان لەلایەن رای گشتی پارێزگارییان لێدەکرێ و ئەو بابەتانە بەبابەتی حەرامکراوەکان (تابوو)دادەنرێن. ناشبێ پاڵە پەستۆی رای گشتیی دەوروبەر بەکەم وەربگرین، چونکە دەشێ ئەوانە لە دەسەڵات ترسناکترین، بگرە لەوانەیە دەسەڵات رێگە بەهەندێ شت بدا، بەڵام «رای گشتی» رێگەی پێ نەداو قبوڵی نەکات. تائێستا یانەو ناوەندو دەزگای سەربەخۆو ئازاد بۆ رۆشنبیران پێک نەهێنراوە کە بودجەی تایبەتیی خۆیان هەبێ وەک چۆن ئەمە لە ئەوروپا لە سەردەمی رۆشنگەریدا هەبوو. ئەمە تاکە رێگەیەکە بۆ پێکهێنانی رایەکی گشتیی نوێ جیابێ لە دەسەڵات، بگرە بتوانێ رۆژێ بێ فشار بخاتە سەر دەسەڵات، وەک چۆن فەیلەسووفانی رۆشنگەریی وەک ڤۆڵتێرو



مەوسوعییەکان توانییان رای خۆیان بەسەر دەسەڵاتداران بسەپێنن و فیکری لێبووردن و ئازادیی ئایینی و چەمکی هاوولاتیی بڵاوبکەنەوە.

من زۆربەی ئەو جەنگانەم بینیوە کە لە پێناوی سەربەخۆییدا دەکران و لە پەنجاکان و شەستەکاندا بەشداریی خەونە گەورەکانی وەچەکانم کردووە، لە پاش سەربەخۆیی سیاسی متمانەو ئاسوودەییەکی زۆر لەلای خەڵکیدا دەرکەوتن. ئەوکاتە نەماندەتوانی ئاوڕ لە رابردوو بدەینەوە تا لە تێڕوانینێکی رەخنەگرانەوە مێژووی خۆمان بنووسینەوە نەک تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژی. هەموو خەڵکی سەرقاڵی خەبات و کاروباری سیاسی بوون. خۆ ئەگەر بمانتوانیایە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە مێژووی خۆمان بنووسیبایە ئەوسا وەچەکانی داهاتوومان لە فیکری ئایدیۆلۆژی و پیرۆزگەرایی کەلەپوور رزگار دەکرد، کەچی لە جیاتی ئەوە وێنەیەکی مێژووییمان لە بارەی کەلەپوور خستە بەردەست. هەموو ئەو شتانە لەکاتی خۆیاندا کاریان بۆ نەکراوە بۆیە ئێستا دەبینین بزووتنەوە فەندەمینتالیزمەکان گەشە دەکەن. لەبەر ئەوە باسی رزگارکردنی دووەم دەکەم لە گشت وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، بەو پێیەی رزگارکردنی یەکەم رووی داوە (مەبەستم سەربەخۆیی سیاسییە، بەڵام ئێستا پێویستیمان بەسەربەخۆیی فیکری هەیە. ئەم ئەرکەش لە ساڵانی داهاتوودا لە ئەستۆی ئێمەیە).

جا لەبەرئەوەی رزگاری و سەربەخۆیی فیکری ئەنجام نەدراوە، دەبینین فەندەمینتالیزم توانی لەرووی میللییەوە سەربکەوێ و شوێنی ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی بگرێتەوە. ئێمە ئەمڕۆ خۆمان لە بەرامبەر ئەرکی گەورەدا دەبینین کە حیسابی گەورەی بۆ دەکرێ. ئێمە تائێستاش خۆمان بۆ ئەوە سازنەداوە بچینە ناو ئەرکە گەورەکەوە کە خۆی لە خوێندنەوەیەکی رەخنەیی – مێژوویی بۆ کەلەپووری عەرەبیی ئیسلامیدا دەنوێنێ. دەکرێ ئەم کارە لە زمانە بیانییەکاندا بکەین، کەچی زەحمەتە بتوانین لە زمانە بنچینەییەکانی ئیسلامیدا ئەم کارە ئەنجام بدەین بەتایبەتی زمانی عەرەبی. مەسەلەکان گەیشتوونەتە پلەیەکی وا ناتوانین بەوەندە رازی بین «ریفۆرمی ئایینی» لە چوارچێوە تەقلیدییەکانی ریفۆرمی سەدەی نۆزدە ئەنجام بدەین. نەخێر، ئێمە ئێستا پێویستیمان بەشۆڕشێکی فیکریی راستەقینە هەیە، بچێتە ناو قووڵایی شتەکانەوەو تێڕوانینمان بۆ کەلەپوور لە رەگ و ریشەوە بگۆڕێ. بەم جۆرە لە جیاتی ئەوەی

کەلەپوور وەک هێزێکی ڕێگر بەردەوام بێ و هەموو جارێ بۆ دواوە رامانبکێشێ، دەبێتە هێزێکی رزگاری بەخش و پتر لە ژیاریمان نزیک دەکاتەوە، بەڵام ئەمە بەبێ مەسحێکی گشتگیری مێژوویی بۆ کەلەپوور، ئەنجام نادرێ. من خۆم سی ساڵ پترە لە میانی پرۆژەکەمدا ئەم کارە دەکەم، پرۆژەی : «رەخنە لە عەقڵی ئیسلامی» (بەمانای زمانەوانی و مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژی و فەلسەفیی وشەی رەخنە).

بە داخەوە دەڵێم ئێستاکە خۆرهەڵاتناسە گەورەکان توێژینەوەی زانستی لە بارەی کەلەپووری عەرەبی - ئیسلامی پێشکەش دەکەن، ئەوان بەشێوەیەکی زۆر باشتر لە موسڵمانەکان ئەو کارە ئەنجام دەدەن.

دەبێ ئەم شتە بزانرێ و بوترێ. ئەوەندە بەسە تەماشایەکی بەرهەمە ئۆرێنتالیزمەکان بکەین (بەتایبەتی بەزمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و پاشان فەرەنسی) تا لەم قسەیە دڵنیابین، من دەزانم ئەم قسەیە ژمارەیەکی زۆری ئەو موسڵمانانە بێزار دەکا کە ناتوانن بگەنە ئەو بەرهەمە زۆرانەی بواری ئۆرێنتالیزم کە بە زمانە بنەڕەتییە ئەوروپییەکان نووسراون. ئەگەر بیانتوانیایە بگەنە ئەو بەرهەمانە ئەوسا دەیانزانی چ جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی یان پیرۆزگەرایی بۆ کەلەپوورو خوێندنەوەی زانستی یان مێژوویی. ئەو کەسانەی داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ نۆرمی ئیسلامیی سەردەمی پێغەمبەرو خەلیفەکانی راشدین (ساڵانی ٦٢٢-٦٦١ز) هەمان ئەو هەڵە ئایدیۆلۆژییە دووبارە دەکەنەوە کە بزووتنەوەی ناسیونالیزم و کۆمۆنیزم بەدرێژایی شەڕی سارد تێی کەوتبوون. جا بەهۆی زاڵبوونی ئاگایی ئەفسانەیی بەسەر ئاگایی مێژوویی لەلای فەندەمینتالیستەکانی ئێستادا، ئەوان لەو باوەڕەدان دەشێ رابردوو وەک خۆی بگەڕێنرێتەوە.. گومانی تێدا نییە ئیسلام (هەروەک ئایینە گەورەکانی تر) بەدرێژایی چەندین سەدە هەموو لایەنەکانی بوونی مرۆڤی فۆرمولە کردووە، مەبەستم لایەنی رۆحی و، روانینی لاهوتی بۆ وجوودو، لێوردبوونەوە فەلسەفییەکان و، خەیاڵگەی سیاسی و، رێسای حوکم و، یاساکانی شەریعەت و، شێوەی بنیات و ئاوەدانی و، شێوازە هونەرییەکان و... تاد. ئیسلام کاری لە هەموو ئەو لایەنانە کردووە لەوکاتەی چەندین رەگەزی لە رۆشنبیری و ترادیسیۆنە لۆکاڵییەکان هەرس کردووە (واتە ترادیسیۆنی ئەو کۆمەڵگانەی



ئیسلامیان تیادا بڵاوبۆوەو بوو بە ئایینی زۆرینە. واتە ئیسلام تەنیا کاری لەو ترادیسیۆنانە نەکردووە، بەڵکو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەوانیشەوە پاش ئەوەی مۆرکی ئیسلامیی خستە بەر چەند ترادیسیۆنێکی دێرینی نائیسلامی تا قبووڵی بکەن. بڕوانە ئیسلامی ئەندەنووسی، یان ئیسلامی هیندی، یان ئیسلامی فلیپینی، یان ئیسلامی ئەفریقیای رەش... تاد).

بەڵام ئەگەر ئیسلام بەدرێژایی چەندین سەدە هەموو لایەنەکانی ژیانی بەمۆرکی خۆی داڕشتبێ، ئایا ئەمە مانای وایە ئەوەندە بەسە چاکسازییەکی کەم لە دامەزراوو عەقیدە کۆنەکان بکەین تا بۆ کۆمەڵگەکانی سەدەی بیست و یەکەم باش و گونجاوبێت؟ ئایا مانای وایە دامەزراوی خەلافەت یان تیۆلۆژیای ئەشعەری یان جەعفەریی شیعی یان راڤەکردنەکانی (طبری) و (ئەلرازی) یان یاسای ئیبن سینا بۆ نوژداری یان روانینی فارابی بۆ شاری یۆتۆپی (المدینة الفاضلة) یان کۆمەڵگەی شارستانیی دیمەشق و ئیستەنبۆڵی سەدەی حەڤدەیەم، ئایا ئەمانە بەکەمێک دەستکاری و چاککردنی ساکارو سادەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دەگونجێن؟ بێگومان نەء. ئەمە وەهم و سەرابە.

گشت کۆمەڵگە هاوچەرخەکان ناچارن لە میانی هەمیشە گۆڕانێکی مێژوویی زۆرەملێوە بچنە ناو سلکی شارستانیی گەردوونی، تەنیا ئەو کۆمەڵگانە دەتوانن بمێنن و بژین کە بتوانن سەرکەوتووبن و بەشداربن لە شارستانییەتی گەردوونیدا، جگە لەمانە ئەوانی تر لەناو دەچن و دەمرن. شوێنێک بۆ ئەو کەسانە نەماوەتەوە نازانن چۆن خۆیان بگونجێنن و شتێک پێشکەش بە مرۆڤایەتیی مرۆڤ بکەن. دیسان ئایندەیەک بۆ گوتارەکانی فەندەمینتالیزم نییە کە پڕن لە تاوانبارکردن و رق و کینە بەرامبەر بەجیهانی نوێ و پێیان وایە ئەم جیهانە نوێیە بنەمای هەموو خراپەکاری و مەینەتییەکە. شوێنێک بۆ ئەو کەسانە نەماوەتەوە کە بەردەوام بەرپرسیاری دەخاتە ئەستۆی ئەوانیدی و لە هەموو شتێکدا خۆیان بەبێگوناه و بێگەرد دەزانن یان پێیان وایە پێویستییان بەگۆڕانکاری و پەرەپێدان و رەخنە لێگرتن نییە. ئێستاکە فیکری ئیسلامی پێویستیی بەنەشتەرگەرییەکی قووڵ هەیە، نەشتەرگەرییەک لە قووڵاییدا.

بۆچی لەوە دەچێ ئاسۆی فەندەمینتالیزم داخراوبێ؟ چونکە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان کە بەرپرسیاریی کولتووری و ئازادیی فیکرییان هەڵگرتووە،

مومکین نییە بە رژێمە تۆتالیتاری و ستەمکارەکان رازی بن. ئەگەر کۆمەڵگەیەک بەو جۆرە رژێمە رازی بێت هەرگیز شارستانییەتێکی سەرجەمگیرو گەردوونی نابینێ. بەم پێیە دەبێ کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان گۆڕانکارییەکی ناوەکیی قووڵ بەسەر خۆیاندا بهێنن تا بتوانن بگەنە کاروانی شارستانیی جیهانی، دەنا بەتەواوی دەخرێنە پەراوێزەوە. ناشبێ بەبێ پاساوێکی ماقووڵ و رۆشن خۆرئاوا یان خۆرهەڵات تاوانبار بکرێ. ئێمە بەم ستایلە ناتوانین پێش بکەوین و ناتوانین سەرکەوتووبین لە دەرچوون لەو قەیرانە ترسناکەی ئەمڕۆ گیرۆدەی بووینە.

ناتوانم لێرەدا کۆتایی بەقسەکانم بهێنم بێ ئەوەی ئەوە شی بکەمەوە بۆچی بەرپرسیاریی فیکری پێش بەرپرسیاریی مۆراڵی و بگرە تەنانەت پێش بەرپرسیاریی رۆحیش دەکەوێ. لەراستیدا رزگاری نایەتە دی ئەگەر لە رەگوریشەوە رابردووی گشت نەتەوەیەک یان گشت تایەفەیەکی ئایینی هەڵنەوەشێنینەوە لە پێناوی تێگەیشتن لێیان و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنیان، پاشان بۆ ئەوەی شتە بێ کەڵکەکانی لێ لابەرین و توخمە ئیجابییەکانی بهێڵینەوە، ئەو توخمانەی دەشێ لە بنیاتنانێکی نوێدا بەکاربهێنرێن. بۆیە دەڵێم ئێستا ئەولەوییەت بۆ پراکتیزەکردنی رەخنەی مێژوویی و زمانەوانی و سیمیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژییە بەسەر کەلەپووردا. تەنیا لە دوای ئەو نەشتەرگەرییە ترسناکە دەتوانین کەلەپوور لەو بەربەستە ناوەکییانە رزگاربکەین کە ئێستا ئیفلیجی کردووین. ئەگەر پێداچوونەوەیەکی گشتی بۆ سەرجەم کەلەپوورە مێژووییەکان ئەنجام نەدرێ ئەوسا رووبەڕووبوونەوەیەکی بەپیت و سوودبەخشیش لە نێوان سەرجەم کەلەپوورە مرۆییەکان روونادات، بەتایبەتی لەنێوان کەلەپووری عەرەبی – ئیسلامی و/ کەلەپووری ئەوروپی. ئەگەر ئەمە روونەدات ئەوسا لە بری ئەوە «پێکدادانی شارستانییەتەکان» روودەدات وەک سامۆئیل هنتنگتۆن دەڵێ. ئەوسا دوژمنکاری لە نێوان ئیسلام و/ خۆرئاوا یان لەنێوان عەرەب و / خۆرئاوا تا بێ کۆتایی بەردەوام دەبێ، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هیچ کەسێکدا نییە، چونکە دەشێ پەیوەندییەک دابمەزرێ دووربێ لە پێکدادان و دوژمنایەتیی هەمیشەیی. دەکرێ پەیوەندییەک لەسەر بنچینەی دیالۆگی بنیاتنەرو بەسوود لە نێوان رۆشنبیرییە مرۆییە جیاوازەکاندا دابمەزرێ



لەسەر بنەمای یەکێتی رەگەزی مرۆیی و شارستانیی گەردوونیی سەرجەمگیر.

لەبەرئەوە دەڵێم ئایندەیەک نییە بۆ ئەو هێزانەی لەناو خودی خۆیاندا لوولیان خواردووەو دەیانەوێ بگەڕێنەوە دواوە. ئایندەیەک بۆ ئەو هێزانە نییە گشت بەرنامەی خۆیان لەسەر دوژمنکاریی ئەویتر دادەمەزرێنن سا ئەو هێزانە سەر بەلایەنی ئیسلامی بن یان سەر بەلایەنی ئەوروپی یان خۆرئاوایی (بڕوانە بزووتنەوە راستڕەوە توندڕەوەکان لە ئەوروپادا). لەڕاستیدا شۆکە رۆشنبیرییەکان رەوایی بە خەبات لە پێناوی «شوناسە رۆشنبیرییە» خەیاڵکراوو بەئەفسانەکراوو بەئایدیۆلۆژی کراوەکان دەدا. توندڕەوەکان بەشێوەیەکی بابەتی پشتی یەکتر دەگرن. لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان وێناکردنی ئایدلۆژی بۆ شوناسی رۆشنبیریی عەرەبی – ئیسلامی و/ وێناکردنی مرۆیی و کراوەو عەقڵانی – مێژوویی.

بێگومان مرۆڤ بەردەوام دەبێ لە شێواندنی ئایینەکان لە رێگەی داگرتن و کەمکردنەوەی پاکیی ترانسدێنتاڵی ئایین بۆ ناو گەرمەی ململانێ مرۆییەکان و پێکدادانی بەرژەوەندی و سیاسەتەکان. مێژوو پێشترو دواتریش شایەتی ئەم حاڵەتەیە. لەبەر ئەوە دەبێ بەرەی ژێر پێی بزووتنەوە فەندەمینتالیزمەکان رابکێشرێ و جیاوازی بکرێ لەنێوان ئاستی رۆحی و ترانسدێنتاڵی ئایین و/ ئاستی ئایدیۆلۆژیی باوی ئێستا، بەڵام خەڵکە سادەکە ناتوانن ئەم جیاوازییە ببینن ئیدی بەوتەو دروشمەکانیان فریو دەدەرێن و ئایینی راستەقینەو بەئایدیۆلۆژی کردنی ئایین تێکەڵ دەکەن، بەڵکو رۆشنبیرانیش ناتوانن هەمیشە ئەم جیاوازییە ببینن. بەم جۆرە خەڵکی فریو دەدرێن و ئایینیش دەبێ بە سیستەمێکی ئایدیۆلۆژی و ئامانجی بریتی دەبێ لەگەیشتن بە دەسەڵات یان بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی زیاتر. ئیدی ئامۆژگاری و وەعزدادانانی ئەخلاقی بۆ بەسوپاکردنی هۆشیارییەکی هەڵەو ساختە بەردەوام دەبێ بۆ بەرهەمهێنانی «بەها» تەقلیدییەکان. ئەم وەعزو وتارانە ئێستا لە رێگەی هۆیەکانی راگەیاندنی نوێوە بڵاوبۆتەوەو بەشێوەیەکی زۆر گەورەتریش لە نێوان جەماوەری میللیدا بڵاوبۆتەوە (بڕوانە ئەو هەموو کاسێتی ریکۆردەرانەو رۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای فەندەمینتالیزم). تۆ خەیاڵی قەبارەی ئەو زیانە گەورانە بکە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای رابردوو لەناو ملیۆنان گەنجدا.

له بری رزگارکردنی کەلەپوور یان پتربوونی ئاگایی مێژوویی بۆ کەلەپوور کەچی ئەو کەلەپووره بەشێوەیەکی فراوان بڵاودەبێتەوە.

پتربوونی بێشوماری دێموگرافیی ئەم سی ساڵەی دوایی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، نەبوونی دەرفەتی کارکردن، نەدۆزینەوەی کار بۆ ئەو ژمارە زۆرەی گەنجانی سەرەڕۆو سەر لێشێواو، گشت ئەمانە دەوریان لە بڵاوبوونەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا هەیەو لە بەرامبەر ئەمەشدا فیکری رەخنەگریی لە گۆڕەپانی کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا پاشەکشەی کردووە، بەم جۆرە خۆمان لە ئاستەنگێکی بێ کۆتاییدا دەبینین. پاشان جگە لەمانە، تۆڕی راگەیاندنی نێو دەوڵەتی - بەتایبەتی کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی خۆرئاوا - دەوری هەبووە لە زیادبوونی پێکدادانی نێوان رۆشنبیرییەکان و فراوانکردنی کەلەبەرو رووبەرەکانی نێوانیان (بڕوانە چۆن میدیاکانی خۆرئاوا وێنەی خۆی لە بارەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی پیشان دەدات)، هەستی دوژمنکارانەی نێوان ئەو دوو لایەنە پتر دەکات و بەنزین دەخاتە سەر ئاگرەکەو سەربازگەی هەردوولا بەهێز دەکات کە دەبوایە بەپێچەوانەوە هەوڵی بدایە ململانێیەکانی نێوان ئەو دوولایەنە سووک بکاو کەشێکی گونجاو بۆ دیالۆگی کولتووری بخولقێنێ و هەستی بەرپرسیاریی فیکریی لە هەردوولا پەرە پێ بدایە.

دواجار دەبێ بوترێ دیموکراتیزمی خۆرئاوایی کە هیوایەکی گەورەی بەرزگاریی سەرجەمگیریی بەشەر داوە، لە خەیاڵی سیاسیدا لاوازییەکی سەرسوڕهێنەر ئاشکرا دەکا. مەبەستم ئەوەیە دیموکراتیزمی خۆرئاوایی تائێستاش تێڕوانینێکی تەسک یان خۆ پەرستانەی هەیەو لە سنووره تایبەتییەکانی خۆی دەرناچێ، بایەخ بەوڵاتانی تر - وڵاتانی باشوور - نادات تەنیا لە رێگەی دابین کردنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی نەبێ. ئەمەش بەڵگەی لاوازیی ئاسۆی سیاسی یان خەیاڵی سیاسییە. جا لەبەرئەوەی هەموو جیهان پێکەوە بەستراون لە بەرژەوەندیی خۆرئاوا نییە هەلومەرجی جیهانی سێیەم لەمە خراپتر بێ دەنا زوو یا درەنگ بەسەر خۆیدا قلێپ دەبێتەوەو پڕیشک و پارچەی بەردەکەوێ. ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکرد پشتگیری و هاوکارییەکی پتری میللەتە داماوو هەژارەکان بکات. ئەی ئەوە خۆرئاوا نییە باشترین و کۆنترین ئەزموونی دیموکراسی لە جیهاندا نمایش دەکا؟ ئەی لێرەدا بەرپرسیارییەک لە ئەستۆی




لایەنی بەهێزدا نییە بەرامبەر بێ هێز؟ نابێ لانی کەمی هاوکاری و مامەڵەی مرۆڤانە لە پەیوەندییە دەوڵەتییەکاندا دەستەبەر بکرێ؟ بەدیهێنانی سیستەمێکی نوێی نێو دەوڵەتی کە لەسەر هاوسەنگی و دادپەروەری دامەزرێ، کارێکی زۆر سەختە. ئەمە کاروانێکی دوورودرێژەو پڕیەتی لەبەربەست و رێگر بەهۆی سروشتی مرۆڤ کە پتر مەیلی بۆ خۆ پەرستی و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کەسانی تردا دەچێ. بەڵام ئەو سیستەمە تەنیا رێگەیەکە بۆ دەرچوون لە رابردوویەکی قورس و بۆ دۆزینەوەی توانای نوێ بۆ ئایندەیەکی باشتر.

**سەرچاوە:**

محمد اركون/ قضايا في نقد العقل الديني - كيف نفهم الاسلام اليوم؟، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، دار الطليعة للطباعة والنشر - بيروت - الطبعة الاولى - ١٩٩٨.

* محەمەد ئارکۆن چوارینەیەکی خەیامی نووسیوەتەوە، من لێرەدا چوارینەیەکی ترم لە وەرگێڕانەکەی (سەلام)دا هەڵبژاردووە. هەڵبژاردنەکەی من لەبەر دوو هۆ بوو: یەکەم - لە وەرگێڕانەکەی (سەلام) و (گۆران) و (هەژار) بۆ چوارینەکانی خەیام، ئەو چوارینەیەم نەبینی کە ئارکۆن لە سەرەتای باسەکەیدا هێناویەتیەوە. دووەم- ئەوەی من هەڵمبژاردووە لە چوارچێوەی مەبەستەکەی ئارکۆن دەرناچێ. ئەو چوارینەیەی ئارکۆن هەڵیبژاردووەو من وەرم نەگێڕاوە. بەمجۆرەیە: «ونحو تلك الكأس المقلوبة التي تدعى السماء/ التي تحتها نعيش ونموت كالحشرات/ لاترفع يديك طلباً للعون/ فهي ايضاً مغلوبة على امرها مثلي ومثلك».



**د. محەمەد عابد جابری**

# مێژوو و فەلسەفە
## چەند تێبینییەک لەبارەی ئیشکالییەتی رەسەنایەتی و هاوچەرخێتی

د. محەمەد عابد ئەلجابری

بەدەگمەن مێژوونووسان فەیلەسووفێک بانگهێشت دەکەن تاباسی پەیوەندیی نێوان مێژوو و فەلسەفەیان بۆ بکات[1]، زۆرجار مێژوونووسان گلەیی لەوە دەکەن کە فەیلەسووفان دەست لە کاروباری ئەوان وەردەدەن، زۆرجاریش دان بەهیچ جۆرە پەیوەندییەکی نێوان مێژوو و فەلسەفەدا نانێن، پاساویشیان ئەوەیە مێژوو بۆتە زانستێک کە چەند تەکنیکێکی تایبەتی خۆی هەیە و هیچ گرنگییەکی بۆ فەیلەسووف نییە.

ئەگەرچی فەیلەسووفان پێشوازی لەو مێژوونووسە دەکەن کە بەگشتی بایەخی خۆی بۆ کێشە فەلسەفییەکان دەردەخا، بەتایبەتی کاتێ هەوڵ دەدا بۆ تێگەیشتنی مێژوو پەنا بۆ روانینە فەلسەفییەکان ببا، لەگەڵ ئەوەشدا لە «بیرتەسکی»ی ئەو مێژوونووسەو خۆخەریک کردنی بە وردو درشتی رووداوەکان، بێزاردەبن، ئەوەی مێژوونووسان پێیان وایە گشتێک پێکدەهێنێ کە پارچەکان بەیەکەوە گرێ دەدا، فەیلەسووفان هەڵیدەوەشێننەوەو دەیکەن بەچەند پارچەیەکی پەرشوبلاو لە میانی کات و شوێندا. مێژوونووسانیش بەپێچەوانەی ئەوان، دەڵێن: «مێژووی فەلسەفی دوچاری چەند نەخۆشییەک بووە کە هەموو رامانێک تووش دەکات، ئیدی ئەو مێژووە، بەخێرایی، دەکا بەمێژوویەکی بەگشتی کراوو فیکرەکە بەرجەستە دەکاو پاشان وێنای ئەو فیکرەیە قورس و گران دەکا، گشت رابردوو لەیاسایەک یاخود لەدەستەواژەیەکدا فۆرمولە دەکا».

ئەگەر فەیلەسووف وا وەڵام بداتەوە کە نایەوێ بنیاتێکی رامانئامێزی مێژوو



بکات، بەڵکو تەنیا دەیەوێ ئەو شێوازو میتۆدەی مێژوونووسان بپشکنێ کەلە توێژینەوەدا دروستی دەکەن، هەروەها ئەو ئەنجام و راستییانەی بریاری لەسەر دەدەن، هەروەک سەبارەت بە زانستەکانی دیکەش ئەم کارە دەکات و وەک ماتماتیک و زانستە ئەزموونگەرییەکان کە لەگەڵیدا فەلسەفەی زانستەکان هاتەکایەوە، ئەوسا مێژوونووس وەڵام دەداتەوەو دەڵێ: «مێژوو هونەرە نەک زانست» پاشان فەلسەفەی مێژوو- بەمانا رەخنەییەکەی- ئەو بابەتە نییە. بەڵام فەیلەسووفێک کە زۆر پێ دادەگرێ، دەڵێ: «مەرج نییە مێژوو زانست بێ تالێرەدا فەلسەفەیەک بۆ مێژوو هەبێ، لێرەدا فەلسەفەیەک بۆ هونەر هەیە بێ ئەوەی هونەر زانست بێ، بابەتی فەلسەفەی هونەر بریتییە لە بابەتی هونەر، لەگەڵ ئەو جیاوازییەی کە فەلسەفە لە تێروانینێکی فەلسەفییانەو لە ژێر تیشکی فەلسەفەدا دەروانێتە هونەر».

لەم دەست تێوەردانەی فەلسەفەدا، مێژوونووس خۆی ناگرێ و دەڵێ: «مێژوو هیچ پەیوەندییەکی بە فەیلەسووفەوە نییە» فەیلەسووفەکە بەساردییەوە دەڵێ: «مێژوو تەقەلایەکە، زۆرجار سەرکەوتوو نابێ لە نزیک کردنەوەی بۆچوونی دانەرانی دەقەکان و دیکۆمێنت و پاشماوەکان، ئەمەش نابێتە مەعریفە تەنیا ئەگەر گیانێکی فەلسەفییانەی بخرێتەبەر».

لەتەک ئەم دوو هەڵوێستە دژبەیەکەدا کەتیایدا چەند ئاراستەیەکی فەلسەفی بۆ مێژوو و چەند قوتابخانەیەکی مێژوویی دژبەیەک و جیاوازمان کورت کردەوە، لەتەک ئەمانەدا هەڵوێستێکی دیکە سەرهەڵدەدا کەدەیەوێ تەبایی شوێنی ناکۆکی بگرێتەوە، هەوڵ دەدا بیسەلمێنێ کە مێژوو، لەسەر فەلسەفە دەوەستێ و فەلسەفەیش لەسەر مێژوو، بۆیە دەڵێ: «ئەگەر فەلسەفە نەبوایە، ئەوا مێژوو تەنیا دەبووە هەڵدانەوەی راستییەکان کە لووت دەژەنێتە رابردوو، ئەگەر مێژووش نەبوایە فەلسەفە دەبوو بە ئەپستمۆلۆژیا، واتە کۆشکێک لە هەوادا دروست دەکرا»[2]. ئەگەرچی ئەم دەستەواژەیەی دوایی زێدەڕۆیی تێدایە، دەشێ- بەداخەوە- بڵێین ئەم بۆچوونە بووە بەمۆدێلی سەردەم. ئەمڕۆ فەلسەفە بەرەو ئەوە دەچێ ببێ بە ئەپستمۆلۆژیا، واتە بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی لە مەعریفە، بەڵام دابڕاو لە کردارو پرۆسیسە، واتە دابڕاو لە مێژوو. رێبازە بونیادگەرییە پەرەگرەکان بوونە بەچەند کۆشکێک لەهەوادا دروست دەکرێن،

خاوەنی ئەم ڕێبازانە ناتوانن بچنە پێش یان بێنە پاش ئەو کۆشکانە، ئەمەش وای کردووە کە بشێ مێژوو ببێ بە ئایدیۆلۆژیا، یان تەنیا دیکۆمێنتەکان هەڵدەداتەوەو لووت دەژەنێتە رابردوو و لەدەست ئێستاو ئاینده هەڵدێ.

***

## ئەم ناکۆکییەی نێوان فەلسەفەو مێژوو بۆچی؟

ئەمە پرسیارێکە بەداخەوە ناتوانین وەڵامی بدەینەوە تەنیا بەپشت بەستن بە فەلسەفەو مێژوو - پێکەوە - نەبێ. هەڵوێستی فەیلەسووف لە مێژوو یاخود هەڵوێستی مێژوونووس لە فەلسەفە، هەڵوێستێکی رەهانییە لەدەرەوەی مێژوو، بەڵکو هەڵوێستێکە مومکین نییە تێی بگەین تەنیا بەتەماشاکردنی نەبێ لەناو خودی مێژوودا، کەواتە هەر دەبێ بەو ململانێ ئایدیۆلۆژییانەوە پەیوەستی بکەین کە مێژوویان گەیاندە ئەو کەشوهەوایەی هەناسەی تیادەدات.

پاش ئەوەی هێردر لە ساڵی (١٧٨٤)دا بەشی یەکەمی کتێبی «چەند بیرێک لەمێژووی فەلسەفیی مرۆڤایەتی»ی بڵاوکردەوە، پێشنیارێکی نوێ لەپەیوەندیی نێوان فەلسەفەو مێژوو خرایەڕوو، ئەمە لەفیکری خۆرئاواییدا لە دایک بوونێکی رەسمی بوو بۆ فەلسەفەی مێژوو، بەڵام ئەم لەدایک بووە نوێیە زۆر بەخێرایی دوچاری نەخۆشیی پیری بوو، بەتایبەتی دوای ماوەیەکی کورت لەدەرکەوتنی کتێبێکی هیگڵ بەناوی (چەند لێکستێک لە فەلسەفەی مێژوو) کە لە دوای مردنی لە ساڵی (١٨٣٧)دا بڵاوکرایەوە، بەڵام دوای ئەوە بایەخدان بە فەلسەفەی مێژوو بەمانای «تێگەیشتن لەبەرەو پێشچوونی مێژوو وەک گشتێک، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە مێژوو یەکێتیی هەیە، مێژوو جگە لە تەفکیک و لادانە دیارەکان پلانێکی گشتی دنوێنێ» گۆڕدرا بۆ فەلسەفەی مێژوو بەمانای «توێژینەوەی رەخنەیی لە تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی و شیکردنەوەی ئەو شێوازانەی کە مێژوونووسان بەکاری دەهێنن» لە بنیات و خستنەڕووی ئەپستیمی مێژووییدا. بەدەستەواژەیەکی کورتتر: بایەخدانەکە لە (مێژوو وەک کۆمەڵە رووداوێکی واقیعی و گۆڕانێکی هەمیشەیی فیعلی) گۆڕدرا بۆ (مێژوو وەک مەعریفەیەک بۆ ئەو رووداوانە).

ئەم گۆڕان و گواستنەوەیە بۆچی؟ بەڵکو بۆچی فەلسەفەی مێژوو ئەو ماوە



زەمەنییە کورتە ژیا؟: لە هێردرەوە بۆ هیگڵ... لە هەشتاکانی سەدەی هەژدەیەمەوە بۆ چلەکانی سەدەی نۆزدەیەم؟

بێگومان ئێوە وەک مێژوونووسان بەئاسانی دەتوانن سەرەتای فەلسەفەی مێژوو لە خۆرئاوادا و لەگەڵ هێردردا ببەستنەوە بە رووداوێکی مەزن کە هەموو سوچێکی ئەورووپای خۆرئاوای هێنایەلەرزین، مەبەستم لە شۆڕشی فەرەنسەیە. بێگومان ئێوە دەشتوانن پیرێتیی فەلسەفەی مێژوو و پیرێتیی فەلسەفەی هیگڵیزم (بەدەرکەوتنی مارکسیزم) بەیەکەوە گرێ بدەن. ئەگەر ئێمە ئەوە بزانین کە هێردری دامەزرێنەری فەلسەفەی مێژوو، ئەڵمانی بووە، هەروەها ناودارانی فەلسەفەی مێژوو (کانت و هیگڵ) کە لەدوای هێردر هاتوون، ئەوانیش هەر ئەڵمانی بوون، یاخود ئەوانی دواتریش بەفەلسەفەی ئەڵمانی کاریگەربوون، ئەوسا بە ئاسانی تێدەگەین کە نیشتمانی «فەلسەفەی مێژوو» ئەڵمانیایە، کەواتە «فەلسەفەی مێژوو» وەک لوتکەیەک بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی، لەماوەی نێوان هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی و سەرهەڵدانی مارکسیزمدا، لەئەڵمانیا دامەزراوە. بۆچی ئەڵمانیا؟ ئەی بۆچی رێک لەو ماوە مێژووییەدا؟

دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە لەمیانی گەڕان بەدوای ئەو بیرۆکە گشتییەدا بەدەست بخەین کە ئەوساکە فەیلەسووفانی مێژووی ئەڵمانیایان ئاراستە دەکرد، ئەو بیرۆکەیە لە دەوری دوو جەمسەردا دەخولێتەوە: یەکێتی و پێشکەوتن. هێردر بانگهێشتی ئەوەی کرد کە میللەتان، سەرباری جیاوازیی رەگەز و نەتەوە سەردەمەکان، لە گرووپێکی گەورەتردا ئەندامن. ئەمە تەنیا چەند ساتێکە لەپەرەسەندنی رەگەزی مرۆیی بەرەو ئامانجێکی بەرز، ئەو ئامانجەش لە شوێنێکی دوورنییە، بەڵکو لێرەداو لەگشت ساتێکدا بوونی هەیە، ئەوکاتەیش روونتر دەردەکەوێ کە هەر رۆحانییەتێکی راستەقینە یاخود ژیانێکی تەواوی مرۆیی هەڵدەکا. بۆچوونی هێردر دەبێتە خاوەن دەلالەتێکی دیاریکراو هەر ئەوەندەی واقیعی دواکەوتووانەی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا بێنینە بەر زەینی خۆمان، هەروەها ئەو پێشکەوتنەی فەرەنسە- بەتایبەتی لەسەردەمی شۆڕشدا- کە بەبەرچاوی هێردرەوە بەرەو ژوور هەڵدەکشا. کانت گوزارشتی لەهەمان مانا کردووەو دەڵێ: «مێژوو ئەوکاتە مانای دەبێ ئەگەر وەک پێشکەوتنێکی بەردەوام تەماشا بکرێ». جا ئەگەر تەنیا لەگۆشەنیگای کەسانی پەیوەست بەم

مەسەلەیەوە تەماشای رووداوە مێژووییەکان بکەین، ئەوسا شتێکی وامان دەست ناکەوێ جگە لە کۆکردنەوەیەکی شێواوی رووداوەکان کە لە دەرکەوتەی خۆیدا مانایەک ناگەیەنێ، بەڵام ئەگەر سەرنجمان بخەینەسەر سەرجەمی رووداوە مرۆییەکان، مەسەلەکە جیاواز دەبێ. لەم حاڵەتەشدا ئەوەی لە گۆشە نیگای تاکەکەسەوە وەک جۆرێک لە ئاژاوەو بێ یاسایی دەردەکەوێ، ئەوا ئەگەر لە گۆشەی (گشت)ەوە تەماشابکرێ، وەک جۆرە سیستماتیزەیەک دەردەکەوێ. لەبەرئەوە دەبێ خەیاڵی ئەوە بکەین کە سروشت چەند کەرەستەو رێگەیەکی هەیە بۆ دڵنیابوون لە بەدیهێنانی پێشکەوتن لە ماوەیەکی زەمەنیی دوورودرێژدا. ئەگەر تەماشای سەرجەمی جۆری رووداوەکان بکەین نەک حاڵەتی تاکەکان جیابکەینەوە، ئەوا بەئاسانی لەو مەسەلەیە تێدەگەین. لەوانەیە ئەو تاکەکەسانەی کانت باسیان دەکا، بەمانای ئاسایی تاکەکەس، کەسی مرۆیی ئاسایی بن، لەوانەیشە ئەو تاکانە نەتەوە ئەوروپییەکان بن بە سیفەتی ئەوەی ئەمانە لە تاکە گرووپێکدا چەند ئەندامێک پێکدەهێنن. ئەم مەسەلەیە هەر چۆنێ بێ، هێردر- کە کاریگەریی خۆی بەرۆسۆ ناشارێتەوە- و کانت- کە سەرسامیی خۆی بەشۆڕشی فەرەنسەو پیاوانی ناشارێتەوە- لە دوای رووداوەکان بیردەکەنەوە، واتە ئارەزووی خۆیان لەوەدا دەردەبڕن کە ئەڵمانیاش، لەتەک فەرەنسەو ئینگلتەرەی پێشکەوتوودا، وەک یەک پلەی پەرەسەندن و پێشکەوتن، رابوەستێ. ئەمە بەشێوەیەکی روونتر لەلای هیگڵدا دەردەکەوێ کەوای دەبینێ «مێژووی جیهان بەگشت دیمەنە گۆڕاوەکانی، بریتییە لە پڕۆسەی پێشکەوتن ودەرکەوتنی فیکر» ، مێژوو لە تێڕوانینی هیگڵدا گشتێکە بەشێوەیەکی گەشەکردوو وبەرەو سەرەوە دەجووڵێتەوە، هێزی بزوێنەری ئەو مێژووەیش بریتییە لە فیکر. ئەمەیش مانای وایە «کە پڕۆسەی مێژوویی لە کردەوەی مرۆڤەکان پێک دێت، ئیرادەی مرۆڤیش جگە لە بیرکردنەوەی شتێکی تر نییە» ، خۆ ئەگەر مێژوو بریتی بێ لە مێژووی عەقڵ یان «فیکر» ، ئەوا پرۆسەی مێژوویی لە هەناوی خۆیدا پرۆسەیەکی لۆژیکییە، گواستنەوەیش لە پڕۆسەیەکی مێژووییەوە بۆ پڕۆسەیەکی مێژوویی دی بریتییە لە گواستنەوە لە قۆناغێکی لۆژیکییەوە بۆ قۆناغێکی لۆژیکیی دیکە لە سیاقی زەمەندا.

کەواتە رووداوە مێژووییەکان بەرێکەوت روونادەن، بەڵکو ملکەچی چەند



حەتمییەتێکی لۆژیکی دەبن، لێرەوە هەرشتێکی واقیعی بریتییە لە عەقڵی، هەرشتێکیش عەقڵی بێ، واقعییە.

لێرەدا لۆژیکێک هەیە یەکێتیی مێژوو دەپارێزێ و پێشکەوتنی مێژوو زامن دەکا، ئەم لۆژیکەش شتێک نییە لەسەرەوەی مێژوودابێ بەڵکو لە هاناویدایە، راستییەکی رەهایە کە مێژوو لە پێشکەوتنی خۆیدا دروستی دەکا، ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی - وەک هیگڵ خەونی پێوە دەبینی - لە ئەڵمانیادا دیاری دەکرێ. بەم جۆرە لە فەلسەفەی ئەبستراکتیی هیگڵدا ئەو کلیلە دەدۆزینەوە کە لە وێناکردنی دواتری واقیعی ئەڵمانیادا هەیە، ئەڵمانیایەکی راوەستاو لە بەرامبەر فەرەنسەدا - وەک دوودڵ.

بەگشتی فەلسەفەی مێژوو لە ئەڵمانیادا چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی بوو کە تیایدا ئارەزووی ئەڵمانییەکانی بۆ (یەکێتی) و (پێشکەوتن) دەردەخست: یەکێتیی میللەتی ئەڵمانیای پەرت بوو، پێشکەوتنیش تابگەنە وڵاتە ئەوروپییە پێشکەوتووەکان. بەم جۆرە ئەڵمانیای فیوداڵیزم ئەو کاتە لەئاستی خەوندا دەژیا، کەچی فەرەنسەو ئینگلتەرە لە ئاستی واقیعدا دەژیان، بۆچوونی فەیلەسووفەکانیشیان بۆ مێژوو لەگیروگرفتەکانی ئێستایان و خەون و هیوای ئایندەیاندا دەخرانە روو. بەجۆرێ تەماشای مێژوویان دەکرد تا پاساوێکیان هەبێ بۆ نەبوونی شارستانییەتی ئەڵمانی لە رابردوودا و نائامادەیی شۆڕشێکی پیشەسازی لە ئێستادا، ئیدی شارستانییەتە کۆنەکانیان وەک - منداڵێتی مرۆڤایەتی - لێک دەدایەوە، شاریستانیەتی گریکی و رۆمانیش وەک لاوێتیی مرۆڤایەتی تا لە دواییدا بگەنە ئەو شارستانییەتە ئەڵمانییەی لە داهاتوودا دروستی دەکەن و دەبێتە قۆناغی گەورەبوون و پێگەیشتنی مرۆڤایەتی. یەکێ لە روناکبیرە ئەڵمانییەکان مێژووی بەجۆرێ پێناس کردووە کە بریتییە لە «بەرهەمی ئەوشتە مومکینانەی بەدی هاتوون» ، ئەمەش مانای وایە لێرەدا چەند مومکیناتێکی تر هەیە کە خەریکە بەدی دێت، لەسەروویانەوە: ئەڵمانیای ئایندە.

بەڵام ئەم ئاگاییە خەونئامێزە ئەڵمانییەی کە لەگەڵ هیگڵدا گەیشتە لوتکە، لاوێکی ئەڵمانی لەو خەونە بەئاگای دێنێ، ئەو لاوەی لە نزیکەوە لە شۆڕشی پیشەسازیی ئینگلیزیی کۆڵییەوەو پاش ئەوەی بە خەونی فەلسەفییانەی

هیگلّیزم تێر ببوو ئیدی چووە نێو رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی فەرەنسەوە.

مارکس لە نێو خەونی هیگلّیدا بە ئاگاهات، چونکە ئەوەی هیگڵ لە ناو خەوندا دەژیا، مارکس لەناو واقیعدا دەژیا، پاشان رەخنەیەکی توندی ئاراستەی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی کرد و بانگەشەی کۆتایی هاتنی قۆناغی خەونی کردو ئەرکی ئێستایش بریتییە لە کارکردن و گۆڕان: «فەیلەسووفان تەنیا بەچەند رێگەیەکی جیا جیهانیان شیکردۆتەوە، ئێستاگرنگ ئەوەیە هەوڵ بدەین بیگۆڕین»، دیسان مارکس دەڵێ: «ئێمەی ئەڵمان ئەودیوی مێژوومان لە فیکردا بەسەربرد، واتە لە فەلسەفەدا، ئێمە فەیلەسووف و هاوچەرخی ئێستاین بێ ئەوەی هاوچەرخی مێژوویی ئێستا بین... فەلسەفەی ئەڵمانی بۆ مافەکان و دەوڵەت تەنیا مێژوویەکی ئەڵمانییە کە لە ئاستی مێژووی ئێستادابێ. بەم جۆرە میللەتی ئەڵمانی دەبێ مێژووی خۆی- لە شێوەی خەوندا- ببەستێتەوە بە هەلومەرجەکانی ئێستای بوونی خۆی، هەروەها دەبێ رەخنە لەو هەلومەرجە واقیعییەو لە شێوە تەجریدییەکەیشی بگرێ. ئایندەی ئەم میللەتە مومکین نییە تەنیا لەسەر رەخنەگرتنی راستەوخۆ لەو هەلومەرجە واقیعییانە بووەستێ، دیسان مومکین نییە لەسەر بەدیهێنانی راستەوخۆی مەرجە سیاسی و یاساییە ئایدیالیزمەکانی بووەستێ. لە راستیدا هەر لە ئێستاوە خاوەنی نەفیکردنێکی راستەوخۆی هەلومەرجە ئایدیالیزمییەکەیەتی، هەر لە ئێستاوە بە دیهێنانی ئەو هەلومەرجە لە رامان لە میللەتانی دراوسێ تێدەپەڕێنێ». «تۆوی ژیانی واقیعی لەلای میللەتی ئەڵمانی تائێستاکەش بەرهەم نەهاتووە تەنیا لە مێشکیدا نەبێ»، «لەبەر ئەوە ئێوە- ئەندامانی حزبی سیاسی کاری ئەڵمانی- ناتوانن فەلسەفە رەت بکەنەوە ئەگەر بەدیی نەهێنن، بەڵام حزبی سیاسی تیۆری کەلەململانێی ئێستادا تەنیا ململانێی فەلسەفیی رەخنەیی لە دژی جیهانی ئەڵمانیدا دەبینێ، هەڵوێستێکی رەخنەیی لەبەرامبەر دژەکەیدا وەرگرت، کەچی هەڵوێستێکی رەخنەیی لەبەرامبەر خۆیدا وەرنەگرت، ئەم حزبە پێی وابوو دەتوانێ فەلسەفە بەدی بێنێ بێ ئەوەی رەتی بکاتەوە»... مارکس دەپرسێ: «ئایا ئەڵمانیا دەتوانێ بگاتە پرۆسیسێک کەلە ئاستی پرەنسیپەکاندا بێ، واتە بگاتە شۆڕشێک کەتەنیا بۆ ئاستی نەتەوە هاوچەرخەکان بەرزی نەکاتەوە،



بەڵکو بۆ لوتکەی مرۆڤایەتیش کە دوارۆژێکی نزیک بۆ ئەو نەتەوانە پێک دەهێنێ؟» مارکس وەڵام دەداتەوە: «بێگومان چەکی رەخنە ناتوانێ شوێنی رەخنەی چەک بگرێتەوە. هێزێکی ماددی تەنیا بەهێزێکی تری ماددی لەبەین دەچێ، بەڵام هەرچ کاتێ تیۆر دەست بەسەر جەماوەردا بگرێ ئەوسا دەبێ بە هێزێکی ماددی، تیۆریش ئەوکاتە دەست بەسەر جەماوەردا دەگرێ کەسەلماندنێک دامەزرێنێ تیایدا پاساوی دوژمنەکەی بۆ ئەو بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەمەش دەبێ رەگوڕیشەی کێشەکە بە دەستەوە بگیرێ»، مرۆڤێکی واقیعی ئەمە دەکات ، ئەو مرۆڤەی مێژووی خۆی دروست دەکاو ئاگایی خۆی لە میانی کارو پرۆسیسەوە پەرە پێدەدا «ئاگایی خەڵکی بوونی خەڵکی دیاری ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ ئاگایی مرۆڤ دیاری دەکات».

کەواتە ، بەم جۆرە، مارکس ئاگایی ئەڵمانیی راست کردەوەو هێنایە سەرپێ. ئەو فەلسەفە خەون ئامێزەی مێژوو کەلە ناو سەرگەردانییەکانی میتافیزیکیادا ون ببوو، بوو بە فەلسەفەی پرۆسیسە و پراکتیک، فەلسەفەی پرۆسەی کۆمەڵایەتیی بەئاگاو ئامانجدار. فەلسەفەی مێژوو بەمانامیتافیزیکییەکەی کۆتایی هات. شیکردنەوەی زانستییانەی مێژوو دەستی پێکرد، ئەو شیکردنەوەیەی وەک خۆی تەماشای مێژووی بابەتیی واقیعی دەکا تا لە وێوە یاسای پەرەسەندنی و ئاراستەی پێشکەوتنی ئاشکرا بکات، تا رێگەی بەردەمی مرۆڤ رووناک بکاتەوەو بە خەبات و کۆششی خۆی مێژووی خۆی دروست بکات.

کەواتە مارکسیزم وەک زانستێک بۆ مێژوو و بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان سەری هەڵدا، بەم جۆرە فەلسەفەی مێژووی، بەمانا تەقلیدی و میتافیزیکییەکەی، رەتکردەوە. ئەگەرچی مارکسیزم لە ناوەندی رووناکبیریی خۆرئاواییدا پێشوازییەکی فراوانی لێ نەکرا، بەڵام بیری ماتریالیستی بۆ مێژوو - لەگەڵ جیاوازی ئەم بیرە لە رووناکبیرێکەوە بۆیەکێکی دی- لە فیکری خۆرئاواییدا رەواجێکی زۆری پەیدا کرد، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسە نامارکسیستەکان رۆڵی فاکتەری ئابووریيان دەخستە نێو بۆچوونەکانی خۆیانەوە، بگرە تەنانەت لە ململانێی چینایەتی و رووداوە مێژووییەکانیشدا. بەڵام نابێ دوژمنایەتیی فیکری بورژوازیی خۆرئاوایی بۆ ماتریالیزمی مێژوویی

- وەک تیۆرێکی کاملّ لەپەرەسەندنی مێژوو و کۆمەڵگەکان- لەبیر بکەین، چونکە ماتریالیزمی مێژوویی بەتەنیا لە رابردوو نادوێ بەڵکو پەل بۆ ئێستاو داهاتووش دەهاوێ، ئەمە تیۆرێکە لە پرۆسیسی شۆڕشگێڕی بەقەدەر ئەوەی تیۆرێکی شۆڕشگێڕیشە لە راڤەکردنی مێژوو.

لێرەوە فیکری خۆرئاوایی دەستی کرد بە بایەخدان بە جۆرێکی تری فەلسەفەی مێژوو، فەلسەفەی مێژوویان لە مەیدانی فیعلیی مێژووەوە گواستەوە بۆ مەیدانی مەعریفیی مێژوو. «فەلسەفەی رەخنەیی بۆ مێژوو» ، ئەو فەلسەفەیەی گفتوگۆ لەگەلّ ئەپستیمی مێژووییدا دەکا: بابەتێتی لەمێژوو، هۆیەکی لە مێژوو، جۆری حەقیقەتی مێژوویی، زۆر مەسەلەی ئەپستیمۆلۆژی دیکە کە ئەگەر لە خودی خۆیدا تەماشابکرێ ئەوا وەک چەند مەسەلەیەکی بێلایەن دەردەکەوێ کە لەسەر بنچینەیەکی پتەو ئارەزووی بنیاتنانی ئەپستیمێکی مێژوویی دەکا، بەلاّم ئەگەر لەمیانی پێشینە ئایدیۆلۆژییە دیارەکانی یاخود شاردراوەکانیدا تەماشابکرێ، ئەوسا دەردەکەوێ کە هەولّ دەدا بە رێگەیەکی ناراستەوخۆ بوونی چەند یاسایەک لە مێژوودا بسڕێتەوە، پاشان لە پشتەوە لە خودی ماتریالیزمی مێژوویی بدات. بەم جۆرە سەرباری بوونی چەند لایەنێکی پۆزەتیڤی کەلەم شێوەیەی «فەلسەفەی مێژوو»دا هەیە- کە بەتایبەتی پەیوەستە بە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی- بەلاّم رەوتی گشتی و باو لە فیکری بورژوازیی خۆرئاوادا رەوتێکی پۆزەتیڤیزمییە کە بانگەشەی « ناڕەوایی»ی راڤەکردن لە مێژوودا دەکا و پاشان داوا دەکا کاری مێژوویی لە چوارچێوەی دیراسەکردنی دەقەکان و دیکۆمێنتەکان قەتیس بکرێ، لەم رەوتەدا کەسی وا هەبوو ئاراستەیەکی پەڕگریی گرتەبەرو دەیووت مەحالّە مێژوو راڤە بکرێ، لەبەر ئەوەی رووداوە مێژووییەکان بریتین لە کارو کردەوەی خەلّکی، کاروکردەوەی خەلّکیش بریتییە لە ئاکامی ئەوشتەی تیایدا بیردەکەنەوە، جا لەبەر ئەوەی مەحالّە بزانرێ ئەو مردووانە بیریان لە چی دەکردەوە، بەو پێیەش مەحالّە راڤەی رووداوە مێژووییەکان بکرێ. کارل پۆپەرو ئەوانەی دی کە دەیانویست لەم چارەنووسە عەدەمییەی مێژوو خۆیان بپارێزن، وتیان: « ئەرکی مێژوونووس بریتییە لە تێگەیشتن لە بیرکردنەوەوی خەلّکی، نابێ باسی ئەو کارانە بکەن کە خەلّکی کردوویانن» (کۆلّنگ وود). لێرەدا روون دەبێتەوە کە گومان کردن لە



ئەپستیمی مێژوویی و پێداگرتن لەسەر «ناڕەوایی» راڤە کردنی مێژوو، پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە: ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزمی پۆزەتیڤیزمی هاوچەرخ.

بۆچی ئایدیۆلۆژیای بورژوازی بە شێوەیەکی تایبەتی پەنا دەباتە بەرلێدانی ماتریالیزمی مێژوویی، کەچی هەندێ لایەنی فەلسەفەی ماتریالیزم وەک باوەڕو وەک رەفتار وەردەگرێ یاخود لە ئاستیدا بێدەنگ دەبێ؟ بەلّکو بۆچی دژایەتیی هەر «دەستێوەردان»ێکی فەلسەفە لە مێژوو دەکا؟ ئەی بۆچی پۆزەتیڤیزمی نوێ- کە بونیادگەری و وەزیفی لە زانستە مرۆییەکاندا دەینوێنن- پەنا بۆ سڕینەوەی مێژوو دەبا، یاخود لانی کەم لە جوولّەی دەخا؟

هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە ئایدیۆلۆژیای بورژوازیی خۆرئاوایی- یان ئەوەی بەفیکری خۆرئاوایی «مەسیحی» ناودەبرێ- لەبەر ئەوە ماتریالیزمی مێژوویی رەت دەکاتەوە چونکە رۆلّی فیکر رەت دەکاتەوەو سووکایەتی بەبەها رۆحییەکان دەکا، یاخود لەبەر ئەوەی لەسەر بێ باوەڕی و بێ ئایینی دامەزراوە، ئەمەش یەکێکە لەو پڕوپاگەندانەی کەداگیرکەر لەدەروونی میللەتە داگیرکراوەکاندا دەیچێنێ. داگیرکەر ئایدیۆلۆژیای بورژوازیی سەرمایەداریی بۆ ولاّتە داگیرکراوەکان گواستەوە تا وەک چەکێک بۆ سڕکردن و ملکەچ کردنی ئەو میللەتانە بەکاری بێنێ، ئەمە هەر هەمان ئەو چەکەیە کە چینی سەرمایەداریی بورژوازی لە ولاّتەکانی خۆیاندا دژی چینە چەوسێنەرەکان بەکاری دەهێنن. بەلاّم راستییەکەی، ئەو راستییەی کە خودی مێژوونووسە بورژوازییەکانیش نکۆلّی لێناکەن، ئەوەیە کە فیکری بورژازی خۆرئاوایی لەسەرەتادا هەر خۆی سووکایەتی بەبەها رۆحییەکان دەکردو رۆلّی عەقلّی کەم دەکردەوە، بگرە هەر ئەو فیکرەیە لە چەرخی نوێدا دامەزرێنەری فەلسەفە ماتریالیزمییە نائایینییەکانە.

هەروەها سەبارەت بەمێژووش. بورژوازیی خۆرئاوایی تا رادەی پەرستن مێژووی تەمجید کرد بەتایبەتی ئەوکاتەی لەسەردەمی لاوێتیدا بوو و هەنگاوی خێرای بەرەو داهاتوو دەنا، ئەوکاتەی مێژوو مێژووی ئەوبوو دەیویست بەخێرایی لە داهاتوودا دەسەلاّتەکانی خۆی فراوان و بلاّوبکاتەوە. بەلّکو لەوەش پتر، ئایدیۆلۆژیای بورژوازی، ئەوکاتە، فەلسەفەی خۆی تێکەلّ بە مێژوو کرد. کۆندورسی دەلّێ: «بۆ نووسینەوەی مێژووی تاکەکان ئەوەندە بەسە رووداوەکان

کۆبکەینەوە، بەڵام بۆ نووسینەوەی مێژووی گرووپە مرۆییەکان دەبێ پشت بەتێبینی ببەستین، بۆ هەڵبژاردنی تێبینیش پێویستیمان بە رۆشنایی عەقڵ هەیە ئەگەر نەڵێین فەلسەفە». دالامبێر-یش دەڵێ: «کاتێ زانستی مێژوو بەچرای فەلسەفە رووناک نەبێتەوە، دەکەوێتە پشتەوەی مەعریفە مرۆڤایەتییەکان»، رۆژێکیان ناپلیۆنیش وتوویەتی: «هیوادارم کوڕەکەم مێژوو فێربێت، چونکە تەنیا فەلسەفەیەکە».

ئەمانە بەکورتی راوبۆچوونی ئایدیۆلۆژیای بورژوازی بوون لەبارەی مێژوو و فەلسەفە، ئەوکاتەی لەسەرەتای گەشەکردنیدا بوو و لەگەڵ فیکری فیوداڵیزمدا لەململانێدابوو. ئەڵام ئەمڕۆ، کە ئایدیۆلۆژیای بورژوازی لە قۆناغێکی جێگیردا دەژی، راوبۆچوونێکی تری هەیە. ئایدیۆلۆژیستە بورژوازییەکان، ئەمڕۆ، باسی جێگیربوون دەکەن نەک پەرەسەندن، باسی بونیادەکان دەکەن نەک پێشکەوتنی بەردەوام، باسی دابڕان و جیابوونەوە دەکەن نەک پێکەوەبەستن[٣]. ئەوان ئێستاکە بەچەند شێوازێکی پێچاوپێچ لە مێژوو هەڵدێن؛ جارێک بەناوی «بابەتێتی زانستی»، جارێکی تر بەناوی «تووندوتۆڵیی لۆژیکی». بورژوازیی خۆرئاوایی کە گەیشتۆتە لوتکەی پەرەسەندنی خۆی، دەیەوێ لەو لوتکەیەدا بوەستێ، دەیەوێ مێژوو لە جووڵە بخات، لەبەرئەوە دووری دەخاتەوەو رەتی دەکاتەوە.

بەم جۆرە، وەک دەبینن، بۆ ئەوەی لە پەیوەندیی نێوان مێژوو و فەلسەفە تێبگەین، دەبێ باسی هەردووکیان بکەین، واتە دەبێ ئەو چوارچێوە ئایدیۆلۆژییە دیاری بکەین کە پەیوەندییەکەی تیادا دەخرێتە روو ئەو هەڵوێستە جیاواز و دژبەیەکانەی لەسەرەتای ئەم باسەدا خستوومنەتەڕوو، ئەگەر لەبەرتیشکی ئایدیۆلۆژییەکانیدا تەماشایان نەکەین، وەک کۆمەڵێ قسەی بێ واتا دەمێننەوە. «ناکۆکی»ی نێوان مێژوونووس و فەیلەسووف- وەک لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد- ناکۆکییەک نییە لەسەر پسپۆڕی، بەڵکو ناکۆکییەکی ئایدیۆلۆژییەو لەهەر قۆناغێکی مێژووییدا رەنگێکی دیاریکراو وەردەگرێ و، بە ئاگایی بێ یان بێئاگایی خزمەتی ئامانجێکی دیاریکراو دەکا.

***



ئێستا، دوای ئەوەی پەیوەندیی نێوان فەلسەفەو مێژوومان لە فیکری خۆرئاوایی و لە چوارچێوە ئایدیۆلۆژییەکەیدا خستەڕوو، دەتوانین پەیوەندیی نێوان فەلسەفەو مێژوو لە فیکری عەرەبیی ئیسلامیی هاوچەرخدا بخەینەڕوو لە چوارچێوەی ئەو قۆناغەی ئەم فیکرە لەپەرەسەندنی خۆیدا جێی دەهێڵێ و هەنگاوی پێشکەوتووتر دەهاوێ.

ئێمە لێرەدا لەمەغریب و جیهانی عەرەبیدا، بە هۆێ رابردووەوە بیر لە ئێستاو ئاییندە دەکەینەوە. ئێمە بەئاشکرا یاخود بە شاردراوەیی، مێژوو و فەلسەفە بەیەکەوە گرێ دەدەین، بەڵام چ مێژوویەک و چ فەلسەفەیەک؟

هەندێ لە رووناکبیرانی عەرەب، لە رێگەی رابردوو و ئێستای خۆرئاواوە بیر لەئێستاو دوارۆژی نەتەوەی عەرەبی دەکەنەوە، هەندێکی تریشیان بانگەشە بۆ «لیبرالیزمی رەسەن» دەکەن، هەیشە بانگەشەی لیبرالیزمی هاوچەرخ دەکا بە وەرگرتنی «زانست و تەکنولۆژیا»، وەک بلێی زانست و تەکنولۆژیا لەدەرەوەی مێژوودا هەبن و لەسەرووی کۆمەڵگەکان و یاساکانی پەرەسەندنیدابن. هەندێکی دیکەشیان مارکسیزم وەک بیروباوەڕێکی وشک وەردەگرن کە لە چەند دروشمێکی گشتیدا کورتی دەکەنەوە و دەیکەن بەکلیلێکی سیحری بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکان.

دیسان لە نێو رووناکبیرانی عەرەبدا کەسانی وا هەن بە هۆی رابردووی عەرەبی ئیسلامی بیر لە ئێستاو دوارۆژی نەتەوەی عەرەبی دەکەنەوە. ئەمانە لەناو کەلەپووردا لە ئاییندە دەژین، ئەو کەلەپوورەی گشت رۆژێ هەموو زانست و پێشکەوتنەکانی خۆرئاوای تیادا دەبیننەوە، بێ ئەوەی زەحمەتیی ئەوە بکێشن ناوەڕۆکی ئەو کەلەپوورە دیاری بکەن، بێ ئەوەی بە (کات) و (شوێن)ەوە پەیوەستی بکەن.

من بەئەنقەست لەبەشی یەکەمی ئەم باسەدا لەسەر ئەڵمانیای سەدەی هەژدەیەم وەستام. ئەوساکە ئەڵمانیا لە چاو دراوسێکانیدا دواکەوتوو بوو، لە نێو فەلسەفەی خۆیاندا لە ئاییندە دەژیان. ئێمەیش ئەمڕۆ، لە دراوسێکانمان دواکەوتووترین، ئەو دراوسێیانەی دەکەونە باکووری دەریای سپیی ناوەڕاست. ئێمە ئێستا دوو تیپین:

تیپێک لە نێو کەلەپوورو فەلسەفەی خۆرئاوادا لە ئاییندە دەژی.

تیپێکی دی لە نێو رابردوو و کەلەپووری عەرەبیدا لە ئایندە دەژی.

ئەمە مانای وایە ئێمە هەروەک ئەڵمانیای سەدەی هەژدەیەم بە ئاگاییەکی قلّپ کراوەوە دەژین (لەگەڵ جیاوازیی بارودۆخ و گرفتەکان). ئەو مەسەلەیەی خراوەتە بەردەمی ئێمە ئەوەیە: چۆن ئەم ئاگاییە راست بکەینەوەو بیهێنینە سەرپێ؟

بەڵێ دەبێ چەکی رەخنەمان هەبێ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێ رەخنەی چەکمان هەبێ. چەکی رەخنە فەلسەفە پێمانی دەبەخشێ، بەڵام رەخنەی چەک مێژوو دەماندادتێ. دەبێ فەلسەفەو مێژوومان پێکەوە هەبێ تا لە ئێشکالییەتەکان تێبگەین و تەجاوزیان بکەین.

ئیشکالییەتی فیکریی ئێمە بە کێشەی «رێنیسانس»، هەروەک پێشڕەوانی فیکری نوێی عەرەبی گوزارشتیان لێکردووە، لەگەڵ سەرەتای فراوانبوونی داگیرکەردا دەستی پێکردووە، واتە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم (پەلاماری ناپلیۆن بۆ مسیر). لەوساوە بەربەرەکانیی داگیرکەری خۆرئاوایی یەکێ لە سنوورە سەرەکییەکانی ئیشکالییەتی فیکری ئێمە پێکدەهێنێ. کەواتە دەبێ، لەگەڕان بەدوای ئیشکالییەتی فیکری عەرەبی هەر لە سەرەتای سەردەمی رێنیسانسەوە تائەمڕۆ، ئەو سنوورە سەرەکییە بهێنینە پێشەوە.

بێ ئەوەی بچینە ناو تەفاسیلە زانراوەکانی مێژووەوە، دەکرێ بازێک بدەین و بگەینە ئەو ئەنجامەی- وەختەبڵێم- سەرجەم توێژەران پێی گەیشتوون، ئەو ئەنجامەش ئەوەیە: داگیرکەر بەگشت رواڵەت و شێوەکانییەوە، ئاگایی ویژدانی عەرەبیی پارچەپارچە کردووە. بەربەرەکانیی داگیرکەری خۆرئاوایی، نەتەوەی عەرەبی لەخەو بە ئاگاهێنا. ئیدی نەتەوەی عەرەب لە زانست و تەکنیک و دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆرئاوادا نموونەی پێشکەوتنی بینی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەیشی بینی کە هەڵگری ئەم نموونەی پێشکەوتنە خودی داگیرکەر خۆیەتی، ئەو داگیرکەرەی ئازادی و بەروبوومی لێ زەوت دەکاو لە شوناس و رەسەنایەتیی ئەو دەداو هەڕەشە لە بوونی دەکا. رووناکبیرانی رێنیسانس بێهوودە هەوڵیان دا گونجانێک لە نێوان رابردوو و ئایندەدا دروست بکەن: رابردووی عەرەبیی ئیسلامی کەوێنە هەرە دیارەکەی لە کەلەپووردا خۆی دەنوێنێ، ئایندەی عەرەبی کە وێنە هەرە دیارەکەی لە زانست و تەکنیک و



دەزگاکانی خۆرئاوادا خۆی دەنوێنێ. ئەم هەوڵی گونجاندنە هەر لەو خاڵەوە دوچاری بەستەڵەک بوو کە دەستی پێکرد. هەردەبوو بەو ئاکامە بگات، لەبەرئەوەی «گونجاندن» مێژوو رادەگرێ و پەرەسەندن دەسڕێتەوە. دەبوایە مێژوو ئەم هەوڵە تێپەڕێنێ. لێرەوە ئاگایی عەرەبی- کە هێشتا ئاگاییەکی سەرەوخوارە- دابەش بووە سەر دوو جۆری ئاگایی: یەکەم- ئاگاییەک کەلەسەر «نامۆگەرایی» دامەزراوەو کەلەپوور رەت دەکاتەوە لە ئاکامی زەوت کردنی کەلتووری شارستانی کە خۆرئاوای پێشکەوتوو- و داگیرکەر- لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چەسپاندی. دووەم- ئاگاییەکی دامەزراو لەسەر «نامۆگەرایی» کەلە کەلەپووری عەرەبیی ئیسلامیدا هەموو لایەنە پۆزەتیڤەکانی شارستانییەتی نوێی خۆرئاوایی لە زانست و تەکنیک و دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەخوێندەوە. لەم چوارچێوەیەشدا ئیشکالییەتی «رەسەنایەتی و هاوچەرخێتی» لە فیکری نوێ وهاوچەرخی عەرەبیدا دەخرێتەڕوو.

## چۆن ئەم ئیشکالییەتە چارەسەر بکەین؟

با لەرەخنەوە دەست پێبکەین، بابەکورتی بڵێین: ئەوانەی هەروا بەنووکە قەڵەمێ کەلەپوور رەت دەکەنەوە، هەڵەن و لەوەهمدا دەژین، چونکە کەلەپوور تەنیا لە رێگەی بەدیهێنانییەوە رەت دەکرێتەوە. ئەوانەیشی هەروا بە ئاسانی و بەنووکی قەڵەمێ داوای بەدیهێنانی کەلەپوور دەکەن، ئەوانیش دیسان هەڵەن و لەوەهمدا دەژین، لەبەر ئەوەی بەدیهێنانی کەلەپوور بەتەنیا لە رێگەی رەتکردنەوەیەوە تەواو دەبێ.

با ئەمە روونتر بکەینەوە. کەلەپوور- لەم چوارچێوەیەدا- بریتییە لە ویژدانی نەتەوە. کەلەپوور ئەو ئاوێنەیەیە کەنەتەوە بەدیهێنانی مومکینەکانی تیادا دەبینێ. بە دەستەواژەیەکی تر: کەلەپوور وێنایەکی هەڵگەڕاوەییە بۆ ئەو شتەی کە دەشێ ببێ. ئەوانەی خۆیان بە کەلەپوورەوە دەبەستن، تەنیا لەبەرئەوە نییە کەئەمە کەلەپووری باب و باپیرانە، بەڵکو ئەوشتەی تیا دەخوێننەوە کە دەشێ ببێ. ئەمە خوێندنەوەیەکە بۆ ئایندە لە شێوەی رابردوودا. ئەمە خواستێکە بۆ دابین کردنی ئەو شتانەی باب و باپیران نەیانتوانی هەمووی یا بەشێکی دابین بکەن، لەتەک ئەوەی وای بۆ دەچن کە ئەمان بەفیعلی ئەو شتەیان بەباشترین

شێوە دابین کردووە. ئەو کەسانەی بۆ نموونە بانگەشەی وەرگرتنی زانیارییەکانی ئیسلام دەکەن، ئەو مەبەست و ئامانج و نموونە بەرزانە دێننە بەر زەینی خۆیان کەنەتەوەی عەرەبی ئیسلامی هەمیشە خواستی بەدیهێنانیانی هەبووە، وەک شووراو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی شارستانی بەرواڵەتە جۆراوجۆرەکانی، ئەوەی کە دەعوەی موحەممەدی هات تا بەئاشکراو لە نێو کافرەکانی قورەیش و ئۆرستۆکراتییە بازرگانی و ئایینییەکانیدا مژدەی ئەو نموونە بەرزانە بدات. چاکە خوازان و ئەو کەسانەیش کە بەناوی جەماوەری بێبەش قسەیان دەکرد، لە هەمووکاتێکدا و بە شێوەی جیاواز جیاواز دەیانوتەوە، ئیسلامی - پێشین - یشیان وەک شۆڕشێک وەردەگرت لەدژی قورەیش- لەدژی سیستمە مەرجەعییەکەیان- لێرەدا بە لامانەوە گرنگ نییە کەوێنە نموونەییەکە سەد دەرسەد راستەقینەیە یاخود تا دوورترین سنوور تەمجید کراوە، مێژوو هەمیشە وابووە؛ سەر لەنوێ بنیاتنانی رابردوو بووە لەبەر رۆشنایی کاروبارەکانی ئەمڕۆدا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە «وێنەی کەلەپووریی»- ئەگەر بشێ ئەم دەستەواژەیە بەکار بێنین- هەمیشە لە شێوەی مومکیندا ئەو شتە پێشکەش دەکا کە بەدی هاتووە، ئەمەیش لە پێناوی بڕواهێنان بە ئیمکانییەتی بەدیهێنانی لە ئێستاو داهاتووشدا. نیشانەی بنەڕەتی لە هەموو ئەم شتانەدا بریتییە لە بنیاتنانی ئێستاو داهاتوو لەسەر بنچینەی ئەو شتانەی لەرابردوودا بەدی هاتوون یاخود ئەو نموونە بەرزو ئامانجە مرۆیی و کۆمەڵایەتییانەی بەزۆر دەسەپێنرێن و بە رێگەی تایبەتیی خۆیان گوزارشت لە چینە بێبەشەکانی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو دەکەن، ئەو کۆمەڵگەیەی لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا دوچاری چەوسانەوەی داگیرکەر بووەو لە پەیوەندییە ناوەکییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا رەنگی داوەتەوە.

کەواتە ئەوانەی کەلەپوور رەت دەکەنەوە، لە راستیدا ئەو نموونە کەلەپوورییە رەت دەکەنەوە کە بە شێک لەنەتەوە خواستەکانی هەموو نەتەوەکە دەردەبڕێ، نەتەوەیەکی دواکەوتوو و داگیرکراو لەدەرەوەو ناوەوە. هەڵەکە لێرەدایە. رەتکردنەوەی ئەم نموونە کەلەپوورییە، بەدەستەواژەیەکی تر: رەتکردنەوەی جۆرێک لە دەربڕینی خواستەکانی نەتەوە لە رێنیسانس و پێشکەوتندا مومکین نییە ئەنجام بدرێ تەنیا بە دابینکردنی نەبێ. رەتکردنەوەی داواکاریی شووراو



دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی ریباو باجە ئابوورییە حەرامکراوەکان مومکین نییە ئەنجام بدرێ تەنیا بەدابینکردنی فیعلیی ئەو داواکارییانە نەبێ. ئەمەیە مەبەستمان لەوەی کەدەڵێین بەرلەوەی کەلەپوور رەت بکرێتەوە دەبێ بەزەروورەت دابین بکرێ. کاتێکیش کەلەپوور دابین دەکرێ، وەک «کەلەپوور» نامێنێتەوە- واتە وەک وێنەیەکی کەلەپووریی تەمجیدکراو- بەڵکو دەبێتە واقعێکی نەشونماکردوو کە ئاگاییەکی نوێی لەسەر دادەمەزرێ و بەبینینێکی نوێوە تەماشای رابردوو و ئێستاو ئایندە دەکا.

کەلەپوور تەنیا بەڕەتکردنەوەی دابین دەکرێ، واتە بەتێپەڕاندنی. تێپەڕاندنیش لێرەدا بەمانای بازدان نییە لەسەرەوە، بەڵکو پاراستن و نەفیکردنە. بەمانایەکی تر: دابینکردنی کەلەپوور پێویستیی بەوەیە کە لەگەڵیدا نەوەستین و لە ناویدا گیرنەخۆین، بەڵکو بەو شێوەیە پەرەی پێبدرێ کەدەشێ لەبەر رۆشنایی هەلومەرج و پێداویستییەکانی سەردەمدا دابین بکرێ. ئەمە داگرتنی کەلەپوورە لە «مەیدانی عەقڵ»ەوە بۆ «مەیدانی واقیع» ، لە وێناکردنێکی نموونەییەوە بۆ پەرەسەندنی مێژوویی. یەکەم هەنگاوی ئەم رێگەیەش بریتییە لە سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەو کەلەپوورە، سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی لەبەرتیشکی ئەو واقیعەی بەرهەمی هێناوە. کەواتە دەبێ جارێکی تر مێژوو بنیات بنێینەوە، بەواتایەکی تر: دەبێ بە مێژووی خۆمان ئاگایی خۆمان راست بکەینەوە.

چۆن ئەم ئاگاییە راست بکەینەوە؟ چۆن لە مێژووی خۆمان - رابردوو و ئێستامان- لەبەر رۆشنایی بینینێکی راستدا، تێبگەین؟ ئەو بینینە راست و دروستە لە کوێدا دەدۆزینەوە؟ لە خودی کەلەپووری خۆمان یاخود لە فیکری خۆرئاوایی؟

با دەسپێشکەری بکەین و بڵێین: بینینی راست، نەلێرە نەلەوێ، بەشێوەیەکی ئامادەکراو بوونی نییە. تەنیا پرۆسەو پراکتیک لایەنە هەڵەو راستەکانی هەر بینینێک ئاشکرا دەکات. ئەگەر کەلەپوور بەو واقیعە ببەستینەوە کەئەو کەلەپوورەی بەرهەمهێناوە، ئەگەر ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزمی خۆرئاوایی بەو هەولومەرجە ببەستینەوە کە چینی بورژوازیی خۆرئاوای تیادا ژیاوە، ئەوسا دەبێ گوتەکانی مارکسیزمیش بە مێژووی پێکهاتنییەوە گرێ

بدەین، واتە بەو پەرەسەندنەی کە مارکسیزم گوزارشتی لێکردووە. گرێدانی تیۆر- هەر تیۆرێک- بە مێژووەوە دەتوانێ لە دۆگماتیزم و هەڵبژاردەیی (الانتقائية) دوورمان بخاتەوە[٤].

ئەوانەی دەڵێن: دەبێ مارکسیزم وەک گشتێک وەربگرین دەنا دەکەوینە ناو هەڵبژاردەییەوە، ئەوانە، بەئاگایی یاخود بەبێ ئاگایی، مارکسیزم وەک باوەڕێکی کامڵ و ئامادەکراو و ڕەها، دەخەنە بەر زەینی خۆیان وخەڵکی تر. ئەوکەسانە مۆرکی مێژوویی مارکسیزم دەسڕنەوەو ڕەگەزەکانی زیندەگیی تیادا دەکوژن. هەڵوێستی ئەم کەسانە جیاواز نییە لە هەڵوێستی ئەوکەسانەی هەموو شتێک ڕەت دەکەنەوە کەلەپوور نەبێ، کەپێیان وایە لە کەلەپووردا گشت جۆرە چارەسەرێک هەیە، ئەوە لەبیر دەکەن کەسەرجەمی کەلەپوور لە مێژووی فیعلیی نەتەوەی عەرەبیی ئیسلامیدا کەڵەکە بووە و بریتییە لە کۆی جۆرەکانی تێگەیشتن کە موسڵمانەکان لەباوەڕو واقیع و مێژووی خۆیان بۆ خۆیانیان پێکهێناوە.

هەر دەبێ (فەلسەفە- ڕوانین) بە مێژووەوە گرێ بدرێ، سا ئەو فەلسەفەیە لەسەر «ڕەسەنایەتی» دامەزرابێ یاخود خۆی بە «هاوچەرخێتی»یەوە قایم کردبێ. دەبێ تێگەیشتنێکی ماتریالیزمی دیالێکتیکیمان بۆ کەلەپوور هەبێ، سا ئەو کەلەپوورە کەلەپووری خۆمان بێ یا کەلەپووری نەتەوەکانی دی، بەتایبەتی کەلەپووری خۆرئاوایی لەوانەیش مارکسیزم و ئایدیۆلۆژییە بورژوازییەکان.

لەوانەیە لاریتان لە پراکتیک کردنی ماتریالیزمی مێژوویی بەسەر ئایدیۆلۆژییە بورژوازییەکاندا نەبێ، بەڵام دەشێ بپرسن: چۆن ماتریالیزمی مێژوویی بەسەر مارکسیزمدا پراکتیک بکەین کەبە شێکە لەو؟ چۆن (بەش) ملکەچی (گشت) بکەین؟ دیسان دەشێ- لەگەڵ ڕوندسون- بپرسن: تا چ مەودایەک بۆی هەیە ماتریالیزمی مێژوویی بەسەر ئیسلامدا پراکتیک بکرێ؟ بگرە لەوانەیە هەندێکتان بپرسن: ئیسلام وەک بیروباوەڕێ، تاچ ڕادەیەک ڕاڤەکردنی ماتریالیزمی دیالێکتیکی بۆ مێژوو قبووڵ دەکات؟

ئەمە سێ پرسیارەو دەبێ بەڕاشکاوی بیناخەینەڕوو تا بتوانین بچینە قووڵایی ئیشکالییەتی فیکری هاوچەرخی عەرەبی، ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و



هاوچەرخێتی، یان ئیشکالییەتی پەیوەندیی نێوان مێژوو و فەلسەفە لە چوارچێوەی بابەخدانی هەنووکەییمان.

با لەپرسیاری یەکەمەوە دەست پێبکەین. چۆن دەکرێ ماتریالیزمی مێژوویی بەسەر مارکسیزم خۆیدا پراکتیک بکرێ. ئەو حاڵەتە نامۆییەی کەدەشێ ئەم پرسیارە لە زەینی هەندێ کەسدا دروستی بکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی کاتێ تیۆرییەک وەردەگرن، شوێنی سەرهەڵدانی ئەو تیۆرەیان بیر دەچێتەوە یاخود لێی غافڵ دەبن، یان ئاگایان لەو هەلومەرجە تایبەتییە نییە کە ئیحای بەو تیۆرە بەخشیوە، ئیدی لە پاڵیدا لێی رادەکشێن و مۆرکێکی ڕەهای دەدەنێ.

مارکسیزم فەلسەفەو زانستە؛ ماتریالیزمی دیالێکتیکی فەلسەفەیەو ماتریالیزمی مێژووییش زانست. زانست لەلایەنی زەمەنی و لۆژیکییەوە لەو فەلسەفەیە لەپێشترە کە لەسەر زانست دامەزراوە، هەموو فەلسەفەیەکیش لەسەر زانست دامەزراوە، ماتریالیزمی مێژوویی لە لایەنی زەمەنی و لۆژیکییەوە لە ماتریالیزمی دیالێکتیکی لە پێشترە، بەڵام ئەوەی دەووترێ کە ماتریالیزمی مێژوویی پراکتیک کردنی ماتریالیزمی دیالێکتیکییە لەسەر مێژوو، ئەمە قسەیەکە درەنگ هات، واتە ئەمە وتەیەکی درەنگ وەختە لەسەر لەنوێ «بنیاتنان»ەوەی مارکسیزم و بەخشینی مۆرکی سیستمێکی لۆژیکی بەو ڕەوتە. ئەمە وەک لە قۆناغی ستالینیزمدا ڕوویدا، ئەو قۆناغەی تیایدا مارکسیزم دوچاری بەستەڵەکی کراو وەک بیروباوەڕێکی کامڵ و ڕەها و پێویست خرایەڕوو.

مارکس لە «ئێستا»وە دەستی پێکرد، لە «ئێستا»وە رابردووی نزیک و پاشان رابردووی دووری بنیات نا، ئەو لە ئەنجامەکانەوە بەرەو پێشەکییەکان ڕۆیشت: سیستمی سەرمایەداریی شیکردەوەو لەوێوە یاسا پێکهاتەییەکانی ئەو سیستمەی ئاشکرا کرد (پەیوەندیی نێوان سەرمایەی جێگیر و سەرمایەی گۆڕاو، زێدەبایی) هەروەها یاسا دینامیکییەکانی ئەو سیستمەی دۆزییەوە (ململانێی چینایەتی و گەشەسەندنی زیاتری چینی پرۆلیتاریا لە رووی چەندێتی و چۆنێتییەوە)، ئەمەیش بەرەو ئەوەی برد لەبنەماکانی ئەم سیستمە بکۆڵێتەوە؛ بەرەو شیکردنەوەی سیستمی پێشوو، سیستمی فیودالیزم، لەمەشەوە گەیشتە

سیستمی کۆیلایەتی... لە دواییشدا سیستمی کۆمۆنیزمی سەرەتایی بۆ زیادکرد. گۆڕەپانی ئەم کارکردن و لێکۆڵینەوەیەش بریتی بوو لە کۆمەڵگەی ئەوروپی. کەواتە ئەو زنجیرەیەی کە ئەڵقەکانی بەپێی پێنج شێوازی بەرهەمهێنان بەیەکەوە بەسترابوون (کۆمۆنیزمی سەرەتایی، سیستمی کۆیلایەتی، سیستمی فیودالیستی، سیستمی کاپیتالیستی، سیستمی سۆشیالیستی) زنجیرەیەکی تایبەت بوو بە پەرەسەندنی کۆمەڵگە ئەوروپییەکان. کاتێکیش مارکس تێبینیی ئەوەی کرد کە ئەم زنجیرەیە بەسەر هەندێ لەو شارستانییەتانەدا پراکیتیک ناکرێ کە لە کەناری رووبارەکانی ئەفریقیاو ئاسیادا دامەزراون (لە میسری کۆن، هیند، چین)، شێوازێکی تری بەرهەمهێنانی زیادکردو ناوی لێنا: شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی.

ئەم شیکردنەوە مێژووییەی کە مارکس لە رووی زانستییەوە ئەنجامی داوە، چی دەنوێنێ؟

مارکس میتۆدی زانستیی بەکارهێنا. لەواقیعێکی دیاریکراوەوە دەستی پێکرد، لە قۆناغێکی پەرەسەندن کە ئاکامی قۆناغێکی پێشترە، واتە لە ئەنجامەکانەوە بۆ هۆیەکان. ئەمە هەر ئەو میتۆدەیە کە لە زانستە ئەزموونگەرییەکاندا بەکارهێنراوە، لەبەر ئەوە ماتریالیزمی مێژوویی زانست بوو. بەڵام نابێ تێبینییەکی بنچینەیی میتۆدی لۆژیکی لە بیر بکەین، ئەویش: ئەگەر خراپیی ئەنجامەکان لە خراپیی دەستپێکردنەوەکانەوە بێ، ئەوا راست و دروستیی ئەنجامەکان بەزەروورەت راست و دروستیی دەستپێکردنەکان ناگەیەنێ، مانای ئەمەش سەبارەت بەبابەتەکەی ئێمە، لەم خاڵانەدا کۆدەبێتەوە:

١- ئەگەر شیکردنەوەی مارکس بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری شیکردنەوەیەکی زانستیی راست و دروست بێ، مەرج نییە شیکردنەوەکانی ئەو بۆ قۆناغە مێژووییەکانی بەر لە قۆناغی سەرمایەداری، تەنانەت لە ئەوروپاشدا، ئەویش هەر راست بێ. واتە ئەوەی مارکس لەبارەی کۆمەڵگەی دەرەبەگی و کۆیلایەتی و سەرەتایی وتوویەتی، نابێ وەک راستییەکی زانستی وەری بگرین بەڵکو دەبێ وەک یاسایەکی زانستی تەماشای بکەین کە قابیلی راستکردنەوەو پێداچوونەوەو تەواوکردنە.

٢- ئەو ئەنجامانەی کە مارکس لە رێگەی شیکردنەوەی زانستی بۆ کۆمەڵگەی



سەرمایەداری پێی گەیشت و ئەم شیکردنەوەیەشی بۆ قۆناغە مێژووییەکانی بەر لەسەرمایەداریی ئەوروپی درێژ کردەوە، ئەمە رێگەی ئەوەمان نادات کە شیکردنەوەیەکی زانستییانەی لەو شێوەیە بۆ کۆمەڵگە نائەوروپییەکانیش ئەنجام بدەین، واتە بۆ شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەکانی تر. پاشان ئەو ئەنجامانەی- لە دوای شیکردنەوەیەکی زانستی- لەبارەی کۆمەڵگە نائەوروپییەکان پێیان دەگەین، دەبێتە ئەنجامێکی زانستیی راست و دروست تەنانەت ئەگەر پێچەوانەو دژی ئەنجامەکانی مارکسیش بێت.

٣- کەواتە ماتریالیزمی مێژوویی تەنیا بۆ کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان راستەو تایبەتە بەوان. ئەمە پێشتر جۆرج لۆکاش تێبینی کردووە؛ قەتیسکردنی بزووتنەوەی مێژوو لە ململانێی نێوان پرۆلیتاریاو چینی سەرمایەداری نابێتە کارێکی زانستی تەنیا ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیەی قسەی لەسەر دەکرێ، لە بنەڕەتدا لە دووچینی سەرەکی پێکهاتبێ کە جەمسەرگیریی هەموو گرووپ و ئەندامانی کۆمەڵگە بکەن و بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکانی تیادا دیاری بکەن. بەڵام ئەگەر لەتەک ئەم دوو چینە سەرەکییەدا چەند پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی دیکە هەبێ، یاخود چەند پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی دیکەکە ئەم دووچینە بە شێوەیەکی بنەڕەتی تەحەکومی پێوە نەکەن، چەند پێکهاتەو پەیوەندییەکی (ناوەکی و دەرەکی) کە بە روونی کار لە بونیادی کۆمەڵایەتی بکاو یەکێ لەرەگەزە بنچینەییەکانی پێک بهێنێ، ئەوسا ئەم هەڵوێستە بەزەروورەت پێویستیی بە شیکردنەوەیەکی نوێ هەیە کە لەوانەیە بەرەو چەند ئەنجامێکی پێچەوانە بڕوات و ئەوسا دەبێ قبووڵ بکرێ. بەمانایەکی تر: دەبێ شیکردنەوەیەکی بەڵگەدار- نەک خەیاڵی- بۆ واقیعێکی بەڵگەدار هەبێ، واقیع وەک خۆی نەک ئەوەی خەیاڵی لێدەکەین یان ئەوەی «دەمانەوێ» وابێت.

ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێ لە ماتریالیزمی مێژووییدا (گشتی) و (تایبەتی) لەیەکتر جیابکەینەوە.

- (گشتی) لە ماتریالیزمی مێژووییدا بریتییە لە میتۆد: شیکردنەوەی کۆمەڵگەکان بەو پێیەی بزاڤی مێژوو و پەرەسەندن، ئاکامی ململانێی نێوان چینەکانە، لەسەر ئەو بنچینەیەی کە دەڵێ: بوونی کۆمەڵایەتی هوشیاریی

خەڵکی دیاری دەکا، هوشیاریش بەدەوری خۆی کار لە بوونی کۆمەڵایەتی دەکاو دەیگۆڕێ.

– بەڵام (تایبەتی) لە ماتریالیزمی مێژووییدا بریتییە لە ئاکامەکان، ئەو ئاکامانەی شیکردنەوەی ناوبراو بەرهەمی دێنێ کە لەوانەیە بە جیاوازیی جۆری کۆمەڵگەکان و قۆناغەکانی پەرەسەندنی، ئاکامەکانیش جیاواز بن –بەڵکو دەبێ جیاواز بن–.

(تایبەتی) جۆری چینە شەڕکەرەکان دیاری دەکاو گرنگیی ڕۆڵی ململانێی چینایەتیش دیاری دەکا، سا لە ئاستی کۆمەڵایەتی – ئابووریدا بێ یاخود لە ئاستی فیکری– ئایدیۆلۆژی.

لەبەرئەوە کاتێ کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی خۆرئاوایی یاخود کۆمەڵگەی عەرەبی شی دەکەینەوە، دەبێ خۆمان بە تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵگەیە ببەستینەوە تەنانەت ئەگەر ئەمە بەرەو چەند ئاکامێکی پێچەوانەی ئاکامەکانی مارکسمان ببات کە لەسەر کۆمەڵگەی سەرمایەداریی ئەوروپیی کردوویەتی. دەبێ تیۆر ملکەچی واقیع بکەین نەک واقیع ملکەچی تیۆر بکەین. ئەمە پرەنسیپێکی میتۆدییەو دەبێ لەگشت بوارەکاندا خۆمانی پێوەبگرین، جا ئەم مەسەلەیە پەیوەست بێ بە لێکۆڵینەوە لە واقیعی سروشتی یان لە واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی.

ئەمەیە چەمکی ماتریالیستی مێژوو بۆ ماتریالیزمی مێژوویی خۆی، بەڵام سەبارەت بە ماتریالیزمی دیالێکتیکی، واتە پراکتیزەکردنی یاساکانی دیالێکتیک– کە لە شیکردنەوەی مێژووییەوە کورت کراوەتەوە– بەسەر سروشتدا، پاشان فۆرمولەکردنی وتەکانی لۆژیکی گشتی وتیۆری گشتی لەبارەی گەردوون و مرۆڤ، ئەمە لە ماوەیەکی دواترداو بەتایبەتیش لەسەر دەستی ئەنگلزدا ئەنجام دراوە. لێرەشدا دەبێ فەلسەفە بە مێژووەوە گرێ بدرێ، دەبێ بەو جۆرە لە ماتریالیزمی دیالێکتیکی تێبگەین کە ئەنگلز لە تێگەیشتنی ماتریالیزمی مێژووییەوە فۆرمولەی کردووە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا نەزعەیەکی زانستیی دۆگمایی و میکانیکی ماددی لە ئەوروپادا باو بوو، ئەوسا زانستیی نیوتن لە لوتکەدا بوو، باوەڕی باو بریتی بوو لەوەی هەرشتێک – ماددی بێ یان رۆحی– دەشێ لە رووی «زانست»ییەوە بە ماددەو جووڵە راڤە



بکرێ («مێشک بیرکردنەوە دەردەدا هەر وەک چۆن سییەکان ماددەیەکی زەرد دەردەدەن»، «گەورەترین ئەستێرەو بچووکترین ئەتۆم ملکەچی یاساکانی میکانیکن») ئەوساکە بورژوازیی ئەوروپییش لە لوتکەدا بوو و بۆ یەکجاری بەسەر فیوداڵیزمدا سەرکەوت و ئیدی دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیای خۆی بەسەر گشت کۆمەڵگەدا بڵاوکردەوە، بگرە بەسەر گشت مێژووشدا، ئەزموونگەریی لە دژی عەقڵانییەت وەرگرت (بورژوازی لەسەرەتای دەرکەوتن و راپەڕینیدا، عەقڵانییەتی لەدژی دەسەڵاتی دەقەکان، وەرگرت) لەبەر ئەوەی عەقڵانییەت ئەوکاتە چەکی دەستی دوژمنە چینایەتییەکانی بوو، ماتریالیزمی میکانیکیشی لە دژی ئایدیالیزم و غەیبانییەت وەرگرت.

لەم چوارچێوە مێژووییەدا، ئەنگلز، ماتریالیزمی دیالێکتیکی (دیالێکتیکی سروشت)ی فۆرمولەکرد، لێرەدا ئەنگلز جۆری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی مێژوویی گواستەوە بۆ بواری سروشت، ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی لەسەر ململانێی چینەکان (ململانێی دژەکان) وەستابوو. ئەنگلز وتی: لەتەک جووڵانەوەی میکانیکیدا (گواستنەوە لە شوێندا) جووڵانەوەیەکی تر لەناو خودی ماددەدا هەیە، کە ئەویش لە ململانێی دژەکانەوە لەدایک دەبێ. ئەم رەگەزە نوێیە– واتە جووڵانەوەی ناوماددە– بونیادی ئەو وێنا کردنەی گۆڕی کە لەسەر ماتریالیزمی میکانیکی دامەزرابوو، بەم جۆرە وێناکردنێکی دیالێکتیکی لە شوێنی میکانیکی دروست بوو. ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ رزگاربوون لە ئایدیۆلۆژیای بورژوازی کە لەسەر ماتریالیزمی میکانیکی سادە دامەزرابوو. ئەنگلز ئەم تێگەیشتنە نوێیەی لە مێشکی خۆیەوە نەهێنا، مەسەلەکەش گواستنەوەیەکی میکانیکی نەبوو لە مەیدانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ مەیدانی سروشتی، بەڵکو رەوتی پەرەسەندنی زانستە سروشتییەکان و بیری زانستی ئەو ئەنجامەی هێنایە ئاراوە.

کەواتە ماتریالیزمی دیالێکتیکی بەو جۆرەی ئەنگلز فۆرمولەی کردووە، جێهێشتنی ماتریالیزمی میکانیکی بوو، لە هەمان کاتدا درێژە پێدانیشی بوو. ئەدی چ پەرەسەندنێک روویدا؟

– لە ئاستی زانستیدا «ئاستی فیزیک»، لەگەڵ سەرەتای ئەوچەرخەدا «شۆڕشی کوانتیزم» هاتەکایەوە کە بۆچوونی کلاسیکییانەی بۆ ماددەو حەتمییەت

گۆڕی؛ مادده لە ئاستی ئەتۆمیدا شتێکی بەرجەستەکراوو دەستلێدراو نییە، شتی ماددی تەنۆلکەیەکی بچووک نییە وەک دەنکە لم، بەڵکو بوو بەچالاکی و وزە، بارگەیەک لە وزە (بۆ نموونە ئەلیکترۆن)، پاشان چەمکی حەتمییەتیش گۆڕانی بەسەرداهات بەهۆی بەنێویەکداچوونی کات و شوێن، هەروەها نەدەکرا شوێن و خێرایی لەیەک کاتدا دیاری بکرێ، ئەم رەوتە نوێیانە سەرجەم زانستی نیوتنی گۆڕی، کە دواتر ئەنگڵز لە لوتکەی ئەو پێشکەوتنانەدا ماتریالیزمی دیالێکتیکی دامەزراند[٥].

- لە ئاستی کۆمەڵایەتی- ئایدیۆلۆژیدا، ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالێکتیکی بوون بە ئایدیۆلۆژیای چینی کرێکاران. بەم جۆرە جارێکی تر بورژوازیی ئەوروپی بنچینەکانی ئایدیۆلۆژیای خۆی گۆڕی، لەپەرەسەندنە زانستییەکاندا پاساوێکی دۆزییەوە تاواز لە ماتریالیزمی میکانیکی بێنێت، لەبەرامبەریدا فەلسەفەیەکی تری وەرگرت کە پێشتر دژایەتیی دەکرد، ئەو فەلسەفەیەش بە ناماتریالیی بارکلی ناسراوە کە بوونی (هەبوو)بە دەرککردن دەبەستێتەوە «بوونی هەبوو بریتییە لەوەی کە دەرکی پێبکەین».

ئامانجی ئایدیۆلۆژیی ئەم گواستنەوەیە روون بوو: گومان کردن لە بوونی مادده وەک شتێکی سەربەخۆ بەمانای لێدانی ماتریالیزمی دیالێکتیکی و مێژوویی دەهات کە ئایدیۆلۆژیای چینی پرۆلیتاریا بوون. ئەمە تەنیا لە ئاستی تیۆری و فەلسەفیدا بوو، بەڵام لە ئاستی واقیعیدا، ئاستی رەفتارو مامەڵەکردن، ئەوا بورژوازی تەنیا باوەڕی بەبەهای ماددی هەبوو؛ هەموو شتێ شتومەکە بۆ ئاڵوگۆڕ تەنانەت فیکرو بەها رۆحی و رەوشتییەکانیش.

لێرەدا لینین رووبەڕووی ساختەکاریی ئایدیۆلۆژیای بورژوازی وەستاو وتی: مادده وتەزایەکی فەلسەفییە، بۆچوونی ماتریالیستیش لە تێڕوانینی مارکسیزمدا واتە خۆدانە دەست بوونی سروشت و گشت شتە دەرەکییەکان وەک بوونێکی سەربەخۆ لە تێگەیشتن و زانیارییەکانی مرۆڤ. واتە بوونی ماددی پێش ئاگایی مرۆیی دەکەوێ «ئادەم قوڕی نەدۆزییەوە، بەڵکو ئەو خۆی لە قوڕە». بەڵام سەلماندنی ئەوەی کە مادده پێشتر هەبووە- لە ئاستی ئەنتۆلۆژیای گشتیدا- یاخود بوونی رۆحێکی رەها کە پێش مادده دەکەوێ، ئەمانە- وەک



لینین دەڵێ- مەسەلەیەکی گریمان کارییە (گریمانێکی فەلسەفی نەک زانستی، چونکە مومکین نییە ئەمە بەئەزموون بسەلمێنرێ).

کەواتە مەسەلەکە مەسەلەیەکی میتافیزیکییە، مەسەلەی کۆنی یاخود تازەیی جیهان کە بیرمەندە موسڵمانەکانی لەکاتی خوێندنەوەی فەلسەفەی یۆنانیدا خەریک کردبوو. ئەو «چارەسەر»ەی کە (ئیبن روشد) پێشکەشی کرد، زۆر لەو «چارەسەر»ە دەچێ کە لینین پێشکەشی کرد، جیاوازییەکانیشیان تەنیا لە دەربڕیندایە. ئیبن روشد دەڵێ: «جیهان شتێکی لەکۆن و شتێکی لە نوێی تێدایە، کەسێ سیفەتی کۆن بەجیهان بدا پێی وایە جیهان زۆر کۆنە، کەسێکیش سیفەتی نوێی بداتێ پێی وادەبێ جیهان نوێیە، پێویستیش ناکات رەخنە لەو بۆچوونەی یەکەم بگرین لەبەرئەوەی مەسەلەکە لە دوا دەرەنجامدا مەسەلەی تەقەلاکردن و گەڕانە بە دوای راستیدا». ئەم قسەیەی ئیبن روشد لە زمانی هاوچەرخدا دەبێتە مەسەلەیەکی گریمانکاری (ئیسلامیش ئەم مەسەلەیە دەخاتە چوارچێوەی ئیمانەوە نەک عەقڵ: «آمنوا...»). ئەوەیشی لەم جۆرە مەسەلانەدا گرنگە بریتییە لەو ئەنجامانەی کە لەسەری رادەوەستێ، دەشێ یەک مەسەلە بە دوو وێنەی جیاواز و دژبەیەک بەکاربهێنرێ.

ئەو ئەنجامەی دەمەوێ، لەم خستنەڕووە مێژووییەی هەلومەرجی داڕشتنی تیۆری مارکسیزم بە هەردوو لایەنی ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالێکتیکی، لێی دەربچم، بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- گرێدانی دەرکەوتنی مارکسیزم- وەک زانست و فەلسەفە- بە مێژووی کۆمەڵایەتی و فیکریی ئەوروپا، بەرەو ئەوەمان دەبا کە مارکسیزم وەک باوەڕێکی دابەزیو وەرنەگرین، بەڵکو تەنیا وەک تەقەلایەکی مرۆیی بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەڵایەتی- مێژوویی و واقیعی سروشتی، لەبەر رۆشنایی قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی مەعریفەی مرۆیی، وەربگیرێ. پاشان ئەو ئەنجامانەی کە شیکردنەوەی ماتریالیزمی دیالێکتیکی بۆ مێژوو یان بۆ سروشت، بڕیاری لەسەر دەدا، سەبارەت بەو واقیعە راست دەبێ کەبابەتی شیکردنەوەکەی تیادا ئەنجام دراوە، هەروەها سەبارەت بەو پێشکەوتنەی لەوکاتەدا فیکری مرۆیی پێی گەیشتووە، خۆنەبەستنەوە بەم پرەنسیپە میتۆدییە بە مسۆگەری دەبێتە جۆرێک لە دۆگمای فیکری،

هەروەها دەبێتە کوشتنی رەگەزەکانی ژیان لە خودی مارکسیزمدا.

٢- ئەو پۆلین کردنە ناودارەی کە ئەنگڵز پێی لەسەر دادەگرت کە راوبۆچوون و تیۆرەکان دابەش دەکاتە سەر ئایدیالیزم و ماتریالیزم، ئەوکاتە راستە کە وەک کەرەستەیەکی میتۆدی وەری بگرین، بەڵام بەخشینی ناوەرۆکێک بە ئایدیالیزم یان ماتریالیزم، دەبێ پشت بە قۆناغی مێژوویی و ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکانی ببەستین. ئەوەی بە ئایدیالیزم ناوی دەبەین دەشێ پێشکەوتنخواز بێ و خزمەتی ئامانجەکانی دوارۆژو چینە بێبەشەکان بکات، لە وانەیشە کۆنەپەرست بێ و خزمەتی ئایدیۆلۆژیای داگیرکردن و زەوتکردن بکات، بەپێی جیاوازیی هەلومەرجی مێژوویی وکۆمەڵایەتی. هەمان مەسەلە بۆ ماتریالیزمیش وایە. من لەو باوەڕەدام دەبێ زۆر وریابین لەپراکتیک کردنی ئەم جۆرە پۆلێن کردنە بەسەر رەوتە کۆن و نوێیەکانی فیکری عەرەبی ئیسلامی. ئەو ئیشکالییەتە بنچینەییەی لە مێژووی فیکری نوێی ئەورووپیدا ئیحای بەو چەشنە پۆلین کردنە بەخشیوە، بەتەواوی لە فیکری کۆن و نوێی عەرەبیی ئیسلامیدا نییە. گرێدانی جیهانی دەرەکی بە خودەوە، واتە پێداگرتن لەسەر (ئاگایی) بەر لە (بوون)- لە ئاستی مرۆییدا- ئەمە وتەزایەکە، فیکری عەرەبیی ئیسلامی پاساوی بۆ ناهێنێتەوە، چونکە ئەو ئیشکالییەتەی ئیحای بەو وتەزایە بەخشیوە، هیچ رۆژێ کەلەپووری ئێمە ئەو وتەزایەی نەناسیوە. من لێرەدا لایەنی (تەیب تیزینی) ناگرم کە لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی فیکری عەرەبیی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کردووەو لە وێدا بەشێوەیەکی میکانیکی بیروبۆچوونی بیرمەندە موسڵمانەکانی بۆ ئایدیالیزم و ماتریالیزم پۆلین کردووە.

دوای ئەم تێبینییانەو لەبەر رۆشناییاندا، دەکرێ بچینە سەر وەڵامی دوو پرسیارەکەی دوایی کە پێشتر کردمان: **تا کوێ دەشێ ماتریالیزمی مێژوویی بەسەر مێژووی ئیسلامیدا پراکتیزە بکرێ؟ ئاخۆ ئیسلام، وەک بیروباوەڕ، راڤەکردنی ماتریالیستی بۆ مێژوو قبووڵ دەکات؟** پرسیاری یەکەم کێشەیەکی میتۆدی دەخاتەڕوو، پرسیاری دووەمیش کێشەیەکی تیۆری.

سەبارەت بەپرسیاری یەکەم، دەبێ پێدابگرین- ئەگەر پێویستیی بەپێداگرتن هەبێ- کە مێژووی ئیسلامی حاڵەتێکی نائاسایی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێک



ناهێنێ، بەڵکو بەشێکە لەو. موسڵمانەکان خۆیان بە «میللەتی هەڵبژاردراوی خودا» نازانن، گوتاری ئیسلامی گوتارێکە بۆ سەرلەبەری خەڵکی، مێژووی ئیسلامیش بریتییە لە مێژووی چەند میللەت و هۆزو تایفەو چینێک کە لە سلکی دەوڵەت یان دەوڵەتە ئیسلامییەکان سیستماتیزە کراون. مێژووی ئیسلامی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە چەندین ململانێی ناوخۆیی بە خۆوە بینیوە، هەروەها چۆتە ناو چەندین جەنگەوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دراوسێیانەی کە نزیک یا دور بوون لەسەنتەری خەلافەتەوە، مێژووی خۆی بە مێژووی ئەو دەوڵەتانە گرێ داوەو بگرە بە مێژووی گشت مرۆڤایەتی. لەم ململانێ و جەنگانەدا فاکتەری ئابووری رۆڵێکی دیاری بینیوە، جارێک بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا، جارێکی تر بەشێوەیەکی شاردراوە. بازرگان و ئەرستۆکراتییەکانی قوڕەیش بانگی ئیسلامییان رەت کردەوەو بەرەنگاری بوونەوە لەبەرئەوەی ئەمە هەڕەشەی لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەوان دەکرد، هەوڵیان دا بەمولْک و سامان پێغەمبەر بەلای خۆیاندا رابکێشن، چونکە بیرکردنەوەیەکی بازرگانییانەیان هەبوو، پێیان وابوو دەکرێ هەموو شتێ بکڕدرێ و بفرۆشرێ تەنانەت فیکرو بیروباوەڕەکانیش. کاتێکیش پێغەمبەر داواکەی ئەوانی رەت کردەوەو سوور بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی ئیسلام کە لەسەرەتادا هەژاران و نەداران لەدەوریدا کۆببوونەوە، ئیدی دەستیان کرد بە ئازاردان و چەوسانەوەی پێغەمبەر، ئەویش ناچار بوو بۆ مەدینە کۆچ بکات، لەوێدا موسڵمانەکان خۆیان رێکخست و پەلاماری بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی کافرەکانی قوڕەیشیان دا، چەندین بۆسەیان لەسەر رێگەی کاروانە بازرگانییەکانی قوڕەیشەکان دانا، ئەوسا کافرو ئەرستۆکراتییەکانی قوڕەیش هەستیان بەوەکرد کە بەڕاستی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان کەوتۆتە بەر هەڕەشەو لە ناوچوون، هەستیان کرد کە تەنیا لەبەردەم دوو رێگەدان: یان ئیسلام هەڵبژێرن، یان دەسەڵاتی ئابووری- کە ئەو دەمە لە بازرگانیدا خۆی دەنواند- لەدەست دەدەن. ئەوە بوو لە دواییدا ئیسلامیان هەڵبژارد، هەندێکیان بەڕاستی ئەو بیروباوەڕەیان هەڵبژاردو هەندێکی تریشیان بەدرۆ و دووڕوویی و لەبەر خاتری پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان.

لەو سەردەمەدا هێزێکی ماددی هەبوو (هێزی ئابووریی قوڕەیش) کە تەنیا

هێزێکی ماددیی دیکە شکستی پێهێنا (واتە بیروباوەڕی ئیسلامی کەچووە نێو ڕیزەکانی جەماوەر و بوو بە هێزێکی ماددی و مەعنەویی لەشکست نەهاتوو).

دوای مردنی پێغەمبەریش، یەکەم شەڕ کە موسڵمانەکان هەڵیانگیرساند شەڕی (ڕەددە)بوو، واتە ئەو هەڵمەتانەی ئەبوبەکری سدیق ڕێکی خست لەدژی ئەو کەسانەی زەکاتیان نەدەدا، زەکاتیش بڕە پارەیەکی دیاریکراوە کە خەڵکی دەیدەنە (بیت المال) و هەژاران و داماوان، باجێکە لە پێناوی هاوکاریی کۆمەڵایەتی، «باجێکە» لەسەر قازانج و سەرمایە پێکەوە، نەدانی زەکات زیان بەبەرژەوەندیی ئابووری دەگەیەنێ، بەکارهێنانی هێزیش بۆ بەخشینی زەکات لەبەرژەوەندیی ئابووریی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە، جگەلەوەی زەکات بە شێکە لە تەشریعی گشتی و یەکێکە لە پێنج ڕوکنەکانی ئیسلام. لە دوا دوایی سەردەمی عوسماندا (فیتنەی گەورە) ڕوویدا کە فاکتەری ئابووری جووڵێنەری ئەو فیتنەیە بوو وەک دواتر لە زمانی یەکێ لە گەورە پیاوانی ئیسلام لە چەرخی نوێدا دەیبینین. لەسەردەمی ئومەوییەکان و عەبباسییەکان و سەردەمەکانی دواتریشدا ناکۆکی و ململانێ درێژەی هەبووە و بێگومان لەم ململانێیەشدا فاکتەری ئابووری ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، سا بە شێوەیەکی شاراوە بێ یاخود بە ئاشکرا.

مێژووی ئیسلام لەسەرەتای دەمەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ، مێژووی ململانێی نێوان چینەکانە، ئەم ململانێیە جارێک شێوەی ئابووری- کۆمەڵایەتی دەپۆشێ وجارێکی تر لە ڕواڵەتی ململانێی ئایدیۆلۆژی و ناکۆکیی نێوان فیرقەکاندا دەردەکەوێ. لێرەدا ئەو پرەنسیپە میتۆدییە گرنگ نییە بەڵکو گرنگ پراکتیک کردنیەتی بەسەر واقیعی دیاریکراو و پابەندبوونی بە پێدراوەکانی ئەم واقیعە دیاریکراوە. ئەو زنجیرە پەرەسەندنەی کە مارکس لە مێژووی ئەوروپادا دەریهێنا، بەسەر مێژووی عەرەبیی ئیسلامیدا پراکتیک ناکرێ، مێژووی ئیسلامی سەردەمی کۆیلایەتیی نەناسیوە بەو شێوەیەی لە یۆنان یاخود لە ڕۆماندا هەبووە، سیستمی فیوداڵیزمیش بەو شێوەیە نەبووە کە لە ئەوروپادا هەبووە، هەروەها سیستمی سەرمایەداریش بەو شێوەیە نەبووە کە لە ئەوروپادا ناسراوە. تەنانەت شێوازی ئاسیایی بەرهەمهێنانیش لە مێژووی عەرەبی و مێژووی ئیسلامیدا نەبووە- ئەگەر بشێ ئەو دوو مێژووە لەیەکدی



جیابکەینەوە-. کەواتە لێرەدا تایبەتمەندییەک هەیە، لێرەدا جۆرە پەرەسەندنێکی تایبەتی هەیە کە دەبێ یاساکانی کەشف بکرێ. دەبێ لە مێژووی ئیسلامیدا ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی بەچینەکان بدەین و ڕۆڵی ململانێی چینەکان بەپێی واقیعی مێژوویی خۆی بپێوین نەک بەپێی ئەم تیۆر یان ئەو تیۆر. لەم بوارەشدا دەبێ ئەو ڕۆڵە بە ئایین ببەخشین کە لە ڕووداوەکانی مێژوویی ئیسلامی و لە زنجیرەی پەرەسەندنیدا گێڕاویەتی، کە وەک بیروباوەڕێک چۆتە نێو ڕیزەکانی جەماوەرو بووە بەهێزێکی ماددیی گەورە. دەبێ ڕۆڵی ئایین لە بیر نەکەین، واتە فەرامۆشکردنی ڕۆڵی ئایین بە بیانووی ئەوەی نەکەوینە ناو ئایدیالیزمەوە، ئەمە قسەیەکی بەتاڵ و دروشمێکی بۆشە. ئایینی ئیسلامی لە سەردەمە جیاوازەکاندا تێکەڵ بە واقیعی مێژوویی میللەتە ئیسلامییەکان بووەو لەم واقیعەدا ئایینی ئیسلامی بووە بە ئاماژەیەکی بنچینەیی، خۆ ئەگەر ڕۆڵی ئایین فەرامۆش بکەین ئەوسا شیکردنەوەکەمان ناتەواو و هەڵە دەبێ، ڕێک وەک ئەوەی ئەگەر لە شۆڕشی چینی و ڕووسیدا ڕۆڵی تیۆری مارکسیزم فەرامۆش بکەین ئەوسا شیکردنەوەکەمان ناتەواو و هەڵە دەبێ.

کەواتە پرسیارکردن لەوەی داخۆ مێژووی ئیسلامی، ڕاڤەکردنی ماتریالیزمی دیالێکتیکی وەردەگرێ، پرسیارێکی بێ مانایە، تەنیا شتێک کەمانای هەیە ئەوەیە چۆن شیکردنەوەیەکی ماتریالیزمی دیالێکتیکی بۆ مێژووی ئیسلامی بکەین، بێ ئەوەی دەستکاریی تایبەتمەندیی ئەو مێژووە بکەین و بێ ئەوەی پێدراوە مێژووییەکانی کۆمەڵگەکانی تری بەسەردا بسەپێنین؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە بەردەوام ئاراستەی کەسێ دەکرێ کە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی دەکا. یەکێ لە یاساکانی لێکۆڵینەوەی زانستی پابەند بوونە بە میتۆدێتیی زانستی (ئەمەش لێرەدا ماتریالیزمی مێژووییە وەک پێشتر شیمان کردەوە)، هەروەها پابەندبوونە بە پێدراوە واقیعییەکان وەک خۆی (ئەمەش لێرەدا واقیعی مێژوویی ئیسلامی و تایبەتمەندییەکانیەتی)... گوتەکانی ماتریالیزمی مێژوویی چەند چوارچێوەیەکی فیکری و وێنەیی بەتاڵن، ئەمە تەنیا چەند کەرەستەیەکی میتۆدییە، دەبێ ئەم چوارچێوانە بەو بابەت و ناوەڕۆکانە پڕبکەینەوە کە لە واقیع و لە تایبەتمەندییەکانی ئەو واقیعەدا هەڵێنجراون، ئەمە ئەلف و بێی میتۆدی زانستییە.

بەڵام پرسیاری سێیەم- وەک وتمان- مەسەلەیەکی تیۆری دەخاتەڕوو: **ئایا ئیسلام، وەک بیروباوەڕێک راڤەکردنی ماتریالیزمی دیالێکتیکی بۆ مێژوو، قبووڵ دەکات؟ بەدەستەواژەیەکی روونتر: ئاخۆ راڤەکردنی ماتریالیزمی دیالێکتیکی بۆ مێژوو لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامیدا، ناکۆک و دژ نابێ؟**

لێرەدا کێشەکە کێشەیەکی تیۆرییە چونکە پەیوەستە بە جۆری ئەو وێناکردنەی کە ئیسلام بۆ مێژوو هەیەتی. ئەو وێناکردنەی ئیسلام بۆ مێژوو چییە؟ ئایا لەگەڵ ئەو وێناکردنەدا پێچەوانەیە کە ماتریالیزمی دیالێکتیکی لێیەوە دەردەچێ؟

ماتریالیزمی مێژوویی لە راڤەکردنیدا بۆ مێژوو لەم وێناکردنە گشتییەدا خۆی دەنوێنێ: خەڵکی خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەن، لە ناویاندا کەسی بەهێز زوڵم و ستەم لە کەسی بێهێز دەکاو دەیچەوسێنێتەوە، ئەو کەسە بێهێزە بۆ لابردنی زوڵم و ستەم رادەپەڕێ و سنوورێک بۆ چەوسانەوەکەی دادەنێ. ئەم ململانێیەی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران بریتییە لە بنەمای دەسەڵاتی سیاسی. ململانێیەکی دیکە ئەم ململانێ کۆمەڵایەتی- ئابوورییە یاوەری دەکا یاخود پەردەپۆشی دەکا، ململانێیەکە لە ئاستی فیکردا، ململانێی نێوان مەزهەب و گرووپ و فیرقەکان.

بۆ ئەوەی لەبیروباوەڕی ئیسلامییەوە وەڵامێک بەم مەسەلەیە بدەینەوە، دەبێ بیگوازینەوە بۆ ئەو ئاستە فەلسەفییەی کە لە ناو خودی ئیسلامدا خراوەتەڕوو. دەستەواژەی «خەڵکی خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەن» لەم ئاستەدا بەم مانایەدێ: «مرۆڤ لە کردەوەکانی خۆی بەرپرسیارە»، ئەمەش پرەنسیپێکی ئیسلامیی دیارو ئاشکرایەو لە قورئانی پیرۆزیشدا چەندین ئایەت لەسەر ئەم بابەتە هەن. ئیسلامیش بانگی بۆ هەموو خەڵکی هێنا، ئەگەر ئیسلام لەو بانگەشەیەوە دەستی پێ نەکردایە کە مرۆڤ لە کردەوەکانی خۆی بەرپرسیارە، ئەوسا ئەو بانگەشەیە پاساوی خۆی لەدەست دەدا. جا ئەگەر لەگەڵ موعتەزیلەکاندا ئەوە بڵێین کە «مرۆڤ خۆی کردەوەکانی خۆی دەخوڵقێنێ» یاخود لەگەڵ ئەشعەرییەکاندا بڵێین «مرۆڤ ئەنجامی کردەوەکانی خۆی بەدەست دێنێ» ئەوا بەرپرسێتی لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئامادەیە. مادامەکی مرۆڤ بەرپرسی کردەوەکانی خۆیەتی، بەگەورەو بچووکیانەوە، ئەوا بۆ خۆی چارەنووسی



خۆی- واتە مێژووی خۆی- دروست دەکا، بەڵکو لە تێڕوانینی ئیسلامیدا تەنانەت «پاش مێژووی خۆی» یشی هەڵدەبژێرێ، واتە چارەنووسی خۆی لە ئاخیرەتدا. ئەمرۆ نەهی، جەزاو عیقاب و ئەو باوەڕە ئیسلامییەی کە دەڵێ: «الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر» گشت ئەمانە مومکین نییە تێیان بگەین تەنیا لەبەر تیشکی ئەم ئایەتەدا نەبێ: «إنا عرضنا الامانة على السموات والارض والجبال فأَبْينَ ان يحملنها واشفقن منها وحملها الانسان»[٦] لێرەدا ئەمانەت بەواتای بەرپرسیارێتی دێ. ئەوەی مرۆڤ لە بێ گیانەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەمانەت هەڵدەگرێ، واتە بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێ، ئەو ئەمانەتەی وا لە مرۆڤ دەکا بۆ خۆی مێژووی خۆی دروست بکا، کەچی ئاژەڵ و بێ گیانەکان مێژوویان نییە چونکە «ئەمانەت»یان نییە، واتە بەرپرسێتییان لەسەر نییە.

لە وانەیە هەندێ کەس نارەزایی دەربڕن و بڵێن راڤەکردنی ماتریالیزمی دیالێکتیکی بۆ مێژوو یاسایەکی گشتی دادەنێ کە بەپێی ئەو یاسایە رووداوە مێژووییەکان بەڕێوەدەچن، ئەمەش - لە تێڕوانینی ئەواندا - لەگەڵ «ئیرادەی خوا» دا ناگونجێ. بەڵام ئەوکەسانە ئەوەیان لەبیر دەچێ کە ئیرادەی خوا لەم بوارەدا واتە «سوننەتی خودا کە پێشتر دانراوە» واتە بوونی یاساو سیستمێک کە خودا دایناون و بەپێی ئەوانە هەموو شتێک لەم ژیانە دنیاییەدا بەڕێوە دەچێ. قورئانیش ئەم یاسایە یان ئەم سوننەتە خوداییە تایبەتمەند ناکات نەلەلایەنی جوگرافیی سروشتی نەلەلایەنی ئابووری و نەلەلایەنی رۆحی، دەرگای ئەم بابەتەی بەکراوەیی بۆ موسڵمانەکان جێهێشتووە تاهەوڵ بدەن لە تێگەیشتنی ئەم سوننەتەی خوادا پتر لێی بکۆڵنەوەو «ئیجتیهاد»ی تێدا بکەن.

زۆر ئاساییشە ئەگەر بەم یا بەو شێوەیە لێی تێبگەن چونکە مەسەلەکە پابەندە بە مەبەستی خوداوە، وەک ئوسوڵییەکانیش دەڵێن ئێمە لە حیکمەت و مەبەستی خودا نازانین تەنیا زانینێکی گریمانکاری نەبێ کەئەمیش بە پەرەسەندنی تێگەیشتنمان و بەنەشونماکردنی زانیاریمان گەشە دەکاو پێش دەکەوێ، ئەمە بنچینەی «ئیجتیهاد»ە کە بەیەکێ لەسەرچاوەکانی تەشریعی ئیسلامی دادەنرێ.

لە دوای مردنی پێغەمبەر، ناکۆکییەک کەوتە نێوان موسڵمانەکان لەسەر

ئەوەی کێ لە دوای ئەو دەبێتە جێگیرو خەلیفە. کێ لە موسڵمانان راڤەکردنی ئەم ناکۆکییە ناگەڕێنێتەوە بۆ ململانێی نێوان ئەنصار و موهاجیرین؟ لەپاش کوشتنی عوسمان، کێ راڤەی مێژووی ئیسلام بەوە ناکات کە ئەم رووداوە بە هۆی ململانێی نێوان حزبەکان و گرووپ و فیرقە سیاسییەکانەوە بوو؟ ئەی غەزالی ململانێی کۆمەڵایەتی و عەقائیدی نەبەستەوە بەهەیبەت و هێز؟ ئەی بنچینەی ئیمامییەت وخەلافەتی نەکرد بە دەمارگیری و هێزو هەیبەت؟ ئەی ئیبن خەلدوون-ی فەقیهی مالکی و بیرمەندی ئەشعەری، وێنای فەلسەفەیەکی ماتریالیزمیی بۆ مێژوو نەکرد؟ ئەی نەیووت کە یاسایەک- یان چەند یاسایەک- هەیە کە تەحەکوم بە رۆیشتنی مێژوو دەکاو ناوی نا «طبائع العمران»؟ ئەی وەک ئەشعەرییەکانی تر نەیووت «مادده جێگیرە» کەمەبەستی ئەوە بووە خوا بەجۆرێک مەسەلەکانی سروشت و مێژووی داناوە، کە لە دوای کۆتایی هاتنی موعجیزەکان و پەیامە ئاسمانییەکان، ئیتر جێگیر بووەو بووە بە یاسایەکی گشتی؟[٧] ئەی (ابو ذرالغفاري) وای لە هەژاران نەکرد راپەڕن و مافی خۆیان لەدەوڵەمەندان وەربگرن؟ ئەی لەدژی دەسەڵاتداران نەوەستا لەبەرئەوەی بەناوی خەلافەت و ئایینەوە هەژارانیان دەچەوساندەوە؟ باکەمێ ئاوڕ لە نزیکی خۆمان بدەینەوەو ئەم راڤەکردنەی ماتریالیزمی مێژوویی بۆ وردترین ماوەی مێژووی ئیسلامی بخوێنینەوە کە جەمالوددین ئەفغانی باسی جیاوازیی چینایەتیی ئەو سەردەمانە دەکا کە چۆن چینێکی زۆر دەوڵەمەند پەیدابوو و لە بەرامبەریدا چینێکی زۆر هەژار هەبوو، یەکەم کە سیش- وەک ئەفغانی دەڵێ- هەستی بەترسناکیی ئەم حاڵەتە کرد بۆسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەبوزەری غەفاری بوو، ئایا ئەفغانی کاتێ ئەو سەردەمەی بە ململانێی چینایەتیی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان راڤەکرد، هەستی بەهیچ شەرم و ناتەواوییەک کرد؟

***

هەر دەبوو بەم جۆرە باسەکە درێژبکەینەوە لەبەرئەوەی باسکردنی مێژوو و فەلسەفە، ئەگەر نەیبەستینەوە بە واقیع و بابەتەکانی خۆمان، دەبێتە باسکردنێکی بەتاڵ و رووت، پەیوەندیی نێوان مێژوو و فەلسەفە، ئەمڕۆکە سەبارەت بە ئێمە، پەیوەندیی نێوان کەلەپوورمان و فەلسەفەی ئەوسەردەمەی



تیایدا دەژین، دەخاتە روو، پاشان ئیشکالییەتی رەسەنایەتی و هاوچەرخێتی. ئیسلام وەک عەقیدەو شەریعەت یەکێ لە بنەما بنچینەییەکانی بوونی ئێمە پێکدەهێنێ و هەروەها رەگەزێکی بنچینەیی لە ناسنامەی نەتەوایەتیمان پێکدەهێنێ. ئەمە واقیعێکە نابێ فەرامۆشی بکەین یان نکۆڵیی لێ بکەین، دەنا هەر خەون دەبینین و لە هەوادا کۆشک بنیات دەنێین. هەڵوێستی زانستیش پێویستیی بەوەیە کەدان بە- واقیع وەک خۆی- دابنرێ و لەو واقیعەوە دەست پێبکرێ، دەشێ لە پێناوی واقیعێکی باشتردا ئەم واقیعەی ئیستا بگۆڕدرێ، گۆڕینی هەر واقیعێکیش، سروشتی بێ یان کۆمەڵایەتی یان فیکری، تەنیا لە ناو ئەو واقیعە خۆی ئەنجام دەدرێ، لەیەک کاتدا پاراستن و نەفیکردنی ئەو واقیعە، بەدیهێنانی مومکیناتی واقیعێکەو کردنەوەی بوارە بۆ دەرکەوتنی مومکیناتی نوێ. کۆمەڵگەکەمان پێویستیی بە پەرەسەندن و پێشکەوتن هەیە، بەڵام تەنیا لەناوەوەو لە هەناوی خۆیدا پەرە دەستێنێ و پێشدەکەوێ. ئێمە پێویستیمان بە کەلتوورێکی نوێ هەیە بەڵام رۆشنبیریش وەک شتومەکی بیانی لەدەرەوە ناهێنرێ، بەڵکو لە ئامێزی رۆشنبیریی کۆن و بەمتوربەکردنی لەگەڵ رۆشنبیریی هاوچەرخدا گەشە دەکات، وەک ئۆگست کۆنت دەڵێ: «بیروباوەڕەکان، بەهێرش کردنە سەریان، نامرن، بەڵکو ئەوکاتە دەمرن کەبسەلمێنرێ بێ کەڵکن و پێویست نین»، ئەم قسەیە بۆ کەلەپووریش راستەو هەروەها بۆ تیۆرو فەلسەفە هاوچەرخەکانیش لەوانە خودی مارکسیزمیش. مارکسیزم ئەو رۆژە دەمرێ کە ببێتە فیکرێکی دۆگمایی و بەدەوری خۆیدا گرمۆڵەبێ. ئیسلامیش وەک بیروباوەڕو شەریعەت نەمرد لەبەرئەوەی لە مێژووی دوورودرێژیدا توانای خۆی بۆ کرانەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ فیکرە نوێیەکان سەلماندووە. ئێمە ئەمڕۆ هەین و لەبەرامبەر فیکری نوێی ئەوروپیدا وەستاوین، رێک وەک ئەو کاتەی باب و باپیرانمان لە بەرامبەر فیکری یۆنانی و کەلتووری شارستانییەتە کۆنەکان وەستابوون. شارستانییەتی عەرەبیش توانی ئەو فیکرەیە و ئەو کەلتوورە وەربگرێ و هەرسی بکا بێ ئەوەی شوناسی خۆی ون بکات. ئێمەش دەبێ ئەمڕۆ هەمان شت دووبارە بکەینەوە، واتە بەبنیاتنانی شارستانییەتێکی نوێ، شارستانییەتی عەرەب لە ئایندەدا. ئێمە دامەزراندنی مێژوویەکی نوێمان لەسەرە، کەواتە دەبێ دیدێکی نوێمان بۆ رابردوو و

ئێستامان هەبێ. دەبێ روانینێکی راست و دروستمان بۆ مرۆڤ هەبێ، فەلسەفەی راست و دروستیش ئەم روانینە نوێیە بۆ مرۆڤی واقیعی دەخەملێنێ، مرۆڤ کوڕی ئاددەمی لە خۆڵ دروست کراو، واتە لە ماددە دروست کراوە، ئەو مرۆڤەی مێژووییەی کە برای خۆی دەکوژێ وەک قابیل کە هابیلی برای خۆی کوشت، ئەمەش وەک ئەوە وایە کە هەموو خەڵکیی کوشتبێ، کەسێکیش برای خۆی رزگار بکات وەک ئەوە وایە هەموو خەڵکیی رزگار کردبێ، مرۆڤێک کەلەکردەوەکانی خۆی بەرپرسیارە، ئەو مرۆڤەی لە میانی تێکۆشانی خۆیەوە مێژووی خۆی دروست دەکات لە پێناوی بژێوی رۆژانەی لە میانی پەیوەندیی بەرهەمهێنان کە لەگەڵ کەسانی دیکە دایمەزرێنێ. مێژوویش هەولدانێکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ لە رابردوودا و پێشکەشکردنی وێنەی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە بەجۆرێ زۆر لە راستی و واقیعەوە نزیک بێ.

ئاخۆ دەکرێ لە رووداوەکانی رابردووی مرۆڤایەتی تێبگەین، بەڵکو ئایا دەکرێ بەبێ تێروانینێکی فەلسەفی لەو رووداوانە تێبگەین و وێنای بکەین؟ بەبێ وێناکردنێکی دیاریکراو بۆ مرۆڤ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سروشت و کۆمەڵگە، مومکین نییە مێژوو وەک رابردوو و وەک ئایندەش بنیات بنرێتەوە. لێرەدا خەڵکی دەبنە دوو پۆل: پۆلێک هەوڵ دەدا ئەو خەباتە بشارێتەوە کە میللەتان لەدژی چەوسێنەران بەرپایان کردووە، لەبەرئەوەی لە پەندو وانە خەباتگێرییەکانی رابردووەوە لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەترسێ. پۆلێکی تریش هەوڵ دەدا ئەو خەباتە بەرجەستەبکاو بەخەباتی ئێستاوەی گرێ بدا بە ئاراستەی پێشکەوتن و سەربەخۆیی و ئاینده. لێرەوە ئەو مێژووەی کە مێژوونووس و فەلسەفە دەینووسێ، ئەوە بەپێویست هەر هەمان ئەو مێژووەیە کە «ململانێی چینایەتی لە ئاستی تیۆریدا» لە خۆدەگرێ. خۆ ئەگەر ئەو دیکۆمێنت و دەقانەی بۆ زیاد بکەین کە مێژوونووس لە کارەکەیدا پشتیان پێدەبەستێ و ئەوانیش هەر هەڵگری ئایدیۆلۆژیای دانەرانی ئەو دیکۆمێنت و دەقانەبن کە ململانێی چینایەتیی سەردەمەکەی خۆیان پێچەوانە دەکەنەوە، دەکرێ بڵێین: مێژووی نووسراو بریتییە لە شوێنی بەیەکگەیشتنی ململانێی چینایەتیی رابردوو و ئێستا. لە بەرئەوە مێژووی- نووسراو- چەکێکی ئایدیۆلۆژی بوو بەدەستی چینە



چەوسێنەرو دەسەڵاتدارەکان.

تەنیا بەڵگەیەک بەسە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، بەڵگەیەک کە دەوڵەتان لە هەموو سەردەمەکاندا چەند مێژوونووسێکی رەسمی بۆ نووسینەوەی مێژوو دادەمەزرێنن، کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامیی ئێمەش لم رێسایە بەدەرنەبووەو بەدەر نییە. زۆربەی مێژوونووسان فەرمانبەر یان ئەندام بوون لەدەست و پێوەندەکانی دەوڵەت. زۆربەشیان هەستیان بەوە دەکرد کە مێژوو وەک خۆی نانووسنەوە، بەڵکو بەو جۆرەی دەسەڵاتداران دەیانەوێ- یان لانی کەم پێی رازی بن- مێژوونووسی رەسمیی دەوڵەتی بوەیهی (ئیبراهیم الصابيء) لە کاتی نووسینەوەی مێژووی (بەنی بوەیه)، لێیان پرسی چی دەکەی؟ لە وەڵامدا وتی «شتی ناهەق دەرازێنمەوەو درۆ رێک دەخەم». بێگومان گشت مێژوونووسان بەم جۆرە درۆیان لەگەڵ خەڵکیدا نەدەکرد، بەڵکو لەوانەیە زۆربەیان لەو باوەڕەدا بووبن کە «راستی» دەنووسنەوە، کەلەمەشدا لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو- ئایدیۆلۆژیای چینی فەرمانڕەوا-دا دەینووسی و پێی وابوو شتی راست دەنووسێ و بۆچوونی راست دەخاتەڕوو.

مێژووی- نووسراو-ی ئایدیۆلۆژییانە، هەر بەو جۆرە دەنووسرێ. نووسینی مێژوو لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتدا دەستی پێکردووەو هەمیشە بەوجۆرە دەست پێدەکات، واتە لەگەڵ دابەش بوونی کۆمەڵگە بەسەر چینی دەسەڵاتدارو چینی ژێردەست. ئێمە ئەمڕۆکە دەڵێین میللەتە سەرەتاییەکان مێژوویان نییە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتیان نییە. کۆمەڵگەی عەرەبیش لەسەردەمی جاهیلیدا مێژوویەکی نووسراوی نەبوو لەبەرئەوەی کۆمەڵگەیەک بوو بەبێ دەوڵەت. مێژوو لەلای عەرەب لەگەڵ ئیسلامدا دەست پێدەکا، واتە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی کە لەدوای کۆچکردنی پێغەمبەر بۆ مەدینە بەردی بناغەی دەوڵەتی داناوە. بەڵام بەر لە ئیسلام سەردەمی جاهیلی بوو، واتە سەردەمی بەر لە مێژووبوو.

مێژوو وەک کۆمەڵێ رووداو، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتدا دەست پێدەکات. مێژوو وەک مەعریفە، دیسان لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتدا دەست پێدەکات. دەوڵەت کاتێ نەشونما دەکا کە کۆمەڵگە دابەش ببێتە سەر چینی دەسەڵاتدارو چینی ژێر دەست، ئەمەش دەربڕینێکی دیاریکراوی ململانێی چینایەتییە.

مێژووی نووسراو دەربڕینێکی ئایدیۆلدۆژیی ئەم ململانێیەیە. مێژوو لەبنەڕەتدا ئایدیۆلۆژیایە. مێژوو تەنیا بەشیکردنەوەی زانستی ئەم ئایدیۆلۆژیایە دەبێ بە زانست، شیکردنەوەی زانستیی بۆ ئایدیۆلۆژیا پێویستیی بە ئایدیۆلۆژیایەکی زانستی هەیە، واتە فەلسەفەیەکی راست و دروست، دەنا ئەو شیکردنەوەیە دەبێ بە شیکردنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ ئایدیۆلۆژیا، واتە ئایدیۆلۆژیایەکی ساختە. مێژوونووس لە نووسینی مێژووی زانستیدا لە کوێ ئەو فەلسەفە راست و دروستە بێنێ کەوای لێدەکا تێگەیشتنێکی زانستییانەی بۆ مێژوو هەبێ؟

فەلسەفەی راست و دروست لە مێژوو خۆیەوە هەڵدەهێنجرێ نەک لەدەرەوەی مێژوو. وەک چۆن فیزیک لە سروشت خۆیەوە ئاو دەدرێ نەک لەدەرەوەی. لە وانەیە بڵێین مێژووی زانستی لەسەر فەلسەفەیەکی راست و دروست رادەوەستێ و فەلسەفەی راست و دروستیش سەرچاوەکەی لە خودی مێژووەوەیە! لێرەدا مەسەلەکە مەسەلەی تێگەیشتنێکی دیالێکتیکانەیە بۆ سروشتی مەعریفە. ئێمە لە مەعریفەیەکی پێشترەوە شتەکان ناناسین، بەڵکو لە میانی بەریەک کەوتن و چوونە ناویانەوە لەچەند پەیوەندییەکدا دەیانناسین. بە هۆی ئەم بەریەک کەوتن و ئەم پەیوەندییانەی نێوان خودو بابەت، فیکر شکڵ دەگرێ و گەشەدەکا. بەهۆی فیکرو لە میانی شکڵ گرتن و گەشەکردنیدا، بەشێوەیەکی بابەتییانە پەیوەندی لەگەڵ شتەکاندا دادەمەزرێنین، واتە زانستێک دادەمەزرێنین. بەهۆی بابەتەوە خود خۆی بنیات دەنێ تا سەرلەنوێ بابەت بنیات بنێتەوە. بەم جۆرە لەمیانی مێژووەوە- مێژوو وەک کۆمەڵێ رووداو و وەک مەعریفە- فەلسەفەیەک بۆ خۆمان دادەمەزرێنین، واتە روانینێکی دیاریکراو دادەمەزرێنین، پاشان جارێکی تر لەبەر رۆشنایی ئەو فەلسەفەیەدا مێژوو بنیات دەنێینەوە.

مەسەلەی بنەڕەتی بریتییە لەوەی: ئایا ئەم فەلسەفەیە هوشیارە یان ناهوشیارە؟ فەلسەفەی هوشیار تەنیا بەرامانێکی ئاگا لەخودو بەرهەمەکانی خۆی دانامەزرێ، بەڵکو بەپرۆسیسی پراکتیکی لە ژیاندا دادەمەزرێ، هەروەها بە پرۆسیسی تیۆری لە گرفتەکانی ژیان. مارکس دەڵێ: «مەسەلەی زانینی ئەوەی کەفیکری مرۆیی سیفەتی راستیی بابەتیی هەیە، مەسەلەیەکی تیۆری نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی پراکتیکییە. لە پرۆسەدا مرۆڤ دەتوانێ بەڵگەیەکی بۆ راستیی فیکری خۆی هەبێ، واتە بۆ واقیع و هێزو وردبینی و گشتییەتی



خۆی». سەبارەت بە مەعریفەی مێژوویی، دەبێ ئەمەی بۆ زیاد بکەین: چۆنێتی پرۆسەکردنی مێژوونووس بۆ ژیان و ئەو چینەی لە رووی کۆمەڵایەتی و فیکرییەوە ئینتیمای بۆ دەکا، ئەمانە جۆری «راستیی بابەتی» دیاری دەکەن، ئەو راستییە بابەتییەی لەژیانەوە هەڵیدەهێنجێ. ئەمە مانای وایە کە ئاگایی بە مێژوو لە ئاگایی ئێستاوە دەست پێدەکاو هەر لەوێشەوە دەردەچێ، لەبەرئەوەی روانینی ئێستا- زۆرجار- روانینی رابردوو دیاری دەکا، تێگەیشتنی ئێستا کلیلی تێگەیشتنی رابردووە.

مارکس پرۆسەیەکی خەباتگێڕانەی هەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی کردووە، ئەمەش توانای ئەوەی پێ بەخشیوە کەمانایەکی دیاریکراو بە «خەونی ئەڵمانی» ببەخشێ، لە شیکردنەوەی بونیادی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییی سەردەمەکەی خۆی و دۆزینەوەی یاساکانی پێکهاتن و یاساکانی پەرەسەندنی ئەو بونیادە، واتە ئاگاییەکی راست و دروستی وەرگرت کە توانی بەتێڕوانینێکی زانستییانە تەماشای مێژوو بکات. ئیبن خەلدوون بەر لە مارکس بەچەند سەدەیەک ئەم کارەی کردووە، ئیبن خەلدوون لە نێو ململانێکانی سەردەمەکەی خۆیدا ژیاوەو وردو درشتی کۆمەڵگەکەی خۆی ناسیوەو یاساکانی پێکهاتەو گەشەسەندنی کەشف کردووە- بێگومان بەقەدەر پێشکەوتنی مەعریفەی مرۆیی ئەو سەردەمە-، توانی تێڕوانینێکی نوێ بۆ مێژووی ئیسلامی وەربگرێ، تێڕوانینێکی زانستییانەی رەسەن. ئیبن خەلدوون بەو سیفەتە تەماشای مێژووی نەکردووە کە بریتی بێ لە کۆمەڵێ رووداو کە لە چەند زەمەنێکدا بەدوای یەکتر هاتبن، بێ ئەوەی یاسایەک دیسپلینیان بکاو کۆمەڵێ هۆ لەپشتی جووڵانەوەی رووداوەکاندا هەبێ، بەڵکو بەو جۆرە تەماشای کۆی مێژووی کردووە کەبریتییە لە مێژووی «ململانێ» کە کۆمەڵێ یاسای بابەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و سروشتی تەحەکومی پێدەکاو ئاراستەکانی بۆ دیاری دەکا، ئیبن خەلدوون ئەمەی ناونا «طبائع العمران» ئەم وێناکردنە نوێیە بۆ مێژوو وەک ئەپستیمێکی زانستی، هەروەها ئەم وێناکردنە بۆ مێژوو وەک ململانێیەک لە پێناوی دەسەڵاتدا کە لەنێوان توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بەڕێوە دەچێ، واتە جیاوازیی جۆری بەرهەمهێنان و شێوازی ژیانیان، ئەگەر ئیبن خەلدوون پرۆسەیەکی فیعلیی بۆ مێژووی واقیعی نەکردایە، نەیدەتوانی ئەم وێناکردنە

نوێیە بخەملێنێ، واتە ئیبن خەلدوون بە توندی چووە ناو ژیانی واقیعیی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە بە مەبەستی گۆڕینی ئەو ژیانە نەک لەگەڵیدا بڕواو تێکەڵی بێ. لێرەدا بەلامانەوە گرنگ نییە ئیبن خەلدوون دەیویست چ جۆرە گۆڕانێک ئەنجام بدرێ، بەڵکو بەلامانەوە گرنگ ئەو تێڕوانینە فەلسەفییەیە کە لێیەوە تەماشای مێژووی دەکردو بە پرۆسیسەو هەر لەمیانی پرۆسیسەوە ئەو تێڕوانینە فەلسەفییەی ئاوداوە،، واتە لە مێژوو خۆیەوە، ئەو مێژووەی تیایدا دەژیاو بەشداریی لە دروستکردنیدا دەکرد. مارکسیش ئەم پرۆسەیەی ئەنجام داوە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی هەردوو سەردەمەکە.

ئەگەر ئێمە ئەمڕۆکە ئیبن خەلدوون و مارکس بەیەکەوە گرێ دەدەین، لەبەرئەوەیە مارکسیزم تائێستاش فەلسەفەی سەردەمەو هێشتا تەجاوز نەکراوە، هەروەها لەبەرئەوەیە کە تێڕوانینی خەلدوونیزم بۆ مێژووی ئیسلامی تائێستاش گوزارشت لەلایەنێکی گرنگی حەقیقەتی ئەم مێژووە دەکاو هێشتا لەکەشی کەلتووری عەرەبیی ئیسلامیدا تەجاوز نەکراوە. ئەم پێکەوە گرێدانە- بەبۆچوونی ئێمە- شێوەیەک لە شێوەکانی پێکەوەبەستنی کەلەپووری ئێمەو فیکری هاوچەرخ پێکدەهێنێ، هەروەها پێکەوەبەستنی رەسەنایەتی و هاوچەرخێتی، بەڵام ئەگەر کەلەپوور بە کەلتووری هاوچەرخ و کەلتووری هاوچەرخیش بەکەلەپوورەوە نەنووسێنین، ئەوسا ئەو پێکەوە گرێدانە بە شێوەیەکی میکانیکی و لە رووکاردا دەمێنێتەوە. مەبەستمان لەمە مامەڵە کردنە لەگەڵ رۆشنبیریی هاوچەرخ بەو سیفەتەی ئێمە کەسایەتییەکین سیستمی مەرجەعیی تایبەتیی خۆمان هەیەو بەئاگاییەوە پشتی پێدەبەستین و بەئاگاییشەوە دەستکاریی دەکەین و راستی دەکەینەوە. هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوور وەک کەسانێکی هاوچەرخ کە بە رۆشنبیریی سەردەم پڕچەک کراوین.

پرۆسەی تیۆرییانەی بەئاگا بۆ کەلەپوورو رۆشنبیریی سەردەم پێکەوە، هەروەها پرۆسەی زانستی بۆ ئەو ژیانە خەباتگێڕییەی کە میللەتانی ئێمە لە پێناوی گەشەکردن و پێشکەوتندا بەرپای دەکەن، ئەمانە تاکە رێگەیەکن بۆ خولقاندنی رۆشنبیرییەکی نیشتمانی و راست و میللی و سەربەخۆ،



رۆشنبیرییەک مێژوو دروستی بکات، رۆشنبیرییەک مێژوو دروست بکات، رۆشنبیرییەکی رەسەن و هاوچەرخ لەیەک کاتدا.

**پەراوێزەکان:**

١- ئەمە لێکچەرێکە لە رێکەوتی (١٩٧٦/٦/٤) لە (الدار البیضاء) لە مەغریب پێشکەش کراوە، لەبەر گرنگیی باسەکەو بایەخی هەنووکەیی بابەتەکەی، کراوەتە بەشێک لەم کتێبە.

٢- ئەو پەڕەگرافانەمان لەم کتێبە وەرگرتووە: (ول دیورانت، مناهج الفلسفة، ترجمة: احمد فؤاد الأحواني، القاهرة- ١٩٥٦، الكتاب الثاني، الجزء السادس).

٣- تەنیا بۆ بیرهێنانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە ئێمە پشت بەچارەسەری بونیادگەری وەک ساتێک لەساتەکانی میتۆد دەبەستین، ئەمەیش لەگەڵ ساتی شیکردنەوەی مێژوویی و خستنەڕووی ئایدیۆلۆژی، ساتی بەنێو یەکدا چوون و تەواوکراوە. بێگومان بونیادگەریش تیۆرو میتۆدە، ئێمە تەنیا وەک میتۆد مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

٤- بۆ بیرخستنەوە، ئێمە ئەم باسەمان لەساڵی (١٩٧٦)دا نووسیوە، ئەوکاتەی تەوژمی مارکسیزم لە حەفتاکانی ئەم سەدەیەدا لەوپەڕی بەربڵاوییدا بوو.


٥- بۆ پتر شارەزابوون، بڕوانە (محمد عابد الجابري- مدخل الى فلسفة العلوم- دراسات ونصوص في الابستمولوجيا المعاصرة - ج٢- بیروت: دارالطليعة- ١٩٨٢).

٦- قورئانی پیرۆز، سوڕەتی ئەحزاب، ئایەتی (٧٢).

٧- بۆ پتر شارەزابوون لە تیۆری ئیبن خەلدوون لە مێژووی ئیسلامی، بڕوانە: محمد عابد الجابري- فكر ابن خلدون: العصبية والدولة- معالم نظرية خلدونية في التاريخ الاسلامي- الدار البيضاء-١٩٧١)

**سەرچاوە:**

د. محمد عابد الجابري/ التراث والحداثة- دراسات... ومناقشات. مركز دراسات الوحدة العربية - ط١، تموز ١٩٩١.



د. ئیدوارد سەعید

# وێنەکانی ڕۆشنبیر

**ئیدوارد سەعید**

ئایا ڕۆشنبیران توێژێکی گەورەی خەڵکی پێک دەهێنن، یان دەستەبژێرێکن ئاستێکی بەرزیان هەیەو ژمارەشیان زۆر کەمە؟ لێرەدا دژایەتییەک لەجەوهەری دوو وەسفدا هەیە کە لەسەدەی بیستەمدا بۆ ڕۆشنبیر کراوە. «ئەنتۆنیۆ گرامشی»ی مارکسیستی ئیتاڵی کە خەباتگێڕو ڕۆژنامەنووس و فەیلەسووفێکی سیاسی بووە، مۆسۆلینی لە نێوان ساڵانی (١٩٢٦-١٩٣٧) زیندانیی کردووە، گرامشی لە «پەڕاوەکانی بەندیخانە»دا دەنووسێ: «مرۆڤ دەتوانێ بڵێ هەموو خەڵکی ڕۆشنبیرن، بەڵام هەموو خەڵکی وەزیفەی ڕۆشنبیریان لە کۆمەڵگەدا نییە»[١]. بیۆگرافیای گرامشی نموونەی ڕۆڵی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرە پێک دەهێنێ کە خۆی وەسفی دەکا. گرامشی کە پسپۆڕ بوو لە فیلۆلۆژیای زمان، ڕێکخەری بزووتنەوەی چینی کرێکارانی ئیتالیاش بووە، لە نووسینە ڕۆژنامەوانییەکانیشیدا بە بیرکردنەوەو ڕامان و ئاگاییەوە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی شی دەکردەوە، ئامانجی گرامشی بە تەنیا بریتی نەبوو لە دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئامانجی ئەوەش بوو کە بناغەی بونیادێکی ڕۆشنبیریی کامڵ دابمەزرێنێ کە پەیوەست بێ بەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەوە.

گرامشی هەوڵ دەدا، ئەوکەسانەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر دەبینن، بۆ دوو جۆر پۆلینیان بکات، جۆری یەکەم ڕۆشنبیرە تەقلیدییەکان دەگرێتەوە. وەک: مامۆستایان و پیاوانی ئایین و فەرمانبەرە ئیدارییەکان، ئەمانە ساڵ لە دوای ساڵ و وەچە لە دوای وەچە، هەمان کارو وەزیفە ئەنجام دەدەن. جۆری دووەم ئەو ڕۆشنبیرانەن کە گرامشی ناویان دەنێ «ڕۆشنبیرە ئۆرگانییەکان» کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بەچینەکان یان بە دەزگا بازرگانییەکان، ئەم چین و دامودەزگایانە ڕۆشنبیران بۆ ڕێکخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هێزو دەسەڵاتێکی پتری



خۆیان، بەکاردێنن، گرامشی لە بارەی ڕۆشنبیری ئۆرگانی دەڵێ: «سەرمایەداری خاوەنکار لەتەک خۆیدا تەکنیکاری پیشەسازی و کەسانی پسپۆر لە بواری ئابووریی سیاسی دروست دەکا، هەروەها کەسانێک دەخوڵقێنێ کە بەردی بناغەی ڕۆشنبیرییەکی نوێ دادەمەزرێنن و سیستەمی یاسایەکی نوێ دادەنێن»[٢]. لە جیهانی ئەمڕۆدا- بەپێی گرامشی-، ئەو کەسانەی شارەزای پروپاگەندەو پەیوەندییە گشتییەکانن و دەتوانن بەشێکی گەورەتر لە بازاڕ بەدەست بێنن، ئەمانە ڕۆشنبیری ئۆرگانین، ڕۆشنبیری ئۆرگانی کەسێکە، لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، هەوڵ دەدا ڕەزامەندیی کەسانی دیکە بەلای خۆیدا رابکێشێ. گرامشی باوەڕی وابوو کەئەم جۆرە ڕۆشنبیرانە بەئەکتیڤێکی گەورەوە لە کۆمەڵگەدا بەشداری دەکەن، واتە بەردەوام هەوڵ دەدەن بیروباوەڕی نوێ بێننە ئاراوەو بۆچوونەکان بگۆڕن و بازاڕەکان فراوانتر بکەنەوە. کەواتە ڕۆشنبیرە ئۆرگانییەکان بەردەوام شوێن دەگۆڕن و لە گروپێکدا شکڵ دەگرن، بەپێچەوانەی ڕۆشنبیرە تەقلیدییەکان (مامۆستایان، پیاوانی ئایین... تاد) کە هەمیشە لە شوێنی خۆیان دەمێننەوەو ساڵ لە دوای ساڵ هەمان کار ئەنجام دەدەن.

لەبەرامبەر ئەم پێناسەیەی گرامشیدا بۆ ڕۆشنبیران، «جولیان بیندا» پێناسێکی پێچەوانەی هەیە کە پێی وایە ڕۆشنبیران کۆمەڵەیەکی بچووکن لە پاشا- فەیلەسووفان، ئەمانە بەهرەیەکی جیاوازو ڕەوشتێکی بەرزیان هەیەو ویژدانی مرۆڤایەتی پێک دەهێنن. کتێبە ناودارەکەی بیندا بەناوی «ناپاکیی ڕۆشنبیران» (کە لە ساڵی ١٩٢٧دا چاپ کراوەو بۆجاری دووەمیش لە ساڵی ١٩٦٩دا چاپ کراوەتەوە)، بۆ وەچەکانی دواتریش برەوی هەبووە چونکە هێرشێکی توند دەکاتە سەر ئەو ڕۆشنبیرانەی پشت لە پەیامی خۆیان دەکەن و پرەنسیپەکانیان دەلەوتێنن، بەڵام بیندا لەم کتێبەدا کەمتر شیکردنەوەی میتۆدیی بۆ ژیانی فیکری بەکارهێناوە. لە ڕاستیدا بیندا ناوی کەسانێکی زۆرکەم دەهێنێ و ئاماژە بۆ خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو کەسانە دەکا کە پێی وایە ڕۆشنبیری ڕاستەقینەن. ناوی (سوکرات) و (مەسیح) بەڕادەیەکی زۆر دووبارە دەکاتەوە، هەروەها چەند ناوێکی دیکەی وەک (سپینۆزا) و (ڤۆڵتێر) و (ئێرنست رینان). ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکان چینێکی ڕۆشنبیر پێک دەهێنن و ئەمانە بەڕاستی کۆمەڵێ بوونەوەری دەگمەنن، لەبەرئەوەی ئەو شتانەی داکۆکیی

لێدەکەن و پاڵپشتی دەکەن، کۆمەڵێ پێوەری ئەزەلیی ماف و راستی و داد پەروەرین. لەبەر ئەم هۆیە، بیندا زاراوەیەکی ئایینییان بۆ هەڵدەبژێرێ و بە «ئەکلیرییەکان» یان «کە هنووتییەکان» ناویان دەباو هەمیشە ئەم ناوە لە دژی خەڵکی «رەشۆک- عەوام» بەکاردێنێ، ئەوکەسانەی لە ژیاندا تەنیا بایەخ بە بەرژەوەندیی ماددی و سوودی تایبەتی دەدەن و هەڵێک دەقۆزنەوە تا خۆیان لە کەسانی خاوەن دەسەڵات نزیک بکەنەوە. بیندا دەڵێ: «رۆشنبیرانی راستەقینە ئەو کەسانەن ئامانجی چالاکییەکانیان بۆ جێبەجێکردنی مەبەستێکی زانستی نییە، ئەمان پتر بەختەوەری لە پرۆسەکردنی هونەرێکدا دەبینن، یان لە تێرامانێکی میتافیزیکی، بەکورتی، چەند خەسڵەتێکی نامادییان هەیە، لێرەوە ئەوان بەشێوەیەکی تر دەڵێن: مەملەکەتی ئێمە لەم جیهانەدا نییە»[٣].
بەڵام ئەم نموونەیەی بیندا بەروونی ئەوە دەردەخات، ئەو لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە کەبوونی رۆشنبیران لە جیهانی واقیعی دادەبڕێ و خۆیان بەبابەتی خەیاڵی خەریک دەکەن و لەبورجی عاجدا نیشتەجێ دەبن و لە تەنیاییەکی کوشندەدا دەژین و ژیانی خۆیان بۆ بابەتی تەماوی تەرخان دەکەن. رۆشنبیرانی راستەقینە ئەوکاتە لە حاڵەتێکی دەروونیی باشدا دەبن کە سۆزێکی میتافیزیکانەو پرەنسیپی حەقیقەت و دادپەروەری بیانجووڵێنێ، ئەوسا فەسادو دیاردە ناشیرینەکان ریسوا دەکەن و داکۆکی لەکەسانی لاواز و بێ توانا دەکەن و بەرەنگاریی دەسەڵاتی سەرکوتکەر دەبنەوە. بیندا دەڵێ: «ئایا پێویست دەکا جارێکی تر ئەوە بەبیر بهێنمەوە کە چۆن قەشە فینیلۆن و قەشە ماسیۆن، هەندێ لە جەنگەکانی لویسی چواردەیەمیان ریسوا کرد؟ چۆن ڤۆلتێر کارە وێرانکارییەکانی پاشای ریسوا کرد؟ چۆن رینان لە دژی کارە توندو تیژییەکانی ناپلیۆن وەستا؟ چۆن باکل دەمارگیریی بەریتانیای لە دژی شۆڕشی فەرەنسی ریسوا کرد؟ چۆن نیتشە لە دژی کارە نارەواکانی ئەڵمانیا بەرامبەر بە فەرەنسا رەفتاری کرد؟»[٤]. بەبۆچوونی بیندا، گرفتی کۆمەڵێ لە رۆشنبیرانی ئەمرۆ ئەوەیە ئەوان دەستەبەرداری دەسەڵاتی ئاکاریی خۆیان بوون لە بەرژەوەندیی ئەوەی کە بە «رێکخستنی سۆزی کۆ» ناوی دەبا، وەک گیانی تایفەگەری و هەستی جەماوەری و دەمارگیریی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی چینایەتی. بیندا ئەم قسەیەی لە ساڵی (١٩٢٧)دا نووسیوە، واتە بەر لە گەشەکردنی شێوازەکانی



راگەیاندنی جەماوەری بەماوەیەکی زۆر، بەڵام لەوە تێگەیشتبوو کە چەند گرنگە بۆ حکومەتەکان بتوانن رۆشنبیران بۆ خزمەتی خۆیان بەکاربێنن، ئەو رۆشنبیرانەی دەشێ داوایان لێبکرێ لەدژی دوژمنانی رەسمی وتار بنووسن، وشەو دەستەواژەی جوان و رەنگاوڕەنگ بەکاربهێنن، بەشێوەیەکی فراوان سیستمێکی تەواو لە زمانی ئۆروێلیانە بخولقێنن بەجۆرێ بەناوی «بەرژەوەندی» و « شەرەفی نەتەوەیی»یەوە راستیی رووداوەکان بشارنەوە.
هێزی گلەیی بیندا لە ناپاکیی رۆشنبیران نە پاساوەکانێتی و نە لە حوکمەکانیدایە کاتێ مەسەلەکە دەگاتە ئەوەی رایەکی توند لەسەر پەیامی رۆشنبیر دەربڕێ. بەپێی پێناسەکەی بیندا، دەبێ رۆشنبیرانی راستەقینە خۆیان بۆ ئەو حاڵەتە ئامادە بکەن کە لەوانەیە دوچاری سووتاندن و لەسێدارەدان ببنەوە، ئەمانە کارەکتەری دیارو رەمزین، لەبەرئەوە ناشێ ژمارەیان زۆر بێ و بەشێوەیەکی رۆتینیش پەرەناستێنن. دەبێ ئەمانە کەسانی وردبین و خاوەن کەسایەتیی بەرزو بەهێزبن. لەگشت ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە دەبێ هەمیشە بەرامبەر بەبارودۆخەکە نارازی بن. لەبەر گشت ئەم هۆیانە، رۆشنبیران بەگوێرەی پێناسەکەی بیندا، دەستەیەکی بچووکن بەڵام بەشێوەیەکی روون دەرکەوتوون بەتایبەتی لە پیاواندا، ئەمەش بەهیچ جۆرێ ئافرەتان ناگرێتەوە کە دەنگی بەرزو نەفرەتیان ئاراستەی مرۆڤایەتی دەکەن. بیندا بەهیچ جۆرێ ئاماژە بۆ ئەوە ناکات چۆن ئەم پیاوانە حەقیقەتیان زانیوە، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش ناکات کە تێگەیشتنی ئەوان بۆ پرەنسیپە ئەزەلییەکان جگەلەخەیاڵێکی رووت شتێکی ترنییە، وەک ئەوەی لەلای (دۆن کیشۆت)دا هەیە.
گومانیشم لەوە نییە کە وێنەی رۆشنبیری راستەقینە، بەگوێرەی وێناکردنی بیندا، هەمیشە وەک وێنەیەکی جوان و سەرنجراکێش دەمێنێتەوە، زۆربەی نموونە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی ئەو، نموونەی قەناعەت پێهێنەرن، بۆ نموونە داکۆکی کردنی ئاشکرای ڤۆڵتێر لەبنەماڵەی کالاس، یان لە بەرامبەر ئەوەدا، هەستی ترسناکی نەتەوەیی هەندێ لە نووسەرانی فەرەنسە بۆ نموونە (مۆریس بارس) کە بەناوی شەرەفی نەتەوەیی فەرەنسی دەیویست «رۆمانسیزمی دڵڕەقی و قێزهاتنەوە» نەمر بکات[٥]. ژیانی رۆحیی بیندا لە ئاکامی کێشەی درایفۆس و جەنگی یەکەمی جیهانیدا گەشەی کرد. هەردوو رووداوەکە دوو تاقیکردنەوەی

قورسی رۆشنبیران بوون: یان دەبێ ئازایانەو بێ دوو دڵی لەدژی ستەمی سەربازی و حەماسی نەتەوەیی بووەستنەوە کەدژ بەسامییەکان دەکرا، یان وەک مەڕو بزن لەگەڵ مێگەلدا بڕۆن و داکۆکی لە ئەفسەری یەهودی ئەلفرێد درایفۆس نەکەن کە بەناڕەوایی تاوانبار کرا، ئەو دروشمە نیشتمانییە پەرگرانە بلێنەوە کە ئاگری شەڕی لە دژی ئەڵمانییەکان خۆش دەکرد. بیندا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، جارێکی تر کتێبەکەی چاپ کردەوەو ئەمجارە کۆمەڵێ شتی بۆ زیادکرد کە تیایدا هێرش دەکاتە سەر ئەو رۆشنبیرانەی لەگەڵ نازییەکاندا کاریان دەکرد، هەروەها ئەو رۆشنبیرانەی بەبێ هیچ رەخنەگرتنێک لایەنگریی کۆمۆنیستەکانیان دەکرد[٦]. بەڵام گرنگیی کارەکەی بیندا، ئەگەرچی لەبنەڕەتدا کارێکی کۆنەپارێزییە، لەوەدایە کە لەقوولاییدا دەریدەخات رۆشنبیران بوونەوەرێکن لە کەسانی دیکە جیاکراونەتەوە، رۆشنبیر کەسێکە دەتوانێ لەبەرامبەر دەسەڵاتدا قسەی هەق بڵێ، کەسێکە تووڕەو یاخی و ئازا پێی وایە هیچ هێزێکی دنیایی گەورەو ترسناک نییە نەتوانێ رەخنەی لێبگرێ.

شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژییانەی گرامشی بۆ رۆشنبیر، وەک کەسێک کە کۆمەڵێ کارفەرما لە کۆمەڵگەدا ئەنجام دەدا، زۆر نزیکترە لە واقیع لەچاو ئەو سیفەتانەی بیندا دەماندات، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا کە تێڕوانینی گرامشیی تیادا سەلمێنرا بەوەی کۆمەڵێ پیشەی نوێی رۆشنبیر دەرکەوتن: بێژەران، پسپۆڕانی کاری ئەکادیمیستی، کارمەندانی کۆمپیوتەر، پارێزەرانی بواری وەرزشی، راوێژکارانی ئیداری، کارناسانی بواری سیاسەت، راوێژکارانی حکومەت، راپۆرت نووسانی بازرگانی، کارمەندانی بوارەکانی راگەیاندنی جەماوەری.

ئەمڕۆ هەرکەسێ لەیەکێ لەو کایانەدا کاربکات کە ئەپستیم بەرهەم دێنێ یان بڵاوی دەکاتەوە، بەپێی چەمکی گرامشی، رۆشنبیرە. ئەوەی بە پیشەسازیی مەعریفە ناودەبرێ و ئەوەیشی کە پەیوەندیی بەبەرهەمهێنانی ماددییەوە هەیە، لە زۆربەی کۆمەڵگە پیشەسازییە خۆرئاواییەکاندا، لەبەرژەوەندی مەعریفەدایە. سۆسیۆلۆژیستی ئەمەریکی (ئێلڤین گۆڵدنەر) بەر لەچەند ساڵێک لەبارەی رۆشنبیران وتوویەتی: ئەمانە چینێکی نوێن، بەرێوەبەرانی رۆشنبیریش تاڕادەیەکی زۆر شوێنی چینە خاوەن سامان وموڵکدارەکانیان گرتۆتەوە. بەڵام



گۆڵدنەر ئەوەیشی وتووە کە یەکێ لە ئاکامەکانی سەرکەوتنی رۆشنبیران ئەوەیە ئەمانە ئێستاکە کەسانێک نین قسە بۆ جەماوەرێکی فراوان و بەرین بکەن، لە بریی ئەمە بوونە بەئەندام لەو گرووپەی کە بە «رۆشنبیریی گوتاری رەخنەیی» ناوی دەبات[٧]. هەر رۆشنبیرێک، نووسەر بێ یان دانەر یان پلانڕێژی سەربازی بێ یاخود پارێزەرێک بێ لەئاستێکی دەوڵەتیدا کاربکات، ئەمانە بەجۆرێکی تایبەتی قسەو رەفتار دەکەن کەتەنیا ئەندامانی ئەو بوارە سوودی لێوەردەگرن، واتە کەسانی شارەزا لە بوارێک بۆکەسانی شارەزا لەهەمان بواردا و بەزمانێکی هاوبەش قسە دەکەن کە کەسانی دیکەی ناپسپۆر لەم بوارە، تێیان ناگەن.

بەهەمان شێوە «میشێل فۆکۆ»ی فەیلەسووفی فەرەنسی دەڵێ: ئەوەی بە رۆشنبیری جیهانی ناو دەبرێ (کە لەوانەیە جان پۆل سارتەر لە زەینی ئەودابێ) شوێنی خۆی بۆ رۆشنبیری «تایبەت» چۆڵ کردووە، ئەو رۆشنبیرە تایبەتییەی لە بەشێکی دیاریکراوی بەشەکانی مەعریفەدا کاردەکا بەڵام بە هەر رێگەیەک بێ دەتوانێ لێزانیی خۆی بەکاربێنێ. لێرەدا (فۆکۆ)[٨] بە شێوەیەکی تایبەتی بیر لە زانای فیزیکیی ئەمەریکی (رۆبێرت ئۆپنهایمەر) دەکاتەوە، کاتێ کە لە ساڵانی (١٩٤٢-١٩٤٥)دا رێکخەری پرۆژەی بۆمبی ئەلیکترۆنی بوو لە لۆس ئالامۆس، دواتر بوو بەکارمەندی کاروباری زانستی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.

بڵاوبوونەوەی رۆشنبیران بەجۆرێکی وا پەرەی سەند تاگەیشتە ژمارەیەکی زۆری ئەو بوارانەی کە رۆشنبیران بوون بە بابەتی لێکۆڵینەوە، لەوانەیە لە پراکتیزەی تێزەکانی گرامشی لە «پەڕاوەکانی زیندان»دا بووبێ، کە ئەو بۆیەکەمجار وایدەبینی: رۆشنبیران، نەک چینە کۆمەڵایەتییەکان، تەوەری سەرەکیی کارەکانی کۆمەڵگەی بەشەرین. هەرئەوەندە وشەی «لەبارەی» یان پیتی «و» لە پێش یان لەپاش وشەی «رۆشنبیران» دابنێی، ئیدی یەکسەر کتێبخانەیەکی تەواوت لە لێکۆڵینەوە لەبارەی رۆشنبیران بەرچاودەکەوێ کە شتی زۆر وردو درشتیان تێدایە. لێرەدا هەزاران لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر لە بارەی رۆشنبیرانەوە هەن، جگە لە راڤەکردنی بێشومار لەبارەی رۆشنبیران و ناسیونالیزم، رۆشنبیران و دەسەڵات، رۆشنبیران و نەریت، رۆشنبیران و شۆڕش و گەلێ بابەتی تر. هەر ناوچەیەک لە جیهاندا

رۆشنبیری خۆی بەرهەم هێناوە، هەر دەستەو گرووپێکی رۆشنبیرانیش بەگەرمی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ. لە مێژووی نوێدا هیچ شۆڕشێکی گەورە بەبێ رۆشنبیران هەڵنەگیرساوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا هیچ دژە شۆڕشێکیش بەبێ رۆشنبیران بەرپانەبووە. رۆشنبیران دایک وباوکی هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتین، بەڵکو کوڕو کچ وخوشکەزای هەموو بزووتنەوەیەکن.

لێرەدا مەترسییەک هەیە لەئەگەری ون بوونی وێنەی رۆشنبیر، ئەوەی دەمەوێ لەم لێکچەرانەدا بیسەلمێنم پەیوستە بەو راستییانەی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هەن و ئەوەی لە بنەڕەتدا گرامشی خستوویەتییە  روو، بەڵام دەمەوێ پێ لەسەر ئەوەش دابگرم کە رۆشنبیر تاکێکە رۆڵێکی دیاریکراو و ئاشکرای لە کۆمەڵگەدا هەیە و ناشێ ئەو رۆشنبیرە بۆ پیشەکارێک بچووک بکرێتەوە کە وێنەیەکی دیاریکراوی نەبێ، یان ناشێ وەک ئەندامی چینێک بێ کە تەنیا کارەکەی خۆی جێبەجێ دەکا. من لەو باوەڕەدام رۆشنبیر توانایەکی عەقڵیی پێ بە خشراوە بۆ گەیاندن و روونکردنەوەی پەیامێک، بۆچوونێک، هەڵوێستێک، یان فەلسەفەیەک و رادەربڕینێک، یان بەرجەستەکردنی گشت ئەو شتانە بۆ جەماوەرێکی فراوان، هەروەها لە جیاتیی ئەوان ئەو شتانە دەربخات. ئەم رۆڵە لایەنێکی گرنگی هەیە و ناشێ ئەنجام بدرێ بەبێ ئەوەی مرۆڤ هەست بەوە نەکات کە ئەرکی ئەو بریتییە لەوەی بەئاشکرا کۆمەڵێ پرسیاری چاوەڕوان نەکراو بۆ گفتوگۆ بخاتەڕوو، هەروەها رووبەڕووی بیروباوەڕی تەقلیدی و دۆگمایی بووەستێ (نەک بەرهەمیان بهێنێ)، کەسێک بێ حکومەت و کۆمپانیا و دامەزراوەکان نەتوانن بە ئاسانی جڵەوی بگرن و کۆنترۆڵی بکەن.

ئێستا ئەم مەسەلەیە لە چەند راوبۆچوونێکی تایبەتی خۆمدا دەردەبڕم و دەڵێم: من وەک رۆشنبیرێک، کارەکانی خۆم بەرامبەر جەماوەرێک یان چەند گرووپێک دەخەمەڕوو، بەڵام مەسەلەکە تەنیا ئەوەنییە بە روونی گوزارشت لەکارو دەربڕینەکانی خۆم بکەم، بەڵکو ئەوەش کەمن خۆم دەینوێنم وەک کەسێک داکۆکی لەمەسەلەی ئازادی و دادپەروەری دەکەم. من بۆیە لەبارەی ئەم فیکرانە قسەدەکەم و دەنووسم چونکە بەتەواوی باوەڕم پێیان هەیە و هەروەها دەمەوێ کەسانی دیکەش بهێنمە سەر ئەو باوەڕو قەناعەتە. لێرەدا ئاوێتەبوونێکی ئاڵۆز لە نێوان دنیای تایبەتی و دنیای گشتیدا دێتە ئاراوە. مێژوو وبەهاو هەڵوێست



و نووسینەکانم کە لەلایەک لە ئەزموونەکانی خۆمەوە سەرچاوە دەگرن، لەلایەکی تر ئەم تایبەتمەندییانە دەچنە ناو جیهانی کۆمەڵگەوە، لەو کۆمەڵگەیەی خەڵکی تیایدا باسی جەنگ و ئازادی و دادپەروەری دەکەن و بڕیارێک وەردەگرن، لێرەدا، شتێک نییە ناوی رۆشنبیری تایبەتی لێ بنێین، چونکە لەو ساتەوەختەی بابەتەکانی خۆت دەنووسی و بڵاویان دەکەیتەوە، دەچیتە ناو دنیای گشتییەوە هەروەها شتێکیش نییە ناوی رۆشنبیری گشتیی لێ بنێین، کەسێک هەر بەناو سەرۆک بێ یان بەناوی کەسانی ترەوە قسەبکات یان رەمزی مەسەلەیەک و هەڵوێستێک و بزاڤێک بێ. هەمیشە لێرەدا شێوەی کەسایەتی و هەستیاریی تایبەتی هەن کە مانایەک بە نووسین دەبەخشن. کەمترین شتێک کەرۆشنبیر دەیکات بریتییە لە رازیکردنی جەماوەر. خاڵی سەرەکی ئەوەیە رۆشنبیر پێچەوانەبێ و پرسیاری نائاسایی بکاو کەشی گشتی بشێوێنێ.

ئەوەی دواجار گرنگە بووترێ، رۆشنبیر مرۆڤێکە بەڕوون و راشکاوی بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆی دەخاتەڕوو، سەرباری هەرکۆسپ و تەگەرەیەک گوزارشت لە فیکرەکانی خۆی بۆ جەماوەر دەکات. رۆشنبیران کەسانێکن ئامادەییەکی خۆڕسکییان بۆ دەربڕین تێدایە، سا بە وتن بێ یان بە نووسین یان بە دەرکەوتن لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆندا. ئەم ئامادەییەش لەوەدا گرنگە کە دەشێ ئازاو جەسوورانە ئیلتیزامیان هەبێ و لە هەمان کاتیشدا قابیلی هەڵەکردنن. کاتێک جان پۆل سارتەر یان برتراند رسل دەخوێنمەوە، هەست بەدەنگ و ئامادەیی دیارو جەسارەتیان دەکەم چونکە بەڕاشکاوی بیروباوەڕی خۆیان دەردەبڕن. ناشبێ ئەمانە لەگەڵ فەرمانبەرێکی بێ ناو یان لەگەڵ کەسێکی بیرۆکراتیدا تێکەڵ بکەین.

سەرجەمی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی رۆشنبیرانەوە کراون، زیاد لە پێویست پێناسی جۆراوجۆریان بۆ رۆشنبیر کردووە، لە رووی وێنەو جێکەوتەو بەشداری و ئەدای رۆشنبیران کەمتر بایەخی پێدراوە کە لە ڕاستیدا ئەمانە خەسڵەتی راستەقینەی ژیانی گشت رۆشنبیرێکە. (ئیزایا بەرلین) لە بارەی نووسەرانی سەدەی نۆزدەیەمی رووسیا، کە تارادەیەک بە رۆمانسیزمی ئەڵمانی کاریگەربوون، دەڵێ: «ئەم نووسەرانە جەماوەری خۆیان بەو جۆرە تێگەیاند کە رۆشنبیر مینبەرێکی بەرزی کۆمەڵایەتی دەگرێ و گەواهیی خۆی دەدا»[٩].

تائێستاش ئەو خەسڵەتانە لە رۆشنبیری هاوچەرخی ئەمڕۆدا دەبینم. لەبەر ئەوە کاتێ رۆشنبیرێکی وەک سارتەرمان دێتە بەر زەین، یەکسەر رەفتارە تایبەتی و دیارەکانی ئەومان بیر دەکەوێتەوە. ، وەک خۆخستنە مەترسی و سەرکێشی و جەسارەت و قسەکردن لەبارەی ئیمپریالیزم و ئیلتیزام و ململانێی کۆمەڵایەتی، کەلەیەک کاتدا دوژمنانی ئەویان بێزار کردووەو هاورێکانیشی هێناوەتە سەرکارکردنی بەردەوام، دەشێ لە هەندێ حاڵەتدا ئەو رەفتارانە خودی سارتەریشیان بێزار کردبێ و ناچاری پێداچوونەوەیانی کردبێ. کاتێشکیش پەیوەندییەکانی سارتەر بە سیمۆن دی بۆڤوار دەخوێنینەوە، هەروەها ناکۆکیی ئەو لەگەڵ (کامۆ) و هاورێیەتیی لەگەڵ (جان جینیە)، ئەوسا سارتەر لە هەلومەرجی دیاریکراوی خۆیدا دادەنێین (ئەم قسەیەش هی سارتەر خۆیەتی).
لەم هەلومەرجەداو تارادەیەک بەهۆی ئەم هەلومەرجەشەوە، سارتەر ئەوەبوو کەتیایدا دەژیا، ئەو مرۆڤەی لە دژی فەرەنسە وەستا کاتێ جەزائیر و ڤێتنامی داگیر کرد. ئەم ئاڵۆزییانەی ژیانی سارتەر، بێ ئەوەی لەپایەی ئەو وەک رۆشنبیرێک کەم بکەمەوە، دەریدەخەن کە مرۆڤێک بووە لە هەڵەکردن بێبەری نەبووە، چونکە وەعزدادەرێکی خەمبارو مۆراڵی نەبووە.

کاتێ وەک رۆمان یان وەک شانۆنامە تەماشای ژیانی هاوچەرخ دەکەین، نەک وەک بابەتێکی سەرەتایی بۆ سۆسیۆلۆژیا، چاکتر لەوە تێدەگەین چۆن رۆشنبیر دەبێ بەکەسێکی نموونەیی نەتەنیا لە بزاڤێکی نهێنی یان کۆمەڵایەتیی گەورەدا، بەڵکو لە شێوازی ژیان و ئەدایەکی کۆمەڵایەتیی جیاوازدا دەردەکەون. لەوانەیە باشترین وەسف هەندێ لەو رۆمانانەبێ کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا نووسراون، بۆ نموونە: (باوکان و کوڕان)ی تۆرگنێڤ، (پەروەردەی سێنتە مینتالیزم- عاتیفی)ی گۆستاڤ فلوبێر، (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا)ی جێمس جۆیس، کە بەقووڵی کاریگەر دەبێ بەواقیعی کۆمەڵایەتی و بە دەرکەوتنی کتوپڕی کاراکتەرێکی نوێ کە رۆشنبیرێکی لاوی مۆدێرنە.

ئەو وێنەیەی کە تۆرگنێڤ بۆ رووسیای لادێیی شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم کێشاویەتی، وێنەی لادێیەکی هێمن و سادەو خاڵی لە رووداوی گرنگ: لاوانی خاوەن موڵک و سامان کە دابونەریتی ژیانیان لە باوکانیانەوە بۆ دەمێنێتەوە و



وەک ئەوان ژن دەهێنن و منداڵ دەخەنەوە. ژیان لەو شوێنەدا هەروەک خۆی و بەوشێوە تەقلیدییە بەرێوە دەچێ، تا لە پڕێکدا کەسێکی ئانارشیست دەردەکەوێ، بەڵام لەهەمان کاتدا کەسایەتییەکی وردبین و وریایە، ئەو کەسەش ناوی (بازارۆڤ)ە و دەچێتە ناوژیانی هەمووانەوە، یەکەمین شت هەستی پێدەکەین ئەوەیە کە بازارۆڤ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دایک و باوکیدا پچڕیوەو وەک  کەسێ دەردەکەوێ خۆی خۆی پێگەیاندبێ، ژیانی تەقلیدی رەت دەکاتەوەو هێرش دەکاتە سەر بیری کۆن و بەسەرچوو، داکۆکی لە کۆمەڵێ بەهای زانستی و ناعاتیفی دەکا کە وەک بەهای لۆژیکی و پێشکەوتنخواز دەردەکەون. تۆرگنێڤ دەڵێ نەمویستووە سیفەتی چاکی و ویژدانی بەو کاراکتەرە ببەخشم. تۆرگنێڤ بە ئەنقەست ئەوی وەک کەسێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی دەرخستووە. بازارۆڤ گاڵتە بە بنەماڵەی کیرسانۆڤ دەکاو بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنێ کاتێ دەبینێ باوکە پیرەکەیان پارچە مۆسیقایەکی شۆبێرت دەژەنێ.

بازارۆڤ بیری زانستی ماتریالیزمی ئەڵمانی دەخاتەڕوو: سروشت لە تێڕوانینی ئەودا پەرستگایەک نییە، بەڵکو شوێنی کارکردنە، کاتێکیش عاشقی ئانا سیرگیێڤنا دەبێ، ئەویش بازارۆڤی خۆشدەوێ بەڵام سڵیشی لێدەکاتەوە، چونکە وزەیەکی فیکریی بێ سنووری هەیە و زۆرجاریش ئاژاوەگێڕەو وەک کەسێکی نارێک دێتە بەرچاوی ئانا. ئانا دەڵێ: کاتێ لەگەڵیدا دەبم واهەست دەکەم خەریکە لە لێواری بەرزاییەکدا بکەوم.

جوانی و سۆز بزوێنیی ئەم رۆمانە لەوەدایە کە تۆرگنێڤ بەچەندین وێنەو ئیحاوە، لەیەک کاتدا ناکۆکیی دوو شێوە ژیانی رووسیا دەردەخا؛ رووسیایەک کە چەند بنەماڵەیەک حوکمی دەکەن لەگەڵ بەردەوامبوونی محەببەت و سۆزی برایانە و کارکردن بەرێگەی کۆن و تەقلیدی، لەتەک ئەم شێوە ژیانەدا هێزی وێرانکەرو پووچگەرای بازارۆڤ دەردەکەوێ، زحمەتە رووداوەکانی ژیانی ئەم کاراکتەرە، بەپێچەوانەی کاراکتەرەکانی تری ناو رۆمانەکە، بە ئاسانی بگێڕدرێتەوە، چونکە لەپڕ دەردەکەوێ و بەرەنگاریی هەموو شتێکی کۆن و تەقلیدی دەبێتەوەو هەر لە پڕێکیشدا دەمرێ، مردنەکەشی لە ئاکامی نەخۆشییەکەوە لە جووتیارێکەوە بۆی دەگوازرێتەوە کەبازارۆڤ چارەسەری دەکرد.

ئەگەرچی تۆرگنێڤ دڵنیابوو لەوەی بازارۆڤ باشترین کاراکتەری ناو ڕۆمانەکەیە کەشایەنی سۆزدارییە، بەڵام ئەو خۆیشی بە هۆی هێزی سەرەڕۆیانەی بیروبۆچوونەکانی بازارۆڤ دوچاری سەرسوڕمان و حیرەت بوو، بەتایبەتی کە دەیبینی خوێنەرانی ڕۆمانەکە بەئەندازەیەکی گەورە کاردانەوەی سەیروسەمەرەیان هەیە. هەندێ لە خوێنەران لەو باوەڕەدابوون کەسایەتیی بازارۆڤ هێرشێک بۆ سەر لاوان پیشان دەدا، کەچی هەندێکی تر ستایشی بازارۆڤیان وەک قارەمانێکی ڕاستەقینە دەکرد، دەستەیەکی تر پێیان وابوو ئەم پیاوە ترسناک و مەترسیدارە. هەست و سۆزی ئێمە بەرامبەر بە بازارۆڤ وەک مرۆڤێک، هەر چییەک بێ، ڕۆمانی «باوکان وکوڕان» ناتوانێ کەسایەتیی بازارۆڤ لەتەک کاراکتەرەکانی دیکەو لەناو گێڕانەوەکەدا بگونجێنێ. لە کاتێکدا برادەرانی بازارۆڤ لە خێزانی کیرسانۆڤ و تەنانەت دایک و باوکە پیرو بەستەزمانەکەیشی، ژیانی ئاسایی خۆیان درێژە پێدەدەن، بازارۆڤ وەک ڕۆشنبیرێک لە سیاقی گێڕانەوەکە دەردەچێ چونکە بە ئاسانی ناگیرێ و رام ناکرێ.

ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی ڕوونتر، لەلای «ستیڤن دیدالۆس»ی لاودا لە چیرۆکەکەی جێمس جۆیس، دەردەکەوێ. پیشەی سەرەتای ژیانی دیدالۆس بریتیی بوو لە مەرایی کردن بۆ کڵێسەو کاری مامۆستایی و ناسیونالیزمی ئێرلەندی و سەرهەڵدانی لەسەرخۆی تاکایەتی کەپتر دەمارگیرو کەللەڕەق بوو، دروشمی ئەو وەک ڕۆشنبیرێک ڕەتکردنەوی کارە شەیتانییەکانی خزمەت کردن بوو. (شیمۆس دین) تێبینییەکی جوانی لەسەر «وێنەی هونەرمەند»ی جۆیس دەربڕیوەو دەڵێ: «ئەم ڕۆمانە لە زمانی ئینگلیزیدا یەکەمین ڕۆمانە کە خولیایەکی زۆر بۆ بیرکردنەوە دەردەخات»(١٠). ئێمە لە ڕۆمانەکانی دیکنز و تاکاری و جین ئۆستن و تۆماس هاردی و تەنانەت جۆرج ئیلیۆتیش کچان وکوڕانی لاو نابینین کە بایەخی سەرەکییان لە کۆمەڵگەدا عەقڵ و بیرکردنەوە بێ، کەچی دیدالۆسی لاو وایدەبینێ «بیرکردنەوە شێوازێکە بۆ تاقیکردنەوەی جیهان»، شیمۆس دین لەو تێبینییەدا ڕاستی وتووە کە کاری فیکری بەر لە دیدالۆس لە چیرۆکی ئینگلیزیدا نەبووە تەنیا لە شێوەی بەرجەستەکردنێکی ناتەواودا نەبێ. جا لەبەرئەوەی ستیڤن دیدالۆس گەنجێکی لادێییە و لە ژینگەیەکی ئیمپریالیستیدا گەشەی کردووە، دەبێ وشیارییەکی فیکریی بەرهەڵستکارانە پەرە پێ بدات بەرلەوەی بتوانێ ببێ بە هونەرمەند.

لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، ڕەخنەی دیدالۆس و جیابوونەوەی لە خێزان، کەمتر نییە لە ڕەخنەی بزووتنەوەی فنیانییەکان(١١). جۆیس هەروەک تۆرگنێڤ، ناتەبایی نێوان ڕۆشنبیری لاوو ڕووداوە بەدوای یەکدا هاتووەکانی ژیانی مرۆڤایەتی نیشان دەدات. لە چیرۆکەکەدا ژیانی لاوێک بەشێوەیەکی تەقلیدی دەست پێدەکات کە لە خێزانێکدا گەورە دەبێ و پاشان دەچێتە قوتابخانە تا دەگاتە زانکۆ، بە کۆمەڵێ بیرەوەری کۆتایی دێ کە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی ستیڤندا تۆمار دەکرێن. ڕۆشنبیر ناتوانێ لەگەڵ ژیانی ڕۆتینی و بێزارکەردا خۆی بگونجێنێ. لەبەشێکی ڕۆمانەکەدا ستیڤن بیروباوەڕی ڕۆشنبیر لە ئازادی دەردەخات، ئەمەش شێوازی جۆیسە لە کەمکردنەوەی شان وشکۆ وخۆدەرخستنی لاوان، دیدالۆس دەڵێ: «ئێستا پێتان دەڵێم چ کارێک دەکەم وچ کارێکی تر ناکەم. خزمەتی شتێک ناکەم باوەڕم پێی نەماوە؛ سا ئەو شتەماڵی من بێ، یان زەویی بابوپیرانم بێ، یان کڵێسەم بێ، لەمەو دوا هەوڵ دەدەم بەگوێرەی تواناکانی خۆم گوزارشت لە بۆچوونەکانم بکەم و ئەو چەکانە بەکاردێنم کە دەتوانم داکۆکییان لەخۆم پێ بکەم، چەکی: بێدەنگی، تاراوگەو دوورکەوتنەوە لەنیشتمان، لێهاتوویی».

ئێمە تەنانەت لە ڕۆمانی «یۆلیسیس»یشدا، ستیڤن وەک لاوێکی کەللەڕەق و یاخی دەبینین. ئەوەی لە باوەڕی ئەودا شوێنی بایەخە، جەختکردنێتی لە ئازادیی فیکریی. ئەمەش لە ڕۆڵی ڕۆشنبیردا مەسەلەیەکی بنەڕەتییە. مەبەست لە چالاکیی و ڕۆڵی ڕۆشنبیر بەرزکردنەوەی ئازادیی مرۆڤ و زانیارییەکانیەتی. لەو باوەڕەدام ئەو مەسەلەیە تا ئێستاش هەر ڕاستە، سەرباری ئەو ناوونا‌تۆرانەی زۆرجار بۆ چیرۆکە مەزنەکانی سەربەخۆیی و ڕۆشنگەری هەڵدەبەسترێن. فەیلەسووفی هاوچەرخی فەرەنسی «لیوتار» ئەو خواستە پاڵەوانییانە دەبەستێتەوە بە چەرخی یەکەمی مۆدێرنەوە کە لەسەردەمی پۆست مۆدێرنیزمدا ڕەواجیان نەماوە. بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە، ڕۆمانە مەزنەکان شوێنی خۆیان بە هەڵوێستی لۆکاڵی و گەمەی زمانەوانی داوە، بەجۆرێ ڕۆشنبیرانی پۆست مۆدێرنیزم، ئەمڕۆ توانا و لێهاتوویی دەردەخەن نەک بەها گشتییەکانی

مرۆڤایەتیی وەک ماف و راستی وئازادی، هەمیشە لەو باوەڕەدابووم کە لیوتار و لایەنگرانی ئەو، دان بە بێتوانایی و تەمەڵی و تەنانەت بێدەربەستیی رۆشنبیرانیش بنێن، لە بری ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی دروستی بوارە فراوانەکانی کاری رۆشنبیران بکەن. لە راستیدا حکومەتەکان تائێستاش بە شێوەیەکی فراوان میللەتان دەچەوسێننەوە و ناعەدالەتی پراکتیزە دەکەن، دەنگی رۆشنبیران کپ دەکەن، زۆر جاریش رۆشنبیران لە ئەرکی راستەقینەی خۆیان لادەدەن.

فلوبێر لە رۆمانی «پەروەردەی سێنتەمینتالیزم»دا، لە هەموو کەس زیاتر، نیگەرانیی خۆی بەرامبەر رۆشنبیران پیشان دەدات و بەتووندی رەخنەیان لێدەگرێ. لەم رۆمانەی فلوبێردا، کە رووداوەکانی لە شۆڕشی پاریسی سالانی (١٨٤٨) و(١٨٥١)دا روودەدەن و مێژوونووسی ناوداری بەریتانی (لویس نامیر) ئەو شۆڕشە بە «شۆڕشی رۆشنبیران» ناودەبات، ژیانی پڕ لە ئاژاوەو بێ سەروبەری سیاسیی «پایتەختی سەدەی نۆزدەیەم» (واتە پاریس) دەردەخات. تەوەری سەرەکیی رۆمانەکە لە بارەی دوو لاوی گوندییەوەیە: (فریدریک مۆرۆ)و (شارل دیلوریە) وەک دوو کەسی خۆشگوزەران بەڵام ناتوانن وەک دوو رۆشنبیر رێگەیەکی دیاریکراو بگرن، ئەمەش تووڕەیی و سخڵەت بوونی فلوبێر دەوروژێنێ. دەشێ هۆی بێزاریی فلوبێر لەم دووکەسە بگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە دەبوو ئەم جووتە کاری باشتریان ئەنجام بدایە، ئاکامی ئەمەش بریتییە لە نیشاندانی درەوشاوەترین وێنەی رۆشنبیری وێڵ و سەرەڕۆ. ئەم دوو لاوە لە سەرەتای ژیانیاندا بەوە دەستیان پێکرد کە دەیانویست ببن بە دووکەسی لێهاتوو لەبواری پارێزەری، ببن بەدوو مێژوونووس، رەخنەگر، نووسەر، فەیلەسووف، تیۆریستی کۆمەلایەتی، ئامانجیان ئەوەبێ خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی دابین بکەن. کەچی «دواجار (مۆرۆ) خواستە فیکرییەکانی دەکوژێنەوەو دوچاری بێتوانایی و دڵساردی دەبێ، (دیلوریە)ش لە جەزائیردا دەبێتە فەرمانبەرێکی گەورە، دەبێتە سکرتێر لەلای پیاوێکی (دەوڵەمەند) دەبێتە بەڕێوەبەری رۆژنامەیەک و وەکیلی پرۆپاگەندە، ئێستاش لە کۆمپانیایەکی پیشەسازیدا وەک پارێزەر کاردەکات».

شکستی شۆڕشی (١٨٤٨)ی پاریس بۆ فلوبێر، شکستی وەچەکەی خۆی



دەنوێنێ. چارەنووسی مۆرۆ و دیلوریە وەک پێشبینییەک وێنە دەکێشێ، وەک ئەوەی ئەو شکستە لە ئاکامی نەبوونی ئیرادەیەکی پتەوەوە دروست بووبێ، ئەمە ئەو باجەیە کە کۆمەڵگەی مۆدێرن دەیسەپێنێ، کۆمەڵگەی مۆدێرن بە هەموو هۆیەکانی رەفاهییەتی بێکۆتایی و چێژو لەزەتی سڕکەر، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، دەرکەوتنی رۆژنامەگەری و پروپاگەندەو ناوبانگی خێراو دنیای بڵاوبوونەوەی بەردەوام کە تیایدا هەموو بیرو باوەڕێک دەخرێتە بازاڕەوەو هەموو بەهایەک تیایدا قابیلی گۆڕانە، هەموو کارو پیشەیەک دەبێ بەڕاکردن بە دوای بەدەستهێنانی ئاسانی پارەوپوول و سەرکەوتنی خێرا. بەم جۆرە دیمەنە سەرەکییەکانی رۆمانەکە بە شێوەیەکی رەمزی لە دەوری: پێشبڕکێی ئەسپ سواری و سەماکردن لە کافیتیریاکان و کاری توندوتیژی و خۆنمایشکردن و کۆبوونەوەی گشتی، رێک خراون. مۆرۆ بەردەوام هەوڵ دەدا بگاتە خواست و نیازە فیکرییەکانی خۆی، بەڵام پاشان لەگەیشتن بەو ئامانجانە سارد دەبێتەوە.

ئەگەرچی بازارۆڤ و دیدالۆس و مۆرۆ، وێنەی رۆشنبیری توندڕەون، بەڵام خزمەتی ئەو ئامانجە دەکەن کە رۆمانی ریالیزمیی سەدەی نۆزدەیەم سەرکەوتووانە خستوویەتییەڕوو، واتە دەرخستنی وێنەی رۆشنبیر بەو شێوەیەی کاردەکەن و هەڵسوکەوت دەکەن و رووبەڕووی کۆمەڵێ کێشەو گرفت و هەروەها لەزەتەکانی ژیان دەبنەوە، ئەوسا یان پارێزگاری لەپەیامی خۆیان دەکەن یان ناپاکی لەو پەیامە دەکەن، بێگومان نەک وەک ئەرکێکی جێگیر کە بشێ وەک «بەبێ مامۆستا خۆت فێربکە» یەکلابکرێتەوە، بەڵکو وەک ئەزموونێکی راستەقینە کە ژیانی مۆدێرن بەبەردەوامی هەڕەشەی لێدەکا. کە واتە مەبەست لە رۆڵ و وێنەکانی رۆشنبیر لە دەربڕینی راشکاوانەی کێشەیەک یان فیکرێکی کۆمەڵگە، ئەوە نییە کەپلەو پایەی خۆی پێ بەهێزبکا، ئەوەش نییە لە ریزی بیرۆکراسییە بەهێزکاندا خزمەت بکاو خۆی لەگەڵ خاوەن کاردا رێک بخات. نواندنی فیکری بریتییە لە چالاکی و ئەکتیڤ کە پشت بەجۆرە ئاگاییەک دەبەستێ کە ئاگاییەکی گومانکارە، توندوسەختەو خەریکی توێژینەوەی لۆژیکییەو بە شێوەیەکی مۆراڵی بڕیار دەردەکا. لێرەدا دوو خەسڵەتی گرنگی چالاکیی فیکری هەن کە بریتیین لە: زانینی چۆنێتی چاک بەکارهێنانی زمان وزانینی زەمەنی چوونە نێو زمانەوە.

بەڵام ئایا ئەمڕۆ رۆشنبیر چی دەنوێنێ و نوێنەری چییە؟ یەکێ لەباشترین و راستگۆترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە، بە بڕوای من لەلایەن سۆسیۆلۆژیستی ئەمەریکی (سی رایت میلز) وەڵام دراوەتەوە، میلز رووناکبیرێکی سەربەستەو تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتییانەی گەش و توانایەکی عەقڵیی سەرنجڕاکێشی بۆ گەیاندنی بیروڕاکانی خۆی هەیە، میلز لەساڵی (١٩٤٤)دا دەنووسێ: رۆشنبیرانی سەربەخۆ یان لە ئاکامی پەراوێزبوونیان هەست بەبێتوانایی و نائومێدی دەکەن، یان دەچنە ریزی دامەزراو کۆمپانیا و حکومەتەکانەوەو وەک ئەندامی گرووپێکی بچووک کاردەکەن. لەم حاڵەتەشدا ئەوە چارەسەر نییە کەببنە کارمەندێکی «بەکرێگیراو»ی یەکێ لە کارگەکانی بەرهەمهێنانی زانیارییەکان، چونکە پەیوەندیکردن لەگەڵ جەماوەردا، وەک ئەوەی «تۆم پاین» دایمەزراند، دەبێتە شتێکی مەحاڵ. بەکورتی «ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی کاریگەر» کە بریتییە لە سەرمایەی رۆشنبیر، دەستی بەسەردا دەگیرێ. ئەمەش ئەرکێکی سەرەکی بۆ رۆشنبیری سەربەخۆ دەهێڵێتەوە کە میلز بەم جۆرە گوزارشتی لێدەکات:

«هونەرمەندو رۆشنبیری سەربەخۆ، لەو کەسایەتییە زۆر کەمانەن کە سازو ئامادەن بۆ دژایەتیکردنی «لە قاڵب دان» کە مردنی شتە جوانەکانی بەدوادا دێ، چاوکردنەوەو تێگەیشتنی نوێ بریتییە لە توانای کارکردنی بەردەوام بۆ ئاشکراکردن و ریسوا کردنی دەمامکەکان و پاشان لە ناوبردنی روانین و بیروباوەڕەی لە قاڵب دراو کە ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندیکردن فڕێمان دەدەنە نێو زۆنگاوی بیروباوڕە لە قاڵب دراوەکان. جا لەبەرئەوەی دنیای هونەری جەماوەری و بیروباوەڕی جەماوەری بەگوێرەی پێداویستییەکانی سیاسەت ئاراستە دەکرێن، دەبێ هاوکاری و کۆششی رۆشنبیران بخرێتە سەر سیاسەت و کاری سیاسی. جا ئەگەر رۆشنبیر لە خەباتی سیاسیدا خۆی بە حەقیقەت و بەهاکانی راستی نەبەستێتەوە، ناتوانێ بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم ئەزموونە زیندووەکاندا بکات»[١٢].

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە شایستەی ئەوەیە چەندجارێک بخوێنرێتەوە لەبەرئەوەی پڕە لە ئامۆژگاریی گرنگ و بە سوود. سیاسەت لە گشت شوێنێکدا بوونی هەیە، رێگەیەک نییە خۆت دەرباز بکەی بۆ نێو دنیای هونەری پەتی و



فیکری پەتی، یان بۆ جیهانی بابەتێکی نەزیهوخاوێن، بۆ تیۆرە بەرزەکان. رۆشنبیران کوڕی سەردەمەکەی خۆیانن. سیاسەتی جەماوەری کە خۆی لە بەرهەمهێنانی زانیاری و راگەیاندندا دەنوێنێ، راپێچیان دەکاو ناتوانن بەرەنگاریی بکەن، تەنیا بەدژایەتیکردنی وێنەکانی دەسەڵات نەبێ کە هۆیەکانی راگەیاندن بەهێزێکی گەورەوە ئەو وێنانە بەرجەستە دەکەن، تەنیا بەوەی کە میلز ناوی دەنێ: ئاشکراکردن و ریسواکردنی دەمامکەکان، کە رۆشنبیر هەوڵ دەدا بەپێی توانا راستی بڵێ. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە رۆشنبیر هەمیشە لە نێوان «گۆشەگیری» و «لایەنگیری»دا دەژی. لەکاتی جەنگی کەنداودا لە دژی عێراق، چەند دژواربوو ئەوە بە هاووڵاتییانی ئەمەریکی بوترێ کەوڵاتە یەکگرتووەکان هێزێکی بێگوناه نەبوو (داڕێژەرانی سیاسەت لەو ساتەوەختەدا داگیرکردنی ڤێتنام و پەنەمایان لە بیرچووبوو) و خۆی خۆی کردووە بە پۆلیس لەسەر جیهان. بەڵام من لەو باوەڕەدام ئەرکی رۆشنبیر لەو ساتەوەختەدا بریتی بوو لەگەڕان بەدوای ئەو مەسەلانەی لە بیر کرابوون و لەژێر خۆڵدا شاردرابوونەوە، ئەو پەیوەندییانە دروست بکەن کەنکۆڵییان لێکرابوو، باسی ئەو رێگەچارانەیان بکردایە کە دەشیا بەر بەهەڵگیرسانی جەنگ و لەناوبردنی مرۆڤ بگیرێ.

خاڵی بنەڕەتیی سی رایت میلز بریتییە لە ناکۆکیی نێوان جەماوەرو تاکەکەس. لێرەدا پێکدادانێک هەیە لە نێوان هێزی رێکخراوە گەورەکان لە حکومەتەکانەوە بۆ دامەزراوەکان و نێوان لاوازیی رێژەیی نەک بە تەنیا تاکەکان بەڵکو کەسانێکیش کە پایگەیەکی لاوەکییان هەیە، هەروەها کەمایەتی و میللەت و دەوڵەت و نەژاد و شارستانییەتە بچووکەکان. هیچ گومانێکیشم لەوە نییە کە رۆشنبیر داکۆکی لە نەداران و بێدەسەڵاتان و ئەوکەسانەش دەکا کە نوێنەریان نییە، لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن وەک رۆبن هوود. لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی رۆشنبیر بەو ئاسانییە نییە، ناشبێ بەئاسانی رۆشنبیر پشتگوێ بخرێ و وەک کەسێکی ئایدیالیستی و رۆمانتیکی تەماشای بکرێ. جەوهەری مەسەلەکە بەلای منەوە ئەوەیە کە رۆشنبیر نە رەگەزێکە بارودۆخەکان هێورو ئارام بکاتەوە، نە خوڵقێنەری دۆخێکی گشتیشە، بەڵکو رۆشنبیر مرۆڤێکە هەموو بوونی خۆی بە هەستێکی رەخنەگرانە بارمتە دەکا، ئامادە نییە فۆرمولە

ئاسانەکان و بیروباوەڕە پەککەوتووەکان قبوولّ بکات، سازش بۆ وتەو کارو کردەوەی هێزە تەقلیدییەکان ناکات. دەبێ ئەم قبوولّ نەکردنەش کزو شاردراوە نەبێ، بەڵکو دەبێ بەئاشکرا و چالاکانە ئەو شتانە بدرکێنێ و بیانخاتەڕوو.

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە رۆشنبیر هەمیشە رەخنەگری سیاسەتی حکومەت بێ، بەڵکو بە جۆرێ سەیری کاری فیکری و رۆشنبیری بکا کە بەردەوام هوشیارو بە ئاگا بێ و هەمیشە ئاگاداری ئەوە بێ کە بیروباوەڕە تەقلیدییەکان رێنمایی ژیانی نەکەن و سنووری بۆ نەکێشن. ئەمەش پێویستیی بە واقعییەتێکی جێگیرو پتەو هەیە، هەروەها وزەیەکی عەقلّی وەک وزەی جەستەیی و پرۆسەکردنی وەرزشی جەستەیی قورس، ئینجا کۆششێکی سەخت بۆ راگرتنی هاوسەنگیی نێوان گرفتە خودییەکان و پێداویستییەکانی بڵاوکردنەوەی حەقیقەتەکان، ئەمەش پیشەی رۆشنبیری دەکا بە کۆششێکی بەردەوام و هەمیشەیی کەلە هەمان کاتدا و بە پێویست بە ناکاملّی و ناتەواوی دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هاندەرو ئاڵۆزییەکانی ئەم پیشەیە، لانی کەم بەلای منەوە، فیکری مرۆڤ دەوڵەمەند دەکا، ئەگەرچی رەنگە نەیکا بەکەسێکی ناودار و ناسراو.

**پەراوێزەکان:**

1- Antonio Gramsci, The Preson Notebooks: Selections, trans. Quintin Hoare and Geffery Nowell Smith- New York: International Publishers, 1971, P.9.
2- IBID, P. 4.
3- Julien Benda, The Treason of the Intellectuals, trans, Richard Aldington (1928: Rprt, New york: Norton, 1969), P. 43.
4- IBID, P. 52.
٥- لە ساڵی (١٧٦٢)دا، بازرگانێکی پرۆتستانتی لە تۆلۆز کە ناوی جۆن کالاس بوو، لە سێدارە درا، بە تاوانی ئەوەی کوڕەکەی خۆی کوشتووە کە نیازی وابوو بچێتە سەر مەزهەبی کاتۆلیکی. ئەگەرچی بەڵگەکان لاواز بوون بەڵام پەلەکردن لەجێبەجێ کردنی حوکمەکە لەبەرئەوە بوو کە هەموو کەس دەیزانی پرۆتستانتەکان کەسانێکی دەمارگیرن و هەرکەسێکیان مەزهەبی خۆی بگۆڕێ دەیکوژن. ڤۆڵتێر رابەریی هەڵمەتێکی ئاشکراو سەرکەوتووانەی کرد بۆ گەڕاندنەوەی ئابڕووی خێزانی کالاس (لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ ئەوە دەزانین کە بەڵگەکانی ئەویش دروست کراو بوون). بەڵام مۆریس بارس کە رۆماننووسێکی فەرەنسی بوو (١٨٦٢-١٩٢٣) و نموونەی




دیاری فاشیزم و دژی رووناکبیران بوو، بەرهەڵستکارێکی دیاری ئەلفرێد داریفۆس بوو، بانگەشەی فیکرێکی تەماویی لەبارەی عەقڵی سیاسیی نائاگا دەکرد.
٦- بێرنارد گراسیە لە ساڵی (١٩٤٦)دا جارێکی تر (Trahison)ی چاپ کردەوە.
7- Alvin W. Gouldner, The Future of Intellectuals and the Rise of the new class (New York: Seabury Press, 1979) PP. 28-43.
8- Michel Foucault, Power, Knowledge: Selected Interviews and other Writings 1972-1977, ed, colin Gordon (New York: Pantheon, 1980), PP. 127-128.
9- Isaiah Berlin, Russian Thinkers, ed, Henry Hardy and Aileen Kelly (New York: Viking Press, 1978), P. 129.
10- Seamus Deane, Celtic Revivals: Essays in Modern Irish Literature, 1880-1980 (London: Faber & Faber, 1985), PP. 75-76.
١١- دانیشتووانی کۆنی ئێرلەندان لەسەردەمی (فین)ی پاشای ئێرلەنددا.
12- C. Wright Mills, Power, Politics and People: The Collected Essays of C. Wright Mills, ed, Irving Louis Horo Witz (New York: Ballantine, 1963), P. 299.

**سەرچاوە:**

إدوارد سعید/ صور المثقف - محاضرات ريث سنة ١٩٩٣/ ترجمة: غسان غصن/ دار النهار للنشر -بيروت- ١٩٩٦.

* ئەم نووسینە بەشی یەکەمی کتێبەکەی ئیدوارد سەعیدە کە لەشەش وتار پێکهاتووەو لە ساڵی (١٩٩٤)دا بەزمانی ئینگلیزی و لە نیویۆرک چاپ کراوە. لەساڵی (١٩٩٦)یشدا کراوە بە عەرەبی. لە هەمان ساڵداو لە ژمارە (١-٢)ی گۆڤاری (الموقف الثقافي)یشدا (د. سلمان داود الواسطي) بابەتێکی درێژی لەبارەی ئەم کتێبەی ئیدوارد سەعید نووسیوە و لەوێدا لە جیاتی (صور المثقف) ناونیشانەکەی کردووە بە (تمثیلات المثقف) و مانای هەردوو زاراوەکەش روون دەکاتەوە. هەروەها چەند بەشێکی لەو کتێبە تەرجەمە کردووە کە من لەوەرگێڕانەکەی خۆمدا بەوەی ئەویشدا چوومەتەوە، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی پەرەگرافەکەی (سی رایت میلز)دا پتر پشتم بە وەرگێڕانەکەی د. سەلمان داوود بەستووە.



د. عەلی حەرب

# ڕەخنە لە ڕۆشنبیر- قەیرانی ڕۆشنبیر

**عەلی حەرب**

### ئەلتەرناتیڤی سیاسی

ئێستاکە ڕۆشنبیر بووە بە تەوەری قسەکردن و بایەخ پێدان، هەر کەلاپەڕەی ڕۆشنبیریی زۆربەی ڕۆژنامەکان یان گۆڤارێکی ڕۆشنبیری دەکەیتەوە، بابەتێک یان چەند بابەتێک لەبارەی: کێشەی ڕۆشنبیر، ئیشکالییەتی ڕۆشنبیری، بارودۆخی دەستەبژێری ڕۆشنبیر، دەبینی.

ئەوەی لەم وتارەدا دەمەوێ بیخەمەڕوو، ڕەخنەگرتنە لە ڕۆشنبیر، لێرەدا نامەوێ وێنەی ڕۆشنبیر ڕەونەقدار بکەم یان ڕۆڵی ڕۆشنبیر دیاری بکەم و جەخت لە ڕەواییەکەی بکەم، وەک زۆربەی ڕۆشنبیران ئەم کارە دەکەن، هەروەها ناشمەوێ لەبەهایان کەم بکەمەوەو وێنەکانیان وردوخاش بکەم وەک هەندێ کەس لەو باوەڕەدان. بەڵکو هەوڵ دەدەم ئەو بۆچوونانە ئاشکرا بکەم کە پێشتر لەزەینی ڕۆشنبیردا هەن و ڕوانینی ڕۆشنبیر بۆ خودی خۆی و بۆ کەسانی دی و بۆ کۆمەڵگە ئاراستە دەکەن.

لێرەدا مەبەستم لە ڕۆشنبیر ئەو کەسە نییە کەشانسێکی زۆری لە «ڕۆشنبیریی گشتی» یان لە ئەپستیمە هاوبەشەکاندا هەیە، بێگومان مەبەستیشم لەو کەسە نییە کەلەیەکێ لەلقەکانی ئەپستیمدا پسپۆڕە یان لەیەکێ لەکایەکانی ڕۆشنبیریدا بەرهەمهێنەرە، واتە بە دیاریکراوی مەبەستم لە؛ زانا یان نووسەر یان ئەدیب یان هونەرمەند نییە، هەروەک مەبەستم لە «ڕووناکبیر»نییە کە فیکر بەرهەم دێنێ یان ژینگەیەکی فیکری دەخوڵقێنێ، ئەگەرچی ڕۆشنبیر دەسەڵاتی فیکرو ڕەخنە بەکاردەهێنێ، دواجار مەبەستم لە ڕۆشنبیر ئەو کەسەنییە کە بانگەشەی شتێک دەکا یان خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکە؛ واتە تیۆریستی عەقائیدی یان مورشیدی ڕۆحی یان ڕابەرێکی شۆڕشگێڕ یان سەرکردەیەکی حزبی، لەگەڵ ئەوەی ئەرکی ڕۆشنبیر نزیک دەبێتەوە لە ئەرکی «بانگەشەکار» (الداعیة).



دەشێ ڕۆشنبیر پەیوەندیی بەهەریەکێ لەو ڕووانە هەبێ کەناومان هێنان، بوارەکانی کارکردنی ڕۆشنبیر لەولایەنانەدا، زۆر یان کەم دەبێ، هەندێ جار توند یان لاواز دەبێ. بەڵام من بەپلەی یەکەم مەبەستم لە ڕۆشنبیر ئەوکەسەیە کە سەرقاڵی کێشەی ماف و ئازادییەکانەو... بەفیکرو گفتوگۆ یان بە نووسین و هەڵوێستەکانی داکۆکی لە سیاسەتی ڕاستی و بەها ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتی و گەردوونییەکان دەکات. دەشێ ڕۆشنبیر کەسێکی یۆتۆپی یان ئۆرگانیست، شۆڕشگێڕ یان ریفۆرمیست، نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی، پسپۆڕ یان شموولی بێ، دیسان دەشێ شاعیر یان نووسەر یان فەیلەسووف یان زانایان فیلۆلۆژیست یان ئەندازیار بێت، یان خاوەنی هەر پیشەیەک بێت. بەڵام نۆرمی ڕۆشنبیر و کایەی پسپۆڕی و بواری کارکردنەکەی هەرچییەک بێ، کەسێکە بایەخ بە ئاراستەکردنی ڕای گشتی دەدا و داکۆکی لە وتنی ڕاستی و ئازادییە مەدەنییەکان و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئایندەی بەشەرییەت دەکا. ئەمە سیفەت و ئەرکی ڕۆشنبیرە، بگرە ئەمە ڕەوایی و بەرپرسیاریی ڕۆشنبیرە. بەم مانایە، ڕۆشنبیر دیوێکی تری کەسی سیاسییە، پڕۆژەی ئەلتەرناتیڤی کەسی سیاسییە.

ڕۆشنبیر بەسیفەتی ئەوەی دەسەڵاتی قسەکردن یان نووسین بەکاردێنێ، لەکایەی بەرهەمهێنانی ڕەمزیدا کاردەکا، واتە ئەو کەرەستە ڕەمزییانە بەرهەمدێنێ یان بەکاردێنێ کە لەبیروباوەڕو ئەپستیم و دەق و گوتارەکان و بەرهەمە کولتوورییەکانی تردا دەردەکەون، ڕۆشنبیر بەو سیفەتە وەک خاوەن ئیمتیازێک ڕەفتار دەکا، واتە بەسیفەتی ئەوەی پێشڕەوایەتی دەنوێنێ و سەربە دەستەبژێرێکی هەڵبژێردراوە.

ئەمەش مانای ئەوە نییە کەسێکی ئاسایی لەناو خەڵکی یان لەناو جەماوەری بەرین، یان ئەوانەی لە کایەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری و لەیەکێ لەمەیدانەکانی کاری فیکریدا کارناکەن، لەسیفەتی ڕۆشنبیری داماڵراون. چونکە ڕۆشنبیری، بە مانا سەرجەمگیرییەکەی، بریتییە لە دروستکردنی ژیان و کارکردن لەسەر سروشت، ڕۆشنبیری شێوەیەکە لە شێوەکانی بەردەوامی و ئاڵوگۆڕ. بەم مانایە هیچ مرۆڤێک بەبێ ڕۆشنبیری نییە، سائەو مرۆڤە ئەهلی کاری فیکری بێ یان سەربەکاری جەستەیی بێ، لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا مرۆڤی بێ فیکر نییە، دەشێ پەیوەندیی و بەردەوامیی نێوان «ڕۆشنبیران» زۆر باشتر

نەبێ لە پێوەندیی و ئاڵوگۆڕی نێوان «نا رۆشنبیران» لێرەدا موفارەقەیەک هەیە ، دەشێ خۆبەستنەوە بە دەستەبژێری رۆشنبیر لەسەر حیسابی رۆشنبیری بێ و روویەکی قەیرانی رۆشنبیری پێک بهێنێ.

## قەیرانی رۆشنبیر

رۆشنبیر بوونەوەرێکە لەنێو قەیرانەکاندا دەژی. لەبەرئەوەی بایەخ بەمەسەلەی راستی و ئازادی و دادپەروەری و بەها گشتییەکان دەدات، دەبینین بە نانەوەی گیروگرفت وریسواکردن و ئاشکراکردنی لایەنە خراپەکان، دەگەشێتەوە، ئەو پتر لەسەر ئەوە دەژی کەقسە لەسەر خراپ بەکارهێنانی ماف و ئازادییەکان بکات. لەوەتەی شێوەو چەمکی رۆشنبیر بەشێوەیەکی دیار شکڵی گرتووە، بەو جۆرە رەفتاری کردووە: هەر لە (ڤۆلتێر)ەوە کەدەیوت: من لەگەڵ راوبۆچوونی تۆدانیم، بەڵام لە پێناوی ئازادیی رادەربڕینی تۆدا دەجەنگم. تا سارتەر کە بەو سیفەتە هەڵسوکەوتی دەکرد وەک ئەوەی گەواهیدەری واقیعی سەردەمەکەی خۆیەتی و لەکێشەکانی کۆمەڵگە دەدوا، یان لە (محەمەد عەبدە) و کەسانی دیکەی ریفۆرمخوازو نوێخوازی سەردەمی بووژانەوەوە بۆ (حەسەن حەنەفی) کە داکۆکی لە مەدەنییەت و ئازادی و شوناس دەکا.

بەڵام ئەمڕۆ و لەسەردەمی ئێستادا بارودۆخەکان گۆڕاون و وەک پێشدان نین: ئەو رۆشنبیرەی قەیران دروست دەکاو گرفت دەنێتەوە، ئێستاکە خۆی لە قەیراندایە، بەتایبەتی پاش ئەوەی تیۆرو پرەنسیپەکان عەیب و عارەکانی ئەویان ئاشکرا کردووە لەوەی رۆشنبیر لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە گەورەکانی دنیاداو لەپتر لە ئاستێکدا دەستەوەستان و لاوازە، ئەمەش رۆشنبیری لە راستگۆیی و لەچەکەکانی داماڵی. ئێمە ئەمڕۆ ئەوشتانەدەبینین کە: ئەو بەها گەورانەی رۆشنبیر داکۆکیی لێ دەکرد، لەژێر کوتەکی رووداوە گەرمەکاندا، دەڕووخێن، ئێستا رووداوە گەورەکانی دنیا گاڵتە بە ساکاریی دروشم و پرۆژەکان دەکەن، دەری دەخەن بەرنامەو تیۆرەکان چەند کەمدەست و لاوازن.

ئەم قەیرانەش بەرهەمی ئەمڕۆ نییە، بەرهەمی شکستی سیستەمی سوشیالیزم و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤییێت نییە، وەک چۆن زۆربەی هەرە زۆری رۆشنبیرانی دنیای عەرەبی واتێدەگەن. ئەگەر بمانەوێ سەرەتای ئەم قەیرانە دەسنیشان بکەین، دەشێ بگەڕێینەوە بۆ ساتەوەختی شۆڕشی قوتابییان کە لە ئایاری ساڵی (١٩٦٨) لەشەقامەکانی پاریسدا هەڵگیرسا. ئەم رووداوە، ئەوساکە زۆربەی رۆشنبیرە دیارو ناودارەکانی والێکرد چەندین پرسیارو گومان کردن بۆرووژێنن لەبارەی پایەو رۆڵ و رەوایی رۆشنبیر وەک نوێنەری ویژدانی مرۆڤایەتی. پاش ئەوەی ئەم رووداوە سارتەری دوچاری سەرسامی کرد، دانی بەوەدانا کە ئیتر مەعقول نییە رۆشنبیر بیر لە کەسانی دیکە بکاتەوە. میشێل فوکۆ مەرگی «رۆشنبیری گەردوونی»ی راگەیاند کە ئیتر گشت راستییەکانی لەلانییەو نوێنەری گشت خەڵکی نییە، پێی وابوو ئەو زەمەنە بەسەر چووە رۆشنبیر راستییەکان بەخەڵکی بڵێ، چونکە ئیتر بەقەدەر خەڵکی ئاگای لە راستییەکان نییە[1]، بەڵکو راستی، بەپێی چەمکی فوکۆ، ناکرێ بەبێ ستراتیژو میکانیزمەکانی دەسەڵات بوترێ و بناسرێ.

## سوودی رۆشنبیر؟

ئەمە حاڵەتی رۆشنبیرێکی گەورەو خەباتگێرێکی دێرینی وەک (ریژی دۆبرێ)یە، خاوەنی کتێبی «شۆڕش لە شۆڕشدا» کە تائێستاش لە لوتکەی چالاکیی فیکریدایە، ئەم رۆشنبیرە نموونەییە کە گشت ژیانی خۆی بۆ ئەو پیشەیە تەرخان کردبوو، دەبینین کاروانی خەبات و شۆڕشگێڕیی بە رەخنە لە خۆگرتن و پێداچوونەوە کۆتایی هات، کەوتە رامان لە ئەزموونە تایبەتییەکەی خۆی، دەستی کرد بەشیکردنەوەی بارودۆخی سەرجەم رۆشنبیران لەو کاتەی کتێبی «دەسەڵاتی فیکری لە فەرەنسە»ی چاپ کرد، تا دوا دیالۆگی لەگەڵ جان زیگلر بەناونیشانی «بۆ ئەوەی خۆبەدەستەوە نەدەین»[2]. دۆبرێ لەو دیالۆگەدا وازهێنانی لە رۆڵی خەباتی ئازادیخوازانە رادەگەیەنێ و تەنیا وەک نووسەرێک خۆی پێناس دەکاو پێی وایە ئیتر رۆشنبیران بەو شێوەیە سوودیان نییە کە بتوانن وەک ساحیرێک ماناکان دروست بکەن و وەهم بفرۆشن و خۆیان لەشەبەنگەکانی مارکس[3] رزگار کردبێ کە جاک دریدا مژدەی گەڕانەوەیان دەداتێ، ئەمە زۆر لەوە دەچێ کە بانگەشەی چوون بۆ حەج بکەیت لە کاتێکدا خەڵکی لەحەج دەگەڕێنەوە.

بەم جۆرە وێنەی رۆشنبیر گۆڕاو وەک خۆی نەمایەوە، سا لە نیگای خۆیەوە بێ یان لە نیگای کەسانی دی. مەتمانەی بەتوانای خۆی نەماوە لە رۆشنکردنەوەی عەقڵەکان و کارکردنەسەر رای گشتی، یان وەک ئەوەی خاوەنی بیروباوەڕێکی پتەوبێت و بتوانێ پێشڕەویی خەڵکی بۆ هاندانی کۆمەڵ و گۆڕینی جیهان بکات. رووداوە خێراکان و شکستە چاوەڕوان نەکراوەکان، بوونە هۆی لەکارکەوتنی نموونەی ئەو فیکروکارانەی لەسەردەمی رۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسی و رابەرانی شۆڕشی سۆشیالیزمەوە سروشیان وەرگرتبوو، واتە وێنەو شەبەنگی ئەو رابەرە سۆشیالیستانەی تاسەرەتای حەفتاکان عەقڵی رۆشنبیرانیان داگیرکردبوو. بە وتەیەکی روونتر: سیستەمی بەها رۆشنبیرییەکان دوچاری دارمانێک بوون، چونکە ئاراستەی رووداوەکان بەپێچەوانەی ئەو قسانە بوون کە رۆشنبیران دەیانکرد، بە پێچەوانەی ئەو شتانە بوون کە رۆشنبیران داوایان دەکردو داکۆکییان لێدەکردو چاوەڕێ بوون خەونەکانی ئەوان بەو جۆرە بێنەدی کە بیریان لێدەکردەوە: بەو هیوایە بوون پێشکەوتنێک لە ئاستی ئازادی و دادپەروەریدا بێتەدی و مافەکانی مرۆڤ دابین بکرێ و مەعریفە بلاوبێتەوە و ئاشتی و ئارامی پایەداربکرێ. کەچی لە ئاکامدا، بەپێچەوانەوە، ئازادییەکان پاشەکشەیان کرد و رووبەرەکەیان بەرتەسک بووەوە، مافەکانی مرۆڤ پتر پێشێل کران، پتر گەمە بە راستییەکان دەکرا، بواری کارکردن تەسکتر بووەوە، گرفتەکان گەورەتر بوونەوە، کاری توندوتیژی و تیرۆر زیاتر بوو، ئەمە وای لەگەورە رۆشنبیران و بیریاران کرد پرسیار لە ئەزموون و پشکنینەکانی خۆیان بکەن، رەخنە لە شێوازی مامەڵەکردنی خۆیان بگرن لەگەڵ شتەکان و رووداوەکان و بیروباوەڕەکان، لە رەخنەوە بەرەو رەخنەی رەخنە رۆیشتن.

بەم جۆرە بارودۆخەکە تەواو پێچەوانە بۆتەوە: لە کاتێکدا رۆشنبیر رەخنەکانی خۆی ئاراستەی دەسەڵاتەکان دەکرد، ئێستا خۆی بووە بە شوێنی رەخنەلێگرتن، لە کاتێکدا وەک رابەری فیکرو دروستکەری رای گشتی هەڵسوکەوتی دەکرد، ئێستا وەک پاسەوانی رژێم و وەک پۆلیسی فیکر چاوی لێدەکرێ، لە کاتێکدا وەک شایەت و قسەکەرو بریاردەر خۆی پێناسەدەکرد و هەمیشە شمشێری رەخنەی هەڵدەکێشاو داکۆکیی لە ئازادیی بیروڕاو بەرژەوەندییەکانی جەماوەر دەکرد، ئێستاکە خۆی بووە بە بابەتێک بۆ



نەشونماکردنی گوتارێکی رەخنەیی وا کە بە راڤەکردن و شیکردنەوە شێوەی بوون و رەوایی خۆی روون دەکاتەوەو باسی پایەو دەسەڵات و سەرمایەو بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات.

## رۆشنبیر پاسەوانی بیروباوەڕەکانی خۆی دەکا

رۆشنبیران لە خۆرئاوادا بە ئیمتیازەوە پرۆسەی کارەکەی خۆیان کردووەو رۆڵی کاریگەریان هەبووە، کەچی لەلای ئێمە بارودۆخەکە تەواو بەپێچەوانەیە، رۆشنبیری نوێ، لەلای ئێمە، نەیتوانیوە ئەو رۆڵە کاریگەرە ببینێ کە رۆشنبیرانی خۆرئاوا لە (ڤۆلتێر) و (رۆسۆ)وە تا (سارتەر) و (فوکۆ) بینیویانە، واتە رۆشنبیرانی ئێمە بەشدارییان لە دروستکردنی رای گشتی و دارشتنی هوشیاریی کۆمەلایەتی نەکردووەو کاریگەرییان لە دینامیزمی کۆمەلایەتی و رەوتی مێژوییدا نەبووە، هەروەک نەیانتوانیوە پرۆسەی ئەو رۆڵە بکەن کە زاناو فەیلەسووفانی سەردەمی ئیسلامی پرۆسەیان کردووە، واتە رۆشنبیری ئێمە دەسەلاتێکی رەمزیی وای دروست نەکردووە دان بە رۆڵ و بایەخی ئەو دەسەلاتە رەمزییە بنرێ، کەم جار توانیویەتی پەیوەندییەکی ئەکتیڤ و هاوسەنگ لەگەڵ دەسەلاتی سیاسیدا دامەزرێنێ.

زیادەرۆیی نییە ئەگەر بڵێین رۆشنبیرانی ئێمە، ئەوانەی بانگەشەی ئازادی و شۆڕش و یەکگرتن و پێشکەوتن و سۆشیالیزم و عەلمانییەت دەکەن، لە نێو رەوتی فیکرو رووداوەکاندا سوودێکی کەمیان هەبووە، مێژووی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەکانی خۆیان و لەگەڵ واقیعدا، گەواهیی دۆڕان و پەراوێز بوونیانە. لە راستیدا ئەمانە دەریانخستووە کە نازانن گەمەکان بەچ جۆرێک دەکرێن و نازانن هێزەکان چۆن ئامادە دەکرێن و چۆن راستی بەرهەم دەهێنرێ. ئەوان بەعەقڵێکی سیحری و بە میکانیزمێکی سرووتئامێز رۆڵی ئازادیخوازانەو رۆشنگەریی خۆیان پرۆسەکردووە بەتایبەتی لەو کۆنگرەو بەیاننامانەی واڕاهاتوون لەسەر رووداوەکان دەری بکەن، سا لەبارەی ئازادیی فیکرو رادەربڕین بێ یان لەبارەی پرۆژەکانی بووژاندنەوەو پەرەپێدان یان لەبارەی ناکۆکییەکانی نێوان کۆمەڵەی عەرەبی و دەوڵەتە عەرەبییەکان، ئاکامەکەی چەندین شکست و پاشەکشەبووە لەچاو ئەو دروشم و داواکارییانەی چەندین

ساڵە هەڵیانگرتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا تائێستاش زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئێمە غەرقی ناو ئایدیۆلۆژیاکانی خۆیانن، ئەوان تەنیا دژایەتیی واقیعەکان دەکەن بۆ ئەوەی کاتیگۆری و تیۆرەکانی خۆیان بە ڕاست نیشان بدەن، ئەوان هۆیەکان لە واقیعدا دەبینن نەک لە بیروباوەڕەکان و لەچەشنی تێگەیشتن و لە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕاستییەکاندا. لێرەوە هەوڵ دەدەن کاتیگۆری و قسە بەسەرچووەکانی خۆیان لەگەڵ ڕووداو و واقیعەکاندا جووت بکەن، یان کۆمەڵگە بەپێی چوارچێوە تەسکەکانی خۆیان و بەپێی پۆلێنکردنە ئامادەکانیان بگۆڕن. بەم مانایە ڕۆشنبیران دیکتاتۆرییەتی فیکریی خۆیان پرۆسیسە کردووە، یان بەناوی حەقیقەت و ئازادییەوە و لەژێر دروشمی دیموکراتیزم توندوتیژیی ڕەمزیی خۆیان پرۆسیسە کردووە. بەم جۆرە لەبری ئەوەی لەسەر بیروباوەڕەکانی خۆیان کاربکەن بۆئەوەی لە ڕووداوەکان تێبگەن و پێشبینیی ڕووداوێک بکەن کە دەشێ ڕووبدات، کەچی دەبنە «پۆلیسی فیکر» ئەگەر بمانەوێ ئەم گوزارشتە لە (ڕیژی دۆبرێ) یان لە (جۆرج بالاندێ) بخوازین.

دەشێ ئەمە ئەوەمان بۆ ڕاڤەبکات، چۆن ئازادی لەتەک پتر بانگەشە بۆ کردنیدا پاشەکشە دەکات، چۆن هەوڵدان بۆ ڕابوون شکستی بە دوادادێت، چۆن بانگەشەکردنی ڕۆشنگەریی عەقڵی دەبێتە بووژانەوەی فیکری غەیبانی و تیۆلۆژی. بگرە ئەمە ئەوەشمان بۆ ڕاڤە دەکات کە چۆن بەرهەمی ڕۆشنبیری پاشەکشە دەکاو داهێنانی فیکری کزو خامۆش دەبێ، لە کاتێکدا دەبینین کۆمەڵەی ڕۆشنبیران پێک دەهێنرێن و یانەو یەکێتییەکانیان چالاک دەکرێن، بەتایبەتی یەکێتی نووسەران کە ئێستا بووە بەشوێنی دادگایی کردنی نووسەران و سزادانی ئەدیبان.

بەڕاستی ئەمە ئامانجی پاسەوانی کردنی ئەو فیکرانەیە کە ڕۆشنبیرە دۆگماییەکان ئیشی پێدەکەن. زۆربەی ئەو ڕۆشنبیرانە هەمیشە خەریکی پاسەوانیکردنی فیکرەکانی خۆیانن لەبەرامبەر واقیع و پەرەسەندنەکانی واقیعدا. لێرەشەوە هەمیشە ڕەخنەکانی خۆیان ئاراستەی ڕژێم و دەوڵەت و سیاسەت و دەسەڵاتەکان دەکەن، بەمە ئەو ڕەخنە ڕاستەقینەو داواکراوە دووردەخەنەوە کە بونیادەکان دەپشکنێ و شتە بنچینەییەکان هەڵدەداتەوە، واتە



ئەو بونیادە فیکرییە هەڵدەوەشێنێتەوە کە ڕۆشنبیری عەرەب بەرەو ئەوە دەبا نارەزایی بەرامبەر بە پەلاماردانی (نەجیب مەحفووز) دەرببڕێ یان دەرکردنی ئەدۆنیس لە یەکێتی نووسەران[٤].

ڕەخنەی بەرهەمهێنەرو ئەکتیڤ، واتە ئەو ڕەخنەیەی ئیمکانی تێگەیشتن پتر دەکاو چالاکی و کاریگەرییەکی زیاتر بەرهەم دێنێ- ئەوەی کە تائێستاش ڕۆشنبیر لێی دووردەکەوێتەوە-، بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە کۆجیتۆ، ئەو پەیوەندییە لێکدراوەی نێوان خودو فیکرو ڕاستی، ڕەخنەگرتنی ڕۆشنبیر لە خودی خۆی لە پێناوی ڕووت کردنەوەو ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ فیکرو تێگەیشتن و چەمکەکانی خۆیدا دایدەمەزرێنێ. لێرەوە ڕۆشنبیران قوربانیی فیکرەکانی خۆیانن، قوربانیی شێوەی بیرکردنەوەی خۆیانن، ئەمە ئەو ڕووبەرە نادیارانەیە کە دەبێ بخرێنە ژێر شیکردنەوەو ڕەخنەلێگرتن، دەنا قسەکردن لەبارەی ئازادیی ڕادەربڕین و مافی جیاوازێتی و مافەکانی مرۆڤ لەپەراوێزی کۆمەڵگەدا دەمێننەوەو ناچنە ناو ڕای گشتییەوە، واتە تەنیا لەناو کۆمەڵەیەکی دەستەبژێردا دەمێنێتەوە، وەک ئەو قسەوباس و وتووێژانەی لەبارەی کێشەی ئەدۆنیسەوە دەکرێن. بەوتەیەکی تر: بەبێ ڕەخنەگرتنێکی ڕەگوڕیشەیی قووڵ، قسەکردن نابێتە کۆششێکی ڕۆشنگەرییانەی ڕاستەقینە.

## گرفتی ڕۆشنبیر بیروباوەڕەکانیەتی

کاتێ وتم ڕۆشنبیری عەرەب تائێستاش خنکاوی ناو ئایدیۆلۆژیاکانی خۆیەتی، مەبەستم ئەوە نەبووە سەرجەم ڕۆشنبیران بخەمە ناو ئەو بازنەیەوە، چونکە لێرەدا چەندین ڕۆشنبیری عەرەب هەن بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ خۆیاندا دەکەن و بەچەمک و پرۆژەو بیروباوەڕەکانی خۆیاندا دەچنەوە، «ڕۆشنبیر» لەلای هەندێ لەبیریارانی عەرەب بووە بابەتی قسەکردن و مەرجەعی گوتار، لە میانی زاراوەکانی قەیران و ئیشکالییەت و تەنگژەکانەوە پرۆژەکانی ڕۆشنبیران دەخوێننەوە.

نایشارمەوە کاتێ دەستم بەنووسینی ئەم وتارە کرد، پێشتر کورتەی ئەو لێکستەی ڕۆشنبیری ناوداری عەرەبی و ئەکادیمیستی ئەمەریکی «ئیدوارد سەعید»م خوێندبۆوە کە لە بەیرووت چەند وتارێکی لەچەند سیمینارێکدا

خوێندەوە، یەکێ لەو وتارانەی بەناوی « رۆشنبیر لە جیهانی ئەمڕۆدا»[٥]بوو، لەوێدا ئیدوارد سەعید هەوڵ دەدا جارێکی تر پێناسەی رۆشنبیر بکاتەوەو پاشان وێنەو نموونەکانی رۆشنبیر دیاری دەکاو ئەرکەکانی دەستنیشان دەکاو رێگەکانی کارکردن و کاریگەرییان دەخاتەڕوو. سەعید چەندین وتاری دیکەی لەبارەی هەلومەرج و ئیشکالییەتی رۆشنبیر هەیە، لێرەدا ئاماژە بۆ وتارێکی ئەو دەکەم بەناوی «رۆشنبیرانی تاراوگەکراو: نامۆکراو و پەراوێز کراوان»[٦]*، سەعید لەم وتارەدا، وەک نووسەرو وەک شیکەرەوەیەک، ژیاننامەی چەند رۆشنبیرێک بەسەر دەکاتەوە، لەوانە (ئەدۆرنۆ) و (ڤیکۆ) و لەوێدا نموونەی رۆشنبیری تاراوگەکراو دەخاتەڕوو، ئەو رۆشنبیرەی ناتوانێ دووربکەوێتەوە لە هەستکردن بە غوربەت و تەنیایی و پەراوێزی. هەست کردن بە غوربەت و تەنیایی، تایبەت نییە بەو رۆشنبیرانەی لە نیشتمانەکەی خۆیان دابڕاون و دوور لە ژینگەی خۆیان دەژین، بەڵکو ئەوانەش دەگرێتەوە کە هەست ناکەن سەر بە کۆمەڵگەکەی خۆیانن و ناتوانن یان نایانەوێ لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرکەی خۆیاندا بژین سا لە دەرەوەی نیشتمان بن یان لەناوەوە.

رۆشنبیر، بەم مانایە، کەسێکی پەراوێزی و نامۆی لێ دەردەچێ، بەتایبەتی ئەگەر بیەوێ لەبەرامبەر دەوڵەت و دەسەڵاتدا پرۆسەی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی بکات، یان خۆی لە کۆمەڵگەو ترادیسیۆنەکان جیابکاتەوە.

بەڵام رۆشنبیر کاتێ جەخت لە پەراوێزیی خۆی دەکا، یان پرۆسەی تەنیایی و گۆشەگیری دەکا، لە راستیدا لە ئەرکی پەیامبەرانەی خۆی دووردەکەوێتەوە وەک کەسێ کە دەبێ داکۆکی لە ئازادی و مەسەلە گشتییەکان بکات. لێرەشدا بە راستی موفارەقەیەک هەیە؛ هەر چەندێ رۆشنبیر تێکەڵ بە واقیع و ترادیسیۆنی کۆمەڵگەکەی بێت، بەقەدەر ئەوە چالاکی و ئەکتیڤی کەم دەبێتەوەو ئەرکەکەی وەک پیشەیەک دەردەکەوێ، بەپێچەوانەی ئەمەشەوە هەر چەندێ پرۆسەی جیاوازی و تاکگەرایی خۆی بکات، بایەخ وگرنگیی ئەرکەکەی روونتر دەردەکەوێ.

دەشێ ئەمە هۆیەک بێ وای لە ئیدوارد سەعید کردبێ کە لەو سیمینارەدا هەڵوێستێکی مامناوەندی بنوێنێ و دوو وێنەو دو جۆر رۆشنبیر لە دوو تەرەفی جیاواز پیشان بدات:



یەکەم- ئەو وێنەیەی لەلای (جولیان بیندا) دەیبینین، واتە رۆشنبیری یۆتۆپی. دووەم- ئەو وێنەیەی لەلای (ئەنتۆنیۆ گرامشی) دەیبینین، واتە رۆشنبیری ئۆرگانی ** لێرەدا سەعید ئیشکالییەتێک دەخاتەڕوو: چۆن رۆشنبیر بتوانێ لەیەک کاتدا پارێزگاری لەسەر بەخۆیی و ئەکتیڤی خۆی بکات بێ ئەوەی بکەوێتە ناوبازنەی رۆشنبیری یۆتۆپی یان رۆشنبیری ئۆرگانی.

لێرەدا چەند پرسیارێکی هەنووکەیی هەن و واقیعی ئێستا دەیانخاتەڕوو و وامان لێدەکەن چاو بە هەلومەرجی رۆشنبیردا بخشێنین و جارێکی تر بیر لە ئیشکالییەتی رۆشنبیری بکەینەوە:

بۆچی رۆشنبیران رووبەڕووی رووداوی چاوەڕوان نەکراو دەبنەوە؟ بۆچی ئەمڕۆکە رۆشنبیران پتر دەخرێنە پەراوێزەوە؟ بۆچی لە ئاستی رورروداوەکاندا، بیرو تیۆرەکان ناچیزە دەبن؟ چۆن فەرەنسە کە پێشتر پایتەختی مەرجەعییەتی رۆشنبیری و رووبەرێکی رۆشنگەری بوو، ئەمڕۆ رۆشنبیرەکانی، باسی هێرشی رۆشنبیریی ئەمەریکی دەکەن؟ چۆن ئەو بارودۆخە راڤەبکەین؛ لە پاش ئەو هەموو نووسین و گوتارە لەبارەی ئازادی و دیموکراسیزم، کەچی ئازادییەکان لەلای ئێمە پاشەکشە دەکەن؟ بۆچی رۆشنبیری ئێمە یان دەکەوێتە پەراوێزەوە یان دەبێتە قسەکەرێک بەناوی دەسەڵاتی سیاسییەوە قسە دەکات؟

ئەمانە ئەو پرسیارانەن بەرەو ئەوەمان دەبەن دوالیزمی تەقلیدییانەی (رۆشنبیرو دەسەڵات) تێپەڕێنین کە بیری زۆربەی رۆشنبیرانی ئێمەی داگیرکردووە، بەرەو ئەوە بچین رۆشنبیر رەخنە لە (پەیوەندیی خۆی بە خودو فیکری خۆی) بگرێ، مەبەستم پەیوەندیی رۆشنبیر بەو شوناسەی گوایە پاسەوانیی دەکا، یان بەو حەقیقەتەی بانگەشەی بۆ دەکا، یان بەو مەشروعییەتەی هەوڵ دەدا مۆنۆپۆڵی بکا، یان بەو دەسەڵاتەی پێی وایە بەرەنگاریی دەکا.

### دەسەڵاتی رۆشنبیر

رۆشنبیر بەوەندە ناوەستێ کە سەربەخۆیی خۆی لەدەوڵەت و دەزگاکانی، لەدەسەڵات و بەرتیلەکانی، رابگەیەنێ. ئەو بەو شێوەیە رەفتار دەکا کە بەرپرسیاریی بەهاو ئازادییەکانی لە ئەستۆدایە، ئەو پێی وایە وەک

جێبەجێکردنی ئەرکەکەی، دەبێ لە ریزی ئۆپۆزیسیۆندا بووەستێ و چەکی رەخنەگرتن بەکاربێنێ بۆ ئەوەی پرۆسەی دەوڵەت و رژێم و دەسەڵاتەکان لە شێوەکانی چەوسانەوەو ناعەدالەتی، رووت و ئاشکرا بکات، میکانیزمی گەمەکردن بە رووداوو راستییەکان ریسوا بکات، ئەمە ئەرکی رۆشنبیرە جا وێنەو نموونەی هەرچییەک بێت: ئەو گرفتەکە لە (دەسەڵات)دا دەبینێ، سائەو رۆشنبیرە ریفۆرمخواز بێ یان شۆڕشگێڕ، ئورگانی بێ یان یۆتۆپی، لەناو دەسەڵات بێ یان لەدەرەوەی دەسەڵات.

بێگومان ئەمە رۆشنبیر خۆی لەناوەرۆکی گوتارەکانیدا دەیڵێ، بەڵام هەمیشە گوتار جیایە لەو شتەی رۆشنبیر رایدەگەیەنێ، ئەو کە باسی شێوەکانی دەسەڵات و کۆنترۆڵ کردن و میکانیزمی گەمەکردن بەحەقیقەتەکان دەکا، لە راستیدا حەقیقەت و دەسەڵاتی خۆی دەشارێتەوەو گەمەو چاوشارکێکانی خۆی بیر دەچێتەوە. بەم جۆرە رۆشنبیر لەبەرامبەر زۆرداریی دەسەڵاتدا لایەنگریی خۆی بۆ چەوساوەکان رادەگەیەنێ، کەچی خۆیشی دەسەڵاتی تایبەتی و رەمزیی خۆی دروست دەکا، ئەو دەڵێ ئیشی من کەشف کردنی راستییەکانە، کەچی خۆی لەدەق و گوتارەکانیدا حەقیقەتی خۆی دروست دەکا، یان باسی خەونی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی رۆشنگەرو ئازاد دەکا، کەچی خۆیشی لەناو دەستەبژێردا جیاوازی و تاکگەرایی خۆی دەشارێتەوە.

راستە دەسەڵاتی رۆشنبیر جۆرە دەسەڵاتێکی ترە، واتە دەسەڵاتێکی ماددی یان ئابووری نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی رەمزییە، واتە دەسەڵاتی قسەکردن و نووسینی هەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتی شمشێر و پارەدا. بەڵام دواجار ئەویش هەر دەسەڵاتە. لە رێگەی بەرهەمهێنراوە رەمزییەکانی وەک فیکرو مەعریفە یان عەقیدەو سرووت یان بڕوانامەو نازناو، دەسەڵاتی خۆی پرۆسیسە دەکا. دەسەڵاتی رەمزی لەسەردەمی عەرڕافەوە تا سەردەمی رۆشنبیری نوێ بەو جۆرە پرۆسیسە کراوە.

ئەمەش مانای وایە ململانێی نێوان رۆشنبیر و سیاسی، یان لە نێوان قەشەو حاکم، یان لە نێوان فەقیهو سوڵتان، بە تەنیا ململانێ نییە لە نێوان (مەعریفە) و (دەسەڵات)دا، بەڵکو ململانێیە لەسەر رەوایی، واتە لەسەر مۆنۆپۆڵ کردنی هەق بۆ درکاندنی راستییەکان.



ئەو دەسەڵاتە رەمزییەی رۆشنبیران پرۆسەی دەکەن، وەک هەر پیشەیەکی تر بنەماو رێسای خۆی هەیە، واتە کەرەستەو سەرمایەی خۆی هەیە، پاشان بەرهەم و بازاڕی خۆی هەیە، بەکاربردن و سوودو قازانجی خۆی هەیە. قەشەو مەلاو رۆشنبیر، هەریەک لەمانە، سەرمایەی رەمزیی خۆی بەکاردێنێ کە بریتییە لە زانین و شارەزایی و مەعریفە، یان لە پلەوپایەو نازناو، یان لە توانای قسەکردن و وتاردان.

بێگومان رۆشنبیر خۆی وادەناسێنێ کە هەڵگری پەیامێکە و هیچ مەبەستێکی تایبەتی یان سوودێکی راستەوخۆی لەم پەیامەدا نییە، مەبەستی ئەوە نییە بەڵکو داکۆکی لەشتە پیرۆزو بەهادارەکان دەکا. لێرەدا رووی فریودان و چاوشارکێکەی دەردەکەوێ. لە راستیدا پیشەی رۆشنبیر پیشەیەکە هەقیقەتی خۆی دەشارێتەوەو بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی تایبەتی کاردەکا. بەم جۆرە لە ژێر پەردەی پەیامدا پرۆسەی کارەکەی خۆی دەکا.

لەلایەکی تر رۆشنبیران کۆمەڵگەیەکی ئایدیالی پێکناهێنن کە پرەنسیپی عەقلانی و رێسای چاکە هەڵیان بسوڕێنێ، بەڵکو رۆشنبیران وەک هەر خاوەن کارو پیشەیەکی دیکە لایەنی چاکەو خراپەیان هەیە، لە ناو بواری کارکردنی ئەوانیشدا ناکۆکی و ململانێ هەیە. لە کاتێکدا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە پێناوی ئازادی و رۆشنگەریی کۆمەڵگەدا خەبات دەکەن، کەچی پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا رۆشنگەری نییەو...پتر ململانێیەک لە پێناوی دەسەڵات و توتالیتاری و باڵادەستیدا هەیە.

ئەم رەخنە گرتنە لە رۆشنبیر، سنوورە تەقلیدییەکانی دوالیزمی (رۆشنبیر و دەسەڵات) دەبەزێنێ، رۆشنبیر و سیاسی دەخاتە ناو یەک بازنەوە؛ هەریەکەیان بەرێگەی تایبەتیی خۆی و بەبەکارهێنانی سەرمایەکەی، هەوڵی مۆنۆپۆڵ کردنی رەوایی لە وتنی هەق و راستی دەدا. با رۆشنبیران دان بەوەدابنێن ئەوان پەیامبەری حەقیقەت نین، ئیدی ئەوان- وەک ریژی دۆبرێ دەڵێ- چیتر خوێی زەوی نین، رۆشنبیرانیش خاوەنی دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆیانن.

سیاسییەکی لێزان و شارەزا، زۆرجار، کەمتر لە رۆشنبیر توندوتیژی بەکاردێنێ و لەوان باشتر دەتوانێ کاروباری گشتی بەرێوەببات.

گرفتی رۆشنبیر جگەلەوەی لە فیکرەکانیدایە، لە گۆشەگیری و تەنیایی و لە

نوخبەوییەتیشدایە. لەوەدایە کە لە تێگەیشتنی جیهان لاواز و کەم دەستە، روانینێکی کورتی بۆ واقیع و بۆ رووداوەکان هەیە، بۆیە هەمیشە دوچاری رووداوی چاوەڕوان نەکراو دەبێ و نیگەران دەبێ. رۆشنبیر تەنیا ئەو رێگەیەی لە پێشە بەبیروباوەڕو کاتیگۆرییەکانی خۆیدا بچێتەوەو تێگەیشتنێکی قووڵی بۆ رەوت و مێژووی فیکرەکان و رووداوەکان هەبێ، دەبێ لانی کەم لە خوێندنەوەی رووداوەکاندا واز لە زمان و کاتیگۆرییە وشک و بە سەر چووەکانی بێنێ.

## پەراوێزەکان:

١- لەبارەی هەڵوێستی سارتەرو فوکۆ، بڕوانە کتێبی (محمد الشيخ - المثقف والسلطة- دار الطليعة- بيروت- ١٩٩١- ص١٠٩).

٢- ريجيس دوبريه و جان زيغلر-كي لانستسلم- ترجمة: رينية الحايك و بسام الحجار- المركز الثقافي العربي- ١٩٩٥.

٣- ئاماژەیە بۆ کتێبێکی جاک دریدا بەناوی (اطياف ماركس) کە (منذر عياشي) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ساڵی (١٩٩٥)دا لە (مركز الانماء الحضاري) چاپ کراوە.

٤- یەکێتی نووسەرانی عەرەب، (ئەدۆنیس) یان لەو یەکێتییە دەرکرد، لەبەرئەوەی لەغەرناتەدا لە سیمینارێک ئامادەبوو کە چەند نووسەرێکی ئیسرائیلیش ئامادە ببوون.

٥- سەبارەت بەم لێکستە، پشتم بە پوختەی وتارەکەی ئیدوارد سەعید بەستووە کە (زاهي وهبي) لە رۆژنامەی (النهار) لە (١٩٩٤/١٢/٢٨) بڵاوی کردۆتەوە.


٦- (سماح ادريس) ئەم وتارەی کردووە بەعەرەبی و لە گۆڤاری (الآداب)ی ژمارە (٦-٧)ی ساڵی (١٩٩٤)دا بڵاوکراوەتەوە.

* ئەم وتارە جارێکی تر لە کێبی (صور المثقف)ی ئیدوارد سەعید بڵاوکراوەتەوە کە (غسان غصن) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ساڵی (١٩٩٦)دا لە (دار النهار للنشر) لە بەیرووت چاپ کراوە. (وەرگێڕی کوردی).

* * ئەم بیرۆکەیە لە وتارێکی ئیدوارد سەعیددا هەیە بەناوی (وێنەکانی رۆشنبیر) کە ئێمە لە ژمارە (٤٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)ی گۆڤاری (رامان)دا وەرمان گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە دوو توێی ئەم کتێبەشدا هەیە.

## سەرچاوە:

علي حرب - اوهام النخبة اونقد المثقف - المركز الثقافي العربي- ط١- ١٩٩٦.



د. ئەدۆنیس

# چەند بۆچوونێک لە بارەی فیکری رەخنەیی

ئەدۆنیس

(١)

نالێم من رەخنەگرم. لەچێژ وەرگرتن وتێگەیشتنی شیعریشدا هیچ میتۆدێک وەرناگرم. ئەگەر دروست بێ لەم بوارەدا ئەوە دیاری بکەم من چیم، ئەوا بۆ ئەوە دەچم وا وەسفی خۆم بکەم کە من رێبینێکم (الرائي) بەرەو ئاسۆیەکی نەبینراو دەچم ، لەم رۆیشتنەمدا تێبینی دەکەم و دەزانم وشتی دیکە دەدۆزمەوە، ئاماژە بۆ ئەو بەربەست و رێگرانەش دەکەم کە خۆم دەیانبینم و هەوڵ دەدەن بەرەو ئەو ئاسۆیە نەچمەپێش کە تەماشای دەکەم. پاشان دەشێ میتۆد بۆ داهێنەرەکەی شتێکی باش بێ، بەڵام بۆ کەسانی دیکە جگە لەقوتابخانە شتێکی تر نییە، خۆیشم قوتابخانەیی (سکولاستیکی) نیم، هەر کەسێ قوتابخانەیی بێ ناڕەواو بەتاڵە.

رای خۆیشم لەوەدا ناشارمەوە کە ئەم یان ئەو میتۆدەی هەندێ لە برادەرو غەیری برادەرەکانیشم پێڕەوی دەکەن، سەرنجم رادەکێشێ، بەرامبەر بەوە هەست بەهیچ لاوازی و ناتەواوی و زیانێکیش ناکەم، لەبەر هۆیەکی بنەڕەتی؛ میتۆد هەر چییەک بێ، جەستەو زمانی جەستەو ئاخاوتنی جەستە رەت دەکاتەوە. واتە، بەڕای من، میتۆد قوولترین پەیوەندیی مرۆڤ بەخۆیەوە، رەت دەکاتەوە، هەروەها قولترین پێکهاتەی پەیوەندیی مرۆڤ – مرۆڤ و مرۆڤ- جیهان رەت دەکاتەوە. بەم جۆرە من وای دەبینم میتۆد وەک سەرپۆش (حیجاب) وایە. کاتێکیش میتۆد (چێژ) و (رامان) وەردەگرێ، بەتەنیا هەردووکیان داناپۆشێ، بەڵکو مەعریفەش دادەپۆشێ. مرۆڤ لەمیتۆد گەورەترە، هەروەها فراوانترو دەوڵەمەندتریشە.



(٢)

دەست بەوە مەکە ببیت بە رەخنەگر، تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە رەخنە لەخۆت بگری.

(٣)

رەخنە پتر لەخوێندنەوەیەکە: رەخنە تەنیا بریتی نییە لە راڤەکردن و تەئویل کردنی دەق. رەخنە مەعریفەیە، یان داهێنانی مەعریفەیەکی نوێیە بەپشت بەستن بە دەق. رەخنە لەمەدا تاقیکردنەوەی دەقە: ئایا ئەو دەقە یەک «چین»ە، ئەگەر وابێ بەخێرایی «دەمرێ» ، یان بەپێچەوانەوە ئەو دەقە فرەچینە و چینێک دەمرێ و چینێکی دیکە لەدایک دەبێ؟ ئایا ئەو دەقە وشکی کردو کۆتایی پێهات و ناتوانێ مانایەکی تر بەهەم بهێنێ، یان بەپێچەوانەوە هێشتا کۆگایەکە لەو هێزو وزانەی ماناکان دەخەنەوە؟

رەخنە ئەم تاقیکردنەوەیە نییە تەنیا لەبەر ئەوەی ئەم پرسیارانە دەشارێتەوە: چۆن دەق وشک دەکا؟ چۆن پیر دەبێ و دەمرێ؟ «مەرگی» دەق مانای چییە؟ ئەی مانای چییە کە دەق نامرێ؟

(٤)

رەخنە، هەمیشە، سەرەتاکانی ئاخاوتنێکی دیکە، دادەمەزرێنێ.

(٥)

رەخنە وەک فیکر وایە، یان فیکرێکە تەنیا بەپرسیار کردنی بەردەوامەوە متوربە دەبێ و گەشە دەکا. لەبەر ئەوە، نەک تەنیا شتەکان و دەقەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو خۆیشی دەخاتە ژێر پرسیاری بەردەوام و پێداچوونەوەی بەردەوامەوە.

رەخنە دژوپێچەوانەی میتۆدی داخراوە، لەبەر ئەوە دەست پێکردنێکە هەر بەو جۆرە دەمێنێتەوە.

کارکردن لەپێناوی پتەوکردنی ئەم رەخنە پرسیارئامێزو دەست پێکەرە، لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا، هەمیشە وەک کارکردن لەپێناوی پێشکەوتندا، شتێکی

پێویست و کاریگەرە. ئەم جۆرە رەخنەیە بەشێکی ئۆرگانییە لە ئازادی و خەبات لەپێناوی ئازادیدا.

(٦)

ئەپستیمی باوی عەرەبی ئەپستیمێکی نا رەخنەییە، چونکە لەئامێزی (وەلاّم) دا گەشەی کردووەو گەشە دەکات. لێرەوە مۆرکی زاڵی ئەم ئەپستیمە، تەنانەت لەئەدەب و هونەریشدا، مۆرکێکی فیقهی- شەرعی بووە. لەمەوە روون دەبێتەوە چۆن رۆشنبیریی بالاّدەستی عەرەبی، بە رێگەیەکی نا رەخنەیی، پرۆسیسی رەخنە دەکات، فیکرو فەلسەفەش بەرێگەیەکی نافیکری و نافەلسەفی پرۆسیسە دەکا، زانستیش بەرێگەیەکی نازانستی و، شیعر و هونەریش بەچەند رێگەیەکی ناشیعری و ناهونەری. رۆشنبیریی بالاّ دەستی عەرەبی، بریتییە لەکۆمەڵێ دامودەزگای کۆمەلاّیەتی - ئەخلاقی- سیاسی. رۆشنبیرییەکە بە بێ رۆشنبیری.

(٧)

ئەپستیمی باوی عەرەبی، کەڵەکە بوونێکی تەئویلیی دەقی ئایینی یان شێوە ئایینییە. هەر وەک ئەوەی «تەقلید» فێرمان دەکات، یان رۆشنبیریی «وەلاّم» فێرمان دەکات: ئەم دەقە خۆی لەخۆیدا بەسە، ئەم دەقە ئایینییە- بەسە بۆ هەموو شتێک، بەسە بۆ هەموو ئەپستیمێک.

نواندنی ئایینییانەی واقیع، سنوور بۆ ژیان و مێژوو و فیکر و ئەدەب و شیعرمان دەکێشێ. ئەو وتانەی کە بەهۆیانەو لەمرۆڤ و شتەکان و جیهان رادەمێنین، لەبونیادی قووڵیاندا، کۆمەڵێ وتەزای ئایینین. مێژووی فیکری عەرەبی بەوە جیاکرایەوە کە بەردەوام رەخنەی لەفەلسەفەو عەقڵ دەگرت، ئەمەش بووە هۆی سیس بوون و گۆشەگیریی فیکری عەرەبی. مومکین نییە بتوانین فیکرێکی نوێی عەرەبی و رەخنەیەکی نوێ دابمەزرێنین تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە رەخنە لەبونیادی فیکری ئایینی بگرین. نوێکردنەوەی جیهانی ئێمە تەنیا بە سەر لەنوێ دۆزینەوەی ئەو بنەمایانە دەکرێ کە لەسەری بنیات نراوە، بەلاّم لەئاسۆی ئەو رەخنەیەوە دەکرێ بنەماکان بدۆزینەوە. ئەم دامەزراندنە بە



بەجێهێشتنی خوێندنەوە کۆنەکانی دەقی ئایینی دەست پێدەکات، هەروەک چۆن ئێستا خوێندنەوەی کۆنی رەخنەیی بۆ دەقی شیعری بەسەر چووە.

ئەمەش مانای ئەوەیە لێرەدا شتی دیکە هەیە دەبێ بیانڵێین سەبارەت بەدەقی ئایینی، وتنێک جیاوازە لەهەموو ئەوانەی پێش ئێمە وتوویانە. دەشێ لەگەڵ زۆربەی ئەو وتنانە پێچەوانە بێ کە ئەوان وتوویانە. ئەمەش پێویستیی بەتێڕامانێکی تایبەتی هەیە لەبارەی چەمکەکانی: گەڕانەوەو دووبارە بوونەوە، بنەماو ئوسوڵییەت، رەگ و تایبەتمەندی، جێهێشتن و جدییەت، پێچەوانەو تەماهی، جیاوازی و تەبایی.

لەم ئاستەدا، بۆ لێکۆڵینەوە لەنەریت و کەلەپوور، پێویستیمان بە میتۆدەکانی ماتریالیزم یان ئایدیالیزم نییە، یان پێویستیمان بەوە نییە جارێکی تر ئەو کەلەپوورە بنووسینەوە وەک هەندێ کەس ئەمە دەکەن، گشت ئەمانە سوودیان نییە، تەنیا ئەو کاتە نەبێ بەشێوەیەکی ستوونی و بەبینینێکی نوێ بچینە نێو کەلەپوورو... پێشینەکان - بە هەموو شێوەکانی-جێبهێڵێن.

(٨)

پێداگرتنی رەخنەی باوی عەرەبی لەسەر لایەنگریی سیاسی، رەهەندی سیاسیی کوشتووە. پێداگرتنیشی لەسەر مەنفەعەتی ئیستاتیکی، لایەنی جوانیی کوشتووە. پێداگرتنی لەسەر بەرژەوەندیی راستەوخۆ، لێکۆڵینەوەی کوشتووە، پێداگرتنی لەسەر تاکتیک، ستراتیژییەتی تەسک کردووە.

دەرەنجام ئەم رەخنەیە- هەروەک فیکری باوی عەرەبی- رەخنەیەکە واقیع رۆشن ناکاتەوە، بەڵکو دەیشارێتەوە.

(٩)

لەبنەڕەتدا عروبەت فرەلایەنییە نەک تاکلایەنی. لەچەرخی نوێشدا نەمانزانیوە ئەم فرەییە بۆ ئاستی جەماوەر- قاعیدە- بەرزبکەینەوە، بۆ ئاستی پرەنسیپ لە ژیانی مەدەنی- کۆمەلاّیەتی، سیاسی، رۆشنبیریمان. ئەمەش کەموکورتییەکی بنچینەییە. بەڵکو فرەییمان لە بەرژەوەندییەکانیدا رەت کردۆتەوە، ئەمەش دەشێ بنەماو هۆیەکانی توندڕەوی، بەتایبەتی لەژیانی

سیاسیماندا، روون بکاتەوە. لەمەشدا مردنی رەخنە روون دەبێتەوە.

## (١٠)

ئەمرۆ، لەسەر ئاستی باودا، واقیعی فیکری عەرەبی چییە؟

پێم وایە وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە: شارستانییەتی « ئەویدی» خودی ئێمەی تەنیوە، تەنیا دوو مەسەلە لەو رۆشنبیرییەدا ماوەتەوە: مەسەلەی زمانەوانی کە لە فەرهەنگی زمانەوانیی عەرەبیدا خۆی دەنوێنێ، مەسەلەی ئایینی کە لە خوێندنەوەیەکی تایبەتیدا بۆ ئیسلام خۆی دەنوێنێ و پەیوەستێکی پتەوی بەسیاسیی و دەسەڵاتدارێتییەوە هەیە. بەڵام رۆشنبیریی ژیانی تەکنیکی و بنەما زانستی و ماتماتیکی و فەلسەفییەکانی، لە «ئەویدی» یەوە بۆمان دێ. خودی ئێمە وەهمێکی لەلا دروست بووە کە دەتوانێ بە (زمان) و (ئایین) رووبەرووی «ئەویدی» ببێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەم «ئەویدی»یە لەهەموو سەردەمێ زیاتر دەسەڵاتی بەسەر عەقڵ و شێوەی بیرکردنەوەماندا هەیە، تا ئەو رادەیەی دەتوانین بڵێین: ئەمرۆ رۆشنبیریی ئێمە بریتییە لەجەستەیەکی بیانی بەجلوبەرگی عەرەبی.

هۆی ئەمەش ئەوەیە، ئێمە بەم یان بەو شێوەیە، رێگە لەعەقڵی عەرەبی دەگرین بیر لەخۆی بکاتەوە، رێگەی پرسیارکردن و رەخنەگرتنی لێدەگرین. ئەمەش وا لەهەندێ لەو عەرەبانە دەکا کە پرۆسەی فیکر دەکەن، فیکری «ئەویدی» بەجۆرە وەرگرتنێک، بکەن بەعەرەبی، لەبەر ئەوە نابێ سەرمان سوڕبمێنێ لەچاپکردنی چەند کتێبێک کە باسی «پێکهێنان» و «بونیاد»ی عەقڵی عەرەبی دەکەن، بێ ئەوەی یەک پرسیاریش لەو بنچینانە بکەن کە تائێستاش بوونە بەتایبەتمەندیی ئەو عەقڵەی سرووش و پێغەمبەرایەتیی بەرهەمهێناوە، بێ ئەوەی یەک پرسیار لەبەهای ئەپستیمی ئەمرۆی ئەو بنچینانە بکرێ.

پرسیارەکەش ئەمەیە: رۆشنبیرییەکی لەم جۆرە، چۆن دەتوانێ رووبەرووی ئەو هێرشە بووەستێ کە بە «هێرشی رۆشنبیریی بیانی» ناوی دەبەن؟ رەخنەی ئەدەبیش ئەو کاتە دەست پێدەکات کە رەخنە لەم واقیعەی فیکری عەرەبی بگرێ.



## (١١)

مانا بریتییە لە چالاکیی و کاریگەریی ئاخاوتن، واتە چالاکیی ئەو پەیوەندییانەی ئاخاوتن بەرهەمیان دەهێنێ. هەرچەندێ ئەو پەیوەندییانە دەوڵەمەند بن، ماناش دەوڵەمەند دەبێ. لەم بۆشاییەشدا دەکرێ بڵێین «فۆرم» مانایە. رەخنە، لەچەند روویەکیدا، کەشف کردنی ئەو چالاکییەیە.

## (١٢)

میتا مانا، کە لەهەموو شیکردنەوەیەکی عەقڵی خۆی دەرباز دەکا و دەرککردنی ئەستەمە، لەو مانا سەرەتاییانەیە کەمرۆڤ هەمیشە بەدوایەوەیەتی.

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن مرۆڤ ناتوانێ عەقڵی بەسەر غەیبدا بشکێ، یان ناتوانێ لێی تێبگات. بەڵام ئایا شتێک هەیە خەیاڵی لێ نەکەینەوە یان وێنای نەکەین؟بوونەوەر تەنیا لە نائامادەییدا ئامادەیە، لەئامادەییشیدا نائامادەیە. ئامادەیی غەیب بێ کۆتایی خۆی ئاشکرا دەکا: ئەوە ئاشکرا دەکا کە ئەم ئامادەبوونە تەنیا لایەکی وێنەکەیە و هەموو وێنەکە نییە، واتە نادیارە.

بوونەوەر لەیەک کاتدا ئامادەیەو ئامادەش نییە. ئێمە ئەمرۆ لە رەخنەیەک دەڕوانین کە دیار/نادیار، هەروەها، نائامادە/ئامادە، لەدەقدا، ئاشکرا بکات.

## (١٣)

دەق رەخنەیەکە ئەو دەقە دەنووسێتەوە کە رەخنەی لێدەگرێ، بەجۆریکی تر: لەبونیادی یەکەمیەوە بۆ بونیادی دووەم دەیگوازێتەوە. ئەم جۆرە گواستنەوەیەش دەکرێ بەبێ کۆتایی ئەنجام بدرێ، لەبەر ئەوە مانای دەق بەبێ کۆتایی تازە دەبێتەوە.

کەس خاوەنی مانا نییە. هیچ کەسێ نابێ لەپێناوی مانایەکدا بجەنگێ. مانا لەپشتی ئێمەوە نییە، بەڵکو لە پێشمانەوەیە، ئێمە خاوەنی مانانین، بەڵکو بەرەو مانا دەچین، هەمیشە و بەردەوام بەرەو مانا دەچین.

ئەمە ئەو شتەیە کە رەخنە دایدەمەزرێنێ.

## (١٤)

رەخنە خوێندنەوەی یەکەمە. هەمیشە یەکەمین خوێندنەوەیە. خوێندنەوەی یەکەمی دەقی ئایینی مانایەکی سەپاندووە، پاشان ئەو مانایەی خستۆتە ناو سیستەمێکەوە. گەیشتن بەو (تاک مانا) یەی لەمیانی ئەو تاک سیستەمەوە سەپاندووە. پاشان لەدژی هەموو ئەوانە دەجەنگا کە لەدەرەوەی ئەو سیستەمەوەن، بەسیفەتی ئەوەی لەدەرەوەی ئەو مانایەن.

بەم جۆرە خوێندنەوەی یەکەم بوو بە دواخوێندنەوە.

ئەگەر یەک تاکە مانا بسەپێنرێ، واتە کۆتاییەک بۆ عەقڵ و مەعریفە دادەنرێ. ئایا دەکرێ رۆژێک وێنای مەعریفەیەکی کامڵ و تەواو بکەین؟ یان ئایا دەکرێ وێنای سەردەمێ بکەین کەگیروگرفتی نوێی تیادا سەرهەڵنەدات؟ ئایا دەکرێ گریمانی ساتە وەختێ بکەین کە مرۆڤ پێویستیی بەپرسیارکردن نەبێ؟ تاک مانایی، وەڵامی ئەم پرسیارانە، بە (بەڵێ) دەداتەوە.

مومکین نییە هیچ ئەپستیمێک هەموو وەڵامەکان پێشکەش بکات. ئەپستیم، هەرچەندێ گشتی بێ، هەر بەجوزئی- وەک بەشێک دەمێنێتەوە. نەدوێنێ و نە ئەمڕۆ ناتوانن سبەینێ لەخۆبگرن. تەنیا ئاخاوتنی سبەینێ دەتوانێ پرسیارەکانی سبەینێ لەخۆبگرێ.

با ئەمڕۆ بەناوی ماناوە لەو ململانێیانە رامێنین کە لەسەر مانا دەکرێن. لاپەڕەکانی کتێب و گۆڤارو رۆژنامەکان، هەروەک شەقام و گۆڕەپانەگشتییەکان، پڕن لەو جەنگانەی لەپێناوی مانادا دەکرێن.

هەروەها ئەو گۆڕەپان و شەقامانە پڕن لەلاشەی کوژراو.

## (١٥)

کاتێ مرۆڤ خۆی وا دەبینێ مەحکومە بەگەڕان بەدوای دابین کردنی پێداویستییە راستەوخۆ و سەرەتاییەکانی جەستە، کە ئەم حاڵەتە لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا دەبینین، ئەوسا گشت فیکرو کارەکانی، لەلایەن مەنفەعەت و کارفەرماییەوە ئاراستە دەکرێن. لەبەر ئەوە ئاخاوتن دەکا بەجۆرێک لەکارکردن- دەیکا بەچەکێک بۆ دابین کردنی ئەو پێداویستییانە.

بەم جۆرە ئاخاوتن دەبێ بەوەزیفەو کار. بەم جۆرە رەخنە دەمرێ.



## (١٦)

رەخنەی ئەدەبی ئەوەیە کە «ئەدەبییەت»ی خۆی تێپەڕێنێ: ئەمە رەخنەیەکی رۆشنبیریی گشتگیرە.

کەچی لە رابردوودا رەخنە (فیکری ئەوروپی «مەسیحی») لەفیکرە ئەرستۆییەکانەوە متوربە دەکرا (لەمیانی کارە وەرگێڕدراوەکانی ئیبن سیناو ئیبن روشد لەسەدەی یازدەیەمدا). کۆمەڵگەی عەرەبی لەم سەدەیەدا ئیبن روشد وئیبن سینای «لە بیرکرد» یان «رەتیکردنەوە». لەم کاریگەرییەوە لەناو خودی مەسیحییەتدا گفتوگۆ لەنێوان «عەقڵ» و «باوەڕ» دا سەری هەڵدا. ئەم دیالۆگە هەمان ئەو رێگەیەی گرت کە فەلسەفەی - گونجاندنی دوو جەمسەری-ی عەرەبی گرتبوویە بەر: عەقڵ پێچەوانەی باوەڕ نییە بەڵکو تەواوکەریەتی و بگرە پێویستیشە بۆ گواستنەوە. بەم جۆرە قەشە ئانسیلم (١٠٣٣-١١٠٩) هەروەک فەیلەسووفە عەرەبە تەوفیقییەکان، جەختی لەسەر ئەوەکرد کە عەقڵ دەتوانێ لەشتەکانی «سرووش» تێبگاو راڤەیان بکا، لێرەشەوە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە بوونی خوا قابیلی دەرککردنە. بەڵام ئەلبێری گەورە (١١٩٣- ١٢٨٠) پێی لەسەر ئەو بیرۆکەیە داگرت کە: سروشت شتێکی عەقڵییە. کەچی قەشە تۆمای ئەکوینی (١٢٢٨-١٢٧٤) باوەڕو عەقڵی لەیەکتر نزیک کردەوە، بەڵام دن سکۆت(١٢٦٥-١٣٠٨) وتی عەقڵ سنوورێکی تەسکی هەیە و ناتوانێ لە کاروبارەکانی خوا تێبگات، (ئایا لەمەدا کاریگەریی غەزالیی بەسەرەوە بووە؟).

بەڵام لەسەدەی پانزدەیەمەوە، باوەڕ (ئیمان) لەعەقڵ و لەسروشت جیا بۆوە، بەهۆی هێزی رەخنەوە جیابۆوە. پاشان ئەم رەخنەیە سروشتی لەخواو لەمرۆڤ جیا کردەوە. مرۆڤی لەخواو لەسروشت جیا کردەوە. بەم جۆرە فەلسەفە لەتیۆلۆژیا (زانستی لاهوت) جیا بۆوە، زانست لەفەلسەفە جیابۆوە، بابەتی سیاسی لە بابەتی ئایینی جیابۆوە. لەسەدەی هەژدەیەمیشەوە، هاوپەیمانێتییەک لەنێوان زانست و تەکنیک (پیشەسازی) و هیومانیزم وزانست سەری هەڵدا، ئەمەش بەرەو ئەوە چوو کەبنچینەی هەموو شتێک لەخۆیدا ببێ نەک لەشتێکی دیکەدا؛ بنچینەی عەقڵ لەعەقڵدایە (لۆژیک)، بنچینەی زانستیش لەزانستدایە (ئەزموون)، بنچینەی باوەڕیش لەباوەڕدایە. بەم جۆرە چەندین شۆڕشی فیکری و

زانستی وپشەسازی و کۆمەڵایەتی وئەدەبی لەئەوروپا دا هەڵگیرسان.

پرسیاری ئێستاش ئەمەیە: لەنێو گشت ئەمانەدا، رەخنەو فیکری عەرەبیی ئێمە، وەک رەوت و وەک پرۆسە، لەکوێدایە؟

(١٧)

وشە، بەپێی سرووشتی ئایینی، ماددەیەکی ئاسمانییە، بەڵام بەپێی پرۆسەی نووسینی مرۆیی، ماددەیەکی دنیایی- کۆمەڵایەتییە. لەم موفارەقە رۆشنەدا، بۆچی رەخنەی عەرەبی، لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی بابەتی زمانەوانیی عەرەبی، لەدەقی ئەدەبیدا، فەرامۆش دەکا؟

ئایا بەم فەرامۆشکردنە، شوناسی خۆی ون ناکات؟ بنچینەی رەخنەی عەرەبی لەو بنچینەیەدایە کە سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان وشەکان وشتەکان دایدەمەزرێنێ، بەتایبەتی لەدەقی شیعریداو، لە دەستپێکردنی خودی ئەو موفارەقەیەدا.

(١٨)

مرۆڤ، لەپەیوەندیی لەگەڵ خودی خۆیدا، دەرکی پێناکرێ. مرۆڤ وێنەیەکە بۆ مانایەک، ناکرێ ناوەڕۆکەکەی بزانرێ. لەمەوە سنوور تەسکیی مرۆڤ و بێکۆتایی مرۆڤ، پێکەوە، دەردەکەون: سنوورتەسکیی مرۆڤ؛ لەبەر ئەوەی شارەزایی نییە لەنزیکترین شت لە خۆی کە (خود)ی خۆیەتی. بێکۆتایی مرۆڤیش لەوەوە دێ کاتێ بەشێوەیەکی گریمانکاری (خود)ی خۆی دەناسێ، ئیتر تەواودەبێ، واتە ئەو مرۆڤە دەبێ بەڕووکار یان بەلاپەڕەیەکی سپی و لەوە دەردەچێ مرۆڤ بێ.

شیعر بریتییە لەزمانێک بۆ دەرککردنی ئەوشتەی دەرک ناکرێ. ئەمە ئەو زمانەیە کە ئەزموونی سۆفیزمی عەرەبی بنچینەی بۆ دارشتووەو بەشێوەیەکی دەگمەن پرۆسەی کردووە. رەخنەش چوونە نێو قووڵایی ئەو زمانەیە.

لەم تێڕوانینەوە، شاعیر دەڵێ: شیعر باسی بوون دەکا وەک گشتێک نەک وەک بەشێک لەواقیع. ئیستاتیکای شیعریش ئیستاتیکای بوونە نەک ئیستاتیکای واقیع.



دیسان شاعیر دەڵێ: ناتوانم بگەمە حەقیقەت تەنیا لە رێگەی هەستەکانمەوە نەبێ، هەستەکانیشم هەڵە دەکەن. بەڵام، ئایا «راستی» جۆرێک نییە لە «هەڵە»؟ مەبەستم لە «هەڵە»ی پێشووە کە هێشتاکە «هەڵە»ی دواتر کەشفی نەکردووە؟

لەم بانیژەیەوە، ئەوەی بە «راستی» ناوی دەبەین، تەنیا هەڵەیەکە وەک راستییەک بانگەشەی بۆ دەکەین. بەڵام، بۆ ماوەیەک وەک راستی دەردەکەوێ.

دیسان شاعیر دەڵێ: بەم جۆرە بەردەوام گوێ بۆ سروشتێتی خۆم هەڵدەخەم، تابتوانم بچمە ئەودیویەوە.

«سروشتیی خۆم»: واتە، بەپلەی یەکەم، سێکس دەگەیەنێ. ئەوساتە وەختەی سێکس پەرت بوونی (بوون) دەدۆزێتەوە، لەهەمان کاتدا یەکێتیی خۆیشی دەدۆزێتەوە.

سێکس، وەک شیعر، چێژی دابەزینە بۆ نێو قووڵایی. سەفەرێکە بەرەو سنوورەکان و بەرەو شوێنە دوورەکان. سێکس، لەمەدا، لەیەک کاتدا مەعریفەو بەبیر هێنانەوەیە.

هەست کردن بەوەی کە من لە جەستەی خۆم و جەستەی ئەویش دەژیم، لەپێست و ئەندام وخانەکانمدا دەژیم، هەستکردنێکە واتە من لەساتێکدا دەژیم ناتوانم گوزارشتی لێبکەم: وەک بڵێی لەئاوی منداڵێتیمدا دەخنکێم. وەک بڵێی دەبمەوە بەمنداڵ. وەک بڵێی دەبمەوە کۆرپەلەیەک لەناو ناوکێکدا دەجوڵێتەوە کە دوو جەمسەری یەکگرتوو و بەنێویەکدا چوو، دەیجووڵێننەوە: مەرگێک لەمەرگەوە دێتە دەرێ، ژیانێک بەرەو ژیان دەڕوا. وەک بڵێی هەڵدەنیشمە سەر ئەو شوێنەی درکی پێناکرێ. رەخنەش دابەزینە بۆ ئەو شوێنەی دەرکی پێناکرێ.

(١٩)

ئەمڕۆکە، لەنێوان ئەرکی یەکەمی رەخنەییدا، ئەرکی شیکردنەوەی فۆرم- سیمانتیک لەناو زمانی باو دادەنێم. ئەم زمانە خەریکە چێژو ئارەزوو وزیندەگی دەسڕێتەوە. ئەم زمانە بەربەستێکە لەنێوان واقیع و مرۆڤدا.

ئەو بێ هێزییەی هەندێ لەئێمە، ئەمڕۆ، دەیدەینە پاڵ زمانی عەرەبییەوە،

لەڕاستیدا ناگەڕێتەوە بۆ زمانی عەرەبی وەک زۆر جار ئاماژەم بۆ ئەمە کردووە، بەڵکو ئەو بێ هێزییە دەگەڕێتەوە بۆ بونیادێکی ئەپستیمی کە لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بونیادەوە زمانی کردووە بەکەڵەکەیەک لەچەمک و هۆیەکان، کردوویەتی بەئامێرێک کە تەنیا خۆی بەرهەم دێنێ، مەعریفەشی گۆڕیوە بۆ جۆرێک لەنیشاندانەوەی ئاوێنە. ئەمەش گواستنەوەیەکە وتەیەکی چەسپاندووە کە دەڵێ لەنێوان واژەکانی زمان و ڕاستییەکانی پێشیندا، پێوەندییەک هەیە، بەڵکو گونجانێکی تەواو هەیە ناکرێ دەستکاری بکرێ.

ئەمە گواستنەوەیەکە وشەکانی کردووە بەدەفرێک کەپڕ دەکرێ لەجەستەی سارد، ئەو جەستە ساردانە ناوی «فیکرەکان»ە، بزاڤی (مامەڵەکردن بەواژە)ی وەک بزاڤی ئاڵوگۆڕی شتومەک نیشان داوە، یان وەک بڵێی ئەو وشانە «دراو»ێک بن. بەم جۆرە زمان وەک شەمەندەفەرێک دەرکەوت کەلەسەر یەک سکەدا دەڕوا بۆ یەک ئامانج: داگرتنی ئەو شمەکانەی هەڵیگرتوون، واتە گەیاندنی «فیکرەکان» بەشێوەیەکی روون و ڕاستەوخۆ. لەگەڵ پتر بوونی داپڵۆسینی سیاسیی - دەسەڵاتدارێتیدا، بەهۆی خودی ئەم «زمان»ەوە، ڕێگەیەکی سنووردار بۆ خوێندنەوەی جیهان زاڵ بوو، پاشان سیستەمێکی مەعریفیی دیاریکراو و دیاریکەر، باو و بڵاوبوو.

چەندین سەدەیە، بەم جۆرە دەژیین و بیردەکەینەوە، بەپێی ئەم سیستەمە: پێشتر ئاراستە دەکرێین، فیکرو بۆچوون و دەربڕینەکانمان ئاراستە دەکرێن، مەعریفەکانمان بە دەلالاتی سیاسی - دەسەڵاتداریی دیاری دەکرێ. بەجۆرێ وشەکان هەڵدەگرین وەک ئەوەی کەرەستە یان شتەکان بن، وەک ئەوەی کۆمەڵێ چەک بن.

جیا لەمە، بەکارهێنانی دامەزراوییی- وەزیفی، کە بەدرێژایی ئەم چەند سەدەیە بەسەر زماندا زاڵ بووەو ژەنگێکی زۆری دووپات کردنەوەکانی بەسەردا کەڵەکە بووە، بووە هۆی سەر هەڵدانی چەندین دیوارو بەربەست لەنێوان زمان و بزووتنەوەی ژیان، هێزو زیندەگیی زمانی داپۆشی. دەشێ ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە گونجاو بێ لەگەڵ ئەو دابو نەریتانەی بەشێوەیەکی کەڵەکە کراوی بۆمان ماونەتەوە، هەروەها لەگەڵ پێوەندییەکانی داکەوتن و پاشکۆیێتی سیاسی و رۆشنبیریی، گشت ئەمانە بوونە هۆی زاڵ بوونی گوتارێک



کەهیچ پەیوەندییەکی ئیبداعیی لەگەڵ جیهانی تایبەتی و ناوەکیدا نییە، هەروەها هیچ پەیوەندییەکی ئیبداعیی لەگەڵ نادیارەکانی جیهان و تەقینەوەکانی خودێکی بنیاتنەرو ئەرکە راستەقینەکانی فیکردا نییە.

**(٢٠)**

دەڵێم: رەخنە هەمیشە سەرەتایەک بۆ ئاخاوتنێکی تر دادەمەزرێنێ. بەلام، ئایا ئەمڕۆ، ئاخاوتنی شیعریی عەرەبیی باو چییە؟ ئەو ئاخاوتنەیە کە پێداویستیی زەینیی باو بەدی دێنێ، هەروەها ئەو شتومەکانەی پەیوەستن بەو، یان لەوەوە لەدایک دەبن. ئەم ئاخاوتنە چەندین بازاڕی «عوکاز»ی و بازاڕی دیکەیشی هەیە: هۆیەکانی راگەیاندنی بینراو و بیستراو نووسراو. ئەمە «ئاخاوتن»ی شتومەکە. هەروەک رەواج پێدانی شتومەک پشت بەتێگەیشتنی پاڵنەرەکانی بەکاربردن دەبەستێ، رەواج پێدانی (شتومەک- ئاخاوتن)یش پشت بەتێگەیشتنی پاڵنەرەکانی ئەو کەسانە دەبەستێ کەدەیخوێننەوە یان گوێیان لێدەبێ یان دەیبینن. ئەم رەواج پێدانە، لەهەردوو حاڵەتەکەدا، جەخت لەبەدیهێنان و بەدەنگەوەهاتن دەکات، پتر لەوەی جەخت لەخودی شتومەکەکە بکات.

بێگومان ئامانجی (ئاخاوتن- شمەک) ئەوە نییە رەخنەبگرێ و شتی دیکە بهێنێ و هەندێ شتی دی بگۆڕێ، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە «رێنوێنی» بکاو «مزگێنی» بهێنێ و کۆنترۆڵی شتەکان بکا و «دەسەڵات» پتەوتر بکات. لێرەوە خەست کردنەوەی رۆڵ و وەزیفە، کەشی سستی و خاوبوونەوەی خولقاند، هەروەها کەشی ئەو وەهمانەی خولقاند کە وەهمی تێرکردنی ئارەزووە چەپێنراوەکان و پێداویستییە راستەوخۆکان دەخاتەڕوو. ئەمەش جڵەوی خوێنەر یان گوێگر یان بینەر دەگرێ و لەئاگایی رەخنەیی دایدەماڵێ و سنووری بۆ دەکێشێ، بەجۆرێ، هەستی نەیاری و بەرەنگاریی خاو دەکاتەوە، شەهوەتی پرسیار کردنیش دەکوژێتەوە.

فیکر/ رەخنە جۆرێکە لەکارکردن، خاڵی بوونی ژیان لەفیکر/ رەخنە جۆرێکە لەکارنەکردن و لەبێکاری: «پشوو» یەکە بۆ زەین و عەقڵ. فیکر / رەخنە بەرهەمە، ئەو ژیانەی خاڵی دەبێ لەفیکر/ رەخنە، جۆرێکە لە «کات» کە

«بۆشایی» پڕی دەکاتەوە.

حاڵەتی یەکەم مرۆڤ دەخاتە بەردەم قورساییەکی ژیارییەوە. حاڵەتی دووەمیش هیچ قورساییەکی ناخاتە سەرو «ئاسوودە»ی دەکا و دەیداتە دەست خۆ بەدەستەوەدانەوە. بەم جۆرە، لەکەشی ئەم خۆ بەدەستەوە دانەدا، دەسەڵات بەسەر تاکەکان- بەسەر رەفتارو بیرو بۆچوون و هەڵبژاردنەکانیاندا، دەسەپێنرێ.

لەبەر ئەوە دەبینین ئەوەی لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا دژایەتی دەکرێ و قەدەغە دەکرێ، ئەو ئاخاوتنەیە کە فیکر/ رەخنە/ کارکردن زیندوو دەکاتەوە. دەبینین ئازادی لەو کۆمەڵگایەدا بۆ نافیکر/نا رەخنە «دابین کراوە».

لێرە، کە «ئێستا» بە «رابردوو» پەیوەست دەکرێ، کەسی خۆ بەدەستەوەدەر پێی وا دەبێ کە خۆ بەدەستەوەدان حاڵەتێکی بەردەوامە، بەڵکو «حەتمییەت»ێکە ناتوانێ لێی دەربچێ. لەبەرئەوە لەبری ئەوەی هێزی خۆی ئاراستەی بیرکردنەوەو رەخنەگرتن و کارکردن بکات، ئاراستەی «لەبیرچوونەوە»ی دەکات. بەم جۆرە ئەو «دەق»ە باوەی کە بە خوێندنەوەو بینین و گوێگرتن گەمارۆی کەسی خۆبەدەستەوەدەر دەدا، دەگۆڕدرێ و دەبێ بە جۆرە مەرهەمێک. ئەم مەرهەمە تەمویهی هەموو شێوەکانی سەرکوت کردن دەکا. جگە لەوەی ئاگایی دەشێوێنێ و گرفتە راستەقینەکان دەشارێتەوە و شتی باو دەچەسپێنێ.

مەرهەم- ناوێکی ترە بۆ زۆرداری و کۆیلایەتی.

## (٢١)

رووداو بریتییە لە «ئاخاوتن»ی واقع، ئاخاوتنیش بریتییە لە «رووداو»ی زمان. مومکین نییە هاوتاییەک لەنێوان رووداو و ئاخاوتن، یان لەنێوان واقیع و زماندا سەر هەڵبدات.

تەقەلای شاعیر بۆ ئەوەی ببێ بە وەرگێڕی واقیع، بەرەو روون کردنەوەو کەشف کردنی واقیعی نابات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، پتر ئەو واقیعە تاریک دەکا ودایدەپۆشێ. کارکردن ئەو بوارەیە کە واقیع «قسە» ی تیا دەکا: دەگۆڕدرێ و پێشدەکەوێ. خەیاڵیش ئەو بوارەیە کە زمانی تیادا «روودەدات»: ئەو زمانە چەند وێنەیەک دێنێتە پێش، چەند پەیوەندییەک دادەمەزرێنێ، چەند ئاسۆیەک بۆ خەیاڵکردن دەکاتەوە. کارکردن لەمەملەکەتی زەروورەتدا، لەبەر ئەوە کارکردن



سنووری بۆ کێشراوە. بەڵام زمان کرانەوەیەکە بەڕووی خەیاڵ، لەبەر ئەوە بواری زمان سنووری نییە.

کاتێ گوێمان لەیەکێ دەبێ، بۆ نموونە، دەڵێ دەبێ ئاخاوتنی شیعری وەرگێڕدراوی واقیع بێ، یان گوزارشت لەواقیع بکات، ئەمەش سەبارەت بەو کەسە مانای وایە دەبێ ئەو ئاخاوتنە جارێکی تر وێنای خۆی بۆ واقیع بەرهەم بهێنێتەوە، واتە فیکر و بۆچوون و وەهمەکانی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە. لەمەشدا ئاخاوتنی واقیع تەنیا وەک مەعریفەیەکی پێشتر دەخاتەڕوو. واتە پتر لەواقیع دوورمان دەخاتەوە، نەزانینێکی پترمان لەواقیع دەداتێ.

رووداوی (جوان یان ناشیرین)، لەخۆیدا، جوانترە (یان ناشیرینترە) لەو ئاخاوتنەی بەشێوەیەکی وەسفی یان بەستایش کردن یان بەداشۆرین پێچەوانەی دەکاتەوە. مومکین نییە شاعیر گوڵێک لەئاخاوتن دروست بکات هاوتای گوڵی سروشت بێ. ئاخاوتنی واقیع (رووداوەکان، دیاردەکان، شتەکان) لۆجیکێکی هەیە، بەشێوەیەکی جەوهەری جیاوازە لەو لۆجیکەی حوکمی ئاخاوتنی زمان دەکا.

لۆجیکی ئاخاوتنی واقیع و لۆجیکی ئاخاوتنی زمان، هیچ هاوتاییەکیان لەنێواندا نییە.

## (٢٢)

ئەوەی بۆ شتەکانی سروشت دەگونجێ، بۆ شتەکانی مرۆڤیش دەگونجێ. مومکین نییە شاعیر بتوانێ بەئاخاوتنی زمان جەستەی شەهیدێک بێنێتە پێش هاوتای جەستەی شۆڕشگێڕێکی شەهید بێ. رۆڵی شاعیر لەهەردوو حاڵەتەکەدا لە «وەسف کردن»ی رووداودا کۆنابێتەوە، سا وەسفێکی باش بێ یان خراپ، بەڵکو رۆڵی شاعیر لەشتێکی دیکە دایە: لەدەلالەتی رووداو، لەمانای رووداو، لەمانای ئەو مانایەدایە.

بەم جۆرە شاعیر بەچەشنێ تەماشای، بۆ نموونە، خەباتی نیشتمانی دەکا، وەک ئەوەی رەهەندێکی جووڵێنەرو وزەیەکی تەحویلییە، ناوەندی پێکەوە بەستنی ئەو واقیعەیە کە دەیتەقێنێتەوە لەگەڵ ئەو واقیعەی سنوورەکانی دەبڕێ و جێی دەهێڵێ، پێکەوە بەستنی ئێستاو داهاتوو. دەشێ ئەم خەباتە بەرووداوە

دیارو سنووردارەکەی، بووەستێ، بەڵام هەمیشە دەمێنێ. لەم تێڕوانینەوە، بایەخی بەرگریی نیشتمانی، سنوورەکانی خۆی جێدێڵێ بەتایبەتی ئەو ساتەوەختەی وا دەردەکەوێ کە تەنیا چەند کارێکی دیاریکراوە. ڕۆڵی شیعریش لەم چوارچێوەیەدا ئاشکراکردنی ئەو ڕەهەندە شاراوە و بێ سنوورانەیە کە هێزی مرۆڤایەتی بەرجەستەیان دەکا.

## (٢٣)

هیچ کەسێ ناتوانێ مەعریفەی واقیع بکا بەموڵکی خۆی تاوا بنوێنێ کە هاوتاییەک لەنێوان واقیع و مەعریفەی خۆیدا هەیە. ئێمە شتێک لەواقیع نازانین تەنیا هەندێ سیفەتی لاوەکی نەبێ، کە ئەویش خودێتیی هەریەکە لەئێمەیە (هەڵچوون و نەریتی بۆ ماوەیی ئەو خودە)بە واقیعی بەخشیوە. کەواتە لێرەدا واقیع ئەوەیە کەهەریەکە لەئێمە لەئاگایی خۆیدا وێنای دەکات، نەک واقیعێک وەک ئەوەی لەخۆیدا هەیە. بەم جۆرە ئەوەی هی من نییە، ئەوەی خودی نییە، دەیکەمە موڵکی ئاگایی وفیکری خۆم، دەیکەم بەهی خۆم. دەستی بەسەردا دەگرم و ناچاری دەکەم بێتە ژێر وێناکانی منەوە.

بەر لەهەرچی، هاوتاییەک نییە لەنێوان ئەو شتەی پێی دەڵێین «ڕاستی» و ئەوەی پێی دەڵێن «واقیع». ئەو ڕاستییە ی هەر یەکە لەئێمە باوەڕی پێ هەیە، جگە لەوێنەیەکی بچووکی واقیع، جگە لە بەشێکی واقیع، شتێکی تر نییە. کەواتە پێویستە لەسەرم- ئەگەر واقیعی بم و بە ڕاستی باوەڕم بەواقیع هەبێ - باوەڕیەوە بهێنم کە لێرەدا چەند ڕاستییەکی تر هەن و چەند وێنەیەکی تر لەو واقیعە دەنوێنن. لەواقیعی تاک و واقیعی هاوبەشدا، ژمارەیەکی زۆر «ڕاستی» هەن.

ئەو ڕاستییانە ڕەهاو کۆتایی نین. چونکە ئەگەر من واقیعی بم دەبێ باوەڕ بەوە بهێنم کە واقیع هەمیشە جوڵێنەرە، دەبێ ڕاستییەکانیش- بۆ ئەوەی واقیعی بن - جووڵێنەر بن.

کەواتە واقیع بریتیە لەفرەیی «ڕاستی». کاتێ لە «واقیع» دا تەنیا «یەک ڕاستی» دەبینین و بەهێز و بەدەسەلاتێکەوە بەسەر هەمووواندا دەیسەپێنین، ئەوسا بەتەنیا واقیع و ڕاستی نا شێوێنین، بەڵکو خودی مرۆڤیش دەشێوێنین.



کەواتە«ڕاستی» پێشتر ئامادە نەکراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕاستی گەڕانە، پێشبڕکێیە لەگەڕان و پشکنین، یارییە لەمەعریفەدا، تەقەلایەکی بەردەوامە بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕاستی لەجووڵانەوەی واقیعدا. لەمەشدا نهێنیی دیموکراسیزم و پێشکەوتن کۆدەبێتەوە.

بەبێ ئەم بینینە، «واقیع» دەبێ بەشوێنی ململانێیەکی کوێر، «ڕاستی»ش دەبێ بەفەرزکردنی دەسەڵات، دەسەڵاتیش بەئیرهاب و چەوسانەوە.

## (٢٤)

لەم ئاستەدا لەوە تێدەگەین، چۆن شیعر، تاپلەیەکی بەرز، دەسەڵاتخواز نییە، چۆن شیعر هێمایەکە بۆ هەموو ئەوانەی بەناوی ڕاستی و مەعریفەوە دەسەڵاتگەرایی ڕەت دەکەنەوە. قووڵترین شتێک کەشیعر پێمانی دەڵێ ئەوەیە ڕاستی و مەعریفە لەدەرەوەی دەسەڵاتن، هەر دەسەڵاتێک بێ، بەتایبەتی دەسەڵات لە شێوەی سیاسییدا.

دیسان لەم ئاستەدا، دەبێ جەخت لە دامەزراندنی خوێندنەوەیەکی نوێ (ڕەخنەیەکی نوێ) بکەین.

خوێندنەوەی «کۆن»- کە لە ڕابردوو وئێستا دا بەردەوامە، دەقی شیعری دەخاتە ناو بێژنگی ویناکردنێکی تایبەتیی ئەو کەسە بۆ واقیع. ئەگەر لەو دەقەدا شتێکیان بینی کە لەگەڵ وێناکردنەکانی ئەواندا دەگونجێ، ئەوا ئەو دەقەیان خۆش دەوێ و بە دەقێکی واقیعی وەسفی دەکەن، خۆ ئەگەر شتێکی وایان تیادا نەبینی، ئەوا ڕەتی دەکەنەوەو دەڵێن ئەم شیعرە واقیعی نییە، لەوانەشە بڵێن ئەمە شیعر نییە. ئەوان لەم هەڵوێستەیاندا شیعریان لەخۆیداو بۆ خۆی خۆش ناوێ، بەڵکو وێناکردنەکانی خۆیان خۆش دەوێ، شیعریان بەو سیفەتە خۆش دەوێ کە وەزیفەی هێنانەوەی وێناکردنەکانیان ببینێ. بەڵام هێنانەوەی ئەم وێناکردنە سەرپۆشێکە واقیع دادەپۆشێ. لێرەدا وەزیفەی ئاخاوتنی شیعری بریتییە لە جێگیرکردنی دەسەڵات و قایم کردنی نەزانینی باو. شیعر بەم مانایە «کاردەکا»و «سوود» دەبەخشێ.

کە دەرک بەمە دەکەین، دەرک بەگرنگیی دەقی شیعریی نوێ و بەگرنگیی خوێندنەوەیەکی نوێش دەکەین. ئەو دەقەی بە خوێندنەوەیەکی نوێ بوارێکمان بۆ

دەکاتەوە تا پرسیار بکەین و پتر بیر بکەینەوە، مەعریفەیەکمان پێدەبەخشێ کە کاری پێناکرێ و «سوود» یش نابەخشێ چونکە دەقێکی وەزیفی نییە، بەڵکو چێژو خۆشییەکمان پێدەبەخشێ کە ڕێگە دەدا پتر شۆڕبینەوە نێو قووڵاییی خۆمان و جیهان، پتر بە ڕووی مرۆڤ وواقیعدا بکرێینەوە. بەم جۆرە شیعر بەکارکردی پرسیارکردن و بیرکردنەوەوە بۆ ئەوە پاڵمان دەنێ تا هەموو ئەو شتانە ڕەت بکەینەوە کە مرۆڤ و واقیع بەند دەکەن، بۆ بەزاندنی سنوورەکانی خۆمان پاڵمان دەنێ، تا هەمیشە شێوەی نوێتر بۆ بینینی مرۆڤ و واقیع بتەقێنینەوە. ئەوەی شیعر دەیڵێ شوێنی هەمیشەیی پرسیارێکە بەرەو چەندین پرسیاری دیکەمان دەبا: ناو لەوشتانە دەنێ کە ناویان نییە. بەڵام هەرگیز ناگاتە ئەو شوێنەی بۆی دەچێ یان ئاماژەی بۆ دەکا.

بەهای هەڵسەنگاندنی ئایدیۆلۆژی بۆ دەقی شیعری لەچیدایە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم؛ شتی بنچینەیی و سەرەتایی و پرەنسیپی لە هەڵسەنگاندنی دەقی شیعریدا، بریتییە لەمەعریفەی شیعریی، زانینی سیما تایبەتییەکانی داهێنانی شیعری و ماهییەتی زمانی شیعری و مێژوویێتی ئەو زمانە. تەنیا بەم مەعریفەیە دەکرێ تایبەتمەندیی شیعری و ئەو کەرەستانەیش کە ئەو تایبەتمەندییە ئاشکرا دەکەن، هەڵبسەنگێنرێ. لەبەر ئەوە تەماشاکردنی دەقی شیعری بەدیدێکی ئایدیۆلۆژی، حەقیقەتی شیعر دەشارێتەوە، بەڵکو زۆر زەحمەتە بە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژییانەی پێشترەوە لەشیعر بڕوانین و لەهەمان کاتیشدا هەڵوێستێکی ڕەخنەیی ڕاستەقینەمان هەبێ. ئەمەش لەبەر هۆیەکی بنچینەییە؛ لەلایەک هەڵوێستی ڕەخنەیی ڕاستەقینە هەموو دارشتنێکی پێشتر ڕەت دەکاتەوە، واتە ئایدیۆلۆژیا وەک فۆرمولەیەکی پێشتر، ڕەت دەکاتەوە، لە لایەکی تر بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە فۆرمولە ئامادەکارەکان دەپشکنێ.

ئێمە لەنووسینە ڕەخنەییە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا، بەنموونەی زیندووەوە، ئەوە دەزانین کە ئایدیۆلۆژیا لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا لەچەند پایەیەکی جێگیرەوە پرۆسەی ڕەخنەی شیعری ئەنجام دەدا کە بەشێک نین لە سروشتی شیعرییەت، بەڵکو بەشێکن لەسروشتی فیکریی وەزیفی. لێرەدا ئایدیۆلۆژیا بەو جۆرە تەماشای زمانی شاعیر دەکا کە شتەکان «دەگەیەنێ» پتر لەوەی «گوزارشت» یان لێدەکا، بەم پێیە شاعیر هۆیەکە بۆ گەیاندن و بەردەوامی،



لەبەر ئەوە دەبێ دەقە شیعرییەکەی لەڕووی تێگەیاندن و سوود بەخشین و قەناعەت پێهێنانەوە ئەنجام بدات، لێرەوە، ئەوەی شاعیر دەیڵێ، دەبێ ڕوون و سوودبەخش و قەناعەت پێهێنەربێ، بەم جۆرە لایەنی خوازەو خەیاڵ- کە ئەمانە جەوهەری شیعرن- فەرامۆش دەکا یان دەیانخاتە پەراوێزەوە.

لێرەوە هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی جەخت لەو شتە دەکا کە بە «مانای هاوبەش» ناودەبرێ، ئەوەی کە لەچەند ڕەگەزێکی مەعریفیی هاوبەش پێک دێ، چونکە بەهای «مانا» و هەروەها شیعریش، بەپێی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی، لەوە دایە کە ئەمانە هاوبەشن، توانای کارتێکردن و قەناعەت پێهێنانی شیعریش لەوەدایە کە هاوبەشە. شیعر، بەپێی ئەم حاڵەتە، بەلێکچواندن و بەبیر هێنانەوەوە کاردەکا، هەمان ئەوشتانە بەکۆمەڵە کەسێ دەڵێ کە باوەڕیان بەم یان بەو ئایدۆلۆژیایە هەیە، کەپێشتر زانیویانە یان لەزانینەکانی ئەوان دەچێ. واتە هەمان ئەو شتانەیان پێدەڵێ کە دەزانن، ئیدی ڕوونی و جێگیرییەکی پتریان دەداتێ، لە ڕاستیدا شتێکی «نوێ»یان پێ ناڵێت.

ئەمەش بەرەو ئەوەی دەبات کە تیۆری ئایدیۆلۆژی لەشیعردا ببێ بەتیۆرێک بۆ وەرگرتن نەک بۆ داهێنان، چونکە ئەمە، بەسروشتی خۆی، چەندین دژایەتی و ئیشکالات دەوروژێنێ: لەنێوان دال و مەدلول، لەنێوان خودو بابەت، لەنێوان ئاخاوتن و کارکردن، لەنێوان تاک وکۆمەڵ، لەنێوان ئارەزوو و دەسەڵات. ڕەوتی ئایدیۆلۆژی بەرامبەر بەهەموو ئەمانە بێ توانا و لاوازە، یان لانی کەم فەرامۆشیان دەکا و بەهەر شێوەو پاساوێک بێ خۆی لە ڕووبەڕوو بوونەوەیان بێلایەن دەگرێ. لەوانەیە لەمەدا دوالیزمی «واژە» و «مانا»، یان «فۆرم» و «ناوەڕۆک» ڕاڤە بکات. مانا، بەپێی ڕەوتی ئایدیۆلۆژیا، پێشتر لەناوئایدیۆلۆژیا خۆیدا بوونی هەیە، یەکجار ئەو (مانا)یەی بەخشیوەو ئیتر تاکۆتایی هەر ئەو مانایە بوونی هەیە، بەسیفەتی ئەوەی تیۆری ئایدیۆلۆژیا تیۆرێکی ساڵح و رزگارکەرە... تاد. کەواتە سەبارەت بەو، گرنگ ئەوەیە؛ چۆن شاعیر (ماناکان)ی خۆی فۆرمولە دەکا و دەیگەیەنێتە وەرگر(ئەو وەرگرەی دەبێ قەناعەت و باوەڕ بهێنێ ئەگەر تائێستاش هەر بە«کافر»ی ماوەتەوە. یان ئەگەر ئیماندار بێ ئەوا باوەڕو قەناعەتی زیاتر دەبێ). ئەگەر شاعیرێک هەوڵ بدا خۆی (مانا) بخولقێنێ، ئەوا ئەو ئایدیۆلۆژیایە ڕەتی دەکاتەوەو ریسوای دەکا.

شاعیر لەم ڕەوتە ئایدیۆلۆژییەدا «خود»ی نییە، ئەو شاعیرەی «خود»ێکی سەربەخۆی هەبێ، شاعیرێکی «مردووە»، بەپێی ئەوە، دەبێ شاعیر جیهانی تایبەتیی خۆی بچەپێنێ، ئەمەش لەلای هەموو شاعیرێکی ڕاستەقینەدا ناعەقڵانی و نامۆ و دژایەتییە. بەدەربڕینێکی تر: «من»ی شاعیر دەبێ لە «ئێمە»ی کۆمەڵدا بتوێتەوە، کەواتە شیعر چالاکییەکی وەزیفییە بۆ خزمەتکردنی شتێک. شیعر، شیعری ستایش و شیعری داشۆرین، تەعلیمییە (ستایشی فیکرە ڕاستەکان، واتە فیکری خۆیان. داشۆرینی فیکرە هەڵەکان، واتە فیکری ئەوانی دی).


دەشێ ئەمە دەلالەتی دابەشکردنی ئایدیۆلۆژییانەی شیعریش ڕوون بکاتەوە: ئەوەی لەگەڵ ئەودا بگونجێ، شیعرێکی جوانە. ئەوەیشی لەگەڵ ئەودا نەگونجێ، شیعرێکی خراپ و ناشیرینە؛ ئەمە شێوەیەکی تری هەڵوێستێکی کۆنە بۆ (ماناکان)، ئەم هەڵوێستە لەژێر سێبەری تێگەیشتنێکی دیاریکراوی ئاییندا سەری هەڵداوە، جاحظ لەدابەشکردنی ماناکاندا بۆ دووجۆر، بە ڕوونترین دەربڕین گوزارشتی لێکردووە: جاحظ لە (البیان والتبیین) دا دووجۆر مانا دیاری دەکا: «مانای شەریف» و «مانای چاوشۆڕ» کە دەبێ دژایەتیی مانای دووەم بکرێ. ئەمە ئاخاوتنێکی ئایدیۆلۆژیی (سیاسی «ئایینیی») یە نەک شیعری، ئەمە ناچێتە ناو سروشتی شیعرەوە. ئەمە ئاخاوتنێکە تیایدا ئەو تۆوانە دەبینین کە پاساو بۆ هەموو شێوەکانی سانسۆرو سەرکوت و چەپاندن و زۆرداری دەهێنێتەوە. جا لەبەر ئەوەی شیعر بریتییە لەوزەیەکی گەورەی ڕزگارکەر، مومکین نییە ئەو شیعرە، هەر جۆرە مانایەک هەڵبگرێ، بەدڕەوشت بێ.

## (٢٥)

هەر ڕەخنەیەک ڕەخنەی ڕەخنە نەبێ، باوەڕی پێ ناکرێ.

**سەرچاوە:**

ادونیس/کلام البدایات/ دارالآداب- بیروت/ الطبعة الأولی-١٩٨٩.



**فرۆید**

# فرۆیدو ئەدەب و ئۆدیب

د. رالف رزق الله

ئامانجی ئەم چەند دێڕەی خوارەوە بریتی نییە لە خستنەڕووی تیۆری شیکاریی فرۆیدیزم بۆ ئەدەب بەقەدەر ئەوەی هەوڵدەدا ئەو شوێن و پایەیە دەربخات کە چەمکی (گرێی ئۆدیب) لە راڤەکردنی فرۆید بۆ بەرهەمی ئەدەبی هەیەتی.

بەر لەهەرچی دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە فرۆید هەرگیز بە کەش و هەوای ئەدەبیی سەردەمەکەی خۆی نامۆ نەبووە. هەروەک لە هەمان کاتدا ئاگاداری ئەدەبیاتی کلاسیکی بووە بەتایبەتی ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن، سەرباری ئەمەش، هەندێ کەس لە بەرهەمە نووسراوەکانی فرۆیددا لایەنێکی ئەدەبی وا دەبینن کە شایستەی بایەخ پێدان و لێکۆڵینەوەیە. لەم بوارەشدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە فرۆید خەڵاتی (گۆتە)ی ئەدەبیی وەرگرتووە ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو کەس و لایەنانەی گرنگییان بە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەدا، لایەنی ئەدەبیی نووسینە جۆراوجۆرەکانی فرۆیدیشیان لە بەرچاو گرتبوو، شایانی باسکردنە فرۆید خۆیشی لە نووسینە کلینیکییەکانیدا هەستی بە هەناسەی ئەدەبیانەی خۆی کردبوو.

لە شیکردنەوەی حاڵەتی (ئەلیزابیث. ڤ. ر) دەنووسێ:

(من بەبەردەوامی دکتۆری دەروونی نەبوومە، بەڵکو وەک زانایانی دیکەی دەمار (اعصاب) زۆرجار گەڕاومەتەوە بۆ راڤەکردن یان دیاریکردن و دەستنیشان کردن یاخود پشتم بە چارەسەری کارەبایی بەستووە، لەبەرئەوە زۆر سەرم سووڕدەمێنێ کاتێ دەبینم تێبینییە کلینیکییەکانم بۆ نەخۆشەکان وەک رۆمان دەخوێنرێتەوەو لەتەک نووسینی زانایان دانانرێ، بەڵام من دڵی خۆم بەوە دەدەمەوەو دەڵێم ئەم واقیعە ناگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی شەخسی، بەڵکو



دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو بابەتەی چارەسەری دەکەم.

لەبەرئەوە کاتێ واپێویست دەکا لە هیستریا بکۆڵێتەوە، دیاریکردن یا چارەسەری کارەبایی بەهیچ جۆرێ گرنگ نییە، کەچی چارەسەری ئەو بابەتە دەروونیانەی لەلای رۆماننووسەکان دەیبینین هەروەها هەندێ لەو هاوکێشە دەروونیانەی کە خۆم بەکاریان دێنم دەتوانم هەندێ چەمکی تر لە بارەی هیستریا بەدەست بێنم).

ئەم دەقە، وشیاری فرۆیدمان لە شێوازی ئەدەبیدا بۆ دەردەخات – ئەو شێوازەی هەندێ لە زانایان پێیان وایە دەبێتە خەوشێک لە نووسینەکانیاندا – هەروەک ئەمە لەلایەکی تر ئەو (هەڵوێستی پۆزەتیڤانە)یە دەردەخات کە (مامۆستا) لە بەرامبەر ئەدیبەکاندا دەینوێنێ و ئەم هەڵوێستەش بەڕوونی لەو راڤەکردنەدا دەردەکەوێ کە فرۆید بۆ رۆمانی (گرادیڤا)ی نووسەری ئەڵمانی ینسن کردوویەتی، فرۆید لە شیکردنەوەی دەروونیی ئەم رۆمانەدا دەڵێ:

(دەشێ لە تێڕوانینی زۆر کەسدا زیان بە رۆماننووس بگەیەنین کاتێ لێکۆڵینەوەیەکی دەروونی بۆ رۆمانەکەی ئەنجام دەدەین. لەبەرئەوە پێویستە رۆماننووس، وەک هەندێ کەس پێیان وایە، دووربکەوێتەوە لە نۆژداریی ئەقڵی و، دەستنیشانکردنی حاڵەتەکانی نەخۆشی بۆ پزیشکەکان جێ بهێڵێ.

لە راستیدا هیچ رۆماننووسێکی چاک بەپێی ئەو رێسایە نەینووسیوە چونکە خستنە رووی ژیانی دەروونیی مرۆڤ گۆڕەپانێکی تایبەتییە بۆ رۆماننووس، هەمیشە رۆماننووس پێش زانا کەوتووە هەروەک بەشێوەیەکی تایبەتی پێش زانای دەروونناسیش کەوتووە. نابێ رۆماننووس بیەڵێ نۆژداری ئەقڵی لە پێشییەوە بڕوات، هەروەک ناشبێ نۆژداری ئەقڵی شوێنی خۆی بۆ رۆماننووس خاڵی بکات، رۆماننووس زۆر بەوردی دەتوانێ بابەتێ چارەسەر بکا کە پەیوەندیی بە نۆژداریی ئەقڵییەوە هەیە).

ئیدی نازانین چۆن و بۆچی ئەو شتە بەئەدەب و بەتایبەتیش بە رۆماننووس بەخشراوە کە–وەک فرۆید دەڵێ–بەهەست و پێشبینی خۆی حاڵەتە دەروونییە نا وشیارەکان بدۆزێتەوەو ئاشکرایان بکات، ئەو حاڵەتانەی رەنگە زانایانی دەروون نەتوانن بیدۆزنەوە لە دوای تەقەلاو کۆششێکی بەردەوام نەبێ، دامەزرێنەری شیکردنەوەی دەروونی – فرۆید – لەم بوارەدا دەڵێ:

(هیچ رۆژێ ئەم نووسەرە (واتە فرۆید - و -) لەو باوەڕەدا نەبووە (لەکاتێکا گشت تەقەلای خۆی تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە تێکچوونی دەروونی) کە دەشێ سەلماندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەلای رۆماننووس و شاعیراندا بدۆزێتەوە. بەم جۆرە لە ساڵی ١٩٠٣دا کە ساڵی چاپکردنی رۆمانی (گرادیڤا)یە دوچاری موفاجەئەیەکی گەورە بوو کاتێ دەرکی بەوەکرد کە رۆماننووس رێسایەکی لە بەرهەمەکانیدا بەکارهێناوە کە نووسەر (واتە فرۆید) - و-) بەدۆزینەوەیەکی گرنگی داناوەو لە تێبینییە کلینیکییەکانیدا ئەنجامی داون. باشە رۆماننووس چۆن گەیشتە هەمان ئەو زانینەی کە نوژدار کۆششێکی زۆری کردووە تا پێی گەیشتووە).

لێرەدا فرۆید پرسیارەکە بەبێ وەڵام و بەکراوەیی بەجێدێڵێ کە بەمە بەسەر سوڕمانێکی زۆرەوە توانای (سیحری)ی ئەدیب لە دۆزینەوەو ئاشکراکردندا دەردەخات، بەڵام پرسیارەکە هەر لە ئارادایە:

ئەدیبان چییان دۆزیوەتەوە؟ ئایا هەر بە هەست و هێزی ناوەکیی خۆیان ئەو شتانەیان ئاشکرا کردووە کە فرۆید لە ئەنجامی مردنی باوکی و (شیکردنەوەی دەروونی خودی)دا دۆزیویەتیەوە؟

دەشێ - بەرای ئێمە - وەڵامێکی سەرەتایی بۆ ئەم پرسیارە لەو راوبۆچوونەدا بدۆزینەوە کە فرۆید دەری دەبڕێ. ئەویش بۆچوونێکە چێژی ئەدەبییانەی فرۆید ئاشکرا دەکات. فرۆید پێی وایە ئەو شاکارە ئەدەبییانەی مرۆڤایەتی ناسیونی، سێ شاکارن:

١- ئۆدیب پاشا-ی ئەدیبی یۆنانی سۆفۆکلیس.

٢- هاملێت -ی نووسەری شانۆیی ئینگلیزی شەکسپیر.

٣- برایانی کارامازۆڤ-ی رۆماننووسی رووسی دیستۆیڤسکی.

هێڵی هاوبەشی ئەم سێ نووسینە ئەدەبییە بریتییە لە رووداوێک کە لە تەک جیاوازیی نووسەرەکانیان و چەرخەکانیاندا، بە جێگیری دەمێنێتەوە، ئەو رووداوەش بریتییە لە: کوشتنی باوک، واتە دابین کردنی یەکێ لەو دوو ئارەزووەی گرێی ئۆدیب دیاری دەکەن.

لە (ئۆدیبی پاشا)دا ئۆدیبی کوڕ لایۆسی باوک دەکوژێ، هەروەک (هاملێت) ئارەزوو دەکا مامی خۆی بکوژێ دوای ئەوەی دایکی هاملێت دەخوازێ و دەبێ



بە باوکی ئەم، هەروەها یەکێ لە برایانی (کارامازۆڤ) باوکی خۆی دەکوژێ.

ئایا ئەم (سەرسام بوون)ە لەلای فرۆیدی دامەزرێنەری (نائاگایی)، ناکەوێتە ژێر هەژموونی هەندێ فاکتەری نائاگاییەوە؟ ئایا ناشێ ئەو راوبۆچوونە ئەدەبییەی فرۆید دەری دەبڕێ، بگەڕێنینەوە بۆ شیکردنەوەی دەروونی؟

لێرەدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو (تێبینی)یە زۆر گرنگەی کە (ماری پۆناپارت) و (ئاننا فرۆید) و (ئارنست گریس) لە پێشەکیی کۆکراوەی نووسین و نامەکانی فرۆیددا دەریانبڕیوە بە ناونیشانی (لەدایک بوونی شیکردنەوەی دەروونی)، لەو پێشەکییەدا دەڵێت:

(لە ماوەی هاوین و پایزی ساڵی ١٨٩٧دا، فرۆید لە میانەی شیکردنەوەی دەروونیی (خودی)دا، توانی سیما بنەڕەتییەکانی گرێی ئۆدیب ئاشکرا بکات و لە سروشتی ئەو بەرەنگاربوون و حاڵەتە دەروونییە تێبگات کە هاملێت دوچاری ببوو).

ئەم تێبینییە - بەڕای ئێمە - بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە چونکە دەیەوێ لەسەرێکەوە وشیاریی فرۆید بۆ خودی خۆی و دۆزینەوەی هەندێ لە ئارەزووە نائاگاییەکانی پێکەوە گرێ بدات، لەسەرێکی ترەوە شیکردنەوەی دەروونیی هاملێتی پاڵەوانی شەکسپیری، بەیەکەوە ببەستێتەوە.

ئەم پەیوەندییەی نێوان (شیکردنەوەی دەروونی خودی) لەلای فرۆید و شیکردنەوەی پاڵەوانی شەکسپیر، لەو نامەیەدا پتر روون دەبێتەوە کە فرۆید لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٩٧دا بۆ (فیلیس)ی هاوڕێی نووسیوە واتە ئەو دەمەی کە فرۆید دەستی بە (شیکردنەوەی دەروونیی خودی) کردبوو.

لەو نامەیەدا دەنووسێ: (لە ناخی خۆمدا هەستم بە خۆشەویستی کرد بەرامبەر بەدایکم، بەرامبەر بە باوکیشم هەستم بەغیرەو رژدی کرد، ئەو هەستەی لەلای گشت مناڵاندا هاوبەشەو هەیە تا ئەگەر لە قۆناغێکی زووتریشدا دەرنەکەوێ. ئەمە وەک حاڵەتی ئەو منداڵانەی لە دواییدا دووچاری هیستریا دەبن. بەم جۆرە لەو کاریگەرییە تێدەگەین کە شانۆنامەی (ئۆدیب - پاشا) جێی دەهێڵێ، ئەم شانۆنامە یۆنانییە قەهرێک نیشان دەدات گشت کەسێ ئەو قەهرە دەناسێتەوە چونکە هەموو کەسێ رۆژێ لە رۆژان هەستی پێکردووە، بەم جۆرە هەر گوێگرێک و هەر خوێنەرێ رۆژێ لە رۆژان ئۆدیبێک بووە. هەروەها خوێنەری

ئەو شانۆنامەیە لە بەرامبەر ئەو خەونەی کە لە دواییدا - لە شانۆنامەکەدا - دەبێ بە واقیع، هەستی بە حالەتێکی نائاسایی دەکرد بەپێی پلەی ئەو چەپاندنەی دەکەوێتە نێوان قۆناغی منالێتی و حالەتی ئێستایەوە)، فرۆید لەسەر نامەکەی بەردەوام دەبێ کە تارادەیەکی زۆر دەیەوێ ئامانجەکانی شیکردنەوەی دەروونیی خودی بکات بەشتێکی گشتی، دەڵێ:

(لێرەدا بیرۆکەیەکم بەزەیندا دێ، ئایا ناشێ لە چیرۆکی هاملێت دا ڕووداوێکی لێکچوو بدۆزینەوە بێ ئەوەی بیر لە نیازە بە ئاگاکانی شەکسپیر بکەینەوە؟ من لەو باوەڕەدام پاڵنەرێکی فیعلی و واقعی هەیە پاڵی بە شاعیرەوە ناوە ئەم تراژیدیایە بنوسێ، نائاگایی تایبەتیی شەکسپیر ڕێگەی پێدراوە لە نائاگایی هاملێت تێبگات، دەنا ئەم ڕستە هستیرییەی هاملێت چۆن لێک بدەینەوە کە دەڵێ: (بەم جۆرە، ئاگایی، هەموو کەسێ دەکا بە ترسنۆک)، ئەی چۆن لەو دوودڵییەی هاملێت تێبگەین کاتێ دەیەوێ مامی بکوژێ و تۆڵە بۆ باوکی بستێنێ، ئەو مامەی لە کوشتنی کەسانی دەوروبەری خۆیدا بۆ ساتێکیش دوودڵ نابێ هەروەک چۆن لە کوشتنی (لایرت)یشدا دوودڵ نییە، کاتێکیش بیر لەو ئازارە دەکەینەوە کە هاملێت دەیچێژێ، کاتێ هاملێت ئەوەی بیردەکەوێتەوە کە خۆشەویستی دایکی بۆتە هۆی ئەوەی بیەوێ هەمان تاوان بەرپا بکات: تاوانی کوشتنی باوک، ئەوسا هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە).

بەهەرحاڵ، فرۆید خۆیشی بە ئاسانی ئەم راڤەکردنەی قبوڵ نەکردووە. ئەو راڤەکردنەی یاوەریی سەرهەڵدانی ئارەزووی دوژمنکارییەکی نائاگاییانەی لە دژی باوک کرد، ئەمەیش بە ڕوونی لەو گلەییەدا دەردەکەوێ کە دوای ئەوەی نامەیەکی لە (فیلیس)ی هاوڕێیەوە پێدەگات، فرۆید لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٧دا لە وەڵامی نامەکەدا دەنووسێ:

(تۆ لە بارەی راڤەو شیکردنەوەکانی من بۆ ئۆدیبی پاشاو هاملێت هیچ قسەیەک ناکەیت، من ئەم شیکردنەوانەی خۆمم پیشانی کەسی تر نەداوە، چونکە لەو باوەڕەدام ئەم جۆرە شیکردنەوەیەی من ڕووبەڕووی کاردانەوەی خراپ دەبێتەوە، لەبەرئەوە پێم خۆشە بە کورتی رای خۆتم لە بارەی ئەم بابەتەوە بۆ بنووسی، چونکە تۆ ساڵی پار هەندێ لە فیکرو بۆچوونەکانی منت ڕەت کردەوە).



لەم نامەیەی فرۆیدا هاجسێکی بنەڕەتی هەیە: بۆچی فیلیس رای خۆی لە بارەی راڤەو شیکردنەوەکانی فرۆید بۆ تراژیدیای هاملێت دەرنەبڕیوە؟ هەروەک فرۆید لە نامەکەدا دەڵێ ئەو راڤەکردنەی پیشانی کەسی تر نەداوە ئاخۆ دەشێ ئەو کەسەی دی باوک بێ؟ بەجۆرێکی تر: ئایا فرۆید سڵی لەوە کردۆتەوە ئەو ئارەزووە نائاگایی و فیعلییە بەرامبەر بە باوکی فیعلی دەربڕێ؟ پاشان فرۆید ئەوە بەبیر هاوڕێکەی دێنێتەوە کە ساڵی پار هەندێ لە فیکرەکانی ئەوی ڕەت کردۆتەوە. (ساڵی پار)، واتە بەر لە مردنی یەعقوبی باوک کە لە **٢٥**ی تشرینی یەکەمی ساڵی **١٨٩٦**دا نێژرا، فرۆید لە نامەیەکی تریدا بۆ فیلیس کە لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا نووسیویەتی، دەڵێ: (دوای مردنی باوکم، گشت رابردوو هەستایەوە).

لەوانەیە فیلیس (کە لە ساڵی **١٨٩٦** دا راڤەکردنی فرۆیدی بۆ تراژیدیای هاملێت ڕەت کردۆتەوە) ببێتە ئەلتەرناتیڤی باوکێک کە هێشتا نەمردووە، ئەم گریمانەیە ئەوە دەخوازێ شیکردنەوەیەکی دەروونی بۆ پەیوەندیی فرۆید بە فیلیسەوە بکرێ، شیکردنەوەیەک ئەشێ بەرەو ئەوەمان ببات کە بڵێین فیلیس ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێ ڕۆڵی - یەعقوبی باوک - ی بینیوە، لەبەر ئەوەیە فیلیس بەپێی بۆچوونی فرۆید، گشت ئەو راڤەکردنانە ڕەت دەکاتەوە کە بۆ شانۆنامەی (هاملێت)ی کردووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو نامەیەی کە فرۆید ئاراستەی فیلیسی کردووەو کەمێ شڵەژانی پێوە دیارە، ئەوسا ئەو گریمانەیەمان لەلا مەعقولتر دەبێ، فرۆید لەو نامەیەدا باسی (پرۆژەی میتۆدێک بۆ خەون) دەکاو پاشان جارێکی تر باسی (ئۆدیبی پاشا)و (هاملێت) دەکاتەوە، بەڵام فرۆید بەرلەوەی هەر راڤەکردنێکی نوێ بخاتەڕوو، دەڵێ:

(دەبێ پێش هەموو شتێ ئەفسانەی ئۆدیب بخوێنم و لێی بکۆڵمەوە، بەڵام نازانم پەنا بۆ چ مەرجەعێک ببەم)، لە کاتێکا فرۆید ئەمە دەڵێ کەچی ساڵێک بەرلەوە شیکردنەوەیەکی تارادەیەک تەواوی بۆ تراژیدیای ئۆدێب کردووە، ئاخۆ لە پشت ئەم (شڵەژان)ەوە هیچ بەرگرییەک هەیە؟

بەهەرحاڵ، دوای ئەوەی فرۆید شیکردنەوەی دەروونیی خودی دادەهێنێ، ئەو بەرگرییە نامێنێ، فرۆید لە کتێبە ناودارەکەیدا بەناوی (تەئویلی خەون) یان

(راڤەکردنی خەونەکان) کە لە ساڵی (١٩٠٠)دا چاپی کردووە، جارێکی تر دێ باسی بابەتی (هاملێت) دەکا. لەو راڤە کردنە کورتەی بۆ هاملێتی دەکا هیچ شڵەژان و بەرگری کردنێک نامێنێ، فرۆید لەو کتێبەدا دەڵێ:

(ئێستا، هەروەک جاران، پیاوان خەونی وا دەبینن کە پەیوەندییەکی سێکسییان لەگەڵ دایکیاندا هەیە، ئەم خەونەش بێزارییان لەلا ئەوروژێنێ، بە حەپەسان و سەرسوڕمانێکی زۆرەوە دەیگێڕنەوە، ئەم خەونەیش، وەک دەیبینین، کلیلی شانۆنامەکەی سۆفۆکلیسە کە خەونی (مردنی باوک) تەواو دەکات، ئەفسانەی ئۆدیبیش بریتییە لە بەدەنگەوە هاتنی ئەم دوو خەونە.. شانۆنامەی (هاملێت)یش هەمان رەگی تایبەتی لە ئۆدیبی پاشادا هەیە، بەڵام نووسین و دەرهێنانی جیاوازی ئەم بابەتە، جیاوازییەکانی هەردوو سەردەم لە ئاستی ژیانی زەینیدا دەردەخات، هەروەها پەرەسەندنی چەپاندن لە ژیانی سۆزداریی مرۆڤایەتی دەردەخات.

لە شانۆنامەی (ئۆدیبی پاشا)دا زۆر بە روونی شەیداییەکانی منداڵەکە دەرئەکەوێ و ئەوەی لە خەونەکەدا هەیە لەواقیعیشدا دێتە دی، بەڵام لە (هاملێت)دا شەیداییەکان چەپێنراون و دەرک بەبوونیان ناکەین، شانۆنامەی (هاملێت) جەخت لە دوودڵی تۆڵەسەندنەوەی هاملێت دەکا، ئەم دەقە باسی پاڵنەرو هۆکارەکانی ئەم دوودڵییە ناکات، چەندین شیکردنەوەو تەئویلی دیکەی جیاجیا بۆ ئەم دەقە نەگەیشتوونەتە ئاشکراکردنی هۆیەکانی ئەم دوودڵییە.. چ شتێک رێ لە هاملێت ئەگرێ کارەکەی جێبەجێ نەکا؟ هۆیەکەیش بێگومان، بریتییە لە سروشتی ئەو کارە، هاملێت ناتوانێ تۆڵە لە پیاوێ بکاتەوە کە باوکی ئەمی لەناوبردووەو شوێنی ئەمی گرتۆتەوەو دایکی خواستووە، هاملێت ناتوانێ تۆڵە لە پیاوێ بکاتەوە کە ئارەزووەکانی ئەمی جێبەجێ کردووە، ئەوەی کە لە منداڵیدا چەپاندبووی).

ئەم دەقە هیچ تەم و مژێک و زەحمەتییەکی تیادا نییە، هاملێت نەیتوانی ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ بکا (واتە ئەرکی کوشتنی باوک) چونکە ئەمەی دوایی (واتە مامی) جێبەجێکەری راستەقینەی ئارەزووە نائاگاییەکانی سەردەمی منداڵییە: واتە کوشتنی باوک و پاشان جێگرتنەوەی لەتەک دایکدا.

لە نووسینەکانی دواتری فرۆیددا لە بارەی چەند دەقێکی ئەدەبی، هەمان ئەو



چەشن و شێوە راڤەکردنە دووپات دەبێتەوە، (ئۆدێب)یش ئەو کلیلە بنچینەییە کە لەلای (ئەدیب)دەرگای نائاگایی لەسەر پشت دەکاتەوە، ئەم چەشنە راڤەکردنە، لە شیکردنەوەی فرۆید بۆ رۆمانی (گرادیڤا)شدا دەبینین، ئەم رۆمانە باسی زانایەکی شوێنەوارناسی دەکات کە دەکەوێتە ناو (ئەوینی) پەیکەرێکی دێرین، لەدواییدا بۆی دەردەکەوێ کە ئەم ئەوینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوینێکی فیعلی بۆ کچێکی دراوسێیان کە لە رابردوودا هاوڕێی منالێیی بووە. ئەو کچە هاوڕێیەیش کچی زانایەکی ئاژەڵناسییە کە تەنیا بایەخی بە ئاژەڵ دەدا، لە دیالۆگی نێوان کچەکەو شوێنەوارناسەکەدا، کچەکە دەڵێ:

(لەنێو کۆمەڵەی ئاژەڵەکانی باوکمدا من پارچەیەکی بەنرخ نەبووم، ئەگەر ئەو پارچە بەنرخە بوومایە ئەوسا سۆزم بۆ تۆ بەو رادەیە نەدەبوو).

فرۆید لەم (دان پیانان)ەوەو لە پشتی ئەوینی کچەو شوێنەوارناسەکە، ئارەزوویەکی رەسەنی ئۆدێبی ئاشکرا دەکات. دیسان فرۆید لە وتارێکیدا بەناوی (داهێنانی ئەدەبی و زیندە خەون) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پاڵنەری بنچینەیی داهێنانی ئەدەبی لە گرێی ئۆدێبیدا حەشار دراوە، فرۆید دەڵێ:

(رووداوێکی گرنگی ئێستا، لەلای داهێنەر، بیرەوەریی رووداوێکی کۆن زیندوو دەکاتەوە کە زۆرجار ئەو رووداوە رووداوی سەردەمی منالییە، لەم رووداوەوە ئارەزوویەک سەرهەڵدەدا کە دەیەوێ لە بەرهەمی ئەدەبیدا ئەو ئارەزووە تێر بکات).

کاتێ فرۆید باسی بابەتی (سێ سندووقەکە) دەکات، کە ئەمەیش ثیمەیەکە زیاد لە جارێک لە بەرهەمی ئەدەبیدا دووپات دەبێتەوەو بە شێوەیەکی تایبەتیش لە شانۆنامەی (بازرگانی ڤینیسیا)دا دەردەکەوێ، هەوڵ دەدا (کلیل)ی سێ سندووقەکەمان بداتێ، ئەو سێ سندووقەیش بریتین لە ئەو سێ شێوەیەی لە ژیاندا دەردەکەوێ:

١- وێنەی دایک - واتە خودی دایک.

٢- ئەو عەشیقەیەی کە پیاو لە وێنەی دایکیدا هەڵی دەبژێرێ.

٣- دواجار (زەوی/ دایک).

لە لێکۆڵینەوەیەکی فرۆیددا لە بارەی کتێبێکی گۆتە بەناوی (خەیاڵ و راستی)، تەنیا گرنگی بە بیرەوەرییەکی سەردەمی منداڵی دەدا کە گۆتە لە

کتێبەکەیدا باسی دەکات، ئەویش فڕێدانی قاپ و قاچاغە لە پەنجەرەوە، فرۆید لەم دیاردەیەدا رەفتارێکی سیحری دەبینێ کە ئامانجی ئەوەیە دژە ئەسڵییەکەی خۆی، واتە باوک، دووربخاتەوە، پاشان لێکۆڵینەوەکەی بەوتەیەکی گۆتە کۆتایی پێ دێنێ:


(سەرچاوەی هێزی من لەو پەیوەندییەدایە کە لەگەڵ دایکمدا هەمە).

لێرەدا زنجیرەیەک لە شیکردنەوە ئەدەبییەکانی فرۆیددا هەیە:

دەست پێکردن بە (کوشتنی باوک)و پاشان پەیوەندی لەگەڵ دایک (واتە سەرچاوەی هێز) و دواجار خاڵی توانەوەو گەڕانەوە. ئەمەیش لۆجیکێکە ملکەچی نائەقڵانییەتی (ئۆدیپی پاشا)یە.

**سەرچاوە:**

* گۆڤاری (الفکر العربي المعاصر) ژمارە (۱۱)، ساڵی (۱۹۸[illegible]).



# تەماهی لەگەڵ باوک

**نووسینی: فرۆید**

سایکۆلۆژیا لە «تەماهی»دا یەکەم دیاردەی پەیوەستی ویژدانی بەکەسێکی دیکەوە دەبینێ، ئەم تەماهیە رۆڵێکی گرنگ لە سەرەتاکانی گەشەسەندنی (گرێی ئۆدیب)دا دەبینێ، کوڕی بچووک بایەخێکی گەورە بەباوکی دەدا. ئەو دەیەوێ وەک باوکی بێ و لەگشت لایەنێکەوە شوێنی ئەو بگرێتەوە، بەڕاشکاوانەتر بڵێین؛ ئەو منداڵە باوکی خۆی دەکا بەنموونە، ئەم هەڵوێستەش لە باوک (یاخود بەگشتی لە هەر پیاوێکی دی) سیمایەکی مێینەیی یان نێگەتیڤی وەرناگرێ، بەڵکو لە جەوهەردا هەڵوێستێکی نێرانەیە (ذكوري)، ئەمەیش رێککەوتنێکی تەواوی لەگەڵ گرێی ئۆدیبدا دەبێ و ئەم هەڵوێستەش بەشداری لە ئامادەکردنی ئەو گرێیە دەبێت.

هاوکات لەگەڵ ئەم تەماهی کردنە لەگەڵ باوک یاخود لە دوای ساتێکی کورت، منداڵی بچووک (کوڕ) ئارەزووە لیبیدۆییەکانی بەرەو دایکی ئاڕاستە دەکات، ئەوسا دوو جۆرە پەیوەست بوون و هۆگری (التعلق) بەدیار دەکەوێ کە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە جیاوازن: یەکەم – پەیوەست بوون بەدایک بەسیفەتی ئەوەی بابەتێکی سێکسیی پەتییە. دووەم – تەماهی کردن لەگەڵ باوک کە وەکو نموونەیەک سەیری دەکاو ئینجا لاسایی دەکاتەوە، ئەم دوو سۆزە، بۆ ماوەیەکی زەمەنی، بەیەکەوە دەبن، بێ ئەوەی هیچ یەکێکیان کار لەوی دیکەیان بکات یان بێ ئەوەی یەکێکیان باری ئەوی دیکەیان بشێوێنێ، بەڵام هەرچەندێک ژیانی دەروونی بەرەو یەکبوون بچێ، ئەم دوو سۆزە لە یەکتری نزیک دەبنەوە تا بەیەکتر دەگەن، لەم بەیەکتر گەیشتنەدا (گرێی ئۆدیب) لەدایک دەبێ. کوڕ بۆی دەردەکەوێ کە باوک رێگای گەیشتنە لای دایکی لێ دەگرێ؛ لە ئاکامی ئەمەشدا تەماهی کردن لەگەڵ باوکدا شێوەیەکی دوژمنکارانە وەردەگرێ و دواجار



لەگەڵ ئارەزوویەک تێکەڵ دەبێ تا شوێنی باوک بگرێتەوە، تەنانەت لەلای دایکیش. ئەم تەماهی کردنە هەر لە سەرەتاوە خۆی وەک دژێک نیشان دەدا کە لەوانەیە یان بەرەو گوزارشت کردن لە سۆز بچێ یان بەرەو گوزارشت کردن لە ئارەزووی پوچ کردنەوە (الالغاء)، لێرەدا وەک بەرهەمی قۆناغی یەکەم رەفتار دەکات، واتە قۆناغی دەمی (فموي) لە سیستماتیزەکردنی لیبیدۆدا، واتە ئەو قۆناغەی تێکەڵ کردنی بابەتی ئیشتیهاکراو و حەزلێکراو لە رێگای خواردنیەوە – واتە هەڵوەشاندنەوەی–تەواو دەبێ، بێگومان وەکو زانراویشە سەردەمی خواردنی گۆشتی مرۆڤ لەم قۆناغەدا راوەستا. ئەو لەبەر خاتری دوژمنەکانی ئەو گۆشتە دەخوات، تەنها ئەو کەسانە دەخوات کە خۆشی دەوێن«[1]».

چارەنووسی دواتری ئەم تەماهی کردنە لەگەڵ باوک بەسانایی لەبەرچاو ون دەبێ، لەوانەیشە وا رووبدا گرێی ئۆدیب پێچەوانە بێتەوە، ئەوسا باوک لە رێگای چەشنێک لە مێینەییەوە دەبێ بە(بابەت)ێک کە مەیلە سێکسییەکان چاوەڕێی دابینکردنی دەکەن: لەم حاڵەتەشدا تەماهی کردن لەگەڵ باوک قۆناغی سەرەتایی پێکدێنێ بۆ گۆڕینی باوک بەبابەتێکی سێکسی. بەگشتی دەتوانین هەمان شت سەبارەت بەهەڵوێستی کچ لەدایکیدا بڵێین.

ئاسانە لەداڕشتەیەکدا گوزارشت لەم جیاوازییەی نێوان تەماهی کردن لەگەڵ باوک و پابەندبوون بەباوک وەک بابەتێکی سێکسی بکرێ. باوک، لە حاڵەتی یەکەمدا، ئەو شتەیە کە کوڕ دەیەوێ ببێ بەو. لە حاڵەتی دووەمیشدا دەیەوێ ببێ بەمولکی ئەو، لە حاڵەتی یەکەمدا خودی ئیگۆ دەبێ بەمەبەست. کەچی لە دووەمدا بابەتی ئیگۆ دەبێ بەمەبەست. لەبەرئەوە بەر لەهەر هەڵبژاردنێک بۆ (بابەت)ەکە، تەماهی کردن مومکینە، بەڵام زۆر زەحمەتە وەسفێکی میتاسایکۆلۆژی«[2]» بۆ ئەم جیاوازییە بخرێتەڕوو. هەموو ئەوەی کە دەشێ ئاگاداری بین بریتییە لە تەقەلای ئیگۆ تا دەگاتە پلەی لێکچوونی لەگەڵ ئەو نموونەیەی بۆ خۆی پێشنیاری دەکات.

تەماهی لەڕووی دەمارییەوە بەبونیادێکی ئاڵۆزترەوە پابەند دەبێ. ئەو کچە بچووکەی ئێستاکە بایەخی خۆمانی دەخەینەسەر، دوچاری هەمان نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە دەبێ کە دوچاری دایکی بووە. بۆ نموونە دوچاری کۆکەیەکی توند دەبێ. دەشێ ئەمە بەچەند شێوەیەکی جیاواز رووبدات: یان دەشێ تەماهی

ئەوەبێ کە لە گرێی ئۆدیبەوە لەدایک دەبێ، واتە شێوەی ئارەزوویەکی دوژمنکارانە وەربگرێ بۆ شوێن گرتنەوەی باوک، لەم حاڵەتەشدا نیشانەی ئارەزوویەکی ئیرۆسی بۆ باوک دەردەکەوێ، ئەم نیشانەیە شوێن گرتنەوەی دایک دابین دەکا لەژێر جێکەوتی هەستکردن بەگوناه: (دەتویست ببیت بەدایک، ئەوەتا ئێستا وەک دەتویست، بوویت بەدایک، بەلایەنی کەم بەهۆی هەست کردنت بەهەمان ئەو ئازارەی کە ئەویش دوچاری ببوو). یاخود ئەو نیشانەیە هەمان نیشانەی کەسێکی خۆشەویستە، بەم جۆرە دۆرا[3] لە کورتەیەک لە شیکردنەوەی تووشبوو بەهیستریا-دا لاسایی کۆکینی باوک دەکاتەوە: ئەوسا دەتوانین وەسفی بارودۆخەکە بەو جۆرە بکەین و بڵێین تەماهی کردن شوێنی مەیلی ئیرۆسی گرتۆتەوە، مەیلی ئیرۆسیش بەهەڵگەڕانەوەوە گۆڕاو بوو بە تەماهی. پێشتریش زانیمان کە تەماهی سەرەتاییترین شێوە لە پەیوەستی عاتیفیدا دەنوێنێ، زۆرجار وا روودەدا لە رێگای چەپاندن و نائاگاییەوە هەڵبژاردنی بابەتی لیبیدۆیی جارێکی دی شوێنی خۆی بۆ تەماهی کردن چۆڵ دەکات. واتە ئیگۆ - ئەگەر بشێ بڵێین - خاسیەتەکانی بابەت هەڵدەمژێ. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە ئیگۆ لەم تەماهی کردنەدا جارێک خۆی بەکەسێکی نا خۆشەویست دەچوێنێ، جارێکی دی بەخۆشەویست، ئێمەش تێبینی ئەوە دەکەین کە تەماهی لە هەردوو حاڵەتەکەدا شتێکی جوزئی و سنووردارە، ئەوەندە بەسە سیمایەک لە سیماکانی خۆی بخوازێ.

لە حاڵەتی سێیەمی حاڵەتەکانی پێکهاتنی دیاردەدا، تەماهی کردن لە دەرەوەی هەر هەڵوێستێکی لیبیدۆیی لە بەرامبەر ئەو کەسەی پێی دەچوێنرێ، بەشێوەیەکی سەربەخۆ تەواو دەبێ. کاتێ کچێکی قوتابی لە قوتابخانەی ناوخۆییدا نامەیەکی لە خۆشەویستەکەیەوە پێ دەگات کە غیرەی زیندوو دەکاتەوەو بەهیستریاوە وەڵامی ئەو غیرەیە دەداتەوە، دەبینین هەندێ لە کچە برادەرەکانی ئەو، بەتایبەتی ئەوانەی ئاگایان لە بابەتەکە هەیە - ئەگەر بشێ بڵێین - دوچاری هەمان حاڵەتی نەخۆشی دەبن، دەشێ ئەوانی دیکەش پەیوەندییەکی نهێنی ئەویندارییان هەبێ، لەژێر کاریگەری هەست کردن بەگوناهی خۆیان، ئەو ئازارە قبووڵ بکەن، بەڵام ئەگەر پێمان وابێ کە رەفتاری کچە هاوڕێکانی تەنها وەک هاوسۆزییەکە بۆی، ئەوا لەراستی دوور دەکەوینەوە.



بەپێچەوانەوە، هاوسۆزی لە تەماهییەوە لە دایک نابێ، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەم جۆرە نەریتە لە چەند حاڵەتێکی دیکەشدا روودەدات وەک ئەوەی لەنێوان دووکەسی دیاریکراودا برێک لە هاوسۆزی هەبێ کەمتربێ لەو هاوسۆزییەی لەنێوان دوو کچە هاوڕێ لە قوتابخانەی ناوخۆییشدا هەیە. یەکێ لە ئیگۆکان دەرکی بەبوونێکی کەمێ گرنگتر لەوی دیکە کردووە سەبارەت بەخاڵێکی دیاریکراو (لە نموونەکەی ئێمەدا ئەم لێکچوونە بەهەمان پلە هێزێک لە سۆزداریدا دەنوێنێ)، ئەوسا تەماهییەک سەبارەت بەو خاڵە روودەدات. ئەم تەماهییە لەژێر کاریگەری هەڵوێستی کەسی نەخۆشدا بەرەو ئەو نیشانەیە دەڕوات کە لەلای ئیگۆی لاسایی کەرەوەدا دەردەخرێت. بەم جۆرە تەماهی لەرێگای نیشانەوە لەجیاتی ئاماژەیەکە بۆ خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو ئیگۆکە. ئەو خاڵی بەیەکگەیشتنە لە راستیدا گریمانی ئەوەی لێ دەکرێ کە بەچەپێنراوی بمێنێتەوە.

ئەوەی لە بارەی ئەو سێ سەرچاوەیە زانیمان. دەکرێ بەم شێوەیە کورتی بکەینەوە: یەکەم - تەماهی سەرەتاییترین شێوەی پابەندبوونی ویژدانی بەبابەتێکەوە پێکدێنێ. دووەم: تەماهی بەهۆی گواستنەوەیەکی هەڵگەڕاوەیی - نکوص-یانەوە شوێنی پابەندبوونێکی لیبیدۆیی بەبابەتێک دەگرێ. ئەمەیش لە رێگای جۆرێک لە خستنی بابەت بۆناو ئیگۆ ئەنجام دەدرێت. سێیەم - دەشێ تەماهی لەگشت ئەو جارانەدا رووبدا کەکەسێ سیمایەکی هاوبەش لە نێوان خۆی و کەسێکی دیکەدا بدۆزێتەوە، بێ ئەوەی ئەمەی دووەمیان - (واتە: ئەوی دی- الأخر) کەسێکی دی، بابەتی ئارەزووە لیبیدۆییەکان سەبارەت بەو، بنوێنێ. هەر چەندێکیش ئەو سیما هاوبەشانە گرنگتربن ئەوا تەماهی کردنەکە تەواوتر دەبێ و بەم جۆرە لەگەڵ سەرەتای پابەندبوونێکی دیکەدا هاوشێوە دەبێ.

ئێمە لێرەوە پابەندبوونێکی ئاڵوگۆڕکراو دەبینین لە نێوان ئەو تاکانەی کۆیەک پێک دەهێنن کە هەر دەبێ لە تەماهییەکی هاوشێوەوە هەڵبقوڵێ، ئەو تەماهییە هاوشێوەیەی لەسەر بنچینەی یەکێتی هەستەکان بنیات دەنرێ، دەشتوانین گریمانی ئەوە بکەین کە یەکێتی هەست لە سروشتی ئەو پابەندبوونەوە پێکدێت کە هەموو تاکێ بەسەرۆکەوە دەبەستێتەوە جگە لەمە وەک دوایی پیشانی دەدەین ئێمە هێشتاکە گرفتی تەماهیمان بەتەواوی دەرنەخستووە، ئەو بەردەوام چوونە

پێشـەی رووبەڕوومـان دەبێتـەوە ئەو شـتـەیە کـە لەزانسـتی دەروونـدا بە (Einfuhlung)ناسراوە (ئەمەیش سۆزی ئەوانی دی دەنوێنێ) کە رۆڵێکی زۆر گـەورە دەبینێ بەهۆی ئەو توانایانەی لە ئێمـەدا دەیکاتەوە تا لە ئیگۆکـانی خۆمانەوە بچینە ناو دەروونی کەسانی نامۆ. کەچی ئێمە لەبەرئەوەی دەمانەوێ باسەکەمان تەنیا لەکارێکی راستەوخۆی ویژدانییەوە بەتەماهیدا قەتیس بکەین، ئیدی ئەوەی سەبارەت بەژیانی فیکریمان گرنگیی هەیە، دەیخەینە لاوە.

توێژینەوەی سایکۆلۆژی توانی تێبـینی هەبوونی تەمـاهی بکات لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا کە راڤـەکردنیان ئاسان نییـە. لەدواییدا بەدرێژی نموونەی دوو حاڵەت لەو حاڵەتانە دێنمەوە بەرەسمکردنی لێوردبوونەوەکانی دواییمان.

پەیوەندی سێکسیی هاوڕەگەز (هۆمۆسێکسواڵ) نێرونێر، زۆرجار بەم جۆرە، بەم جـۆرە پێـدەگـات: مـێـرد منداڵ بۆ مـاوەیەکی زەمـەنی دووردرێژ خـۆی بەدایکییەوە دەبەستێ بەو مانایەی لەگرێی ئۆدیبدا هەیە، کاتێ دەگاتە تەمەنی باڵـغ بوون، وەخـتی ئەوە دێ کـە دەبێ ئەو مـێـرد منداڵـە دایکی بەبابەتێکی سێکسی دی بگۆڕێ، کاتێکیش گۆڕانێکی کتوپڕ لە رەوتەکەدا روودەدات: لە جیاتی ئەوەی واز لە دایکی بێنێ، تەماهی لەگەڵدا دەکات و دەگوازێتـەوە بۆ ئەو، هەوڵ دەدا چەند بابەتێک شـوێنی ئیگۆ تایبـەتیـیـەکـەی بگرنەوە، ئەو بابەتانەی دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ کە دایکی خۆی خۆشبوێ و سۆزداریی بکات و وەک چۆن دایکیشی ئەوی خۆشویستووەو پەروەردەی کردووە. ئەمەش بەرەوپێش چوونێکە، هەرچۆنێ بمانەوێ دەتوانین جەخت لەواقیعەتەکەی بکەین، ئەمەیش بەتەبیعەتی حاڵ بەتەواوی سەربەخۆیە لەو گریمانەیەی دەشێ فۆرمەلەی بکەین.

سـەبارەت بەهۆیەکـانی ئەو ئاڵوگـۆڕە کـتـوپڕەو هەروەها سـەبارەت بەپاڵنەرەکـانی. ئەوەی لەم تەمـاهـیـیـەدا شـوێنی سـەرنجـدانە، فـراوانیی مەوداکانێتی؛ تاکەکەس، لە گۆشەیەکەوە کە گرنگترین گۆشەیەو بەدیاریکراویش لە تێڕوانینی مۆرکی سێکسییەوە، دوچاری گواستنەوەو ئاڵوگۆڕ دەبێت بەپێی نموونەی ئەو کـەسەی کـە تا ئەوکـاتە بابەتی لیـبـیـدۆیی بوو بۆی، ئەوسا یان بەتەواوی بەرەو نەمان دەچێت (واتە تەماهییەکە) یان لە نەستدا دەپارێزرێت، ئەم خاڵەش بەرهەحاڵ ناچێتە ناو باسەکەمانەوە.



گـۆڕینەوەی بابەتی ونبـوو لە رێگای تەمـاهی کـردن لەگـەڵیـداو هەروەها تێکەڵکردنی بابەتەکە لە ئیگۆدا، گشت ئەو کـارانە مەسەلەیەک نین سەبارەت بەئێـمـە نوێ بن. لە هەندێ بۆنەشـدا دەکـرێ ئەم حـاڵەتانە راسـتـەوخـۆ لەلای منداڵدا تێـبـینی بکەین. (گۆڤـاری نێو دەوڵـەتی بۆ شیـکردنەوەی دەروونی)«٤» بابەتێکی بڵاوکـردۆتەوە، بەوردی چاودێری منداڵێک دەکـات کـە بەخـتی وای هێناوە پشیلە بچووکەکەی ون بکات، لە پڕێکا ئەو منداڵە رای گەیاند کە خۆی ئەو پشـیلە بچـووکـەیە، ئیـتـر وەک چوارپێ دەڕۆیشت و نەی ئەویست لەسـەر سفرەنان بخوات«٥».

لێـرەدا باسێکی دی بۆ هەڵێنجـانی بابەت هەیە، ئەویش تووش بوونێکە کە زۆرجـار بەهۆی زیانێـکی واقـیـعـی یان سـۆزداریی بابەتێکی خـۆشـەویسـتـدا سەرهەڵدەدات. ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ئەم حاڵەتانە جیادەکاتەوە، بریتییە لە زەلیل کـردنی دڵڕەقانەی خـودی بۆ ئیگۆ: نەخۆش لەم حاڵەتەدا زۆر بەتوندی رەخنە لەخۆی دەگرێ و ویژدانی خۆی بریندار دەکات، شیکردنەوەکە ئەوەی روون کردۆتەوە کە ئەم رەخنە لە خۆگرتنە، بەمانای تەسکی وشەکـە، دەکەوێتـە سەر بابەتەکـەو لەوێوە گـوزارشت لە تۆڵـە سـەندنەوەی ئێگۆ دەکـات لەو بابەتە. لە شـوێنێکی دیکەدا وتوومـە: سێـبـەری بابـەتەکـە کـەوتۆتە سـەر ئیـگۆ، لێـرەشـدا هەڵێنجانی بابەت بۆ کەسێک کەبینیویەتی، زۆر روون و ئاشکرایە.

کـەچی ئەم حـاڵـەتە خـەمـەنگێـرانەیە چەند لایەنێکی دیکەشـمـان بۆ ئاشکرا دەکـات کـە دەشێ ئەمـە سـەبارەت بەڕامـانی دواترمـان بایەخـێکی زۆری هەبێ، ئیـگۆمـان بـەدابەشکراوی بۆ دەردەخـات، کـە دابەش دەکـرێتـە سـەر دووبەش و یەکێکیان باری ئەوەی دیکەیان دەشێوێنێ، ئەم بەشەی ئەویدی-یش ئەوەیە کە لە رێگەی هەڵێنجانەوە گۆڕدراوە، واتە ئەو شتەی بابەتی ونبوو لە خۆی دەگرێ، کەچی ئەو بەشەی کە دڵرەقییـەکی زۆر لە بەرامبـەر دراوسێکەیدا دەنـوێنێ، بۆ ئێـمـە نادیار نیـیـە، ئەو بەشـەیش «دەنـگی ویژدان» دەنوێنێ، دەسـەڵاتی رەخنەگـرانەی ئیـگۆ: کـاتێ تەنانەت لە زەمـەنە ئاسـاییـەکـانیـشـدا دەردەکـەوێ هەرگـیـز ئەو رادە زۆرەی دڵڕەقی و سـتـەم ئاشکرا ناکـات، پێـشـتـریش لەکـاتی باسکردنی نێرگسـیزم و خەم و رەشبینیدا نەمـان دەویست خۆمان بدەینە دەست پێکهێنانی ئەم جۆرە دەسەڵاتە لەناو ئیگۆدا، هەروەها لە قودرەتی جیابوونەوەی

لە ئیگۆی ئەویترو ئینجا چوونە ناو ململانێ لەگەڵیدا، ئەوەبوو ناوی (نموونەی ئیگۆ)مان پێ بەخشی و وەزیفەکەیمان کرد بە چاودێری کردنی خودو ئاگایی رەوشتی و سانسۆری خەونەکان، ئەوکاتە وتمان (نموونەی ئیگۆ) میراتی نێرگسیزمە کە ئیگۆی منداڵی لەکاتی تێربوونی خودیدا تیایدا جێگیر دەبێت، پاشان وردە وردە لەکاریگەرییەکانی ناوەندەکەدا فێری گشت ئەو پێویستییانە دەبێت کە ناوەند بەسەر ئیگۆدا دەیسەپێنێ، ئەو ئیگۆیەی ناتوانێ بەردەوام بەپێی پێویستییەکانی ناوەند رەفتار بکات، ئەمەیش بۆ ئەوەی رێگا بەمرۆڤ بدات لەو کاتانەی کەپێی وادەبێ چەند هۆیەکی وای لەبەر دەستە کە لەخۆی رازی نەبێت، خۆشحاڵییەک لە «ئیگۆی نموونەیی»دا ببینێ کە لەگەڵ ئیگۆی پەتیدا جیاوازە. جگە لەمەش ئەوەمان دەرخست کە مومکینە لەوڕێنەی چاودێری کردنێکی خودیدا، تێبینی لاوازیی ئەو دەسەڵاتە بکەین و لەدواییدا راستەوخۆ روانگەی بگرین و رەچەڵەکەکانی بگەڕێنینەوە بۆ کاریگەری شێوەی دەسەڵاتەکانی دی بەپلەی یەکەمیش دەسەڵاتی کەسوکار«[٦]»، بەڵام ئەوەمان لەبیرنەچووە بڵێین، ئەو مەسافەیەی ئیگۆی ئایدیالی لە ئیگۆی واقیعی جیادەکاتەوە، لەتاکە کەسێکەوە بۆ تاکەکەسێکی دی دەگۆڕێت، ئەم جیاوازییەش لەناو ئیگۆدا لەلای زۆر کەس، حاڵەتی منداڵێتی تێنەپەڕاندووە.

بەڵام بەرلەوەی توانای ئەوەمان هەبێ گشت ئەم ماددانە لە راڤەی سیستماتیزەکردنی لیبیدۆی کۆمەڵەیەک بەکاربێنین، دەبێ لەسەرەتادا لە هەندێ پەیوەندی ئاڵوگۆڕی دیکەدا سەیری بابەت و ئیگۆ بکەین«[٧]».

## پەراوێزەکان:

١- بڕوانە: فرۆید/ سێ تۆژینەوە لە تیۆری سێکسی. هەروەها بڕوانە: ئەبراهام/ بەدواداچوونێک لە بارەی پەرەسەندنی پێش زاوزێی لیبیدۆیی. هەروەها: بەشدارییەک لە شیکردنەوەی دەروونی، کە هەمان نووسەر نووسیویەتی. کتێبخانەی نێو دەوڵەتی بۆ شیکردنەوەی دەروونی - ساڵی ١٩١٢.

٢- میتاسایکۆلۆژی: سیفەتێکە بۆ سایکۆلۆژیا کە تەنها بە باسکردنی دیاردەکان ناوەستێ، بەڵکو لە تێڕوانینێکی سێ لاییەوە تەئویلی دەکات؛ لەرووی دینامیکییەوە بەململانێ لە نێوان هێزە دەروونییەکان، لە رووی ئابوورییەوە بەڕواڵەتی چەندێتی بۆ ئەم هێزانە (پاڵنەرە غەریزەییەکان و پاڵنەرە دژی غەریزەکان). لە رووی مەوقعیشەوە بەدیاری کردنی مەوقیعی رەوگە دەروونییەکان لە هەردوو سەمتی هەستی و نەستیدا. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم زاراوەیە، بگەڕێرەوە بۆ کتێبی



(میتاسایکۆلۆژیا - علم ماوراء النفس) کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە بەیروت لە (دار الطليعة) چاپکراوە.

٣- دۆرا: ناوێکی خوازراوە بۆ کچێکی تەمەن هەژدە ساڵ کە فرۆید چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکرد، درێژەی ئەو شیکردنەوەو چارەسەرکردنەی لە دەقێکدا تۆمارکرد بەناوی (خەون و هیستریا) لە ساڵی ١٩٠٥.

٤- گۆڤارێکە فرۆید لە ساڵی ١٩١٣ بەزمانی ئەڵمانی دەریدەکرد.

٥- مارکوزیفتیش: بەشداری کردنێک لە بارەی بیرکردنەوەو گۆشەگیری لەلای منداڵ، کە لەژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٢٠)ی گۆڤاری نێو دەوڵەتی بۆ شیکردنەوەی دەروونی بڵاوکراوەتەوە.

٦- بەشی یەکەم لە کتێبی (لە بارەی تەماهی کردن لە نەرگسیزمدا).

٧- ئێمە دەزانین لەم نموونانەدا نەمانتوانیوە بەتەواوی هەقی خۆی بەتەماهی بدەین، جا بۆ ئەوەی پتر ئەم بابەتە روون بکەینەوە، ئەوا دەبێ شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژیی زۆر قووڵتر ئەنجام بدەین. لە تەماهییەوە، کە میتۆدێکی دیاریکراو دەگرینەبەرو لە رێگای لاسایی کردنەوەوە، دەگەینە (Einfuhlung) واتە دەگەینە تێگەیشتن لە بابەتێک کە بەگشتی رێگامان پێدەدات هەڵوێستێکی دیاریکراو لە ژیانێکی دی دەروونی وەرگرین. ئەم جۆرە تەماهی کردنانە، هەروەک لەو گرووپانەدا دەردەکەوێ کە عەشیرەت پێکیان دەهێنێ، ئەم ئاکامە سەرسوڕهێنەرەی بۆ رۆبرستۆن سمیث دۆزییەوە؛ ئەویش بریتییە لەوەی کە بنەمای ئەم تەماهی کردنە دانانانە بەجەوهەرێکی هاوبەش (موڵکدارێتی و زەواج، ١٨٨٥)، لەوانەیشە لە بەشداری کردنی دەعوەتێکی هاوبەشی نان خواردندا دروست ببێ. ئەم خاسیەتە رێگا دەدات ئەم جۆرە تەماهی کردنانە بەمێژووی سەرەتایی خێزانی مرۆڤایەتییەوە ببەسترێتەوە، لایەنەکانی ئەم بابەتەشم لە کتێبی (تەوتەم و حەرام)دا باس کردووە.

## سەرچاوە:

سیغموند فروید، علم النفس الجمعي وتحليل الأنا، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، ط١، بيروت ١٩٧٩.

# دابەشبوونی (ئیگۆ)
# لە پرۆسیسی بەرگری کردندا

**نووسینی: فرۆید**[1]

بۆ ماوەیەکی کورت خۆم لە هەڵوێستێکدا دەبینمەوە کە شوێنی بایەخ پێدانە، هەڵوێستی ئەوەی نازانم ئاخۆ ئەوەی دەبێ بیلێیم دەشێ لە مێژبێ وەک شتێکی مەئلوف و ڕۆشن دانرابێ یاخود وەک شتێکی نوێ و سەرسوڕهێن تەماشا دەکرێ، بەڵام من بەلای ئەگەری دووەمیاندا دەچم.

لەم دواییەدا راستییەک دوچاری هێدمەی کردم، راستیی ئەوەی کە (ئیگۆ) کەسێکە لە شیکردنەوەدا وەک نەخۆشێک دەیناسین، بەر لە دەیان ساڵ کاتێ ئەو ئیگۆیە منداڵبوو - لەژێر گوشاری دیاریکراو و هەڵوێستێکی تایبەتیدا رەفتارو رێگەیەکی دەگرتەبەر، دەتوانین بەگشتی و بەزمانێکی کەمێک تەماوی باسی ئەو بارودۆخە بکەین کە لە سێبەری کەشێکی وادا ئەو شتە روودەدا کە بڵێین لەژێر کاریگەریی تاسانی دەروونیدا (صدمة نفسیة) روویداوە. پێم باشە حاڵەتێکی تایبەتی هەڵبژێرین ئەگەرچی بەمسۆگەری گشت ئەو چەشن و جۆرانە ناگرێتەوە کە دەشێ ببنە هۆیەک بۆ روودان.

کەواتە با وادابنێین ئیگۆی منداڵێک کەوتۆتە ژێر کاریگەریی داواکارییەکی بەهێزی غەریزەییەوە کە ئەم ئیگۆیە وا راهاتووە ئەو غەریزەیە تێر بکات، بەڵام لە پڕێکا بەهۆی شارەزایی و فێربوونەوە لەوە دەترسێ تێرکردنی بەردەوامی ئەو غەریزەیە بەرەو هەڵەو ترسناکییەکی ببا کە ئیدی گەورەکان لێی خۆش نابن، ئەوسا لەسەریەتی دەم و دەست بڕیار بدا؛ یان دەبێ لەو ترسناکییە تێبگات و تەسلیمی واقیع بێت و غەریزەکانی تێرنەکات یاخود ئەو واقیعە رەت بکاتەوەو قەناعەت بەخۆی بێنێ کە هیچ پێویست بە ترس ناکات، هۆیەک بۆ ترس نییە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە تێرکردنی ئەو غەریزەیە بکات، بەم جۆرە ململانێیەک لە



نێوان داواکاریی غەریزەو دیفاکت (ئەمری واقیع) پەیدا دەبێ، بەڵام منداڵەکە لە راستیدا هیچ یەکێ لەو دوو رێگەیە ناگرێتە پێش، یا بەشێوەیەکی دی لە یەک کاتدا هەردوو رێگەکە دەگرێتەبەر، واتە بەو مانایە دێ کە هەمان شتە.

ئەو منداڵە بەدوو کاردانەوەی دژبەیەک وەڵامی ململانێکە دەداتەوە کە هەردووکیشیان رەواو کاریگەرن. لەلایەک واقیعەکە رەت دەکاتەوە - بێگومان بەیارمەتی چەند میکانیزمێکی دیاریکراو - و هیچ خەتەرێکیش قبوڵ ناکات (واتە ناترسێ لەوەی کە دەیکا ترسناک بێ -و-) لەلایەکی دیکەو لە هەمان کاتدا - دان بەترسناکی واقیعەکەدا دەنێ و ترس لەو مەترسیانە دەکا بە دیاردەیەک (یان بەشێوەی دیاردە دەینوێنێ)«[2]» تا خۆی لەو ترسناکییە رزگار بکات.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەمە چارەسەرێکی زۆر چاکی گرفتەکەیە، هەردوو تەرەفی ململانێکە بەشی خۆیان دەست دەکەوێ، هەم غەریزە دەتوانێ پارێزگاری لە تێربوونی خۆی بکاو هەم تاڕادەیەکی باشیش رێز لە واقیعەکە دەنێ، بەڵام دەبێ نرخی هەموو شتێ بەم شێوەیە بدرێ، ئەم سەرکەوتنەیش لەسەر حیسابی دابەشبوونی (ئیگۆ) بەدەست دێ، ئەو دابەش بوونەی هەرگیز یەکتر ناگرنەوەو بگرە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا زیاد دەکا. هەردوو کاردانەوە دژ بەیەکەکە لە بەرامبەر ململانێکەدا بەسووربوون و پێداگرتنێکی زۆرەوە دەمێننەوە بەو پێیەی ئەمانە چەقی دابەش بوونی ئیگۆن، لەوە دەچێ ئەم پرۆسەیە زۆر سەیرو نامۆبێ لەبەرئەوەی ئێمە خۆمان دەدەینە دەست سروشتی لێکدراوانەی کردارەکانی (ئیگۆ) بەڵام لەمەدا بەتەواوی هەڵە دەکەین، وەزیفەی لێکدراوی ئیگۆ - سا ئەگەر بایەخێکی نا ئاساییشی هەبێ - مل بۆ هەلومەرجێکی تایبەتی دەداو دوچاری زنجیرەیەک پەشێوی دەبێ.

شتێکی بەسوودە لەم وتارەدا مێژووی حاڵەتێکی تایبەتی و تاکەکەسی باس بکەم.

منداڵێکی بچکۆڵەی کوڕ تەمەنی سێ چوارساڵ دەبوو، کاتێ کچێکی لە خۆی گەورەتر دەستگەمەی لەگەڵدا کرد، منداڵەکە هەستی بە ئەندامە سێکسییەکانی مێینەیی ئەو دەکرد. بەڵام پاش ئەوەی ئەم پەیوەندییە پچڕاو ئەو جووتە لە یەکتر دوورکەوتنەوە، هەستی سێکسی لەلای ئەو منداڵە هەرمایەوە

کەچی ئەمجارە لە ڕێگەی دەستییەوە بەحەماسەتێکی زۆرەوە گەمەی بەئەندامی نێرینەی خۆی دەکرد، ئەم کارە هەر زوو لەلایەن ئەو ئافرەتەی بەخێوی دەکرد ئاشکرا کراو پاشان هەڕەشەی ئەوەی لێکرا کە ئەگەر بەردەوام ئەو کارەبکات ئەوسا «دەیخەسێنن»، ئەم ئەرکەیان سپاردە باوکی منداڵەکە، بەم جۆرەو لەم حاڵەتەدا چەند مەرجێک سەریان هەڵدا کە بڕێکی زۆری «ترس»ی لەلای ئەو منداڵە خوڵقاند؛ هەڕەشەکردن بەوەی کە ئەندامی نێرینەی دەخەسێنن پێویست ناکات ئینتیباعێکی بەهێز جێبهێڵێ چونکە منداڵەکە ناتوانێ باوەڕبکاو ناتوانێ بە ئاسانی ئەوە بێنێتە پێش چاوی خۆی کە ئەو ئەندامە گرنگەی جەستەی لەدەست بدا، لەوانەیشە تەماشاکردنی بەردەوامی ئەندامی سێکسی مێینەیی- لەلایەکی دیکە - قەناعەتی پێ بهێنێ کە دەشێ ئەو شتە رووبدات (واتە لە دەستدانی ئەندامی نێرینە -و -)بەڵام بەتەنیا لە دەرەنجامێکی ئاوها دەرناچێ مادامەکی پرۆسەکردنی ئەم کارە دەشێ زۆر گەورەبێ یان دەشێ لێرەدا پاڵنەرێک نەبێ ناچاری بکا دووربکەوێتەوە لەو کارە.

بەپێچەوانەی ئەمەوە، رادەی دڵتەنگی و بێزاریی هەرچەندێ بێ، دەشێ بەجۆرە بیرکردنەوەیەک هێور بکرێتەوە؛ ئەوەی لەدەست چووە جارێکی دی دەردەکەوێتەوە، واتە لە دواییدا ئەندامی نێرینەی بۆ دروست دەبێتەوە. هەر کەسێ تێبینی ئەو منداڵانەی کردبێ کە تەماشای ئەندامی مێینەی خوشکە بچووکەکانیان دەکەن، هەمان ئەو جۆرە قسانە دەکەن (واتە پێیان وادەبێ ئەمانیش وەک خوشکەکانیان ئەندامی نێرینەیان نامێنێ -و-)، بەڵام ئەگەر هەردوو فاکتەرەکە بەیەکەوەبن ئەوا مەسەلەکە جیاواز دەبێ، لەم حاڵەتەدا (هەڕەشەکردن) بیرەوەریی پێزانینێک زیندوو دەکاتەوە کە لە رابردوودا شتێکی زیان بەخش نەبووە، بەڵام ئێستاکە لەو بیرەوەرییەدا شتێکی ترسێنەر دەبینێ، لەوکاتەدا منداڵەکە لەو باوەڕەدا دەبێ کە دەزانێ بۆچی لە کچەکەدا ئەندامی نێرینەیی نییە، ئیدی جارێکی دی جورئەتی ئەوە ناکات کە گومان لە ئەندامی نێرینەیی خۆی بکات، لێرەوە شتێک نییە جگە لەوەی باوەڕ بەواقیعی ترسناکی خەساندن بێنێ.

ئەنجامی ئاسایی ترسان لە خەساندن بریتییە لەوەی کە منداڵ دەمودەست بێ یان لە دوای ململانێیەکی زۆر - ملکەچ بێ بۆ وازهێنان (وازهێنان لە پرۆسەی



دەسپەڕ -و-) ئینجامل کەچکردنێکی تەواو بێ یان جوزئی (واتە جارێکی دی نەگەڕێتەوە سەر ئەوەی بەدەستەکانی گەمە بەئەندامە سێکسییەکانی بکات)، بەدەربڕینێکی دی، ئەو منداڵە بەتەواوی بێ یان بەناتەواوی واز لە تێرکردنی غەریزە دێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئامادەین ئەوە ببیستین کە ئەم نەخۆشەمان (واتە منداڵەکە-و-) رێگەیەکی تری بۆ دەربازبوون دۆزیوەتەوە! واتە بەدیلێکی بۆ ئەو ئەندامە نێرینەیە دۆزیوەتەوە کە لە کچەکەدا (خوشکە بچووکەکەیدا - و)ونی کردووە، ئەو بەدیلەیش بریتییە لە دروست کردنی شوون (الأثر)[٣]، راستە ئەگەر ئەمە بکات ئەوا واقیع بەدرۆ دەخاتەوە، بەڵام ئەندامی نێرینەی خۆی رزگار دەکا. سا ئەگەر ناچار نەبێ دان بەوەدا بنێ کە کچان ئەندامی نێرینەیان لەدەست داوە ئەوا لێرەدا هیچ پێویستییەک نییە بۆ باوەڕکردن بەڕاستی ئەو هەڕەشەیەی لێیکراوە، واتە پێویست ناکات لە ئەندامی نێرینەیی خۆی بترسێ، بەم جۆرە لە توانایدا هەیە بەبێ ترس و شەرم لەسەر دەسپەڕ بەردەوام بێ.

ئەم رەفتارەی نەخۆشەکەمان زۆر بەتوندی دوچاری سەرسوڕمانمان دەکات بەو پێیەی ئەمە گۆڕانێکە لە واقیع، ئەمەیش کارێکە پێمان باشترە بۆ ئەو کەسانەی دابنێین کە نەخۆشی زیهنییان هەیە، لە راستیشدا ئەم مەسەلەیە زۆریش جیاواز نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ حوکمی خۆمان بووەستێنین، چونکە ئێمە لە دوای گەڕانێکی قووڵتر جیاوازییەک دەدۆزینەوە کە بایەخیشی کەم نییە؛ منداڵەکە بەسادەیی دژایەتی تێگەیشتنەکانی خۆی نەکردووەو تەوهیمی ئەندامێکی نێرینەی وەهایشی نەکردووە کە کەس نەتوانێ ببینێ، گشت ئەوەی کردوویەتی تەنیا بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی بەها، واتە بایەخی ئەندامی نێرینەی کرد بەبەشێکی دی لە جەستە، ئەمەیش کارێکە میکانیزمی هەڵگەڕانەوە (نکوص)[٤] یارمەتی داوە (بەرێگەیەک کە لێرەدا پێویستی بەراڤەکردن نییە) ئەم گۆڕینەش «الابدال» - بەڕاستی- بەجەستەی مێینەیشەوە دەبەسترێتەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ئەندامی نێرینەی منداڵەکەوە هەیە، ئەوا هیچ شتێک نەگۆڕاوە.

ئەم رێگەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع کە شایانی ئەوەیە بەرێگەیەکی چاک وەسفی بکەین، سەبارەت بەرەفتاری عەمەلی ئەو منداڵە شتێکی یەکلاکەرەوە

بوو؛ بەردەوام بوو لەسەر کاری (دەسپەڕ) وەک ئەوەی هیچ ترسێکی بۆ ئەندامی نێرینەی نەبێت، بەڵام لە هەمان کاتداو بەپێچەوانەی جورئەتی رواڵەتییانەی منداڵەکە، شتێکی دی نواند و دەریخست کە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەترسێ، ئەو لەلایەن باوکییەوە هەڕەشەی خەساندنی لێکراوە، یەکسەر دوای ئەوەو هاوکات لەگەڵ دروست کردنی فیتش یان شوونێک (أثر) ترسێکی زۆری تیا دەرکەوت لەوەی باوکی سزای دەدا، ئەو کارەی کە پێویستی بەگشت تواناکانی نێرینەی هەبوو تا بەسەر ئەو هەستەدا زاڵ بێ و لە هەمان کاتدا باربووی بدات، لە بەرامبەر باوکیدا ترسێکی بێدەنگی هەبوو لەوەی بیخەسێنن بەیارمەتیی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و بۆ قۆناغی زارەکی (مرحلة فمية)«٥». ترسی ئەوەی لەلا دروست بوو کە باوکی هەڵی بلووشێ، لێرەوە مەحاڵە ئەو ئەفسانە گریکییە لە بیر بکەین کە (کرۆتۆس)ی خواوەندی باوکی بە تەمەن و پیر، منداڵەکانی خواردوون و پاشان هەوڵی داوە منداڵە بچکۆڵەکەی (زیۆس) وەک ئەوانەی دی، بخوات، بەڵام زیۆس بەهۆی کەشتییەکەی دایکییەوە رزگار دەکرێ و لە دواییشدا باوکی دەخەسێنێ، بەڵام دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەو حاڵەتەی باسی دەکەین و ئەوەی بۆ زیاد بکەین کە منداڵەکە دیاردەیەکی دی دەرخست ئەگەرچی دیاردەیەکی لاوازیش بوو کە تا ئەمڕۆکەش لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە. ئەو دیاردەو خۆنواندنە گومانکردنێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ بوو بۆ دەست لێدانی لە پەنجەکانی قاچی، وەک بڵێی خەساندن گوزارشتێکی روونتری بۆ دەدۆزێتەوە لە هەر هاتن و چوونێکدا لە نێوان نکوڵی کردن و دان پیاناندا.

**پەراوێزەکان:**

١- فرۆید «١٨٧٦-١٩٣٩» ئەم بابەتەی لە ساڵی ١٩٣٨دا نووسیووەو بە ناتەواوی جێیهێشتووە، دوای مردنی بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری «ئیماگۆ» ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٤٠ بڵاوکراوەتەوە. ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی نێو دەوڵەتییە بۆ شیکردنەوەی دەروونی.

٢- دیاردە: دەرکەوتەیەکە بەهۆی خەفە بوونەوە وەک ئەلتەرناتیڤ ئارەزووە تێرنەبووەکان بە رێگەی جیاجیا خۆی دەنوێنێ.

٣- الفیتش: Fetish زاراوەیەکی فرۆیدییە بۆ جۆرێک لە هۆمۆسێکسوالەکان بەکاردەهێنرێت - ئەوانەی بەسەیر کردن و دیتنی بەشێک لە لەشی خۆشەویستەکەیان وەک قاچ و دەست و قژ.. یان شتێ کە پەیوەندی بەخۆشەویستەکەیانەوە هەبێ دوچاری خرۆشانی سێکسی دەبن.

٤- هەڵگەڕانەوە «النکوص» واتە ئاشکرا کردنی ئارەزووە سێکسییەکان و جێبەجێ کردنیان



بەشێوەیەکی منداڵانە و سەرەتاییانە ئەمەش لە بێبەش بوونەوە سەرچاوە دەگرێت.

٥- قۆناغی زارەکی: بەپێی دابەشکردنەکانی ژیانی منداڵ لەلایەن فرۆیدەوە، ئەم قۆناغە یەکەمین نەشونماکردنی ئینفعالییە کە پێش قۆناغی «کۆمی» و «زاوزێ» دەکەوێت، لەم قۆناغەدا دەم ئەندامێکە غەریزەکانی لیبیدۆی تیا کۆدەبێتەوە، پاڵنەرە سادیستەکانی مرۆڤ بەشێوەی جیاجیا لەم قۆناغە دەردەکەوێ بێگومان لە تەک دەرکەوتنی «ددان»دا

**سەرچاوە:**

أفکار لأزمنة الحرب والموت/ فروید/ ترجمة: سمیر کرم، دار الطلیعة للطباعة والنشر- بیروت ١٩٧٧ ص٩٧-١٠٢.

# دەربارەی میتۆدی بونیادگەری

**عەبدولسەلام ئیبن عەبدولعالی**

له سەرەتادا وا دەردەکەوێ تێگەیشتن له چەمکی بونیادگەری Structura-lisme بریتی بێ له شیکردنەوەی واژەی (بونیاد)، بەڵام مەسەلەکە بەم ئاسانییە نییە بەتایبەتی کە واژەی بونیاد، بەر له زاراوەی بونیادگەری، بۆ ماوەیەکی درێژ بەکارهاتووە، ئیدی وشەی (بونیاد) گەلێ مانای جیاوازی وەرگرتووە بەر لەوەی بونیادگەری مانا زاراوەییەکەی پێ ببەخشێ، کەواتە مەبەستمان له وشەی بونیاد چییە؟

له بنەڕەتدا وشەی بونیاد له مەیدانی بیناسازییەوە هاتووە کە بەمانای چۆنێتی دامەزراندنی بینایەک دێت، بەم جۆرە وشە فەرەنسییەکە Structure بۆ وشە یۆنانییەکەمان دەبات Struere کە بە مانای دانانی بەردی بناغەی بینایەک دێ.

لەم چەمکەوە وشەکە مانای ڕێکخستنی رەگەزەکانی کۆمەڵەیەک دەبەخشێ، واتە بەمانای کۆمەڵێ رەگەزی پێکەوە بەستراو له نێو یەکدیدا کە هەر رەگەزێک لەسەر رەگەزەکانی دی دەوەستێ و له پەیوەندیدا بەرەگەزەکانی ترەوە دیاری دەکرێ.

کەواتە بونیاد بریتییە له کۆی پەیوەندییە ناوەکی و جێگیرەکان کە کۆمەڵەیەک له کۆمەڵەیەکی دی جیا دەکاتەوە بەجۆرێک (گشت) پێشینەیەکی لۆژیکی بەسەر (بەشەکان) هەبێ، واتە هەر رەگەزێک لەناو بونیاد تەنیا لەو کاتەدا مانا وەردەگرێ کە شوێنێک لەناو ئەو کۆمەڵەیەدا بگرێ، وە گشت، ئەگەرچی گۆڕان بەسەر رەگەزەکانی خۆیدا دەهێنێ، بەجێگیری دەمێنێتەوە.

بەم واتایە مانای بونیاد بریتییە له وێنەی شتێک یا هەیکەلێک یا ئەو نەخشەیەی کە بەشەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.



رەنگە وشەی هەیکەل بۆ گوزارشت کردن لەم مانا ئەزموونکارییە Empiri que بۆ وشەی بونیاد باشتر بگونجێ، مەبەست لەم مانایەش ئەو فۆرمیولانەیە کە واقیع پێمانی دەبەخشێ بەجۆرێک بونیاد دەبێ بەکۆی ئەو پەیوەندییانەی لای ئێمە دەردەکەون.

ئەو مانایەش گرنگییەکی ئەوتۆی نامێنێ کاتێ دەچینە سەر چەند کۆمەڵەیەک کە بونیاد تیایدا نابێ بەو پەیوەندییە ماددییانەی رەگەزەکانی ئەو کۆمەڵەیە پێکەوە دەبەستێ، تەنیا چەند تێبینییەکی خۆ بەخۆییانەی ئەو هەیکەلەمان دەداتێ کە کۆمەڵەکە بەگوێرەی ئەوە نەخشەی بۆ سازکراوە، ئەمە ئەو گرفتەیە کە گرووپە زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان باسی دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە له کۆمەڵەیەکی بەشەریدا رۆڵی هەریەکەیان بەپێی دابەشکردنی تەمەن و رەگەز له بەرچاو بگرین دەبینین ئەم دابەشکردنە له دایک بووی چەند رێسایەکی دیاریکراوە نەک ئەوەی ئاکامی چەند دیاریکردنێکی سروشتی بێ، ئەوەی وا دەکات کەسێک له ناو پەیوەندییەکانی خێزاندا رۆڵی باوک ببینێ، ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی بایۆلۆژی و سروشتی، لەو کاتەدا بونیاد تەنیا بریتی دەبێت له پەیوەندییە رواڵەتییەکانی ماددەکان.

بەم جۆرە نابێ له بەرامبەر کۆمەڵە زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکاندا (گشت)وا دابەش بکەین وەک پێمان وایە، تا ئەو رەگەزانە بناسین کە ئەم گشتە پێک دەهێنن، بەڵکو دەبێ له گشتە گریمان کراوەکانەوە دەست پێ بکەین تا رەگەزەکان بەیەکەوە ببەستینەوەو بەجۆرێک مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین وەک ئەوەی چەند بەشێک بن.

کەواتە بونیاد بەپێی چەمکی بونیادگەری بریتییە له (سیستمێک له گۆڕان کە مل بۆ چەند یاسایەک دەدا ئەو یاسایانەش خۆیان سیستمن) بەو واتایەی بونیاد یاسایەکە کە بەپێی ئەو یاسایە مەعقولییەتی چەند کۆمەڵەیەکی جیاواز پێک دێت. واتە ئەوەی له بونیادەکاندا گرنگە یەکێتی گۆڕانە جیاوازەکانیەتی، ئەو یەکێتییەی یاسای گۆڕانەکە پێک دەهێنێ.

بەم جۆرە بونیادگەری له مانا گشتییەکەیدا بەرامبەر نەزعەی ئەتۆمیزم Ato-misme رادەوەستێ، له کاتێکدا ئەتۆمیزم هەوڵ دەدا ئەو رەگەزانە پەرت بکا کە کۆمەڵەیەک پێک دەهێنن بونیادگەری هەوڵ دەدا ئەو پەیوەندییانە دەربخات

کەوەک (رەگەز) بەهایەک بە رەگەزەکان دەبەخشێ، دیسان هەوڵ دەدا لەو کۆمەڵانە تێ بگات کە دەلالەتێک بە سنوورەکانی دەبەخشێ.

کەواتە بونیادگەری پێویستی بەدوو شت هەیە:

١- گشتێتی: واتە بونیاد لە چەند رەگەزێک پێک دێ کە مل دەدا بۆ ئەو یاسایانەی ئەو کۆمەڵەیە جیادەکاتەوە.

٢- سەربەخۆیی لە پێکەوە بەستندا: بەو واتایەی ئەو گۆڕانانەی لەناو کۆمەڵەکەدا روودەدەن دەچنەوە سەر بونیادو یاسا ناوەکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە بێ ئەوەی پشت بەفاکتەرە دەرەکییەکان ببەستێ، ئەمەش مانای وایە بونیادگەری وای دانانێ کۆمەڵەکان تەنیا لە گردبوونەوەیەک بەرهەم هاتوون، کە مل بۆ رێکەوت دەدا، یاخود پێی وانییە کۆمەڵەکان لە بەیەک گەیشتنێکی لا بەلاییانەی ئەو فاکتەرە دەرەکییانە بەرهەم هاتبێ، کە لەنێو خۆیاندا سەربەخۆن. واتە بونیاد سیستماتیکێکی ناوەکی هەیەو یەکێتیی خۆی دەپارێزێ بەجۆرێک وای لێ دەکا سەبارەت بەبونیادەکانی دی داخراو بێ.

ئەگەر ئێمە تەنیا لەو مانایەدا بمێنینەوە کە بونیاد بریتی بێ لە رێکخستنی رەگەزەکانی کۆمەڵەیەک، ئەوسا لەناو ئاستی واقیعدا دەمێنینەوە بێ ئەوەی بتوانین بگەینە ئاستێکی ماقووڵ. ئێمە ناگەینە ئەو ئاستە ماقووڵە تەنیا ئەگەر حاڵەتی تاک تێپەڕێنین و بگەینە گشت – هەموو. بەدەربڕینێکی تر: ناگەینە ئەو ئاستە ئەگەر تەنیا لە وەسف کردنی کۆمەڵەیەکدا بووەستین بێ ئەوەی بەراوردی بکەین بە کۆمەڵەکانی دی تالەوە تێ بگەین کە ئەو کۆمەڵەیە لە پەیوەندیدا بەکۆمەڵەکانی ترەوە مانای خۆی وەردەگرێ.

کەواتە دەتوانین گشت کۆمەڵەیەکی سیستماتیک لە پەیوەستیاندا بەرەگەزەکانەوە دیاری بکەین، ئەو پەیوەستەی کە کۆمەڵەکە لە تاکێتی و تاکبوون و هەروەها لە پەیوەندییدا بە کۆمەڵەکانی ترەوە دیاری دەکات.

بەم پێیە بونیادگەری کاتێ دەست پێدەکات جەخت لەوە بکەین کە بۆی هەیە کۆمەڵە جیاوازەکان لە یەکتر نزیک بکرێنەوە نەک بەناچاری و لەبەر ئەوەی جیاوازن لە یەکتر، بەڵکو بەهۆی خودی ئەو جیاوازییانەوە.

کەواتە میتۆدی بونیادگەری لەسەر ناسینی جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵە



سیستماتیک کراوەکان رادەوەستێ ،ئەو جیاوازییانەی بەمانای لێک دوورکەوتنەوەی رەها نایەت، بەڵکو ئەوەی دەلالەت لە پەیوەندیی هاوبەشیان دەکات. پاشان لە دوای ئەم ناسینە، میتۆدەکە پێویستی بەرێکخستنی ئەو جیاوازییانە هەیە بە جۆرێ وادەربکەوێ کۆمەڵەی کۆمەڵەکان لە ئاکامی پرۆسەی گۆڕین و رێکخستنی نێوان ئەو کۆمەڵانە بەرهەم دێت.

لیڤی ستراوس دەڵێ: (پێمان وایە بۆ ئەوەی بشێ ناوی بونیاد لە نموونەیەک بنێین دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێ.

یەکەم: دەبێ بونیاد هەڵگری تایبەتمەندیی سیستماتیک بێ، واتە لەو رەگەزانە پێک هاتبێ کە هەر گۆڕانێک بەسەر یەکێک لە رەگەزەکاندا رووبدات ئەوا گۆڕان بەسەر گشت رەگەزەکانی تریشدا دێت.

دووەم: هەر نموونەیەک پەیوەندیی بەچەند گۆڕانێکەوە هەیە بەجۆرێک کە لەتەک نموونەی تری هەمان کۆمەڵە رێک بێتەوەو گشت ئەم گۆڕانەش چەند نموونەیەکی تر پێک بهێنن.

سێیەم: ئەم خاسیەتانەی باسکران رێگەی ئەوەمان دەدا پێشبینی ئەوە بکەین کە ئەگەر گۆڕانێک بەسەر یەکێک لە رەگەزەکانیدا بهێنین، ئەو (نموونەیە) چ جۆرە کاردانەوەیەکی دەبێ. دواجار دەبێ ئەو نموونەیە پێک بهێنرێ بە چەشنێک بەکارهێنانی گشت وەقائعە تێبینی کراوەکان بگرێتەوە)).

بەم جۆرە میتۆدی بونیادگەری فرە رێکخراوەیی گەرەکە. هیچ مانایەک بۆ قسەکردن لە بونیاد نامێنێ ئەگەر هەر کۆمەڵەیەک بەجیا وەربگرین، یان ئەگەر بونیادێکی نموونەیی وەربگرین کە وێنەیەک بێ بۆ سەرجەم کۆمەڵەکانی دی. ئێمە ئەم بیرۆکەیەمان مەبەست بوو کاتێ وتمان بونیاد بریتییە لە یاسای گۆڕانەکانی خۆی.

کەواتە ئایا بونیادگەری بەتەنیا دەبێ بەدارشتنێکی فۆرمالیزمی؟ لیڤی ستراوس وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو دەڵێ: میتۆدی بونیادگەری، بەپێچەوانەی ئەوە، جیاوازیی نێوان وێنەو ناوەڕۆک رەت دەکاتەوە (وێنە لە پەیوەندیدا بەناوەڕۆکێک کە لە دەرەوەی خۆیەتی جیا دەکرێتەوە، بەڵام بونیاد ناوەڕۆکی نییە. بونیاد کاتێ ناوەڕۆکی هەیە کە لەناو رێکخستنێکی لۆژیکیدا دەرکی پێ بکەین وەک ئەوەی تایبەتمەندییەک بێ لە تایبەتمەندییەکانی واقیع).

کەواتە بونیاد بەشێکە لە واقیع، بەڵام واقیعێکی ئەزموونگەری (Empirique) نییە کە تەنیا بەتێبینی کردنێکی رووکەشانە پێمانی دەبەخشێ، بونیادی کۆمەڵایەتیش بریتی نییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دیارەکان بەڵکو بریتییە لە ئاستێک لە ئاستەکانی واقیع، بەڵام ئاستێکە دیار نییە، دەبێ لە پشتی پێدراوەوە (معطی) بیدۆزینەوە. کەواتە ئێمە لە ئاستی پەیوەندییە راستەوخۆکانی نێو دیاردەکاندا دەرک بەبونیاد ناکەین بەڵکو دایدەمەزرێنین، لیڤی ستراوس دەڵێ: (بەم جۆرە جیاوازی نێوان دوو چەمکی زۆر لە یەکدی نزیکمان بۆ روون دەبێتەوە بە پلەیەک زۆر جار تێکەڵ دەکرێن: مەبەستم لە چەمکی بونیادی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ماددەیەکی سەرەتایین کە بۆ پێکهێنانی چەند نموونەیەک Modeles بەکاری دەهێنین و دەمانباتەوە سەر خودی بونیادی کۆمەڵایەتی، بەهیچ شێوەیەکیش ناشێ بونیاد ئیحالەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بکەین کە لە کۆمەڵگایەکدا تێبینیی دەکەین).

ئەمە چەمکی زانستمان لەلای (باشلار)و قوتابییەکانی بیردەخاتەوە کە جەخت لەوە دەکەن زانست تەنیا (خوێندنەوە)یەکی سادەی پێدراوە دیارو روونەکان نییە، راستە ئاستی رووکەشی واقیع دەبێ بە ماددەیەکی سەرەتایی و بۆ ئەو نموونانە بەکاردێ کە خودی بونیادە کۆبییەکان کەشف دەکات، (نموونە) بریتییە لە سادەکردنی واقیع کە لێیەوە هەوڵ دەدەین چەند گۆڕانێک لە واقیعدا ئەنجام بدەین، چەند گۆڕانێکی وا کە دەتوانێ رێی ئەوەمان پێ بدا بونیادەکەی دەربخەین، ئەو هێڵە بەیانییەش کە ئەو (نموونە)یە دەنوێنێ بەرەو شیکردنەوەو میتۆد دەڕوات و نوسخەیەک نییە لە واقیع.

لیڤی ستراوس دەڵێ: (پرەنسیپی بنچینەیی بریتییە لەوەی چەمکی بونیادی کۆمەڵایەتی ناگەڕێتەوە بۆ واقیعی ئەزموونکاریی، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نموونانەی کە خۆمان لەم واقیعەوە بنیاتی دەنێین) پاشان دەڵێ (توێژینەوە بونیادگەرییەکان بەهایەکیان نەدەبوو ئەگەر بونیادەکان قابیلی ئەوە نەبوونایە گوزارشتی لێ بکەن، لە رێگەی چەند نموونەیەک کە دەکرێ لەنێوان خاسیەتە وێنەییەکانیدا بەراورد بکرێ، بەچاوپۆشین لەو رەگەزانەی ئەو نموونەیە پێک دێنن، ئەرکی بونیادگەر بریتییە لە دەرک کردن بەیەکێتی نێوان ئاستەکانی



واقیع، بەدەربڕینێکی تر: لە نێوان ئەو ئاستانەی بۆی هەیە لە رێگەی چەند نموونەیەکەوە بنوێنرێ ئیدی مۆرکی ئەو نموونانەش هەر چییەک بێ).

بەم واتایە بونیاد نەستییە، ئەو نەستەی ئەوان باسی دەکەن نەک ئەوەی فرۆید باسی دەکا، واتە ئەمە ئەو نەستە نییە کە ئارەزووەکانی (ئەو = الهو) رێکی دەخات، بەڵکو ئەو نەستەی وەک (پۆل ریکۆر) دەڵێ: (نەستێکی کانت ییە، نەست لە ئاستی پێکەوە گونجانی وتراوەکان: ئێمە بەراستی مەبەستمان سیستمێکە لە ئاستی وتراوەکان بێ بەبێ ئەوەی بچێتە سەر خودێکی بیرکەرەوە).

واتە ئەوە نەستێکە نە کەسییەو نە زەمانی، بەڵکو لە میانی مرۆڤەوە گوزارشت لە خۆی دەکات، چونکە تایبەتمەندی بنچینەیی جیهانی مرۆیی جیهانێکە دەوڵەمەندە بەسیمانتیکەکان(دەلالات).

لەبەر ئەوەی دیاردە هەستییەکان پڕن لە نەست ئیدی بەهایەکی ئەوتۆ بەهۆشیاریی تاکەکان و بەدەستپێشکەرییەکانیان نادات.

لێرەوە هۆشیاری دەبێ بەدوژمنێکی پەنهانی زانستە مرۆییەکان. ئێمە لە پشتی سیمانتیکەکانی جیهانی مرۆییدا یاسا نەستییەکان زەبت دەکەین، مۆریس گۆدۆلێیە دەڵێ: (تێگەیشتنێکی زانستییانەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئینتباعاتی تاکەکان ناوەستێ تەنانەت ئەگەر ئەو ئینتباعاتە بەرهەمی رامانێکی جیدیش بن. لە راستیدا ئەرکی وەسفی زانستی لەوەدا کۆدەبێتەوە کە لۆژێکی ناوەکیی و شاراوەی ژیانی کۆمەڵگە دەربخرێ، بەم جۆرە ئەو نموونەیەی کە زانست بنیاتی دەنێ کت و مت لەگەڵ واقیعێکی شاراوە لە پشت واقیعی دیاردا هاوجۆر دەبێ) ئەم شاراوەییەش (ناگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن لەو بونیادە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەو بونیادە) هەروەک لیڤی ستراوس دەڵێ: (ئامانجی ئەتنۆلۆژیا ئەوەیە، بتوانی لیستێک لەسەر تواناکانی نەست دابنێ لە پشتی ئەو وێنە هۆشیارو ئەو وێنە گۆڕراوەی کە مرۆڤەکان لە پرۆسەی پێشکەوتنی خۆیاندا پێکی دەهێنن). لەمەشەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە تێگەیشتنی زانستییانەی هەر بونیادێک هۆشیاریی خۆڕسکانەی ئەو بونیادە رەت ناکاتەوە، دەستکاریی رۆڵ و جێکەوتەکانی دەکا، بەڵام رەتی ناکاتەوە بگرە بەپێکهێنانی خودی ئەو بونیادەی دادەنێ.

وتمان کاتێ مەسەلەکە پەیوەندیی بەحاڵەتی بەدوای یەکدا هاتنی هەمان ئەو کۆمەڵەیە هەبێ، ئەوسا بونیاد دەبێ بەرپرسای گۆڕینی مێژوویی و فیعلیی ئەو کۆمەڵەیە، واتە دەبێ بەراڤەکردنی گۆڕانێکی هەمیشەیی، ئەمەش مانای وایە بونیادگەری لە ئیعتباراتی مێژوویی دوورناکەوێتەوە مادامەکی ئەو گۆڕانە هەمیشەییە راڤە دەکات.

لیڤی ستراوس لە لێدوانێکیدا لە ساڵی ١٩٦٧ بەراشکاوی جەخت لەم مەسەلەیە دەکاو دەڵێ: (بونیادگەری لە ئەزموونەوە وەقائعە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەبژێرێ تا بیخاتە ناو ئەزموونگەوە، لەوێشدا هەوڵ دەدا لە شێوەی چەند نموونەیەکدا بینوێنێ کەنەک سنوورەکان بەڵکو پەیوەندیی نێوان سنوورەکان لە بەرچاو دەگرێ. لەوکاتە هەر سیستمێک لە پێوەندییەکانیدا بەجۆرێک رەفتار دەکا وەک ئەوەی حاڵەتێکی تایبەتی بێ لە چەند سیستمێکی دیکەی (کائن)یان (مومکین) ئیدی هەوڵ دەدا لە ئاستی گۆڕانەکانی خۆیدا راڤەیەکی گشتیی بداتێ، ئەو رێسایەی رێگە دەدا گواستنەوە لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی دی ئەنجام بدرێ).

لە راستیدا پەیوەندیی بونیادگەرەکان بەمێژووەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تەنانەت لە هەشتاکاندا جیدالێکی توند لە نێوانیاندا روویدا: لە نێوان بونیاد گەرەکان و ئەوانەی پێیان لەسەر گرنگی پێدان و لەبەرچاوگرتنی مێژوو دادەگرت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەچەکانی بونیادگەری دەبینین بۆ نموونە (دوسۆسیر) پێشینەیەکی زۆر دەدا بەسانکرۆنی Synchronique لەسەر حیسابی لەبەر چاوگرتنە مێژوویییەکان Diachronique، رەنگە ئەو هەڵوێستەی سۆسێر پاساوی ئەوەی هەبووبێ کە کارەکەی ئەو کاردانەوەیەک بوو لە دژی ئەو لێکۆڵینەوە مێژووییە بەراوردکارییانەی لەسەر زمانەکان دەکرا.

بەڵام پەیوەندی لیڤی ستراوس بەمێژووەوە گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهات، لە ساڵی ١٩٦٢دا دەنووسێ (ئەتنۆلۆژیست) رێزی مێژوو دەگرێ، بەڵام بەهایەکی گەورەی ناداتێ، بگرە مێژوو بەتەواوکەری لێکۆڵینەوەکانی خۆی دادەنێ).

لەراستیدا کە مێژوو دەخاتە نێو دووکەوانەوەو فەرامۆشی دەکا ئەوە



درێژکراوەی رەوتی وەزیفیانەی سۆسیۆلۆژیایە، ئەو رەوتە مێژووییەی هەستی بەوە کردووە زۆرجار راڤەکردنی لەسەر حیسابی بابەتە لێکۆڵراوەکان ئەنجام دەدرێ. تێگەیشتنی (دیاردە) لە لەبەر چاوگرتنی مێژوویيدا بەواتای کەشف کردنی پێکهێنانی ئەو دیاردەیە دێت هەروەها تەفسیرکردنی ئەوەی دادێ بەهەمان ئەوەی رۆیشتووە، ئەمەیش پێچەوانەی ئەو لێکۆڵینەوەیەیە کە لەسەر ئەو رێکخستنە ناوەکییانە دەوەستێ کە دیاردەیەک لە دیاردەکانی دیاری دەکات.

لەبەرئەوە بونیاد گەرەکان لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیاندا بەهای سانکرۆنییان گەڕاندەوەو دەستیان بەو لێکۆڵینەوە مرۆییانە کرد کە شوێنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی گرتەوە، دیسان بەهای ئەو کۆمەڵگایانەیان گەڕاندەوەو بایەخیان بەمرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دەدا کە مێژوویان نییە.

ئەوان خێرا ئەوەیان خستەڕوو کە شیکردنەوەی لۆژێکی بونیادێک رێگەی ئەوەدەدا تواناکانی گۆڕانی ئەو بونیادە بەرجەستە ببێ. هەروەک ئەوەیشیان دەرخست کە لە توانای گەڕان بەدوای بنەچەی بونیادو سەرهەڵدانیدا هەیە پشت بەزانینی میکانیزمە تایبەتییەکانی ئەو بونیادە ببەستێ. ئیدی ئەوە روون بۆوە کە هیچ دوورکەوتنەوەیەک لە نێوان لێکۆڵینەوەی گەشەکردنی ناوەکیی بونیادێک و سەرهەڵدان و گەشەکردنیدا نییە، هەروەها بۆیان روون بۆوە کە شیکردنەوەی سەرهەڵدانی مێژوویيانەی بونیادێک واتە شیکردنەوەی مەرجەکانی دەرکەوتنی رەگەزە ناوەکییەکانی ئەو بونیادەو ئینجا پێکەوە بەستنی نێوان ئەو رەگەزانە. لیڤی ستراوس دەڵێ: (لێرەدا بەکردەوە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان چەمکی گۆڕان و چەمکی بونياددا هەیە، ئەمەیش شوێنێکی گرنگ لە کارەکانی ئێمەدا دەگرێ). پاشان دەڵێ (لێرەدا زانستێک نییە ئەمڕۆ بتوانێ ئەو بونیادانەی کە پەیوەندیی بەمەیدانی خۆیەوە هەیە، بەوە دابنێ کە تەنیا وەک رێکخستنێکی دیارکراو لە نێو چەند بەشێکی دیاریکراو ببینێ، ئەوسا (مۆرکی) بونیاد وەرناگرێ تەنیا ئەو رێکخستنە نەبێ کە بەدەنگ دوو مەرجەوە دێ، ئەو رێکخستنە سیستمێک بێ و لەناوەوە پێکەوە بەستراو بێ بەجۆرێک ئەو پێکەوە بەستنە تەنیا وەک تێبینی کردنی سیستمێکی گۆشەگیر دەرنەکەوێ بەڵکو لە توێژینەوەی ئەو گۆڕانانەوە ئاشکرا ببێ کە بەهۆیەوە تایبەتمەندیی

هاوبەش دەبینین لە چەند سیستمێک کە لەرووکەشدا لەوە دەچێ، جیاوازبن).

هەروەها دەڵێ (بەم جۆرە مومکین نییە پەرەسەندنە مێژووییەکان و دەربڕینە هۆشیارییەکان لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەلای ئەتنۆلۆژیستەکان بایەخیان نەمێنێ، بەڵام ئەگەر ئەو بایەخەی بەو پەرەسەندن و بەو گوزارشتە دەدرێ بە ئەندازەی ئەو بایەخە بێ کە مێژوونووس دەیداتێ، ئەوە بۆ ئەوەیە تا لە ڕێگەی جۆرێک لە پاشەکشەوە بگەینە ئەوەی کە هەموو ئەو شتانەی لە ڕووداوی مێژوویی و لە ڕامانی فیکری دەگیرێ، لەسەر ئەو پەرەسەندن و گوزارشتانە لاببرێ). (ئەوەی جێگەی بێزارییە و شتێکی ناچیزەشە بێین بەڵگەی یەک لە دوای یەک بێنینەوە بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنین کە هەر کۆمەڵگەیەک خنکاوی ناو مێژووەو لە گۆڕانێکی هەمیشەییدایە. ئەمەیان ڕێک نەزانییە) کەواتە ئەوە گرنگ نییە هەوڵ بدەین بەهای مێژوو بسەلمێنین بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەوڵ بدەین ماناو دەلالەتی تایبەتیی مێژوو لەلای ئەو کەسانەی پێڕەوی میتۆدی بونیادگەری دەکەن، دیاردی بکەین.

ئەو مانایەی کە چەمکە باوەکان دەیدەنە زەمەنی مێژوویی بریتییە لە یەکێتی و هاوجۆری. خۆ ئەگەر بەپێی ئەو چەمکە قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دیارکراو وەربگرین، دەبینین گشت پێکهاتەیەک مل بۆ هەمان ڕیتم دەداو گشت ئەو پێکهاتانەش بەپارسەنگی لەگەڵ یەکدی ڕێ دەکەن. بەڵام(پشکنین) نەبوونی هاوجۆرییەکمان بۆ ئاشکرا دەکات کە هەندێ جار لە نێوان چەند ئاستێکی کۆمەڵەیی جیاوازدا خەریکە زۆر تیژ دەبێتەوە، بۆ نموونە زەمەنی گۆڕینی بونیادە ئابوورییەکان بەپێویست هەمان ئەو زەمەنەی بونیادە ڕۆشنبیرییەکان نییە. لێرەدا هەندێ قۆناغی مێژوویی وا هەیە (زەمەنی ئایدیۆلۆژی) تیایدا بەخێراییەکی وا دەڕوا زۆر لە خێرایی (زەمەنی ئابووری) زیاترە، ئەمە ئەو قۆناغەیە کە لە مێژووی ئایدیۆلۆژییەکاندا وەرچەرخانی گەورە بەرپادەکات. هەروەک لێرەدا قۆناغی وا هەیە ئاستی سیاسی تیایدا لە پێشترە.

پاشان کۆمەڵگاکان لەبەدەنگەوە هاتنی ڕیتمی مێژووییدا زۆر جیاوازن، هەندێ کۆمەڵگە ڕیتمێکی لەسەرخۆی هەیە، هی وایش هەیە ڕیتمێکی (گەرم)ی هەیەو لەوە دەچێ ڕەوڕەوەی مێژوو بەخێراییەکی بەهێزتر بڕوات (ئەوەی یەکەمیان زۆر بەلێهاتوویی تێدەکۆشێ کە ئێمە ئاگامان لێ نییە، لە



هەمان کاتدا بەپێی توانا پارێزگاری لەو هەلومەرجانە دەکات کەلە گەشەکردنی خۆیدا بنچینەیین).

پێشکەوتنی مێژووییش یەک هێڵی ڕاست ناگرێ و بەیەک ئاڕاستە ناڕوات، ڕاستە ڕۆیشتنی مێژوویی ڕۆیشتنێکی پێشکەوتوانەیەو لەولەبی نییە، بەڵام مێژوو پڕیەتی لە بازدان و جیاوازیی نێوان بەشەکان و هەروەها هەنگاوی خاوو خلیچک، زۆر جاریش مێژوو پاشەکشە دەکات. میشێل فۆکۆ دەڵێ:

(جیابوونەوەو ڕاوەستان لە مێژوودا نیشانەیەک بوو بۆ پەرت بوونی زەمەنی، کە لە ڕابردوودا دەبوایە مێژوونووس لای بباو لەناوی بەرێ. بەڵام ئەمڕۆکەبووە بەتوخمێکی بنچینەیی بۆ شیکردنەوەی مێژوویی.. وە ئەوەی مێژوونووس دەیەوێ ئاشکرای بکات بریتییە لە سنووری بەرەو پێش چوونێک و، وەرچەرخانی هێڵێکی دیاریکراو و لە یەکێک لە بزاڤەکانیدا بریتییە لە خاڵی گۆڕان).

بەم جۆرە ئەگەر بونیادەکان بەپێی بۆچوونی بونیادگەراکان لە گۆڕانێکی هەمیشەییدا بن، ئەوا ئەو گۆڕانە هاوجۆرو هاوگونجاو نییە، دیسان خێرایی و ئاراستەی ئەو گۆڕانە مل بۆ چەند گۆڕانێکی بەردەوامی دیکە دەدات، ئەمەش مانای وایە ئەو زەمەنە مێژووییەی بونیادگەراکان دەیسەلمێنن، زەمەنێکی هاوجۆرو پێکەوە بەستراو نییە، بەڵکو زەمەنێکە مۆرکی خۆی لە چەشناوچەشنێتی و لە پچڕان وەردەگرێ.

ئەمە سیما گشتییەکانی ئەو ڕەوتە بوو کە بەکەمێک زیادەڕۆییەوە ناومان نا میتۆدی بونیادگەری، ئەگەر ئێمە بەراشکاوی ئەو سیما گشتییانە لەلای باوکی بونیادگەرییە فەڕەنسییەکان (کلۆد لیڤی ستراوس) ببینین... ئەوا ڕەنگە مافی خۆمان بێ وای دابنێین کە ئەم سیما گشتییانە بوونە بەبنچینەی کاری ئەو کەسانەی لە دواییدا لە وڵاتە جیاجیاکاندا دەرکەوتن، بگرە لە زۆر لێکۆڵینەوەو مەیدانی جیاواز جیاوازدا دەرکەوتن تەنانەت ئەگەر هەندێ لەو کەسانەش ئەوە ڕەت بکەنەوە کە بەبونیادگەر ناو ببرێن وەک (ئالتۆسێر) و (فوکۆ). ڕاستە لێرەدا چەند جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ئەو بیرمەندانەدا هەیەو ڕەنگە هەندێ جار خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا زۆر لاواز بێ، بەڵام ئێمە، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دەتوانین لە بنچینەی کارەکانیاندا یەکێتییەک لە نێوان ئەو

سیما گشتییانەدا ببینین کە هەوڵماندا کەمێک بەوردبینییەوە دەریان بخەین، و دەتوانین ئەوسیما گشتییانە بگەڕێنینەوە بۆ سێ خاڵ، کە ڕۆحی میتۆدی بونیادگەری پێک دەهێنن.

١- ئەپستمۆلۆژیایەک پشت بە نموونەکان دەبەستێ. بیرۆکەی ئەزموونگەری رەت دەکاتەوە، ئەو ئەزموونگەرییەی پێی وایە بونیاد دەتوانێ لە ئاستی پەیوەندییە راستەوخۆکانی نێوان دیاردەکاندا خۆی ئاشکرا بکات و جەخت لەوە بکات کە بونیاد دامەزرێنەری عەقڵێکی زانستییەو سنووری رواڵەتە هەڵخەڵەتێنەرەکان دەبڕێ، بگرە لە هەندێ باردا زۆرانبازیی لەگەڵدا دەکات.


٢- ئەنتۆلۆژیای بونیاد وەک بونیادێکی ژێرەوەیی و نەستی لە پشتی پەیوەندییە دەرک پێکراوەکان، ئاکامی ئەمەیش بریتییە لە کەمکردنەوەی بەهای هۆشیاری راستەوخۆی تاکەکان و ئەو شتانەی دوچاری دەبێ، لەم رێچکەیەشەوە، مرۆڤ قوربانیی کۆمەڵێ ئەوهامە.

٣- رەتکردنەوەی ئەو هۆشیارییە مێژووییەی کە پێی وایە مێژووی بەشەری بەشێوەیەکی پێکەوە بەستراو و هاوجۆر بەرەو پێش دەچێ.

**سەرچاوە:**

* عبدالسلام بنعبد العالي/ الميتافيزيقا. العلم والايديولوجيا، الشركة المغربية للناشرين المتحدين/ط١، ١٩٨١.

* تێبینی: عبدالسلام بنعبد العالی ئەو وتانەیستراوسی لە کتێبی (ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری) وەرگرتووە.


د. محەمەد بەڕادە

# گەڕان بەدوای
# ئەپستیمێکی شیاو بۆ نووسین

د. محەمەد بەڕادە

## ئیشکالییەتی نووسین

رەخنەی نوێی فەرەنسی بەگۆڕینی نووسینی «ئەدەبی»و کردنی بەتیشکۆیەکی بنچینەیی لە راڤەو لێکدانەوەو پۆلێن کردنەکان، وەک رەخنەیەکی جیاواز دەرکەوت و هەروەها جارێکی تر زاراوەکانیان دیاری کرد، لەوانە ثیمەی ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەکان. ئەگەر بایەخدان بە «نووسین»، بەشێوەیەکی رێژەیی کۆن و لە مێژینەبێ کە لەلای هەندێ لەشاعیران و رۆماننووسان مۆرکی هەوەسێکی بەربڵاوی وەرگرت، بەتایبەتی لەلای فلوبێر و مالارمێ و کافکاو جێمس جۆیس، ئەوا تەقەلادان بۆ تیۆریزەکردنی «نووسین» بەو پێیەی جەوهەری ئەدەبەو بەو پێیەش کە نووسین لەئەدەب سنووردار ترە بەهۆی ئەو پرۆسە جیاوازانەی کە دابڕانێک لەتەک نووسینە تەقلیدی و کلاسیکییەکاندا دروست دەکات، ئەو تەقەلادانە بایەخێکی تارادەیەک نوێیە[1]. ئەمەش کاریگەریی هەندێ لەرەخنەگرە هاوچەرخە فەرەنسییەکانی بەسەرەوە بوو، بەتایبەتی مۆریس بلانشۆ، جان پۆل سارتەر، رۆلان بارت.

شیکردنەوەی نووسینی ئەدەبی، هەوڵدان بۆ پۆلێن کردنی، تیۆریزەکردنی تایبەتمەندییەکانی و هەروەها پەیوەندییەکانی نووسین بەبوارە ئەپستیمییەکانی دی، پرسیارکردن لە سوودی نووسین، خواستی زمانێکی «زانستییانە» کە بوارێک بۆ قسەکردنی بابەتییانە لەسەر ئەدەب و نووسین دەکاتەوە...

ئەمانە چەند پەنجەرەیەکن پەیوەستن بەرەخنەوەو بگرە دەڕواننە چەند ئاسۆیەکی دیکەش کە لەوێدا پرسیارە ئەپستمۆلۆژییەکان لەگەڵ مێژوو و زمانەوانی و فەلسەفەو سایکۆلۆژیا بەیەکتر دەگەن. ئەمە مەرجێکی ئامادە کرد بۆ فۆرمەلەکردنی ئیشکالییەتی نووسین، بۆ دیاریکردنی بابەت و سنوورەکانی



نووسین لە میانی پرسیارکردن لە پرۆسە شیاوەکانی ناو سەمتێکی دیایکراو، لەبەر تیشکی پێدراوە مێژوویی و ئەپستیمییە هەنووکەییەکان. بڵانشۆ و سارتەرو بارت تەقەلایەکی دیاریان هەبوو، لە هەوڵدانیان بۆ خستنەڕووی ئیشکالییەتی نووسین لە میانی خستنەڕووی ئیشکالییەتی ئەدەب. لەبەر ئەوەی ئێمە لێرەدا ناتوانین سەرجەمی تێزەکانی بلانشۆ و سارتەرو بارت دەربارەی نووسین شیبکەینەوە، تەنیا بەوەندە دەوەستین ئاماژە بۆ بەریەککەوتنی ناوەکیی ئەو سێ هەوڵە بکەین کەدەشێ کتێبی «پلەی سفری نووسین-١٩٥٣»ی رۆلان بارت بەپێکهاتەیەکی ئەو کۆششانە بژمێرین کە لە توێژینەوەکانی مەسەلەی نووسیندا بەرەو ئاسۆیەکی نوێ دەڕوا.

هەر لەسەرەتای چلەکانەوە بلانشۆ بایەخی بەشیکردنەوەی نووسینی ئەدەبی داوە، ئەویش لە میانی تێبینییەکانی (مالارمێ)ی شاعیر لەسەر زمانی شیعری و پەیوەندییەکانی بەبوون و نەبوونەوە (لە ساڵی-١٩٤٣ بلانشۆ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر مالارمێ نووسیوە بەناونیشانی: Faux Pas). دیسان بلانشۆ لە میانی شیکردنەوەی شیعری هەندێ لە شاعیرە دیارەکانی پێشڕەوان گەیشتە ئەوەی کە بواری ئەدەب بریتییە لە بواری مەرگ: « بواری ئەدەبی باشترین نەفی کردنە، کوشتنێکی تەئجیل کراوە کە ئەویش زمانە»، نووسین وەک راڤەو داهێنان لەلای بلانشۆ ناتوانێ لە دووبارەبوونەوەی سەرمەدییانەی ژیان لەناو مەرگ دوورکەوێتەوە. پاشان وەڵامی بلانشۆ بۆ پرسیاری «ئەدەب بەرەو کوێ دەچێ؟» بەم جۆرە دەبێ: «ئەدەب بەرەو خۆی دەڕوا، بەرەو جەوهەری خۆی کە بریتییە لە نەمان»[2].

لەلای بلانشۆ نووسەر دەبێ بە ئۆرفیوسێکی نوێ کە بەهەوەسەوە بە دوای مەرگێکی قەدەغەکراودا دەگەڕێ، بەبەردەوامی لە دەرگا داخراوەکان دەدا، دەگاتە بێهودەیی و بێ مانایی و بێ ناولێنراوی، لەم جیهانە بەدەشدا شتێکی پێ نییە بیلێ یا بیدرکێنێ. بەم جۆرە بلانشۆ دەچێتە قووڵایی سەرگەردانیی رامانە بێ کۆتاییەکان، کەیاخییە لەبەرامبەر سنوور و ئاڵۆزییەکان، ئیدی بەدوای جەوهەرو رەهایی نووسینەکانی ئەو شاعیرانەدا دەگەڕێ کە بەخودی خۆیان و بەجیهانی رۆژانەی ریسواکراو نامۆبوون، ئەوانەی بەدوای «راستییەک»دا دەگەڕان کە وشەکان دایدەمەزرێنن، تەنانەت ئەگەر لە بۆشاییشدا بێ. پرۆژەکەی بلانشۆ

درێژبوونەوەیەکی قوولّی هەمان ئەوشتەیە کە فلوبێر لە نامەکانیدا دەری دەبڕێ: «ئەو شتەی مانای نییە، مانایەکی لەوە بەرزتری هەیە کەمانای هەیە»، واتە درێژبوونەوەی گەڕانێکە بە دوای ئەو شتە فەرامۆشکراوو پەراوێزکراو و نامەئلوفانەی تیشکێکی زۆریان تێدایە بە جۆرێک لایەنە دیارو جیاوازەکانی ئەدەب رووناک دەکەنەوە. ئەمە لە دواییدا دەبێ بەسیمایەکی هاوبەش و دیاری ئەو تازەگەرییەی بارت سنووری بۆ کێشاوە: «تازەگەری لە گەڕان بەدوای ئەدەبێکی مەحالّدا دەست پێدەکات» (پلەی سفر).

لە ئاراستەیەکی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی بلانشۆدا، سارتەر لە سالّی (١٩٤٧) وتارە جەدەلییەکانی لە کتێبی «ئەدەب چییە؟» دا بڵاوکردەوەو لەوێدا راڤەیەکی مێژوویی- ئایدیۆلۆژیی تەوژمەکانی ئەدەبی فەرەنسیی سەدەی بیستەمی کردووە. ئەوەی بەپلەی یەکەم لەلای سارتەر جێی بایەخە دەبێ نووسەر بەو پێیەی سەربەستییەکی بەرپرسیارە کە سەربەخۆیی خوێنەری بەرپرسیار دەدوێنێ، دەبێ ئیلتیزامی هەبێ بەو مەسەلە جەوهەرییانەی کە ململانێی مێژوویی هەنووکەیی لە چەند مەرجێکی دیاریکراودا دەیهێنێتە پێش. پاشان سارتەر رەخنەی گالّتەئامێزانەی خۆی دەرێژێتە سەر گەردوونێتی ئایدیالیزمی و بزاڤی سوریالیزم و پێی وایە ئەمە تێکەلّییەکە لە نێوان نووسینی میکانیزمی و شۆڕشی بەردەوام کە هەولّ دەدا پێکهاتەیەکی جەدەلییانەی ناجۆر لە نێوان نەمری و ئێستایەکی زۆر بچووک دروست بکات... ئەوەی سارتەری سەرقالّ کردووە، بەر لە هەر شتێک، مێژوویەتی بەهەند دەگرێ. تا رووی پەنهان و زاوزێکاریی بورژوازی ئاشکرا بکات. جەنگی دووەمی جیهانیی و بارودۆخی داگیرکردنی فەرەنسە لەلایەن ئالّمانیاوەو بوونی خراپەکاری کە لە چەوساندنەوەو زەوتکردن و ئازارداندا بەرجەستە ببوون، ئەمانە کۆمەلّێ فاکتەربوون بۆ سەرهەلّدانی چەمکی ئەدەبی مولتەزیم لەلای وەچەی سارتەر، ئەو وەچەیەش لە دوو وەچەکەی پێشووتر بەوە جیاکرایەوە کە «تێدەکۆشان (رەهایی) لەناو خودی (رێژەیی)دا ئاشکرا بکەن»[٣]. نووسین لە وتارەکانی سارتەردا، بەدەرهاوێتەیی ئەو تێبینییە پەرتانەی لەسەر زمان و شیعر هەیبوون، لەناو چوارچێوەیەکی فەلسەفی- مێژوویی- ئایدیۆلۆژیی گشتیدا بە ئیشکالییەتی ئەدەبەوە بەستراوەتەوە.



ئەوەی بارت لە «پلەی سفری نووسین»دا کردوویەتی بریتییە لە لەقاندنی ئیشکالییەتی نووسین لە ناو چوارچێوەیەکی پێکهاتەیی کە لە بلانشۆ و سارتەرو، مارکس وەری دەگرێ و چەند هێلّێکی دیالێکتیکی دەچنێ کە لەسەر جۆراوجۆریەتی و فرەیی وەستاوە. ئەگەر بلانشۆ گەیشتبێتە نێگەتیڤێکی رەهای پەیوەست بەجەوهەری نووسین، ئەگەر سارتەریش (هەروەها لەتەک ئەودا، رەوتی ئەوسای مارکسیزم کە لەمیتۆدو سەرەنجامەکاندا جیاوازبوون) گەیشتبێتە گەڕان بە دوای ئەو مەرجانەی بوار بۆ پرۆسەی بابەتێتیی نووسین لە ناو مێژوودا دەرەخسێنێ، ئەوا رۆلان بارت پرۆژەکەی خۆی لەسەر شیکردنەوەی نووسین لە ناوەوەو لەپەیوەست و چوونە نێو مێژوو دادەمەزرێنێ، بەو پێیەی نووسین لە «خود»ێکی جیاوازەوە هاتووە لە چاو خودی سایکۆلۆژی یان خودی تاکەکەسی[٤]، چونکە نووسین خود دەکا بە خودێکی مێژوویی کە لە وێدا گۆڕانی دۆخی خۆی دەسەلمێنێ. بەلاّم ئەو خودەی نووسین ئاشکرای دەکات، خودێکی دیکەیەو مومکین نییە دواجار لە ناو ئیشکالییەتی پەیوەندی کردن لەگەلّ کەسانی دی و لەمیانی زمانەوە شوێنێک بگرێ، لەبەرئەوەی بارت کاتێ ئاخاوتن لە نووسین جیادەکاتەوە، ئەمەی دوایی بەم جۆرە دیاری دەکات:

«بەلاّم نووسین، بەپێچەوانەی ئاخاوتنەوە، هەمیشە لەناو میتازماندا رەگی هەیە، وەک تۆوێک گەشەدەکا نەک وەک هێلّێک، جەوهەرێک دەردەخاو هەڕەشە دەکا بۆ درکاندنی نهێنییەک. نووسین بەردەوام بوونێکی دژە (Cantre-Communication)- نووسین ترسێنەرە» (پلەی سفر...).

ئەو خودەی نووسین ئاشکرای دەکات، رەگ و قووڵایی هەیەو تەنیا لەدیاردە مادییەکان و لە پەیوەندییەکانیدا بە مێژووەوە دیاری ناکرێ، بەلّکو نووسین ئالّووش و تەجەلییاتی هێزی سێکسیش بەرجەستەدەکات. نووسینی ئەدەبیش بەپێچەوانەی نووسینە زانستییەکان، دەکرێ وەک روانگەیەک بۆ دەرکێشانی گەیشتنی خود بە مێژوو بەکاربهێنرێ. نووسین «بابەتێتی» بە «من- الانا» دەبەخشێ و دەیخاتە ناو سەمتی مێژووەوە، مێژوومان وەک «بەخودکراو»ێک پێشکەش دەکاو خودیش وەک ئەوەی شوێنێک دەگرێ. لێرەوە نووسین لەلای بارت دەبێ بەژوانگەیەک بۆ زمان و بۆ ئایدیۆلۆژیاو بۆ خودێکی پڕ لەحەزو ئارەزوو و بۆ مێژووی بابەتیی... ئەمەش لەو نووسینانەی کە دیالۆگ بەرهەم

دێنن، شیکردنەوەیەکی ون کراوە. ئەمە بوارێک بۆ دەرکێشانی دیالێکتیکێک دەرەخسێنێ کە لەپشتی ئەپستیمی ئەدەبییەوە پەنهانە، ئەمە ئەگەر وای دابنێین کە نووسین رێکەوت و پێویست/ خودو مێژوو بەیەکەوە کۆدەکاتەوە.

ئەمە ئەو چوارچێوە گشتییەیە کەبارت ئیشکالییەتی نووسینی تیادا خستەڕوو، لەوێوە کەکێڵگەی ئەدەب لەچەند پەیوەندییەکدا بە کێڵگەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەبەسترێتەوە، بەڵام ئەو توخمانەش لە خۆ دەگرێ کە دەیکەن بەرووبەرێکی سەربەخۆ بۆ روانگەگرتنی بەرەوپێش چوونی مێژوو و زانست و ئایدیۆلۆژیا.

## گەڕان بەدوای پلەی سفر

ئەو تیۆرەی بارت بۆ پۆلێن کردنی نووسینە ئەدەبییەکان کاری لەسەر دەکات، لە راستیدا لە زانستە زمانەوانییەکانەوە وەری دەگرێ؛ فۆرمەلەیەک لە دوو فۆرمەلەدا ئاماژە نییە بۆ حاڵەتی قسەکەر (ئایا تاکە یان کۆ)، ئاماژەش نییە بۆ زەمەنی کردارەکەی (ئایا لە رابردوو یان لە ئێستادا کراوە)، ئەو فۆرمەلەیەی ئاماژە بۆ حاڵەتێکی بێلایەن دەکا لەلای هەندێ لە نووسەرە هاوچەرخەکانیشدا دەیبینین (بەتایبەتی لای ئەلبێر کامۆ) کە بە ئاراستەی « نووسینی سپی» دەڕۆیشت ئەوەی لە «نووسین»دا زۆر لە پلەی سفر دەچێ. پاشان ئەمە دەبێتە پاساوێک، تالەبەرتیشکی فۆرمەلەو حاڵات و فۆرمەکاندا ئاستەکانی پلەی نووسینەکانی دی بپێوین.

لۆژیکی میتۆدییانەی ئەو نزیک بوونەوە تیۆرییەی بارت هەڵبژاردبوو، بریتییە لە دامەزراندنی ئامێری شیکردنەوەیی لە میانی خوێندنەوەی ئەو کارە ئەدەبییە نوێیانەی کەدابڕانێک لەتەک ئەدەبی کلاسیکیدا پێک دەهێنێ بەو پێیەی قۆناغێکی هەنووکەیی لە پرۆسەی ئەدەبی پێشڕەویدا دەنوێنێ، پاشان هەوڵدان بۆ پراکتیک کردنی ئەم ئامێرە راڤەکارییە بەسەر نووسینەکانی رابردوو، بۆ پێوانی ئەو خزینە (انزیاحات) جیاوازانەی کە نووسین لەگەشتی نێو (مێژوو) و (خود) دا ناسیویەتی. ئاشکرایە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ نووسینەکانی رابردوو، روانینێکی رەخنەگرانە هەڵدەبژێرێ. چونکە لە دەستکەوتەکانی تازەگەرییەوە دەست پێدەکات نەک لە پێوانەیەکی رابردوویی.



بارت مێژوو لە پرۆژەکەی خۆی دوورناکاتەوە، بەڵام نیازی ئەوەشی نییە مێژوو بەناوەڕۆک و بە ئایدیۆلۆژیاکان ببەستێتەوە بەڵکو دەیەوێ پەیوەندیی فۆرمەکان بە مێژووەوە دەربخات.

بارت لە روونکردنەوەی مەبەستی سەرەکیی کتێبەکەیدا دەڵێ: «هەمیشە هەوڵم داوە لێپرسراوییەتی مێژوویی فۆرمەکان رابگەیەنم... لێرەدا مێژوویەک بۆ فۆرم و نووسین هەیە، مێژوویەک زەمەنی تایبەتیی خۆی هەیە، یان راستتر: چەند زەمەنێکی تایبەتیی هەیە: چەند مێژوویەکی فرەو جیاواز، کە هەندێ کەس دەیانەوێ پشت گوێی بخەن»[٥].

کەواتە لە نێو مێژووی گشتیدا، فۆرم و نووسین و ئیستاتیکاکان مێژووی تایبەتیی خۆیان هەیە، کە هاوشانی مێژووەو کارلێکی لەگەڵدا دەکا، بەڵام کۆپیی ناکات. چونکە ریتمەکەیان جیاوازە، بەردەوام بوونیش بە (خود)دا تێدەپەڕێ و بەچەشنێکی تر شێوەی خۆی دەردەخا... نووسین بەرلەوەی پردێک درێژبکاتەوە تا شێوەیەک بۆ هاوکاریی مێژوویی هەڵبژێرێ، بەنێو زمان و شێوازدا تێدەپەڕێ. مێژوو کار لە نووسین دەکات، بەڵام نەک بەبەردەوامی وەک پێمان وایە؛ شۆڕشی فەرەنسی بەگشت هەڵچوون و توندوتیژی و لە قاندنی عورف و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، نەبووە هۆی تەقاندنەوەی نووسینی کلاسیکی و بەردەوام بوونی لە چەرخی رۆشنگەریدا، وەک چۆن ئەمە لە ساڵی (١٨٥٠) روویدا کاتێ لێکداپچڕانی هوشیاریی بورژوازی لە ناو نووسەرە بورژوازییەکاندا بوو بە راستییەکی بەڵگەداری مێژوویی.

تا گونجان و پێکەوەگرێدان لە نێو کۆمەڵدا هەبێ، ئەدەبیش «یەکگرتوو» دەبێ و نووسینەکان لێکدی نزیک دەبن... لەنێو ئەو پێکەوەگرێدانەشدا، ئەدەب بە بۆچوونی بلانشۆ بوونی نابێت. بەڵام کاتێ لە دەرگاکانی پەرت بوون و چەشناو چەشنێتی و فرەیی دەچێتە دەرەوە، ئەوسا ئەدەب لەخۆی نزیک دەبێتەوەو بانگەشەی ئەو نزیک بوونەوەیەش دەکات. لەلای بارت تەقینەوەی ئەدەب و جیابوونەوەی (نەک پێکەوەبەستنی) رووداوێکی مێژووییە بەمانایەکی قووڵ: بریتییە لە تەقینەوەیەک لە ناو یەکێتی ئایدیۆلۆژیدا، کە بۆ نموونە: لە فەرەنسەدا ریزەکانی بورژوازی و هوشیاریی بورژوازیی ریزبەندی کرد. بەرلەوە فۆرمەکان لە قووڵاییدا بەجیاواز دەرنەدەکەوتن، نە لە کلاسیزم و نەلە

رۆمانسیزم، بەڵام ئەمە مومکین دەبێ کاتێ لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا دوای ئەوەی وێنەی گەردوونیی- هیومانیستی بەلادا هات و هەروەها دوای ئەوەی ململانێی کۆمەڵایەتی و راپەڕینەکانی ساڵانی (١٨٣٠-١٨٤٨) هوشیارییەکی ئازارچەشتوویان لەلای نووسەران و شاعیران چنی، ئیدی نووسەران لەبەرامبەر فۆرمەکان و رێساکۆنەکان و زمانی پارێزراودا یاخی بوون. ئەوسا ئیلتیزام- سەرەتا لە زمانەوە- دەبێ بە هەڵبژاردنێکی گشتگیری: «ئەدەب بەبێ ئاکارێک بۆ زمان بوونی نییە»، فۆرمیش نەخشڵ و زێڕەو نەکۆمەڵێ رێسا، بەڵکو دیاریکردنی ئەو هەستانەیە کە بەناخەکانی خودو بە قووڵاییەکانی بابەتەوە نووساوە... لەسەر نووسەریش پێویستە رووبەڕووی جیهان و شتەکان ببێتەوەو گۆشەگیریی یاخود ئامادەیی خۆی لەگەڵ کەسانی دی هەڵبژێرێ. بارت لە هەوڵدانیدا بۆ پۆلێن کردنی نووسینی فەرەنسی لە ماوەی سەد ساڵدا (لە ١٨٥٠- ١٩٥٠) پشتی بەسێ زاراوە بەست کە بەرلەوەی لە جیاکردنەوەی نووسینەکاندا بەکاریان بێنێ، جارێکی دیکە سنووری بۆ کێشانەوە. ئەوسێ زاراوەیەش ئەمانەن: **زمان- شێواز- نووسین**.

«زمان»، پێدراوێکی کۆمەڵایەتییە، پێدراوێکی هاوبەش کە هەڵگری ماناکان و بەکارهێنانەکانیەتی، «موڵکییەتێکی بەربڵاوە بۆ خەڵکی نەک بۆ نووسەران»، زمان سەبارەت بە نووسەران توخمێکی نێگەتیڤە، چونکە پەیوەندیی بە وانەوە نییە، نووسەر زمان بەکاردێنێ بێ ئەوەی سەربەستییەکی زۆری لە گۆڕینی زمانەکەدا هەبێ. ئەوەی کە دەتوانێ لە دژی زماندا بیکا، خولْقاندنی سیاقێکی ترە کەلە بەرکارهێنانە مەئلووفەکان دووری دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر هەمیشە پابەستی زمان و میراتەکانی زمان دەبێ.

«شێواز»، پێدراوێکی فیزیکییەو بەخودی نووسەرەوە لکاوە، شێواز زمانی ناوەوەیە، دەرچوونێکی غەریزییانەیە لە میتۆلۆژیای «من» و لەخەون و ئاڵۆزی و بیرەوەرییەکانی «من» دا، لەبەرئەوە شێواز سرووتی تایبەتی و کارامەیی نووسەر ئاشکرا دەکات: «شێواز بەندیخانەو گۆشەگیریی نووسەرە»، ئەو توخمەی کە عەقڵانییەت و هەڵبژاردنێکی هوشیارییانە ناتوانن دیاریی بکەن.

لە نێوان زمان و شێوازدا بەهایەکی فۆرمالیزمی بنچینەیی هەیە بارت ناوی دەنێ «نووسین»، لە وێدا رەگەزی هەڵبژاردن لەلای نووسەر روون دەبێتەوە،



«نووسین وەزیفەیە: پەیوەندییەکە لە نێوان داهێنان و کۆمەڵگەدا». نووسین بەم مانایە بریتییە لە «ئاکاری فۆرم، هەڵبژاردنی بواری کۆمەڵایەتی کە نووسەر بڕیار دەدات سروشتی زمانەکەی خۆی لەناو ئەو بوارەدا بکا بە بابەت».

ئەمە وا لە نووسین دەکا (نەک زمان و شێواز) ببێتە رووبەرێک بۆ روانگەگرتنی پەرەسەندنی هوشیاری و شیکردنەوەی دەرکەوتنە روونەکانی ئایدیۆلۆژیا، لەبەر ئەوەی نووسین لە تایبەتمەندیی و ئازادیی خۆیدا، بەر مێژوو دەکەوێ و کارلێکی لەگەڵدا دەکا. پاشان گەڕان بەدوای «پلەی سفر» دەبێتە پاساوێک بۆ پێوانی پلەکانی دی؛ نووسەران، بە تایبەتی لەسەردەمی کلاسیکەوە وا لە نووسین تێگەیشتبوون کە بریتییە لە زانینی گواستنەوەی زمانی هاوبەش بۆ «باڵاترین» پلەی «تەواو کردن» تا لەگەڵ ئەو شتەدا بگونجێ کە دەیانەوێ گوزارشتی لێ بکەن (ئەمەشیان بنچینەکانی رەوانبێژیی کۆن دەینوێنێ).

لە چەرخی نوێدا چەمکەکانی نووسین گۆڕانیان بەسەردا هات و ئیدی نووسین چەمکی جیاواز جیاوازی بە خۆوەبینی، نووسین بەر لە هەرچی بوو بەتەقەلادان بۆ خۆ زرگارکردن لە رێساکانی پیشەی نووسین و رێنوێنی قوتابخانەکان، بوو بەسەرکێشیی گەڕان بەدوای دیاریکردنی پەیوەندیی نووسەر بەخۆی و گەردوون و کۆمەڵەوە؛ (ئەم سەرکێشییە وادەکات پرسیارکردن لە نووسین و سنوورەکانی نووسین ببێتە گرفتێکی جەوهەری کە نووسەر سەرقاڵ دەکات، رەنگە بەرەو ئەوەی ببات کە لە بری نووسین زاراوەی «نانووسین» بەکاربەرێت). ئەوەی بۆ نموونە کامۆ و کنیۆ و بلانشۆ هەوڵیان دا بەرهەمی بێنن بارت ناوی دەنێ «نووسین لەپلەی سفردا»، واتە ئەدەب والێبکرێ نزیک بێتەوە لە بێلایەنی و بێدەنگی.

لەم بینینەوە، بارت چوار ساتەوەختی بنچینەیی لە مێژووی نووسینی ئەدەبی فەرەنسیدا و لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا دیاری کرد:

- نووسین وەک بابەتێک بۆ بینین (لای شاتوبریان).
- نووسین وەک بابەتێک بۆ پیشە (لای فلوبێر).
- نووسین وەک بابەتێک بۆ کوشتن (ئەوەی مالارمێ-ی شاعیر خەونی پێوەدەبینی).

- نووسین وەک بابەتێک بۆ نائامادەبوون، ئەوەی بارت ناوی دەنێ نووسینی سپی یان پلەی سفری نووسین، بەتایبەتی لەلای ئەلبێر کامۆ.

دەشێ ئەم چەشنانەی نووسین، لەیەک چەرخدا هەبن و بەنێو یەکیشدا بچن، دەشێ لەتەک نووسینەکانی دیشدا هەبن کە نوسخەیەکی ناتەواو و تەحریف کراوی نووسینێکی ئەسڵیی دیکەیە، هەروەک لە نووسینەکانی ریالیزم و ناتورالیزم و ریالیزمی سوسیالیستیدا تێبینیی کردووە، ئەمە بەڕای ئەو، لەوەندە زیاتر نییە کە ببێتە نووسینێکی فەرعی ئەوەی لە نووسینەکانی فلوبێرەوە کەوتۆتەوەو هەوڵی داوە کۆمەڵێ ئاماژەی فۆرمالیزمی ئەدەب پێکەوە بگونجێنێ، ئیدی ستوونە ئیستاتیکی و فۆرمالیزمییەکانی ون کرد و بوو بە تێکەڵەیەک لە چەندین توخم بێ ئەوەی شێوازێکی وای هەبێ جیای بکاتەوە.

بەڵام ئەو پۆلێن کردنە رەخنەییەی بارت دایمەزراندووە، مانای ئەوەنییە ئەو نووسینانەی پێ باشترن کە خۆی دەری خستوون، بەڵکو لەوەش دوورتر دەڕوا کاتێ پرۆژەی پۆلێن کردن دەبەستێتەوە بە بزاڤی گشتیی مێژوو و بەبارودۆخی دیاریکراوی ئەدەب لە ناو کۆمەڵگایەک کە ملکەچی زەوت کردنە (استلاب). لەبەر ئەوە نووسینی ئەدەبی لە هەڵبژاردنەکان و لە پرۆسەی ئازادییەکانی خۆیدا، ناتوانێ دەرفرتێتە دەرەوەی ئەو زەوتکردنەوە تاجێهێشتنی ئەو مەرجانە بەدەست بێنێ: «کە واتە لێرەدا ئاستەنگێک هەیە بۆ نووسین، کە ئەمە ئاستەنگی کۆمەڵگەشە و نووسەرانی ئەمڕۆ هەستی پێدەکەن: سەبارەت بەوان گەڕان بەدوای (نا- شێواز) یان شێوازێکی زارەکی یان پلەی سفر یا پلەیەک کە لە نووسیندا قسەی بۆ کراوە، ئەمە بەگشتی بەر لەو حاڵەتە دێ کە کۆمەڵگە بەتەواوی هاوتەباو هاوڕەگەز بێ. زۆربەی نووسەران دەرک بەوە دەکەن کە مومکین نییە لێرەدا زمانێکی گەردوونی هەبێ! بەبێ بوونی گەردوونییەتێکی ئاشکراو بەڵگەدار (Uneversalite)، ئەوەی بۆ جیهانی مەدەنی نەسۆفییەتەو نەئیسمیشە» (پلەی سفری نووسین).

ئەم لێک گرێدانەی ئاستەنگی ئەدەب و ئاستەنگی کۆمەڵگە، چەند رەهەندێکی دیکە بەم کتێبەی بارت دەبەخشێ، ئەو رەهەندانەی پرسیارکردن لە نووسینە ئەدەبییەکانیش تێدەپەڕێنێ. مۆریس بلانشۆ لە نمایشکردنی ئەم کتێبەدا ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکاو دەنووسێ: «مەسەلەکە لەبواری ئەدەبدا



(کەئەمە خاڵێکی گرنگە) پەیوەندیی بەبەدواداچوونی هەمان ئەو کۆششەوە هەیە کە کارل مارکس بەرامبەر کۆمەڵگە کردی، واتە ئەدەب زەوت کراوە (ئیستیلاب کراوە)، هۆی ئەمەش بەشێوەیەکی جوزئی بۆ ئەو کۆمەڵگایە دەگەڕێتەوە کە لەچەندین پەیوەندیدا پێوەی دەبەسترێتەوە. کۆمەڵگایەکە لەسەر زەوتکردنی مرۆڤ دامەزراوە، ئەویش لە ئاکامی ئەو شتانەدا زەوتکراوە کە ناپاکی لە کۆمەڵگە دەکا، بەڵام ئەمڕۆ دووجار ناپاکی لێدەکات: ئەدەب دان بەوشتانە دێنێ کە سەرچاوەی ناپاکی کردنن، پاشان کاتێ واتێدەگا کە بەم دان نانە خۆی ریسوا دەکا، ئیدی فریوی دەدا»[٦].

## مەحاڵێتی میتازمان

ئەگەر نووسینی ئەدەبی، لە قووڵاییدا، مەحاڵ بێ یان لە مەحاڵێتی نزیک بێتەوەو نووسەر خۆی لەبەرامبەر خودو جیهاندا ببینێ و لە داوی زمانێکی «بەکاربراو» وەرگیرابێ، ئەو زمانەی کەمتەرخەمە لەبەئەنجام گەیاندنی گونجانی نێوان خۆی و ئەوشتانەی دەیانبینێ و تیایاندا دەژی... ئەوا رەخنەگرو راڤەکاری دەقە ئەدەبییەکانیش لەسیاقێکی تردا هەمان گرفتیان دێتە رێ: لەکوێ ئەو زمانە وەردەگرن کە لەسەر زمانی «یەکەم» قسەی پێدەکەن، ئەو زمانەی نووسەر یان شاعیر بەکاری هێناوە، تالێیەوە لەسەر شتەکان و جیهان قسەبکات؟

بارت لەم کتێبەدا ئەم مەسەلە بنچینەییە لە نووسینی رەخنەیی و سیمیۆلۆژیادا ناخاتەڕوو، بەڵام لە دواییدا چەمکی بارت لە چەشنی ئەو نووسینانەدا پەنهانە کە دوای ئەو کتێبە نووسیونی. پاشان بایەخێکی گەورەو بەردەوامی لەلایەن بارت لە هەردوو ئاستی تیۆریزەو پراکتیزەدا دەدرێتێ. بارت زاراوەی میتازمان- Metalanguage لە- هیلمسلیڤ-ی زمانزان دەخوازێ و لە دواییدا پێشنیاری بەکارهێنانی فراوانی ئەو زاراوەیە، لەبواری رەخنەو سیمیۆلۆژیادا دەکا، لەبری ئەوەی تەنیا لەزمانە زانستییەکاندا بەکاربێ[٧]، لەبەرئەوە هەر راڤەکردنێک یاخود هەر قسەکردنێک لەسەر دەقە ئەدەبی و نائەدەبییەکان پێویستی بەبەکارهێنانی میتازمانێک هەیە کە دال و مەدلوولەکەی لە «زمان- بابەت»ێک وەردەگرێ کە زمانی «یەکەمە»و دەقنووس بەکاری هێناوە. میتازمانیش بۆی هەیە ببێ بە (زمان- بابەت) بۆ

میتازمانێکی دی کە راڤەکردنی دەگرێتە ئەستۆ.

بەدواداچوونی تێزەکانی بارت لەسەر ئەم بابەتە، تەنانەت لەدەرەوەی کتێبی «پلەی سفری نووسین» و قۆناغەکانی دواتریشیدا، دەتوانێ سەرچارەی ئەو بایەخ پێدانەمان بۆ رووناک بکاتەوە کە بەم کتێبە بچووکەی بارت دەدرێ، بەو پێیەی بارت لەم کتێبەیدا بناغەیەکی سەرەتایی بۆ دابڕانێکی رەخنەیی دامەزراندووە، ئەو دابڕانە رەخنەییەی لەشەستەکاندا چڕتر بۆوە. لە نێو بزاڤی ئەدەبی پێشڕەویی فەرەنسی، کە دەچێتە ناو سیاقی دژایەتی کردنی میراتەکانی گوتارە رەوانبێژی و سیاسی و فەلسەفییە بریقەدارەکان. ئیدی بارت هەمیشە و لەگشت کاتێکدا فەنەرێکی پێشینەیە بۆ ناردنی چەند ئاماژەیەکی تیشکاوێژ کە بواری توێژینەوەو دۆزینەوە فراوان دەکات و بەو شتانەدا دەچێتەوە کە تا ئەو کاتە بەدەست هاتبوون...

لەو شیکردنەوەیەی بارت لەم کتێبەدا پێشکەشی کردووە، هیچ ئاماژەیەکی راستەوخۆ نابینین بۆ زانستێک لە زانستە مرۆییەکان یان بۆ سیستمێکی فەلسەفی کە پشتی پێ بەستبێ، تەنانەت بەکارهێنانی ئەو زاراوە زمانەوانییەش کە لەقۆناغی دواتردا بۆ راڤەکردنەکانی پشتی پێ دەبەستێ، لە کتێبی «پلەی سفر»دا دەرناکەون. ئەوەی لەم کتێبەدا دەیشارێتەوە زۆر زیاترە لەوەی ئاشکرای دەکات. ئەو بەرلەهەرچی، زۆر ئاگاداری ئەوەیە کە راڤەکردنی ناوەکییانەی چەشنەکانی نووسین بکات و، خۆی لەوە دەپارێزێ هەندێ پێوەر یان ئەحکامی ئامادە بەکاربێنێ. بەڵام میتانووسینی بارت لەم راڤەکردنانەدا لە پایەکانی «رەت کردنەوە»ی نووسینە رەخنەییە باوەکان وەردەگرێ (ئەو نووسینە رەخنەییانەی بەشێوەیەکی سنوور بۆ کێشراو لە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و مێژوویی تێدەگەن . گشتیکردن و خەت خەتۆکێ مۆرکێک بەو سنوور بۆ کێشانە دەدەن)، لێوەرگرتنی پایەکانی رەتکردنەوەی ئەو جۆرە نووسینانە لەلای بارت زیاترە لەوەی کەلەچوارچێوەیەکی ئەپستمۆلۆژیی روون وەری بگرێ، وەک ئەوەی لە قۆناغێکی دواتری ئەودا دەیبینین. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکە بەردەوامە، رۆشنکردنەوەی بابەتی پێشوو بەچرای داهاتوو کارێکی سوود بەخشە لە دیاریکردنی پرۆژە تایبەتییەکەی بارت بەگەیشتن بە «ئەپستیمی» نووسینی ئەدەبی[٨].



زمان، بەگوێرەی بارت، نێگەتیڤە- Une negativite (نووسەریش هیچ شتێکی لێ دەرناهێنێ؛ چونکە زمان سەبارەت بەنووسەر لەبریی هێڵێکە، دەشێ تەجاوزکردنی ئەو هێڵە ئاماژە بۆ «سەروو سروشتی... زمان» بکات)- پلەی سفر-. پاشان زمان دەبێ بە: «رادەی دەست پێکردنی مومکین». بەڵام ئەم نێگەتیڤە لە ئاکامی کاری خۆی لەناو زمان و لەناو خوددا لە پۆزەتیڤ نزیک دەبێتەوە. «بەرجەستەبوونی ماددییانەی دالیش کە بەدەنگ چەند رێسایەکی وردەوە دێ و هەڵگری مادییەتی جەستەیی و مێژووییە، جووڵانەوەی رەهای نێگەتیڤ رادەگرێ کەدەشیا لە میانی لاهوتییەتێکی نێگەتیڤدا تەنیا لەناو مەدلوولدا بمابایەوە. لە نووسیندا نێگەتیڤ فۆرمەلەیەک وەردەگرێ، دەلالەتی نوێش پێشوازیی نێگەتیڤ دەکا تالەناو نووسینێک- زمانێکی گەردوونیی جیهانیدا، جارێکی دیکە زمان رێک بخاتەوە»[٩].

دال رۆڵێکی بنچینەیی لە خولقاندنی جەدەلییەتێک لەناو نووسیندا دەگێڕێ، ئەمەش بەرەو فرەمانایی و بەرەو تەقاندنەوەی ماناکانی دەبا. سەبارەت بە رەخنەگریش کاتێ زمان- بابەت دادەڕێژێتەوە، ئیدی ئەم کارە لە مەوقعێکی ترەوە دەکات و جیاوازە لە مەوقعی نووسەر: لەبری خاڵی دەرچوونی نێگەتیڤ لەلای نووسەر، رەخنەگر لە «سەلماندن»ەوە دەردەچێ، واتە لەمانایەکەوە کە خۆی بنیاتی دەنێ، واتە بەپێی وتەی بارت «بەئەنقەست سەرکێشیی بەخشینی مانایەکی تایبەت بەکارە رەخنەلێگیراوەکە هەڵدەگرێ»[١٠].

پەیوەندیی رەخنەگر بەزمانەوە جیاوازە لە پەیوەندیی نووسەر بەهەمان ئەو زمانەوە: رەخنەگر لەخاڵی «من-ێکی بوێرەوە بەرامبەر نووسینی یەکێکی دی» دەست پێدەکات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو «من»ەی کە لەمیانی رێچکەیەکەوە بووە بە «زمان»: «رەخنەگر... رووبەڕووی زمانی تایبەتیی خۆی دەبێتەوە». ئەم نێگەتیڤەی لەتەک زمانی رەخنەگردایە دەگۆڕدرێ و دەبێ بەگاڵتە ئامێز: «گاڵتەئامێز شتێک نییە جگە لە پرسیارکردن لە زمانێک لەلایەن زمانێکی دییەوە». لەبەرئەوە رەخنەگر، بەپێی بۆچوونی بارت، دەتوانێ ئەو شتە زیاد بکات کەلەخودی زانستدا کەم دەبێتەوە، ئەوەی دەشێ ناوی بنێین: گاڵتەئامێز».

بەڵام بارت لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەرامبەر ناکارایی میتازماندا گەلێ هەنگاوی

گرنگی بڕیوە لە ڕێگەی هەوڵدانیدا بۆ گرد کردنەوەی گوتاری ڕەخنەگرو گوتاری زانا (ڕاڤەکار)، مەبەستی ڕوونکردنەوەی «پاشکۆیەتی» نووسین بۆ هەر شتێک لەدەرەوەی خود دا بێ: پشت بەستنی نووسین بە زمان لە جێبەجێکردنی مادییانەی خۆیدا، دەبێ لەگەڵ زانستە زمانەوانییەکاندا ڕووبەڕوو بکرێنەوە، بەڵام لەتەک پاراستنی ئەو شتەی جیاوازیەتی نووسین دەردەخات. ڕاڤەکار دەتوانێ سەلبییەتی زمان وەسف بکات لە نێو ئامێرێکی هاوڕەگەز کە خودی ڕەت دابێ و لەگوتارێکی گشتیدا ئەو ڕێچکەیە دەگرێتە بەر: «بابەتی ئەو، دیاریکردنی مانایەک نییە، بەڵکو فرەمانایییە لەکاری ئەدەبیدا»[١١].

بەڵام ڕەخنەگر «پاشکۆیەتی» نووسین ڕوون دەکاتەوە. چۆن؟ لە ڕێگەی هێنانی واژەکردن (التلفظ) لەناو واژەکراودا (الملفوظ)، هەروەها لە ڕێگەی هێنانە ژوورەوەی دەسەڵاتی خود (.........) کاتێ ڕەخنەگر بەناوی خۆیەوە قسە بۆ ئەویدی دەکا، ئەوسا ئەو (واتە ڕەخنەگر) ئاڵووش دێنێتە ناوەوە: «ڕوونی... گشت ئەو ئاڵووشەیە کە لە نووسیندا هەیە»[١٢].

گواستنەوەش لە خوێندنەوەوە بۆ ڕەخنە، واتە گۆڕانێک لەشەهوەتدا بەرپادەبێ «ئەمە بریتییە لە ئیشتیهای ڕەخنەگر بۆ زمانە تایبەتییەکەی خۆی نەک بۆ کارە ڕەخنەلێگیراوەکە». لێرەدا وەرگرتن لە شیکردنەوەی دەروونی هەروەک وەرگرتن لە زمانەوانی، دەبێ بە ڕەگەزێکی فریاخەر. بەڵام لەسەر ڕەخنەگر پێویستە ئاگاداری جیاوازیی دەقی ئەدەبی بێ لەتەک دەقەکانی دیدا، ئەو دەقانەی دەشێ ڕێسا زانستییەکانی بەسەردا پراکتیزە بکرێ. «پرۆسەی ئەدەبی بەو سیفەتەی تیشکۆیەک بێ بۆ گوزەرکردنی مانا لەناو زمان و ئایدیۆلۆژیادا، هەروەها تیشکۆیەک بێ بۆ «من»ی مێژوو، ئیدی ئەو پرۆسەیە دەبێ بەو ئەڵقە بزرەی ناو بنیاتی سۆسیۆ- بەردەوامیی ئەو زانستانەی بە مرۆیی ناو براون».

پرۆسەی ئەدەبی بریتییە لە «شوێن»ی دیالێکتیکی ماددی کە هەر زانستێکی مرۆیی دیکە بایەخی پێ دەدا. بەپێی ئەم بنچینەیەو بەپێی ئەم دامەزراندنە دەشێ نووسینی ئەدەبی «بزانرێ»و ببێ بەبابەتێک بۆ مەعریفەیەک، ئەمە ئەگەر لە هەڵوێستێکی دووفاقییانەی تیۆرییەوە بۆی بچین[١٣]:

– پێداچوونەوەی چەمکی زانست خۆی، ئەویش بەوەی ڕەگەزی ڕێکەوتێتی



بهێنینە ناوەوە وەک مەرجێک بۆ ئەپستیمی بابەتیی. گەڕان بەدوای ئەم ڕەگەزەش لە پەیوەندیی خود بە نووسینی لێکۆڵراوەوە دەبێ، ئەو خودەی میتازمانی بەکارهێناوە، وە/یان بەڕێگەی دروست بوونی سیمانتیکی و ئایدیۆلۆژیی خود.

– هەر چ کاتێک ئەو ناوچەیەی (ڕێکەوتێتی) مان دیاریکرد، ئەوسا دەشێ پرۆسەی ئەدەبی وەک بابەتێک بۆ ئەپستیمێکی شیاو وەربگرین، بەو پێیەی کە توانای ئاماژەکاری (الامکانیة الاستدلالیة) لە «واقیع»ێکی مەحاڵەوە دەردەچێ، مەحاڵ سەبارەت بەو، ئەگەرچی ئەو واقیعە قابیلی دیاری کردنیشە.

مەسەلەی مەحاڵێتی میتازمان لە توێژینەوەکانی ڕۆلان بارتدا بەبوارێکی پیشڕەوی دادەنرێ، بارت گرفتی میتازمانی لەئەدەبەوە پێشنیارکرد، بەمە ڕێگەیەکی کردەوە بەرامبەر فەیلەسووف و سیمیۆلۆژیست و مێژوونووسانی دیکە کە هەوڵ دەدەن لە بواری توێژینەوەکانی خۆیاندا لە میتازمان وردبنەوە. جۆلیا کریستیڤا لەم مەسەلەیەدا دەڵێ:

«وادەردەکەوێ دۆزینەوەی بابەتێکی نوێ بەهۆی میتازمانێکەوە کە لە ناوچەی نێوان (ڕێکەوت) و (زەرووڕەت)دا دامەزراوە، ئەمڕۆ بووە بەڕێسایەک بۆگشت زانستێک»[١٤].

بارت گرفتی میتازمان و بناغەدانانی زانستی ئەدەبی بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە:

«(.........) بەم جۆرە زانستی ئەدەبی بەهیچ جۆرێ مومکین نییە دوا وشەی لەئەدەبدا هەبێ. گرفتی جەوهەریش بەبۆچوونی من، تیۆری زانستی ئەدەبی نییە بەڵکو گرفتی زمانی زانستی ئەدەبییە (.........) کاتێ دەنووسم، وام بەخەیاڵدا دێ کە من تەقەلا دەکەم گەمەیەک لەگەڵ زانستدا بکەم و پرۆسەی چالاکیی دەمامکداری «پارۆدیا» بکەم. لەو باوەڕەدام جووڵانەوەی قووڵی ڕەخنەگر پتر لە تێکشکاندنی میتازماندا خۆی دەنوێنێ، ئەمەش وەک بەدەنگەوەهاتنی یەکێک لە پێداویستییەکانی حەقیقەت؛ نووسین لە دوا شیکردنەوەدا ناتوانێ «بابەتیی» بێ، چونکە بابەتێتی تەنیا خەیاڵکردنێکە لە نێو خەیاڵکراوەکانی دیکەدا. میتازمانی زانستیش بریتییە لە شێوەیەک بۆ زەوتکردنی زمان، کەواتە دەبێ لێبدرێ (ئەمەش مانای وانییە تێک بشکێندرێ). بەڵام سەبارەت بە

میتازمانی رەخنەیی ئەوا ئێمە ناتوانین هەڵی گێڕینەوە تەنیا بەدامەزراندنی جۆرێک لە هاوشێوەیی نێوان زمانی ئەدەب و نێوان گوتارێک لەسەر ئەدەب، زانستی ئەدەبیش بریتییە لە ئەدەب»[١٥].

ئەم خوێندنەوەیە بۆ «پلەی سفری نووسین» دەرک کردنی ئەو شوێن و پایەیە ئاشکرا دەکات کە ئەم کتێبە سەبارەت بەوەچەی پێشڕەوی ئەدەبیی لە ئەمڕۆی فەرەنسەدا گرتوویەتی. ئەم کتێبەی بارت هەمان شوێن و پایەی کتێبی «ئەدەب چییە؟»ی سارتەر دەگرێتەوە کەکاتی خۆی لەنێو وەچەی چلەکاندا گرتبووی، بەڵام بارت لە گەشتی کورتی رەخنەیی و نووسینیدا توانای ئەوەی هەبوو بەهەڵوێست و فیکرەکانی خۆیدا بچێتەوەو بەردەوام بەرەو زەوییەک کۆچ بکات کە زەوییەکی نەدۆزراوەو نەکێڵراوە، لەمەشدا هەستی تیژو زیرەکیی خۆی فریای دەکەون.. ئەمە بۆ ئەوە پاڵی نا کە بەم جۆرەی خوارەوە بەو چەمکەی نووسین کە پێشتر هەیبوو بچێتەوە:

«لەو کاتەوەی لە کتێبی- پلەی سفر-دا چەمکی نووسینم دیاریکرد تاتێگەیشتنی ئەمڕۆمان بۆ چەمکی نووسین، گەلێ گۆڕان لەبابەت و هەروەها هەڵگێڕانەوەی ناوەکان روویان داوە. لە کتێبی پلەی سفردا نووسین بەجۆرێکی دی ثیمەی سۆسیۆلۆژیییە، بەهەرحاڵ نووسین ثیمەیەکی سۆسیۆ - زمانەوانییە: نووسین زمانێکی تایبەتییە بۆ هۆزێک یان توێژێکی رۆشنبیر، زمانێکی کۆمەڵایەتییە. پاشان ئەم نووسینە، لە ئاستی هۆزدا، ناوەندێکە لە نێوان زمان- وەک ئەوەی نەسەقی نەتەوەیەکەو-لە نێوان شێواز- بەو پێیەی نەسەقی خودە. ئێستاکە ئەو جۆرە نووسینە بە نووسینی گشتێتی- ecrivance) ناودەبەم و (لێرەدا پشت دەبەستم بە جیاوازیی نێوان نووسەران و بنووس- ecrivants) چونکە نووسین (بەمانای ئێستای) تێیدا ونە. بەڵام نووسین لە تیۆری نوێدا بەشێوەیەکی دی شوێنێک دەگرێ کە پێشتر ناوم لێنابوو شێواز. لەمانا تەقلیدییەکەیدا شێواز دەیگەڕاندینەوە بۆ منداڵدانی واژەکراوەکان (.........)، بەڵام ئەمڕۆ لەوەش دوورتر دەڕۆین: نووسین زمانێکی تایبەتیی کەسیی نییە (هەروەک جاران ئاماژەی بۆ ئەو مانا کۆنەی شێواز دەکرد)، بەڵکو نووسین واژەکردنە (التلفظ) (نەک واژەکراو- ملفوظ) کە لە میانی ئەو واژەکردنەوە خود سەرکێشیی دابەشبوونی خۆی دەکرد، لە رێگەی پەرت بوون و خۆخستنە



پەنایەکی لاپەڕە سپییەکە: نووسین، لە ئێستاوە، زۆر قەرزاری شێوازی کۆن نییە، بەڵکو، وەک ئاگادارن، قەرزاری ئەو رۆشنایییە دوولایییەی هەریەک لە ماتریالیزم (لە رێگەی بیری بەرهەمهێنان) و شیکردنەوەی دەروونی (لە رێگەی بیری خودێکی دابەشکراو)»[١٦].

نووسین بەزمانی- بابەت و بە میتازمان، پتر لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا رووبەرێکی بەرین دەگرێ، بەم جۆرە دەبێتە بوارێک بۆ زاوزێکردنی ئایدیۆلۆژیاکان و تێکەڵ بوونی چەمکەکان و پتەوکردنی کۆتەکانی زەوتکردن بەسەر خوێنەران و گوێگران وبینەران... پاشان خواستی دامەزراندنی ئەپستیمێکی شیاو (مومکین) بۆ نووسین، ئەو پرۆژەیە بوو کە بارت بەشداریی لە پێگەیاندنی چەند لایەنێکدا کرد، ئەمە هەمیشە دەبێ بە ئاسۆیەکی کراوە بۆ ئەو بەخششانەی کە دەتوانێ گۆڕانە قووڵە کۆمەڵایەتییەکان روانگە بگرێ، ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی کە دەچێتە نێو چەشنە جیاوازەکانی گوتار و بەشێوەیەکی قووڵتریش دەچێتە ناو نووسینی ئەدەبی.

**سەرچاوە:**


رولان بارت/ درجة الصفر للكتابة/ ترجمة وتقديم: د. محمد برادة/ الشركة المغربية للناشرين المتحدين- الطبعة الاولى- ١٩٨١.


**پەراوێزەکان:**

١- ئاماژە بەوە دەدەین کە بزاڤی رۆمانسیزمی ئەڵمانی، لە میانی نووسینەکانی برایانی شلیگل لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا، پێشنیاری زۆر مەسەلەی جەوهەرییان کرد کە پەیوەستن بە نووسینی شیعری و ئەدەبی.
بڕوانە کتێبی:
Labsolu litteraire (Ph. Lacoute Labarthe et J.L. Nancy) le Seuil- 1978.

٢- Le liver a Venir - گالیمار- ١٩٥٩- ل ٢٧٣. بلانشۆ لەم کتێبەدا لە میانی نووسینەکانی پرۆست و ئارتۆو بۆرخێس و جان جینیە باسی (ئەندێشەکراو) و هەروەها باسی کتێبی «پلەی سفری نووسین»ی بارت دەکا، پاشان چەمکی کتێب/ کار شیدەکاتەوە کە

مالارمێی شاعیر لێی دواوەو بەرلەوەی بەئەنجامی بگەیەنێ، مردووە. فیکری بنچینەیی مەحاڵێتی نووسین لە دواییدا رێنوێنی بلانشۆ دەکات لە نووسینی رۆمانەکانیدا.

٣- ئەدەب چییە؟ - سارتەر- گالیمار- ل ٢٦٠.

٤- جۆلیا کریستیڤا- گۆڤاری (تێل کیل -Tel Quel)ی فەرەنسی، ژمارەی ( ٤٧) ساڵی (١٩٧١)- ل٣١.

٥- ریمۆن بیلۆر: Le livre de autres (زنجیرەی ١٠/١٨، ژمارە (١٢٦٧) ساڵی (١٩٧٨)- ل ٦٦.

6- Le liver avenir, Galimmar, 1959, P. 252.

٧- چەند توخمێک بۆ سیمیۆلۆژیا، زنجیرەی میدیاسیۆن، ژمارە (٤٠)، ل ٦٦.

٨- دەشێ ئەو لێکۆڵینەوەیەی (جۆلیا کریستیڤا) کە لە بارەی ئەم بابەتە نووسیویەتی، یەکێ بێ لە قووڵترین ئەو لێکۆڵینەوانەی بڵاوبوونەتەوە، لەبەرئەرە، بۆ روونکردنەوەی پەیوەندیی «پلەی سفری نووسین» بە ئیشکالییەتی گشتیی میتازمان و زمانی رەخنە، پەنا بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیەی کریستیڤا دەبەین. بڕوانە «چۆن قسە بۆ ئەدەب دەکەین؟» لە گۆڤاری Tel- Quel ژمارە (٤٧)، ل ٢٥-٤٩.

٩- جۆلیا کریستیڤا، گۆڤاری Tel- Quel ژمارە (٤٧)، ساڵی (١٩٧١)، ل ٣٩.

١٠- بارت، رەخنەو راستی، لوسوی، ل ٢٨.

١١- بارت، رەخنەو راستی، لوسوی، ل ٥٦.

١٢- کریستیڤا، گۆڤاری Tel- Quel ژمارە (٤٧)، ساڵی ١٩٧١، ل ٣٣.

١٣- کریستیڤا، هەمان سەچاوە، ل ٣١.

١٤- کریستیڤا، هەمان سەرچاوە، ل، ٣٢.

١٥- ریمۆن بیلۆر، Le liver de autres، ژمارە (١٢٦٧)، ساڵی ١٩٧٨، ل٦٩.

١٦- گۆڤاری Tel Quel ژمارە ٤٧، ل ١٠٣.



سەعید غانمی

# شێواز چییە؟

**سەعید غانمی**

(دی سوسێر)ی زانای زمانەوانیی سویدی، زمان و ئاخاوتنی لە یەکدی جوداکردەوە، سوسێر ئەوەی دۆزییەوە کە زمان بریتییە لە سیستمێک لەو بەهاو نەریتە رەمزی و فەرهەنگییانەی پۆلێکی زمانەوانیی دیاریکراو بەکاری دێنن، بەڵام ئاخاوتن هەڵبژاردنێکی تاکەکەسانەی سەربەستە لە زمان.

زمان - بەم مانایە - نموونەیەکی ئایدیالییە کە ئاخاوتنی تاکەکان ئاراستە دەکاو لە رێسایەکی زمانەوانی و ئاکاریی کۆمەڵایەتیی گشتیدا بەیەکەوەیان پابەند دەکا، ئاخاوتن پراکتیزەکردنێکی فیعلیی ئەم رێسایەیە. زمان، بەپێی ئەم بۆچوونە، مەودایەکی دەرەکیی گەورەیە کە مێژووی خۆی لە پۆلی زمانەوانییەوە وەردەگرێ، بێ ئەوەی هەڵبژاردنێک پێشکەش بکا، جگە لە ئولفەتی نیشتەجێ بوون، کەچی ئاخاوتن شۆڕدەبێتەوە نێو خودێتیی نووسەرو خۆی لە کەلەپووری دەروونیی تایبەتی رادەپسکێنێ تا سرووتی ناوەکیی خۆی پێک بێنێ.

بەڵام لە نێوان (زمان) و (ئاخاوتن)دا، قۆناغێکی مامناوەندی هەیە کە بریتییە لە (شێواز)، شێوازیش تەقەلای نووسەرە بۆ رازیکردنی زمان و ئاخاوتن بەیەکسانی. شێواز کۆشش و خەباتی نووسەرە بۆ خۆگونجاندن لەناو پۆلی زمانەوانی.

هەموو نووسەرێ دەخوازێ لە رێگەی پێکهێنانی ئاخاوتنەکانی خۆیدا، وتنەکانی خۆی دەربخات، کاتێکیش ئەمە دەکا، بەدەنگ فشارەکانی رابردووە نەبینراوەکەیدا دەچێ کە ئەو رابردووە نەبینراوە تەقەلا دەدا خۆی بخزێنێتە نێو گشت زمانەکەیەوە، کەچی لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی قەدەرییانەی زمان دەخاتە لاوە کە پرەنسیپی ئەم پێکهاتەیە پێک دێنێ.. لێرەدا نووسەر لەنێوان رابردووی (من) - ئەوەی دەبێ بەو شتە- و رابردووی (مێژوو) - ئەوەی بووە بەوشتە -



خۆی بە گەمارۆدراوی دەبینێ.. لە نێوان جوگرافیایەک کە تەنیا خۆی تیایدا دەژی و نێوان سنوورێک ئەو جوگرافیایە دەسمێ و ملکەچی خۆیی دەکات، بەڵام خێرا شێواز دێ تا ببێ بەساتەوەختی گواستنەوەیەکی ئاڵوگۆڕ لە نێوان زمانێک کە نووسەرەکە دروست دەکاو، ئاخاوتنێک کە نووسەرەکە دروستی دەکا. کەواتە دوو دیو لە شێوازدا هەیە: دیوی قەهریی زمان؛ مادامەکی نووسەر بەرگپۆش دەکا. دیوی ناوەوەی خودی؛ مادامەکی نووسەر دەیەوێ زمان بکا بەموڵکی خۆی و بیخاتە نێو قووڵایی کەلەپووری سەرچاوە ناوەکییەکانییەوە تا ببێ بە زمانی تایبەتیی خۆی.

بەڵام ئەگەر تەنیا لەوەدا بمێنێتەوە کە شێواز بەرهەمی زاوزێیەکی نهێنیی نێوان هەردوو رەگەزی (جێگیر)و (جۆراوجۆر)بێت کە ئەمانە (زمان) و (ئاخاوتن)ن، ئەوا لە راستیدا ئەمە لاوازکردنی شێوازەو.. تەماشاکردنێتی بەو پێیەی شێواز بەرهەمی رێکەوتێکی سیاقیی زمانەوانییە بێ ئەوەی نووسەر دەستکاریی بکاو وشیاریی خۆی بەکاربێنێ. لەم خاڵەوە، دەبێ جیاوازی لەنێوان دوو خاڵدا بکەین: یەکەمیان - تەداعییەک کە خۆ بەدەستەوە دانێکی تەواو دەنوێنێ بۆ گەمەی رێکەوتی زمانەوانی و دەسەڵاتەکانی بەر لە ئاگایی. دووەمیان - ئەو داهێنانەی هەڵبژاردنێکی ئازادو وشیار لە رەگەزەکانی مەودای زمانەوانی دەنوێنێ، ئەگەرچی ئەو ئاگاییە دەمامکی نائاگایی دەپۆشێ، بەمە خۆی لە چنگی (چاودێر) رزگار دەکا.

زمان بەهۆی شوناسە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، گەیاندنێکی ئامادەکار دەستەبەر دەکا، کەچی ئاخاوتن، لە ئامادەبونی خودێکی سیحریدا، تەنیا پشوویەکی رێژەیی بچووک زەمانەت دەکا، بۆ نموونە من دەنووسم: «تەماشای ئاسمانم کرد.. هەوری سپی، سپییە» بەمە ساتی منداڵێتیم دێنمە پێشەوە لەوکاتەی لە شوێنێکی بەرزەوە تەماشای هەورەکە دەکەم. لەم زمانەدا هیچ دەرهاوێتەیەک نییە، سیستمە رێزمانییەکەی هەر هەمان سیستمە، هەورەکەیش هەر هەمان ئەو هەورەی جارانەو دوورە لە فەرهەنگەکان و لە زاری کەسانی دیش. بەڵام هەرکەوتم «هەوری سپی» ئەوسا من جۆری هەورەکە دیاری دەکەم، ئەوە خودی (هەور)ەکەیەو شتێکی دیکە نییە، ئەو هەورەی لە تەمەنی دەساڵیمەوە دوچاری سەرسوڕمانی کردووم.. لەگەڵ وشەی (سپی)شدا لە پڕ بۆم دەردەکەوێ کە

بەراستی ئەو هەورە سپی بوو.. لە تەواوی ئەم رستەیەشدا «هەوری سپی، سپییە» بەرائەتی سەرسوڕمانی منداڵێتی دەگەڕێنمەوە لە ئاشکراکردنی ئەوەی هەورە سپییەکە، سپییە.

کەسانی دیش، بەشێوەیەکی دیکە، دەگەنە ئەو شێوازە. ئەوانە ژمارەیەک ئەدگاری فۆرمالیستیی لە زمانی نووسەرەکە کۆ دەکەنەوە، پاشان بە ڕێگەیەک پۆلینی دەکەن خاڵی نییە لە زۆرە ملێییەک کە دەیەوێ لە مەئلوف نزیک بێتەوە یاخود دووربکەوێتەوە. راستە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شێواز؛ (فۆرم)ە، ژمارەیەکی زۆری داهێنەرە بێدەنگەکان بەجۆرێ بێدەنگیی خۆیان راڤە دەکەن پێیان وایە «بێدەنگی» لە «نووسین» ئازادترە، فۆرمیش ئاکارو باجی خۆی هەیە، ئەمەیش مانای ئەوە نییە کە (شێواز) ناوێکی ترە بۆ(فۆرم). روخساری فۆرمییانەی هەر دەقێ وەک ئەوە وەردەگیرێ کە بلیتی چوونە ژوورەوە بێ بۆ فیکری نووسەر.


فۆرم بێلایەن نییە، هەروەک چۆن باکگراوندی تابلۆ یاخود بەشێک لە پارچەیەکی مۆسیقی، مومکین نییە بێلایەن بێ. فۆرم بریتییە لە جەستەی ناوەرۆک، یان بەشێوەیەکی تر: فۆرم لە ئازادیی خۆیدا ناوەرۆکە، نووسەریش بەگشت جەخت کردنێکەوە بەرەو هەڵبژاردنی زمانی تایبەتی خۆی دەڕوا، بەرەو زانینی دروستکردن و داهێنانی ئەو زمانە (دەرچوون لە مەئلووف، بەکارهێنانی مەئلوف، گۆڕینی مەئلوف...تاد)، بەڵام نووسەر ئەمە بۆ ئەوە ناکات بەو پێیەی ئەو ئەدگارانە ئامانجی خودی زمانە، بەڵکو لەسەر ئەو بنچینەیەی ئامانجێکە لە پشتی خودی زمانەوە، لێرەوە گرنگیی «بینراو» دێتە پێشێ کە جۆری هەڵبژاردنەکە دیاری دەکاو لە هەمان کاتیشدا لایەنی کۆمەڵایەتی و فیکری پێشکەش دەکا. ئاکاری شێواز بەزەرورەت وەک ئاکاری فۆرم وایە کە بەگوێرەی گۆڕانی سەردەم و رۆشنبیری، ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێ. شێوازی کۆن شێوازێکی کورتکراوەو یەکگرتوو بوو کە پشتی بە دەست پێوەگرتنی زمانەوانی دەبەست، وەک ئەو دەستەواژە تەقلیدییەی کە دەڵێ: (خير الكلام ماقل ودل).

هەموو کارێکی هونەری بازنەیەک لە خۆ دەگرێ، نیوەی یەکەمی ئەو بازنەیە لە زمان پێک دێ، نیوەی دووەمیشی لە ئاخاوتن. بەڵام هەموو زمانێکیش فۆرم و ناوەرۆکی خۆی هەیە هەروەک هەموو ئاخاوتنێکیش.



شێوازیش لەم حاڵەتەدا چەقی بازنە گەورەکەیە، ئەو چەقەی گشت رەهەندەکانی لە جووڵانەوەیەکی بازنەییدا جەمسەرگیری دەکاو بوونی بازنەکە دابەش دەکا، ئیدی جارێ دەبێ بەفۆرم و جارێکی دیکە دەبێ بەناوەرۆک، جارێ بەزمان و جارێکی دیکە بەئاخاوتن، بێ ئەوەی هەریەکێ لە مانە بوونی تایبەتیی خۆیان ون بکەن.

کاری هونەری (دەق)




شێواز لەم جووڵانەوە بازنەییەیدا، بوونی خەیاڵییانەی خۆی تەرجەمە دەکاتە سەر بوونێکی عەینی لەم رواڵەت و دەرکەوتانەدا، لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە دەڵێ: «تۆ پێش من بکەوەو ببە بەمن»، ئەویش بەم یا بەو شێوەیە، بەرپرسیارە لە زۆرە ملێیی گشت ئەم رواڵەتانەو رادەی گونجانیان لەگەڵ یەکتردا.

شێوازی کۆنی رەوانبێژی کە بایەخی بە (سجع)و سەروای ناوەکی و زەخرەفەی ئاخاوتن و دەست پێوەگرتنێکی جوان دەدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، حاڵەتی رەفاهییەتی فیکری پێچەوانە دەکاتەوە کە پەیوەستە بەوێناکردنی ئەو بیرۆکەیەی دەڵێ: فۆرم لە پێش ناوەرۆکەوەیە، بەم جۆرە چەشناو چەشنێتی لە

شێوازە نوێیەکان و ڕێگە جیاوازەکانی چارەسەرکردن، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی بیرو ڕوانینەکان. ئەرکی شێوازیش بریتییە لە ئاراستەکردنی وێنەکانی نووسەرو هەڵبژاردنە زمانییەکان لە هەیکەلی زماندا، تا بیخاتە بەر خزمەتی بیرو بۆچوونەکانی خۆیەوە.

کەواتە شێواز پتر لە زەمەنێکی هەیە کە پەیوەستە بەچوارچێوەی کەلتووری و سەردەم، لەلایەک بەهۆی پەیوەستی زمان پێیانەوە، لەلایەکی تر بە زەمەنی ساتەوەختی ناوەکی لە پەیوەستیدا بەئاخاوتن، هەروەها دەلالەتی دەوڵەمەندیی فۆرمیش دەگەیەنێ بەهۆی ناوەڕۆکەوە، پاشان ڕۆیشتنی ناوەڕۆک بۆ ناو جومگەو جووڵانەوەکانی فۆرم، لەکاتێکدا کە وشیاری بەمێژوو هەیەو مێژوویش دەنوێنێ، ئەوا لە هەمان کاتیشدا دەیەوێ مێژوو تێپەڕێنێ لەبەرئەوەی دەیەوێ وەک حاڵەتێکی دەگمەن دەربکەوێ، هەروەک هەوڵ دەدا جێگری فیکر بێ و ڕیسوای دەکا.. ئەمە ساتی دۆنای دۆن و چارەسەرەکانە لە نێوان توانای زمان و کردەی ئاخاوتن، لە نێوان چاوەڕوانیی ناوەڕۆک و بەدیهاتنی فۆرم.

* تێبینی: ئەو بازنەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، لەلایەن وەرگێڕەوە ئامادەکراوە.

**سەرچاوە:**

سعيد الغانمي - المعنى والكلمات - الموسوعة الصغيرة (٣١٦) - دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.

# زمان و شیعر

سەعید غانمی

(١)

هەندێ نووسەر بەجۆرێ مامەڵە لەگەڵ (زمان)دا دەکەن وەک ئەوەی زمان تاراوگە یاخود داو و تەڵەبێ، ئیدی زمان بە «ناپاک» تاوانبار دەکەن ودەڵێن زمان ناتوانێ ئەزموونی ئەوان بگوازێتەوە. هەندێ ئەدیبی دیکەش (لەژێر پاڵەپەستۆی جەبری نەریتی زمانەوانیدا) تەنیا نەخشێک لەسەر دیوارەکەیدا دەکێشن تا لەدواییدا بیبەنە سەر قەرەوێڵەکەی «برۆکرست» وشتە زیادەکانی لێ ببڕن.

هەردوو هەڵوێستەکەش هەڵەن، زمان نەتاراوگەیە و نە ئاخاوتنێکی جوان. زمان لەشیعر(و بەگشتی لە ئەدەبدا) لەزمانی ئاخاوتنی رۆژانەیی جیاوازە، مەبەستم لەو جیاوازییە نییە کە لەعەرەبیدا لەنێوان زمانی پاراوی نووسین و زمانی خەڵکیدا هەیە، دیسان ئەو جیاوازییە نییە کە لەنێوان رێزمان یاخود موفرەداتەکاندا هەیە، بەڵکو جیاوازییەکی جۆری (نوعي) یە لەئامانج و ئاراستەو بینیندا.

بێگومان زانستی زمان تارادەیەکی زۆر پەرەی سەندووەو دەتوانین سوود لەو پەرەسەندنە وەربگرین، بەڵام دەبێ خۆمان لەشوێنکەوتنی میتۆدەکان(میتۆدۆلۆژیا)ی تایبەت بەزمان بپارێزین. پێویستە ئەدەبیش خۆی لەئامۆژگارییەکانی زانستی زمان رزگار بکات و زانستی تایبەتیی میتۆدەکانی خۆی بەکاربێنێ، چونکە شێوازی زمانەوانی لەلێکۆڵینەوەی ئەدەبدا بریتییە لە دابەشکردنی زمان بەسەر ژمارەیەک لەبونیادە سینتاکسی (نحوي) و مۆرفیمی (صرفي) و فۆنیمەکان (دەنگییەکان)، بەچاوپۆشین لەوەی ئەدەب دەتوانێ هەر تایبەتمەندییەک لەخۆ بگرێ، دەکرێ چاو لەپەیوەندیی نێوان زمان و فیکر



بخشێنینەوە. یەکێ نووسیویەتی «شیکردنەوەی سینتاکسی بۆ هەر قەسیدەیەک، جگە لەسینتاکسی ئەو قەسیدەیە، شتێکی ترمان ناداتێ».

ئامانجی زمان، لەئاستی کۆمەڵایەتیدا، بریتییە لە گەیاندن، هەروەها گواستنەوەی زانیارییەکان لە قسەکەرێکەوە بۆ قسەکەرێکی تر، لەبەرئەوە ئەم زمانە بەپلەی یەکەم زمانێکی هەواڵدەرییەو بەو دەلالەتە کۆمەڵایەتییانە بارگاوی کراوە کەپێشتر لەسەر شەرعیەتی گەیاندنیان رێک کەوتوون. کەچی زمانی شیعر زمانێکی نێرگسیی خودییە و ئامانجی یەکەمی بریتییە لە خولقاندن.

لەکاتێکدا زمان ئاماژە بۆ شتەکان دەکا، زمانی شیعر ئاماژە بۆ زمان خۆی دەکا. مەبەستم ئەوەیە پەیوەندیی نێوان زمان و شتە دەرەکییەکان یان شتە ئەزموونگەرییەکان، پەیوەندییەکی راستەوخۆیە- ئەگەر چی زمانزانەکان ئەم پەیوەندییە وا وەسف دەکەن کە بریتی بێ لەپەیوەندییەکی خۆ بەخۆیی-، کەچی پەیوەندیی نێوان شیعرو شتەکان تەنیا بەهۆی زمانەوە تەواودەبێ، واتە شیعر زمانێکە لەناو زماندا. لێرەوە زمانی ئاسایی لەهەناویدا وەسفێکی بۆ جیهان تێدایە، کە چی زمانی شیعر هەڕەشەیەکی بۆ جیهان تێدایە، یان: جارێکی تر ئافەریدەی دەکاتەوە، چونکە زمانی ئاسایی ئاماژە بۆ جیهان دەکاو زمانی شیعریش سەر لەنوێ ئەو جیهانە بنیات دەنێتەوە. زانستی میتۆدەکانی تایبەت بەئەدەبیش دەبێ ئاوڕ لە تایبەتمەندیی ئەو بنیات و دامەزراندنە بداتەوە کە لەشێوەی ناوەڕۆکێکی فیکریدا دەردەکەوێ، ئەو ناوەڕۆکە فیکرییەی لەگەڵ خودی کارەکەدا هاوزەمەن دەبێ.

جۆرج شتاینەر بەم جۆرە وەسفی ئەدەب دەکا: «ئەدەب بریتییە لەزمان لەدەرەوەی بازنەی زمانی ئاسایی»[1].

جا بۆ ئەوەی خۆمان لەو وتەیە رزگاربکەین کەوا یدەبینێ شیعر تەنیا نەخشێکی جوانە لەسەر دیواری زمان، دەڵێین: پەیوەندیی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک لەشیعردا، پەیوەندییەک نییە لەسەر لێک دوورکەوتنەوە دامەزرابێ، بەڵکو گشت ناوەڕۆکێ فۆرمێکی تایبەت بۆ خۆی رادەکێشێ ... چونکە فۆرم شێوازی بوونی ناوەڕۆکە، شێوازێک کە تەنیا لەرێگەی ئەوەوە ناوەڕۆک دەتوانێ دەربکەوی، واتە ناوەڕۆک ناتوانێ واز لەشێواز بێنێ... پێم وایە لێرەدا دەتوانین

سوود لەفەلسەفەی کۆنی عەرەبی وەربگرین.

فەیلەسووفە موسڵمانەکانی عەرەب بەر لەچەند سەدەیەک، گرفتی پەیوەندیی نێوان (بوون) و(ماهییەت) یان خستۆتە ڕوو، بەوپێیەی (بوون) ئەو راستییەیە کە (ماهییەت) لەخۆیدا هەڵدەگرێ، ماهییەتیش چەمکێکی ئیعتیبارییە بۆ بوون... دەشێ ئەم چارەسەرە جوانەی گرفتەکە بگوازینەوە بۆ زمانێکی نوێ و بڵێین: ماهییەت بریتییە لەمانای بوون . ئەو مانا شەفافەی بەو بوونەوە دەلکێ و لەیەکەیەکی ناوەکیدا لەگەڵیدا دەبێ... دەشێ لەزەیندا بۆ بوون و ماهییەت شرۆڤەی بکەین. بەهەمان رێگە دەڵێم: فۆرم بریتییە لەمانای ناوەڕۆک. ئەو مانا شەفافەی بەو ناوەڕۆکەوە دەلکێ و لەیەکەیەکی ناوەکیدا لەگەڵیدا دەبێ ... دەشێ لەزەیندا بۆ فۆرم و ناوەڕۆک شرۆڤەی بکەین. ئەمە ناوەڕۆکێکە بە بەرد بووە (تحجر) یاخود ناوەڕۆکێکە بەشت کراوە(تشیؤ).

وشە لەزماندا جیاوازە لەوشە لەشیعردا، چونکە کار فەرما (وەزیفە)ی وشەی تاک لەزماندا لەکارفەرمای زمان وەک گشتێک جیاوازنییە، ئەم کارفەرمایە گەیاندنێکە کردارو بەدەنگەوە هاتن گریمان دەکا.

بەڵام کارفەرمای وشە لەشیعردا بریتییە لە هەڵکۆڵینی خەزینی فیکریی مرۆڤ. ئەگەر بۆ ماوەیەک شێوازی زانایانی سیمانتیک بخوازین، ئەوسا دەڵێین: وشە لەزماندا (مانا) و (گواستنەوە)یە... مانا ئەو هەستەیە کە لە (وشە)دا دەخرێتە سەر دەروون لەئەنجامی ئەو زەنگودەنگەی هەیەتی، هەروەها لەئەنجامی ئەو سەمتەی لەناو رستەدا هەیەتی و... لەئەنجامی پەرەسەندنی و...سەرجەم مێژووەکەی. بەڵام سیمانتیک بریتییە لەراستیی شتێتی بۆ جیهانی ئەزموونی بابەتی لەدەرەوەی زمان، یان بەوتەیەکی وردبینی پالمەر: «گواستنەوە (یان دەلالەت -و-) گرنگی بەپەیوەندیی نێوان رەگەزەکانی زمان و دنیای نازمانیی ئەزموون دەدا، بەڵام مانا گرنگی بەسیستەمی ئاڵۆزی ئەو پەیوەندییانەدەدا کە رەگەزە زمانییەکان بەخۆیانەوە دەبەستێتەوە، مانا گرنکی بەپەیوەندییەکانی ناو زمان دەدا»[٢]. بەڵام لەشیعردا، وشە تەنیا مانای هەیەو گواستنەوەی نییە.

بەم پێیە، کاتێ مرۆڤ لەزمانی ئاساییدا دەڵێ: (دەریا)، ئەوا ئەم وشەیە گواستنەوەی هەیە، بریتییە لەراستیی بوونی بارستاییە ئاوییە زەبەلاحەکانی



سەر تۆپی زەوی، هەروەها مانای هەیە کە ئەم حاڵەتەی تیادا تێکەڵ دەبێ. بەڵام کاتێ شاعیرێ ئەم وشەیە بەکاردێنێ ئەوا ماناکەی لەسیاقدا (کۆنتێکست) دیاری دەکرێ کەلەوانەیە مانای بێکۆتایی یان رۆح یان دەریا یان شۆڕش یا جەژن... تاد بگەیەنێ.

بەڵام بۆچی وشە لەشیعردا گواستنەوەی خۆی ون دەکا ؟

لەراستیدا وشە لە شیعردا لەئاکامی پێکداچوون ومتوربەکردنی گواستنەوەکاندا، گواستنەوەی خۆی ون دەکا، براوەی هەر یەکێکیان هانمان دەدا پێشوازی لەناوەڕۆکی فیکریی کارەکە بکەین، تەنانەت ئەگەر بەهای ئەو ناوەڕۆکە سفریش بێ.

ئیمپسۆن لەکتێبی «حەوت چەشن لەتەمومژ»دا، جیاوازی لەنێوان هەردوو زاراوەی (تەمومژ- الغموض) و (لێڵی- الابهام)دا دەکا، پێی وایە «تەمومژ سیفەتێکی خەیاڵییە و لەپێداویستییەکی ئێستاتیکییەوە نشونمای کردووە کەپێش قۆناغی لۆجیکیی دەربڕین دەکەوێ، کەچی لێڵی لەئاکامی پێکهاتەیەکی هەڵەوە لەبونیادی سینتاکسی دەربڕینەوە نشونما دەکا»، یان بەدەربڕینی زمانزانێکی تەحویلی؛ تەمومژ لەبونیادی قووڵی زماندا کۆدەبێتەوە کەچی لێڵی لە بونیادی رووکەشی زماندا کۆدەبێتەوە. من لێرەدا زاراوەیەکی دیکە زیاد دەکەم، ئەویش زاراوەی «پەردەپۆشکردن- التعتیم»ە، بەڵام ئەو پەردەپۆشکردنە نا کە پەیوەندیی بەبونیادی قووڵ و بونیادی رووکەشەوە هەبێ، بەڵکو لەهەڵبژاردنی ئەو گۆشەیەی کە لێیەوە دەڕوانرێتە دنیای ئەزموونی بابەتی.

کاری ئەدەبی ، بەزەروورەت، بەفیکرێکی نێگەتیڤ یاخود پۆزەتیڤ پابەند دەبێ کە مەبەستێتی گوزارشتی لێ بکات تەنانەت ئەگەر ئەو کارە خۆی، ئامانجی خودیی بێ. من هەست بەبیرۆکەیەکی تەمومژ دەکەم- یان لەوانەیە روون بێ لەلام- هەوڵ دەدەم گوزارشتی لێبکەم ، لێرەدا کۆمەڵێ بۆچوون و گۆشەنیگا لەمێشکمدا بۆ ئەم حاڵەتە یان بیرۆکەیە پێک دێت، چونکە مەحاڵە ئەو بیرۆکەیە بەتەواوی بگوازرێتەوە. پاشان دەچمە قۆناغی گوزارشت لێکردنی کە ناچارم دەکا یەکەمجار پەنا بۆ زمانی هاوبەش و ئەگەرە نەپچڕاوەکانی ببەم (واتە بونیادی قووڵ)، بەڵام جارێکی تر پێویستیم بەوەیە گوزارشت لەخودی

بیرۆکەکە بکەم نەک شتێکی تر. کەواتە من ناچارم گشت ئەگەرەکانی بونیادی قووڵ بەکارنەهێنم. دەبێ یەکێ لەو ئەگەرانە هەڵبژێرم و بەمەقسەدی خۆمی بزانم (ئەویش بونیادی رووکەشە).

کەواتە لێرەدا لە ساتەوەختی نووسیندا سێ ئاست هەیە:

١- بینراو- کەلەبەرامبەریدا هەڵەی پەردەپۆشکردن هەیە.

٢- بونیادی قووڵ- کە لەبەرامبەریدا تەمومژ هەیە. (ئەمەیش بەهەڵە دانانرێ بەڵکو زەروورەتێکی هونەرییە).

٣- بونیادی رووکەش- کەلەبەرامبەریدا هەڵەی لێڵی هەیە.

شاعیری چاک لەهەریەکێ لەم سێ ئاستەدا بەرپرسیارە لەهەڵەکانی خۆی. هەڵە لەبینراودا[٣]، واتە: کەموکورتی لەکەرەستە رۆشنبیرییەکانی شاعیردا هەیە. هەڵە لەبونیادی قووڵدا، واتە: نزیک بوونەوە لەوەزیفەی ئاخاوتنی رۆژانەیی و زمانی ئاسایی. هەڵە لەبونیادی رووکەشدا، واتە: بێ توانایی زمانەکەی لەهەڵبژاردنی بەردە بەنرخەکان، تائەزموونەکەی خۆی لەزماندا بگوێزێتەوە.

## (٢)

هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە وەزیفەی یەکەمی شیعر بریتییە لە بەمرۆکردنی سروشت بە وشە، بەو جۆرە رەفتاری لەگەڵدا بکرێ وەک ئەوەی «ئەویدی»ێک بێ کە لەبەرامبەر «من»دا راوەستاوە، سا ئەو «من»ە تاک بێ یان کۆ، بۆ ئەوەی بەهێزێکی تەمومژاویی خولقێنەرەوە بگونجێنرێ، ئەو هێزەی لەوشەدا نیشتەجێیە. دیسان هەمووان لەسەر ئەوە رێکن کەشیعری سەرەتایی (بدائي) تەنیا لەکەشێکی ئەفسانەیی یاخود سرووتیدا بوونی هەبووە... بەڵکو هەندێ لەتوێژەران لەو باوەڕەدان سەرهەڵدانی شیعر لە سەرهەڵدانی زمان کۆنترە، تەنیا شیعر رەچەڵەکی زمانە... کەواتە چۆن زمانزانەکان شیعریان داگیرکرد؟ بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەیەکدا کەشیعر بەئیمتیازی تایبەتیی خۆیان دەزانن؟

زمان بەسروشتی خۆی دیاردەیەکی سانکرۆنییە، زمانی عەرەبیش بەر لەسەردەمی تەدوین هەر بەو جۆرە بووە، جائەگەر پاڵنەری دەسپێکردنی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان تێگەیشتن بووبێ لەقورئانی پیرۆز، یاخود



رزگارکردنی زمانی عەرەبی بووبێ لەزمانە بیانییەکان، ئەوا ئەو لێکۆڵینەوانە لەبنەڕەتدا بەرەو شیکردنەوەی یەک ئاستی زمان رۆیشتن ئەویش ئاستی هونەرییە، تەنیا ئەگەر ئەو دەقەی کەبابەتی شیکردنەوەکەیە، تایبەتمەندییەکانی (دیالێکت)ێکی دیاریکراو زامن بکات، ئەوەی کە گۆڕانی پلە بەپلەی زمانی عەربی لەزمانێکی سانکرۆنییەوە بۆ زمانێکی دیاکرۆنی ئاسانتر بکات، واتە گۆڕانێک لەزمانی قسەپێکراو لەگەشت ئاستەکاندا بۆ زمانێکی پێوەریی رۆشنبیری بەپلەی یەکەم، کەلەتەکیدا چەند (دیالێکت)ێکی لابەلا کاربکات کە هەر لەو زمانەوە لقی لێ بۆتەوە. لەپشکنینی خۆڕسکی رەسەنی عەرەبی و، بزاڤی تیۆریزەی شیعریی کەپێچەوانەی ئەو خۆڕسکییە رەسەنەیە، بۆمان دەردەکەوێ کە عەرەبی بەدەوی ، بەرێگەیەکی جیاواز لە چاو زمانی ئاسایی، پێشوازیی لەشیعر دەکرد. دەست بەسەر داگرتنی زمانەوانییەکان بەسەر شیعردا لەئاکامی بزاڤی وەرگێڕان لەیۆنانییەوە بەدی هاتووە، ئەو وەرگێڕانەیش پلەی جیاوازیی نێوان شیعری عەرەبی وشیعری یۆنانییان لەبیر کرد. لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە جیاوازییەکە لەزماندا نییە - وەک هەندێ کەس وای بۆ دەچوون- بەڵکو لەمێژووی ئەزموونی کۆمەڵایەتیی هەردوو عەقڵییەتەکەدایە.

توێژەر دەتوانێ دوو تەوژمی دیارو جیاواز لەمێژووی شیعری عەرەبیدا دیار بکات:

**یەکەم:** تەوژمی شیعری رەها، یاخود شیعری ئەزموونی مەعریفی.

**دووەم:** تەوژمی شیعری رۆژانەیی، یاخود شیعری شتە ئاسایی و سادەکان.

لەشیعری کۆنی عەرەبیدا، تەوژمی یەکەم پتر باوی هەبوو، بەهەردوو ئاراستەی: ئەفراندن، کە لەو قوتابخانەیەدا دەردەکەوێ و لەشیعری جاهیلییەوە تا (موتەنەببی) درێژە دەکێشێ، هەروەها ئاراستەی فۆرمالیستی کە لەشیعری (ئەبو تەمام) دا دەردەکەوێ.

زمانزانەکان هەوڵیان دەدا یاساو رێسا بۆ تەوژمی دووەم دابنێن لەپێناوی بەزۆر گونجاندنی لەگەڵ زماندا، لەم دەرگایەوە چەمکی زەرورەتی شیعرییان داهێناو بەشێکی زۆری شیعری کۆنیان تووڕ دا لەبەر ئەوەی لەگەڵ عەرووزی خەلیلی ناگونجێت، لەنیوەپتری (خوازە)ی شاعیرەکانیان گواستەوە بۆ بابەتی فەرهەنگیی تەواو- جگە لەکۆششە دەگمەنەکەی (الزمخشري) لەکتێبی

بنچینەی ڕەوانبێژی- بگرە هەندێ لەوانە کتێب و فەرهەنگیان دانا کە ڕێنوێنیی شاعیران دەکا سەروایەکی گونجاو بدۆزنەوە(هەروەک لە - فەرهەنگی سەروا- دا هەیە) لەبریی ئەوەی لێیان بگەڕێن خۆشی لەچێژی دۆزینەوەو خەڵقکردن وەربگرن، وەک لەلای شاعیرانی سەردەمی جاهیلی و سەردەمی ئیسلامیدا هەبوو. خوێنەری (رسالة الغفران)ی ئەبو عەلای مەعەڕی، هەست بەو لایەنە دەکا کەتوێژەرە تەقلیدییەکان فەرامۆشیان کردبوو ، ئەوەی بریتی بوو لەهەوڵی داکۆکی کردن لەشاعیران لەدژی زۆربلێیی زمانەوانییەکان. زۆرێک لەوانە وایاندەزانی مەعەڕی دەیەوێ توانا زمانییەکانی خۆی پیشان بدا، بێگومان ئەمەیش لایەنێکە لە لایەنەکانی- رسالة الغفران- بگرە لایەنێکی ناسەرەکییە، بەڵام لایەنی سەرەکیی بریتییە لەداکۆکی کردن لەشیعر دژی ڕەوتی لۆجیکیی میکانیکی لەلێکۆڵینەوەی زمانزانەکان بۆ شیعر، جگە لە ڕەهەندە فەلسەفییەکەیشی .

یادەوەریی شیعریی لەلای تەوژمی شیعری ڕەها دا بریتی بووە لە ڕوانگەیەکی نەریتی لەنێوان وەچە شیعرییەکاندا، دەبوایە شاعیری گەورە- بۆ ئەوەی بەراستی ببێ بەشاعیری گەورە- بەسەر ئەو یادەوەرییەدا بازی بدایە یاخود ڕەتی بکردایەتەوە. کاتێکیش تەوژمی دژ- واتە تەوژمی شیعری ڕۆژانەیی- سەری هەڵدا، ئەرکی یەکەمی ئەم تەوژمە بریتی بوو لەگواستنەوەی یادەوەری لە شیعرەوە بۆ زمان، واتە مەبەستی بوو زمانی ڕۆژانەیی بگەڕێنێتەوەو دووبارەی بکاتەوە لە بریی دووپات کردنەوەی فیکر و ئەو شێوازانەی شاعیرانی تەوژمی یەکەم بەکاریان هێنابوو. لەبەر ئەوە زمانی ئەم تەوژمە - واتە تەوژمی شیعری ڕۆژانەیی- بوو بە دانپیانانێکی پێشینەیی بەزمانی ڕۆژانەیی لەسەمتە ئاساییەکانیدا، چونکە ئەم ڕەوتە وا لە ریالیزم تێدەگەیشت کەوەسفی واقیع بەگشت وردەکارییەکانیەوە بکات، لەجیاتی تێکەڵکردنی ئەم واقیعە بەوێنا و خەیاڵ. ڕاستە ئەمە شیعری لەو بابەتانە ڕزگارکرد کە جەستەی شیعرەکەیان هەلاهەلا کردبوو، بەڵام لەبەرامبەریدا هیچی وای پێشکەش نەکرد جگە لەوەی بابەتەکانی نەهێشت و بەتەواوی تەسلیمی فەرهەنگەکانی کردن.

کەواتە ترسناکیی ئەم تەوژمە تەنیا لەوەدا نەبوو کە چەمکە گەورەکانیان فەرامۆش کرد، ئەو چەمکە گەورانەی کە خزمەتکارانی (شیعری ڕەها)



پاسەوانییان دەکرد، بەڵکو لەوەدا بوو کە (ئەمەیش بێگومان گرنگە) ئەو زمانەیان خستەلاوە کە ئەوان بەکاریان دەهێنا و لەبریی ئەوە زمانێکیان بەکارهێنا کە دەشێ ناوی بنێین «زمانی دەستەمۆ». لەشیعری ( شاجم)و (ابن الحجاج) و(ابن سكرة) دا گەلێ نموونەی لەو شیعرە هەن.

بەڵام ئاراستەی ئەوان بەرەو زمانی دەستەمۆ، بەرەو جۆرێک لەهەڵەکردنی ماتماتیکیی زمانەوانی پاڵی پێوەنان، لەجیاتی ئەوەی شیعر لەلای ئەواندا بەرەو ئایندە بچێ، بەرەو رابردوو دەڕۆیشت ، هەروەها لەبری ئەوەی شیعر کەرەستەیەک بێ بۆ دۆزینەوەی ئەو شتەی تا ئەو دەمە نەزانراو بوو، بوو بە کەرەستەیەک بۆ ئەو شتەی پێشتر زانرابوو، ئەمەیش هۆی دەرکەوتنی شیعری تەعلیمی بوو لەعەرەبیدا وەک ئەراجیزی سینتاکس و فیلۆلۆژی (فقه)و مێژوو و عەرووزو ... تاد.

لەقۆناغی دواتردا یادەوەری دەستی بەسەر شیعرو زمانیشدا گرت، بەجۆرێ سەرجەمی شیعر بوو بەمۆزەخانەیەک تەنیا ئەدیبانی دەربار لەفیوداڵیستەکانی سەدەتاریکەکان سەردانییان دەکرد، دەبوو عەرەبەکانیش- تاچەرخی نوێ- لەچاوەڕوانیدابن بۆ ئەوەی جارێکی تر شیعر بەجوانی و هێز و کاریگەرییەوە قەڵەمباز بدا وەک ئەو ئەسپانەی بەسەر پەرژینەکاندا باز دەدەن.

بێگومان من ناڵێم لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەبارەی شیعر لێکۆڵینەوەیەکی هەڵەو زیانبەخش وبێ سوودە، سائەو لێکۆڵینەوەیە تەقلیدی بێ یا بونیادگەری یا تەحویلی ، بەڵام دەڵێم دەچێتە سەر کایەیەکی تر نەک کایەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، وەک پێشتریش وتم پێویستە ئەدەب زانستی میتۆدە تایبەتییەکانی خۆی بەکاربێنێ و تەقەلای دۆزینەوەی ئەم زانستەی میتۆدەکان بدا.

## (٣)

ئەفسانەی خولّقاندن-ی بابل، دەڵێ: کاتێ خواوەندەکانی بابل ویستیان لەگەڵ هێزی رووخێنەرو شەڕدا بجەنگێن کە خواوەندە کۆنەکان نوێنەری ئەو هێزەبوون، ئیدی لەئەنجوومەنی شورادا کۆبوونەوەیەکیان کرد و «مەردۆخ»ی گەورە خواوەندیان بۆ پادشایەتیی بابل هەڵبژارد، جا بۆ ئەوەی ئەم کارەی بۆ بڕەخسێنن، خواوەندەکانی دیکە ناوەکانی خۆیان بەمەردۆخ بەخشی، ئەوسا ئەم

خواوەندە «پەنجا ناو»ی بۆ بوو کە هەریەکێ لەو ناوانە نهێنیی هێز و توانایەک دەنوێنێ، ئەو هێزو توانایەی گشت خواوەندێ هەیەتی.

کەواتە بابلییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە (ناو) لەهەناوی خۆیدا وزەی هەمان ئەو (شت)ە هەڵدەگرێ. ئەگەر وشە لەلای مرۆڤی هاوچەرخ هێما بێ بۆ شتێک، ئەوا لەلای بابلییەکان هێنان و ئامادەکردنی ئەو شتەیە، لێرەوە لەلای بابلییەکان (پەرستنی وشە) سەری هەڵدا، هەموو خواوەندێک ناوێکی نهێنیی هەبوو، هەموو کەسێکیش مۆری لوولەیی خۆی هەبوو، توێژەران ئەمە ناو دەنێن «پرەنسیپی ناو» کە ئەمەیش دیاردەیەکە لەلای زۆربەی میللەتە کۆن و سەرەتاییەکاندا هەیە. (وشە) لەلای کەسێکی سەرەتایی هەڵگری هەمان ئەو (شت)ەیە، هەر ئەوەندە ناوی شتەکە بێنێ ئیدی دەمودەست ئامادە دەبێ، کەسی سەرەتایی پێی وایە هەرکە ناوی خواوەندی هێنا ئەوا یەکسەر خواوەند بەگۆشت وخوێنەوە ئامادە دەبێ. وشە لەلای کەسی سەرەتایی خودی شتەکەیە نەک هێما بێ بۆی، ئەمە هەویری تایبەتیی خۆیەتی کە بەوشەی «ببە...» دەیهێنێتە بەر دەست، بەڵام دەرکەوتنی (ئاگایی خود) ئەم هاوکێشە سەرەتاییە جوانەی گۆڕی و لایەنی سێیەم چووە ناو هاوکێشەکەوە، ئیدی پەیوەندیی نێوان (وشە) و(شت) خەلەلەیەکی تێکەوت، پەیوەندییەکە بوو بە پەیوەندیی نێوان (وشە) و (وێنا) لەلایەک و لەلایەکی تر (شت) و (وێنا) (ئەوەی بەشێوەیەکی تەقلیدی بەسێگۆشەی ریتشاردز ناودەبرێ).

سەبارەت بە دەلالەتی فەلسەفیی (پرەنسیپی ناو)، کەسانی واهەن پرەنسیپی ناو لەتەک رێبازی «منی تاکی» بەراورد دەکەن، «منی تاکی»ی ئایدیالیستی خودی وەک لەلای شۆپنهاوەر و بارکلیدا هەیە کە پێوەری گشت نموونەیەک بەنموونەیەکی خۆرئاوایی وەردەگرێ، بەڵام لەمەدا شێواندنێکی دوو لایەنە بۆ پرەنسیپی ناو هەیە، چونکە هەموو سیستماتیزەیەکی فیکری پاساوی خۆی لە ناو ئەو سیستەمەدا دەدۆزێتەوە کە خۆی دایدەمەزرێنێ نەوەکو بەخواستنی لە سیستماتیزەیەکی تردا، پاشان پرەنسیپی ناو لەرووی جۆرەوە جیاوازە لەرێبازی «منی تاکی». لە تێروانینی بارکلی یاخود شۆپنهاوەردا (شت) بوونی نابێ تەنیا لەرێگەی بیرکردنەوەم نەبێ بۆ ئەو شتە، من شتەکان دێنمە پێش و بەم جۆرە بوونیان دەدەمێ؛ هەر کە بیر لەو درەختە دەکەمەوە دەمودەست



بوونی دەبێ، بەڵام هەر کە چاوم دادەخەم ئیدی بوونی نامێنێ، بوونی ئەو درەختە لەسەر هەست و بیرکردنەوەم بۆی، رادەوەستێ، کەچی لێرەدا بیرکردنەوە «ناو» نییە هەروەک گشت بیرکردنەوەکەش نییە، بەڵکو ئەوە هەر دەبێ بیرکردنەوەی من بێ، بیرکردنەوەی ئەویدی سەبارەت بەمن بیرکردنەوە نییە بەڵکو بریتییە لە (شت)، بەم جۆرە ئەو شتە سەبارەت بەمن هیچ بەهایەکی کەینوونی وەرناگرێ، ئەو ناتوانێ لەجیاتی من درەختەکە بنوێنێ تا بوونی بداتێ، بەڵام لەپرەنسیپی ناودا ناوی درەختەکە درەختە، جا هەر چ کەسێ بیڵێ، مەردۆخ بێ یاخود دوژمنەکەی یان من، بوونی درەختەکەش لەسەر بیرکردنەوەو هەستەکانی من ناوەستێ، بەڵکو لەسەر رێکخستنی پیتەکانی دەوەستێ، ئەو پەیوەندییە لە(منی تاکی)دا پەیوەندییە لەنێوان درەختەکەو من، کەچی لەپرەنسیپی ناودا، پەیوەندییەکە لەنێوان درەختەکەو زنجیرەی پیتەکان.

لێرەدا پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کە وەزیفەی (زمان) لە (پرەنسیپی ناو)دا، لەگەیاندن یاخود لەبیرکردنەوەدا گیر ناخوات، بەڵکو دەپەڕێتەوەو دەچێتە سەر «خوڵقاندن»، (وشە) دەچێتە ناو گۆشتی (شت) و دەبێ بەو شتە(واتە وشە دەبێ بەشت ...وشەو شت تێکەڵ دەبن–و–) بەم جۆرە وشە شتەکە دەخوڵقێنێ، لێرەشەوە چەمکی سلووکیی گەیاندن دوچاری نائومێدی دەبێ، لەبەر ئەوەی کەسی سەرەتایی زمانی هێمایی بەکارناهێنێ، تەنیا زمانی ئێمە ملکەچی ئەم چەمکەیە کە رەونەقی سەرەتاییانەی خۆی و ئەو باوەش بەیەکداکردنەی نێوان (ناو)و(شت) ون دەکات، دەشێ تەحویلییەکان نارەزایی لەسەر ئەمە دەربڕن، لەوانەیە بڵێن وەزیفەی زمان هەموو کاتێ لەسەر گەیاندن ناوەستێ بەڵکو بریتییە لە«بەرهەمهێنان»، ئەمەش راستە.. بەڵام ئەمە ئاستێکی تری توێژینەوەکەیە، ئەو گەیاندنەی کە تەحویلییەکان مەبەستیانە پابەندە بەزەمەنی توانا نەک بەزەمەنی ئەدا [٤]، لێرەدا بەتەواوی شیعر لەزمان جیاواز دەبێ و لەگەڵ پرەنسیپی ناودا رێک دەکەوێ، لەپرەنسیپی ناودا بیرکردنەوە بەوشە دەکرێ، وشە پێش فیکر دەکەوێ وچاوەڕێی دەکا، لێرەدا وشە جۆرێکە لەجەخت کردنی ئیرادەی ژیان، کەچی زمانی ئاسایی بەفیکر بیر دەکاتەوەو لەئیرادەی رێزگرتنی یاسادا دەردەکەوێ. وشە لەپرەنسیپی ناودا ئامادە بوونی (ناماقووڵ)ە، کەچی وشە لەزمانی ئاساییدا ئاماژەیە بۆ(ماقووڵ)، ئەمەش هۆی

کزیی شیعری تەقلیدی- کەتەنیا بریتییە لەزمانێکی جوان-روون دەکاتەوە لەهەوڵی وەرگرتنی ئەفسانەدا بەشێوەیەکی تەقلیدی.

(پرەنسیپی ناو) و(شیعری نوێ)، هەردووک، سروشتی دەستەمۆ لەگەیاندندا دەلەقێنن، خۆ ئەگەر گەیاندن بەمانا سلووکییەکەی تێبگەین و بەهەوڵێکی دابنێین لە بەدەنگەوە هاتنی هەمان وروژێنراودا، ئەوسا ئەمە تەنیا بەسەر زماندا دەچەسپێ، شیعر چەمکی تەقلیدییانەی گەیاندن دەلەقێنێ، گەیاندن نابێتە تەنیا رێگەیەک لەبەدەنگەوەهاتندا، بەڵکو ئەو چەمکە تەقلیدییە تێدەپەڕێنێ بەرەو ئەو وتنانەی شاردراونەتەوە، لەفیکرەکانەوە بەرەو وشەکانی دەبا کە مانا ئاساییەکانی مانا تێدەپەڕێنێ، لێرەدا مانا دەبێ بەمانایەکی شڵەژاو وبێدەنگ، بۆشایی دەست بەسەر رووبەرەکانی نێوان رستە و دێرەکاندا دەگرێ. شاعیر بە وشە بیردەکاتەوە، لەرێگەی وشەوە هەوڵ دەدا گەشبوونی گەیاندنێکی دژ لەیەکگرتنی لەگەڵ سروشتدا بگەڕێنێتەوە، ئەمەش لەزەتی تواندنەوەیەکی سەرەتاییە لەنێوان (وشە) و (شت)دا. بەم جۆرە شیعر دوو دژ لەخۆ دەگرێ؛ شیعر بەوشە بیردەکاتەوە، بەڵام ناپاکیشی لەگەڵدا دەکا، شیعر پشت بەوشە دەبەستێ و ئارەزوو دەکا تێی پەڕێنێ، شیعر ناپاکی لەگەل (زمان) و (ئاگایی دژ)ی ناو زمان دەکا. زمان مامەڵە لەگەڵ شتی ئامادەو دەستەمۆدا دەکا، مامەڵە لەگەڵ ئەو شتەی هەمووان کۆکن لەسەر رەوایی گەیاندن تیایدا، لەکاتێکدا شیعر مامەڵە لەگەل زماندا دەکا، زمان بەرەو رابردوو دەڕوا، شیعریش بەرەو ئایندە. زمان لەگەڵ ئەو شتانەدا گفتوگۆ دەکا کە لەگەڵ سەمت ومەرجەعی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێ، کەچی شیعر ئەو سەمتە کۆمەڵایەتییە تێک دەدا. کەواتە شیعر ئولفەتی مەئلوف تێکدەشکێنێ تا ئولفەتێکی زیاتری بداتێ، شیعر نەئاماژە دەکا و نەهێما، بەڵکو شتەکان یەکدەخاو دەیانگونجێنێ. گەیاندن لەزماندا رێککەوتن و رابردووە، گەیاندن لەشیعردا بڕینی ئێستایە بەرەو ئایندە. وشە لەزماندا بەبیرهێنانەوەیە. بەڵام لەشیعردا ئامادەبوون و گریمانە. شیعر دەمانباتە ئەو دیوی دەق (میتادەق)، بۆ ئاگایی لەبیرکراو وئایدیۆلۆژیای بێدەنگ. شیعر بەدەرچوونی لە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی گەیاندن، پەیوەندیی نێوان زمان وفیکر دەگۆڕێ، چونکە هەر گۆڕانێک لەفۆرمدا دەبێتە هۆی گۆڕان لەوەزیفەدا. شاعیران ئەو شتانە دەڵێن کە نایزانن و زمانیش پێش فیکر



دەکەوێ و داوی بۆ دەنێتەوە. لێرەوە رەوانبێژیی کۆن بەدەستی خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێ چونکە رەوانبێژیی کۆن بەوتە جێگیرەکانی لەهەموو بوونێکی شیعریدا ماهییەتێکی حازر بەدەست ئامادە دەکا. بەڵام بوونی شیعریی بوونێکە لەگۆڕاندایە و هەمیشە ماهییەتێک لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ، رەوانبێژی دەیەوێ ناچاری بکا لەگەڵ ماهییەتدا بگونجێ، بوونی شیعریش دەیەوێ سەقامگیریی ماهییەت بلەقێنێ، شیعر ئەو کاتە دێتە بوون کە زمان پێش فیکر بکەوێ و مژدەی نەزانراو بدا، دەیەوێ هەمیشە «رەوانبێژی»ی خۆی بەرهەم بێنێ. رەوانبێژی دەیەوێ شیعر لەزەمەنی مێژوویی مردوودا بەند بکا، شیعریش دەیەوێ بەرەو دەشتاییەکانی زەمەنی رەهای ئەفراندن باز بدات کە تیایدا پتر لەزەمەنێک دەتەقێتەوە.

## پەراوێزەكان:

1- George steiner:Extraterritarial,P- 128

2- F.R.Palmar=Semantics, p-29.

جیاوازیی نێوان (مانا) و(گواستنەوە) دەگەڕێتەوە بۆ لۆژیكستی ماتماتیكزان فریگە Frega (١٨٤٨-١٩٢٥)كە لەچوارچێوەی لۆژیكێكی تایبەتیدا دایناوە، ئەوەندەی پێ نەچوو سایكۆلۆژیا ئەم جیاوازییەی خواست و پاش ئەویش زانستی زمان و زانستەكانی تریش سوودیان لێ وەرگرت. ئاماژە بۆ ئەوە دەكەم كە پەشێوییەك لەوەرگێڕانی ئەم دوو زاراوەیەدا هەیە؛ هەندێ جار ئەم دوو زاراوەیە بە (مانا) و (دەلالەت) وەردەگێڕدرێن، یاخود (مانا) و(مەغزا) و هی تریش..لەراستیدا ئەم پەشێوییە لەسەرەتادا لە كتێبە ئینگلیزییەكاندا سەری هەڵدا، بۆ نموونە بڕوانە تێبینییەكانی ئەنسكۆم لەبارەی تێزی مامۆستاكەی؛ (فتگنشتاین)ی فەیلەسووف:

G. E. M. Anscombe: An Introduction to Wittgensteins' Tractatus, P. 17.

(٣) لەوانەیە بینراو بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كەپێی وا بێ فیكر پێش زمان دەكەوێ، ئەمە ئەگەر لە گۆشەنیگای شاعیر یان نووسەر تەماشای بكەین. بەڵام لەراستیدا فیكر لە زمان جیانابێتەوە، من مەبەستم ئەو ئایدیۆلۆژیایە نییە كەشاعیر یان نووسەر پشتی پێدەبەستێ، بەڵكو مەبەستم لەچڕبوونەوەی نەستە لەجووڵانەوەی دەقدا. بەم مانایە ئێمە ئەو بەربەستە تێدەپەڕێنین كە دیواڵتی فۆرم و ناوەڕۆك دەیەوێ بمانخاتە ناوی، كە لەوانەیە باوەڕمان بۆ بوونی ناوەڕۆكێكی شیعری ببات، ناوەڕۆكێك بوونی نییەو بەچەند شێوەیەكیش تەرجەمە دەكرێ.

(٤) گەیاندن، بەو مانایەی من لێرەدا مەبەستمە، خۆ ئامادەكردن و قودرەتی زمان نییە بۆ وەرگرتنی ئەزموونی ناوەكی، من گریمانی بوونی ئەم جۆرە ئامادەییە دەكەم، بەڵكو بەجۆرێكی تر: توانای گواستنەوەی ئەم خۆ ئامادەكردنە. حاڵەتی یەكەم بەمانای پشكنینی زمان دێ بۆ لەئامێزگرتنی ئەزموونەكە، بەڵام دووەمیان بەمانای زمان دێ پاش لەئامێزگرتنی ئەزموونەكە ئینجا جۆری ئەزموونەكە هەر چۆنێك بێ. واتە من لە دەقی نووسراوەوە دەست پێدەكەم نەك لەدەقێك كە دەنووسرێ.

## سەرچاوە:

سعيد الغانمي- المعنى والكلمات- الموسوعة الصغيرة ٣١٦- دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد ١٩٨٩.